
# سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا




# سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا

وەرگێڕانی : شوان ئەحمەد

بابەت: وتاری فکری

تایپێست: سۆنیا عەباس محەمەد

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٥٠٣ ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: دووەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان- سلێمانی

www.sardam.org

# سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا

-کۆمەڵە وتار-

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

**شوان ئەحمەد**

**چاپی دووەم**

**سلێمانی ٢٠٠٩**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩٦)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

# ناوەڕۆک

## I


**کۆمەڵگە و دەسەڵات لە تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا ٧**

*جۆرج تەرابیشی*

**دەوڵەت ١٧**

*جۆرج تەرابیشی*

**بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست ٢٧**

*د. ئەحمەد زاید*

**سەردەمی ڕۆشنگەری هاتنەئارای کۆمەڵگەی مەدەنی ٧١**

*د. عەلی لەیلە*

**سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا ١٢٧**

*د. ئەلسەید ئەلحەسەنی*

# کۆمەڵگە و دەسەڵات

# لە تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا



جۆرج تەرابیشی

ئەوەی فیکری سیاسی لە سەردەمانی کۆن و ناوەڕاستدا پێیەوە سەرقاڵ بوو. سۆراخکردنی باشترین سستمێک بوو بۆ حوکمڕانی کردن بە، بۆچونی هەریەک لە «ئەفلاتۆن» و «ئەرستۆ»، یاخود گەڕان بوو لە دوی یۆتۆپیا بە دەربڕینی «فارابی».بەڵام فیکری سیاسی سەردەمی نوێ دابڕانێکی لەگەڵ ئەم بۆچونەدا دروستکرد، بە ئاڕاستەیەکی گەلێک واقیعی تردا. ئاڕاستەیەک کە کاری گەڕان نەبوو لە دادپەروەرترین سستمەکان و ئەوەیان زیاد لە هەر سستمێکی دی دەقاودەقی فەزیلەتن، بەڵکو ئەرکی گەڕان بوو لە چۆنیەتی مومارەسەکردنی حوکم و مومارەسەکردنی سیاسەت وەکی خۆی کە هەیە. بەم پێیە دەکرێت «نیکۆلۆماکیاڤیل» (١٤٦٩ – ١٥٢٧) بە باوکی دامەزرێنەری نوێگەری سیاسەت دابنێین.

خاوەنی کتێبی (میر) بەر لە هەر شتێکی دی بایەخ بە تەکنیکی حوکم دەداو، بەلای ئەوەوە گرنگ ئەوە نیە بپرسین: میر بۆچی حوکم دەکات؟ بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حوکم دەکات؟ واتە بە بۆچونی «ماکیاڤیل» ئەو کارەی سیاسەتی لەسەر دروست دەبێت و دامەزراندنی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کارێکی نائەخلاقیە. لەبەرئەوەی میر بۆ حوکمکردن یاخود بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، ڕێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نیە، جگە لە بەکارهێنانی هێز یان فەتحکردن نەبێت. بەکارهێنانی هێز لەو هەرێمانەی بە میراتی بۆی جێماوە، فەتحکردنیش لەو ناوچانەی لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتیدان. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وەک یەک میر بۆئەوەی درێژە بە دەسەڵاتی حوکمڕانی خۆی بدات، دەبێت هێز و فێڵ بەکاربهێنێت.

بەڵام بۆچی هێز و فرت و فێڵ؟ لەبەرئەوەی ئەوانەی حوکم دەکرێن مرۆڤن ، مرۆڤیش خەسڵەتێکی شەڕانگێزانەی هەیە و وەک بونەوەرێکی سروشتی لە هەموو شتێکی ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی داماڵراوە. لە کاتێکدا وا پێویست دەکات (میر) وێنەی خۆی بشارێتەوەو تەنها بە دەمامکی شکۆداری و فەزیلەتەوە دەربکەوێت، ئەوا مەحاڵە بەتایبەت گەر حوکمڕانێکی تازە بێت، ڕەفتارەکانی خۆی پابەندی هەموو ئەو بنەما چاکەخوازیانە بکات کە دەستەو دایەرەکەی لێی چاوەڕوان دەکەن.
ئەو بۆئەوەی لەسەر کورسی دەسەڵات بمێنێتەوە وەک «ماکیاڤیل» لە نەسکی هەژدەهەمی (میر)دا باسی دەکات، هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نیە، جگە لەوەی کە (دژ بە مرۆڤایەتی و دژی بنەماکانی سۆزو بەزەیی و بگرە دژ بە ئاینیش)، ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکات. میر گەر لە توانایدا بوو پێویستە لەسەر ڕێگای خێرو چاکە لانەدات، بەڵام هاوکات ئەوەشی لەسەرە لەکاتی پێویستدا (بزانێت چۆن ڕێگای خراپە دەگرێتەبەر).
بەمجۆرە سیاسەت لەگەڵ «ماکیاڤیل»دا لە هەموو پاساو و بەهانەیەکی تیۆلۆژی یاخود میتافیزیکی بەتاڵ دەکرێتەوە. لە کاتێکدا لەوە دەردەچێت کە وەکی ئامرازێک بەدەستی خواوەندەوە بمێنێتەوە، لە هەمان کاتدا لەوەش دەکەویت لافی دەست پاکێتی لێ بدات. لەبەرئەوەی دەسەڵات دیاردەیەکی تەواو ئینسانیە، ئەوا تەنها لەڕێی هێزو خوێنەوە بەدەست دێت و پارێزگاریشی لێ دەکرێت. بەڵام ئاخۆ ڕوتکردنەوەی سیاسەت لەو بەهایانە جۆرە پاکژکردنەوەیەکی نیە؟
سیاسەت دوای ئەوەی هەموو بەرگە ئاینی و ئەخلاقی و میتافیزیکاییەکانی لەخۆی داماڵی، دەیتوانی دەست بە خوێندنەوەیەکی بێ پێچ و پەنای خۆی بکات. لەگەڵ هاتنی «ماکیاڤیل»یشدا بواری ئەوە دەڕەخسێت، تا سیاسەت پەلکێش کرێتە ژێر باری شیکاریی بابەتی و زانستی و

دواجار ڕەخنە لێگرتنیشەوە. سەرەڕای ڕەخنەی توندی نێوەندە ئاینیە کاتۆلیکی و پرۆتستانیەکان پێکەوە لە کتێبی (میر)، بەڵام دواجار و لە سەدەکانی دواتردا بووە کتێبی ژوورسەری سەرجەم سیاسەتمەدارە گەورەکان: «شارلی پێنجەم و هنری چوارەم و ناپلیۆن و تالیران».

ڕەنگە «تۆماس هۆپس» (١٥٨٨—١٦٧٩)، گەورەترین درێژەپێدەری ئەو دیدگا ڕەشبینەی «ماکیاڤیل» بێت لە سەدەی شازدەدا. ئەم فەیلەسوفە سیاسیە ئینگلیزیە، وەک «ماکیاڤیل» لە پرانسیپی (شەڕەنگێزی و خراپەکاری) سیاسەت و خودی مرۆڤەوە دەستی پێکرد. بەلای «هۆپس»ەوە مرۆڤ بونەوەرێکی خۆپەرستەو غەریزەیەکی دڕندانەی هەیە. بەو پێیەش کە مرۆڤ (گورگە بۆ برای خۆی)، ئەوا ڕێگاچارەیەکی تر نیە جگە لە دەست تێوەردانی بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی لەکاتی پێویستدا، لەڕێی بەکارهێنانی توندوتیژی و هێزەوە بۆ ڕێگاگرتن لەوەی کۆمەڵگە ببێتە گۆڕەپانی (شەڕی هەمووان دژ بە هەمووان). بۆ ئەمەش دەوڵەت و تەنها دەوڵەتی خاوەن هێز، دەتوانێت کۆمەڵگایەکی سروشتیی دڕندە بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ژیاری بگۆڕیت.

ڕاستە «هۆپس» باس لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دەکات، پەیمانێک کە فەردەکان پێکەوە بە خواست و ویستی خۆیان لەسەری ڕێکدەکەون بە مەبەستی دەست نیشانکردنی کەسی فەرمانڕەوا، بەڵام ئەم پەیمانە لە ناوەڕۆکدا پەیماننامەی ملکەچیە، چونکە تاکەکەسەکان بە پێی ئەوە دەستبەرداری مافە تایبەتیەکانی خۆیان دەبن، لە بەرامبەر ئەو ئاسایش و دڵنیاییەی کەسی فەرمانڕەوا بۆخۆیان و موڵک و ماڵاتیانی دابین دەکات. کەواتە ئامانجی وەها پەیمانێک کەمکردنەوەو سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت نیە، بەڵکو پاساو هێنانەوەیە بۆ سروشتی ڕەهاو بێ سنووری ئەو دەسەڵاتەی ناوی دەوڵەتە، تا مومارەسەی خراپەیەکی کەمتری پێبکات بۆ خۆ بەدوورگرتن لە شەڕو بەلایەکی زۆرترو گەورەتر.

نوێنەری بۆرژوازیەتی ئینگلیزی «جۆن لوک» (١٦٣٣- ١٧٠٤)، ئەم ئیشکالیەتەی هەڵگێڕایەوە. لای «لۆک» ئەو پەیمانەی دەبێتە مایەی دامەزراندن و هێنانە ئارای دەوڵەت، کارێکە خەڵکی بە ڕەزامەندی و خواستی خۆیان ئەنجامی دەدەن، ئامانجیش لێی دانانی ئەو سزایانەیە کە دەوڵەت دەیسەپێنێ بەسەر هەریەکێکدا کە دەست درێژی بکاتە سەر ژیان و موڵک و ماڵاتی خەڵکانی تر. بەم پێیەش ئەوانەی لە پەیمانامەکەدا بەشدارن مافی ئەوەیان هەیە لێی بکشێنەوە، هەر کاتێک هەستیان بەوە کرد کەسی فەرمانڕەوا لە جێ بەجێکردنی ئەرک و فەرمانەکانیدا لە ئاستی پێویست دانەبووە. بە پێچەوانەی دەوڵەتە دیسپۆتیزمی و ڕەهاکەی «هۆپس»ەوە، دەبینین دەوڵەتی «لۆک»ی دەوڵەتێکی لیبرالیەو دەسەڵاتیشی سنورردارو دیاریکراوە. واتە پێویستە دەوڵەت بە کەمترین شێوە دەست لە کاروبارەکان وەربدات، تا بۆ خۆشی نەبێتە (ئەژدیهایەک) و کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵلوشێت.
لێرەوە «لۆک» مافی یاخی بوونی کەسەکان لە دەوڵەت بە مافێکی ڕەوا دەزانێت، گەر هاتوو دەوڵەت لە سنووری خۆی چووە دەرێ. هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا «لۆک» یەکەم کەس بوو ئاوڕی لە مەسەلەی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دایەوە، بە مەبەستی ڕێگرتن لە زیادەڕۆیی دەسەڵاتی دەوڵەت.
ئەو داوای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی فیدرالی دەکردەوە، واتە ئەو دەسەڵاتەی ئەرکی بەڕێوەبردنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی لە ئەستۆدایەو دەتوانێت بڕیاری شەڕو ئاشتیش بدات. هاوکات داوای ئەوەشی کرد دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەسەڵاتی کڵێسا جیا بکرێتەوە، بە مانای جیاکردنەوەی سیاسی بە شێوەیەکیدەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئاینی بەشێوەیەکی گشتی بەمەش لۆک بە یەکم تیۆرسینی عەقڵانیەت دەدریتە قەڵەم.

له فەڕەنساش «شارل دی مۆنتیسکیۆ» (١٦٨٩ — ١٧٥٥)، گەڕایەوە سەر هەمان بیرۆکەی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی دیموکراسیەتی دەوڵەت و ئازادی هاوڵاتیان. تایبەت بەم مەسەلەیەش دوو بۆچونی خستەڕو: تیۆریای (لێک جیاکردنەوەی ستوونی) و تیۆریای (لێک جیاکردنەوەی ئاسۆیی) دەسەڵاتەکان. لەسەر ئاستی ستونی پێویستە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەندێتی خۆیانیان هەبێت و سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆیان بپارێزن، وەک نوێنەری تاکەکەسەکانی کۆمەڵ لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا. ئاسۆیش پێویستە دەسەڵات جیابکرێتەوە بۆ: دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، قەزائی، بە مەبەستی ڕێگرتنی پێشوەخت لە ئەگەری هاتنە ئارای دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی، چونکە سروشتی دەسەڵات وەهایە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنان و بە گەڕخستنی دەسەڵاتدا بکات، بۆیە دەبێت لەڕێی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە، لەسەر هەردوو ئاستی (ستونی و ئاسۆیی) بە دەسەڵات ڕێ لە دەسەڵات بگیرێت و سنوردار بکرێت.

«جان جاک» ڕۆسۆش (١٧١٢- ١٧٧٨) لای خۆیەوەو لە پێگەیەکی ئایدیالیانەوە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی دارِشت. لای «ڕۆسۆ» پەیمانی کۆمەڵایەتی پەیمانی ئازادیەو شێوازێکی کۆبوونەوەی سیاسیە کە تاکە ئازادەکان، لە چوارچێوەی ئیرادەیەکی گشتیدا ڕێک دەخات. ملکەچکردن بۆ ئەم پەیمانە لەلایەن تاکەکانەوە بە مانای ملکەچکردن دێت بۆ خودی خۆیان و وەک پێشتریش ئازادی خۆیان دەبێت و سەربەستیان پارێزراو دەبێت. گوێڕایەڵی کردنی یاسا بەوپێیەی پەیمانەکە ڕێکی دەخات، بۆخۆی بریتیەلە ئازادی، بەڵام ئەم ئازادیە ئازادیەکی ئەقڵانیە (ئازادی هاوڵاتیەکە لەو جێگایەدا دەوەستێت کە ئازادی ئەوانی تری لێوە دەستپێدەکات).

«ئەمانویل کانت» (١٧٢٤ — ١٨٠٤) مەزنە فەیلەسوفی ئەڵمانیا لە سەدەی هەژدەدا، گەڕایەوە سەرهەمان تێزەکەی «هۆپس» کە دەڵێت: مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا خۆپەرستی و شەڕانگێزی بەسەریدا زاڵە. بەڵام «کانت» لەبری ئەوەی دژایەتی ئەم دۆخە بە دەوڵەتێک بکات کە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهابێت، بە دەوڵەتی یاسا کەوتە دژایەتیکردنی. یاسا بە فیعلی پێیوایە مرۆڤ شەڕانگێزە وەک ئەوەی «هۆپس» وێنای کردووە.، بەڵام هەر یاساشە مرۆڤ ناچار دەکات ڕێگای سەربەست و ئازاد هەڵبژێرێت. ئەمەش مانای وایە یاسا دەتوانێت تەنانەت حوکمڕانی گەلێک لە ئەهریمەنیش بکات.
لەبەرامبەر دۆخی شەڕو پشێویدا کە دۆخی سروشتییە، حاڵەتی یاسایی دەتوانێت نەک تەنها ئاشتی و ئارامی لەنێوان تاکەکاندا بێنێتەدی، بەڵکو لەباری دایە لەنێوان نەتەوەکانیشدا ئەو کارە ئەنجام بدات. «کانت» بۆخۆی بیریارێکی گەردونی بوو، لەگەڵ ئەویشدا چەمکی (دەوڵەتی یاسا) دەلالەتی پڕاوپڕی خۆی وەرگرت، وەک دەوڵەتێک بۆ ئاشتی و ئەقڵ و ئازادی.
«سان سیمۆن» (١٧٦٠ — ١٨٢٥) ئیلهام بەخشی سەردەمی پیشەسازی نوێ و باوکی ڕۆحی تەواوی ئاقارە سۆسیالیستیەکان، کەوتە ڕەخنەگرتن لەوەی دەوڵەت بە تەنها دەزگایەکی سیاسی بێت و لەبری ئەوە فۆرمێکی ئابوری — کۆمەڵایەتی پێشنیارکرد. بە بڕوای «سان سیمۆن» لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا ئیتر سیاسەت ئاڕاستەی مێژو ناکات، بەڵکو ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێت ئابورییە. بۆیە دەبێت سیاسەتمەداران جێگاکانی خۆیان بۆ ئابوری ناسان و تەکنۆکراتەکان چۆڵ بکەن، تا خەون و ئاواتی مرۆڤایەتی بهێننەدی، لەوەی ئیدارەی شتەکان جێگای مرۆڤ لە حوکمڕانیدا بگرنەوە.
بە پێچەوانەی ئەو توێژە کۆنەی سیاسەتمەدارانەوە کە جگەلە

خۆسازدان و خۆتەیارکردن بۆ جەنگ ڕۆڵێکی دیکەیان نەبوو، ئەوا چینی حوکمڕانی نوێ کە پێویستە تەنها لە بەرهەم هێنەران بن، جگە لە چەسپاندنی ئاشتیەکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی نەخشەو پلانێکی دیکەیان نابێت.
«کارل مارکس» (١٨١٨ — ١٨٨٣) میراتگری (زانستی) سۆسیالیزمی یۆتۆبی، چینی بەرهەمهێنەران وەها دەستنیشان دەکات کە تەنها بریتین لە پرۆلیتاریاو ئەرکی پرۆلیتاریاش لە مێژودا ڕامالینی کۆمەڵگەی چینایەتی و سەرەو نگومکردنی دەوڵەتە (دەوڵەت بۆخۆی ئامرازێکی سیاسیە بۆ هەیمەنەکردنی چینی بۆرژوا بەسەر کۆمەڵدا). «مارکس» ئەم ئەرکە دەخاتە ئەستۆی چینی پرۆلیتاریاو بەکاری ئەوی دادەنێت. هاوکات مارکس بە ئیعلانکردنی نزیک بوونەوەی لەناوچونی دەوڵەت، ڕاستەوخۆ خۆی خستە بەرەی دژ بە «هیگڵ»، لەبەرئەوەی «هیگڵ» بنەمایەکی فەلسەفی تا ئاستی پەرستن و ستایش بۆ دەوڵەت دارشتبوو، بەو پێیە دەوڵەت باڵاترین نمونەی بەرجەستەبوونی ئەقڵە لە مێژودا (بەتایبەت لە فۆرمە پروسیەکەی)دا.
«فلادیمێر لینین» (١٨٧٠ - ١٩٢٤) خوێندکارە روسیە گەورەکەی «مارکس»، سەبارەت بە تیۆریای دەوڵەت دواجار بەلای «هیگڵ»دا شکاندیەوە نەک «مارکس». واتە تێڕوانینی بۆ دەوڵەت هیگڵیانە بوو زیاد لەوەی مارکسی بێت. ئەگەرچی «لینین» لە ڕوی تیۆرییەوە حەتمیەتی لەناوچونی دەوڵەتی ڕاگەیاند، لەگەڵ سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشی بەلشەفی دا، بەڵام ئەو سستمی حوکمەی خۆی تیۆریزەی بۆ کرد و بنەما زانستیەکانی بۆ دارشت (واتە دیکتاتۆریەیتی پرۆلیتاریا)، بەوە گەیشت داکۆکی لە دەوڵەت بکات لە فۆرمە هەرە ئیستبدادیە درێو و ستەمکارەکەیدا. لە مێژودا ڕوی نەداوە دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنی سرپیبێتەوە، وەک ئەوەی لە سایەی «ستالینیەت» دا ڕویدا.

نائومێدی ئەزمونی بەلشەفی کە لە ڕوی مێژوییەوە هاوشانی ئەزمونی هەریەک لە فاشیزم نازیزم بوو، وەکی پەرچەکردارێک دواین گەورە قوتابخانەی لە قوتابخانەکانی فیکری سیاسی بەرهەمهێنا: ئەویش قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو.

ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٣١دا دامەزراو، بۆماوەی نیو سەدە بەرهەمە فیکریەکانی لەنێوان ئەڵمانیای زێدی خۆیان و وڵاتە یەکگرتووەکان لە تاراوگە بەردەوامێتی هەبوو. قوتابخانەی فرانکفۆرت لەڕێی بیریارانی وەکی «هۆرکهایمەرو ئەدرنۆو مارکۆزەو فرۆم و هاپرمازەوە»، تیۆریەکیان دارشت کە لە فەلسەفەی سیاسیدا بە (تیۆریای ڕەخنەیی) ناوبانگی دەرکرد. ئەمەش تیۆریایەکە پێکەوە هەریەک لە دیسپۆتیزمی ئایدیۆلۆژی سستمە تۆتالیتاریەکان و (دیسپۆتیزمی تەکنۆکراتی) کۆمەڵگە خۆرئاواییە پێشکەوتووەکان ڕەتدەکاتەوە.

ڕوخانی دیواری بەرلین و بلۆکی سۆسیالیزم، بوونە مایەی ئەوەی جارێکی تر ئیعتبار بۆ فیکری دیموکراسی بگێڕدرێتەوە، بەتایبەتی لە فۆرمە نیولیبرالیەکەیدا. بەڵام تاڵی و ناهەمواری ئەو ئەزموونەی روسیای دوای یەکیەتی سۆڤیەتی جاران، نیشانەی پرسیارێکی تازە دروست دەکات سەبارەت بەوەی کە دەوترێت سەرکەوتنی دیموکراسیەت کۆتایی مێژوە.

# دەوڵەت



جۆرج تەرابیشی

کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان بە درێژایی مێژو شێوازی جۆراوجۆری دەسەڵاتیان بە جۆوە بینیووە، هەر لە دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی ڕەهاوە تا دەگاتە حوکمی دیموکراسی، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی یان بە واتایەکی دی دەوڵەت، هەرگیز وەکی دیاردەیەکی سروشتی نەهاتۆتە پێش چاوو لە خۆڕاو بێ هیچ مەرجێک پەسەند نەکراوە، بەڵکو بەردەوام پێویستی بە پاساو هێنانەوە یاخود بە سەلماندنی ڕەوایەتی خۆی هەبووە. فیکری سیاسیش بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ دەوڵەت، سێ ڕێگای گرتۆتە بەر. لە دەورانی یەکەمدا فیکری سیاسی بەتایبەت لە زمانی «ئەفلاتۆن و ئەرستۆ»وە، باس لەوە دەکات کەمرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیە، بەو مانایەی مرۆڤ ناتوانێت ژیان بگوزەرێنێ و گەشە بکات و زۆر بێت، تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵدا نەبێت. بەم پێیە کۆمەڵگە بەردەوامی نابێت، گەر دەسەڵاتێک نەبێت یەکگرتووی بپارێزێت و مانەوەی مسۆگەر بکات.

کەواتە ئەوەی پاساو بۆ دەسەڵاتی سیاسی دێنێتەوە سروشتی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤە، بەمجۆرە دەکرێت بڵێیین بناغەی ئەو دەسەڵاتە سروشتییە. لە دووەم قۆناغداو لە سەردەمانی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە دیدگای ئاینی باڵا دەست بوو، فیکری تیۆلۆژی خەسڵەتێکی یەزدانیدا بووە پاڵ دەسەڵات لەسەر زەوی، واتە مەشروعیەتی دەسەڵات دەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤ خۆی و لەسەرو ئیرادەی ئەودایە. تەنانەت گەر دەسەڵاتیش بەپێی حیکمەتە یۆنانیەکە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ، ئەوا یەزدان بۆخۆی سروشتی مرۆڤی وەکی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خولقاندووە. کەواتە یەزدان لە جەوهەری

دەسەڵاتدایە، هەروەک چۆن لە جەوهەری کۆمەڵ و سروشتیش دایە.
لەگەڵ سەرەتاکانی نوێگەری لە سەدەی شازدەدا، فیکری سیاسی و فەلسەفی نوێ بنەمایەکی مرۆڤایەتی پەتیان بەخشی بە دەسەڵات. بەم پێیە دەسەڵاتی سیاسی یاخود دەوڵەت لەسەر بناغەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت، واتە لەسەر لێککەیشتن و ڕەزامەندی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە دێتە ئارا کە لەناو خۆیاندا دەسەڵاتێک پێکدێنن، بەو مەبەستەی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی ئەو گروپە بگرێتە ئەستۆ. کەواتەبوونی دەوڵەت بەندە بەخواستی هاوبەشی ئەو کۆمەڵە کەسانەوە کە بە ویست و ئیرادەی خۆیان بوونەتە هاوڵاتی، نەوەک بەندبێت بە ویستێکی یەزدانییەوە یان بە حەتمیەتێکی سروشتی یاخود کۆمەڵایەتیەوە.
تیۆریای پەیمانی کۆمەڵایەتی کە بناغەی ئینسانی بۆ دەسەڵاتی سیاسی دادەڕێژێت، ئەو دەزگایە ملکەچی ڕەخنە دەکات و دەیخاتە ژێر ڕەخنەوە. بەفیعلیش لەم قۆناغەداو بۆ یەکەمین جار لە مێژوی فیکری سیاسی و فەلسەفیدا، دەوڵەت دەخرێتە ژێر ڕەخنەوە، بەتایبەت پرانسیپی دەوڵەت. پێشتر ڕەخنە بە تەنها قەرەی شێوازە حوکمڕانیە دیسپۆتزمی و ستەمکارو نامەشروعەکان دەکەوت، بەڵام لەگەڵ سەرەتای سەدەی شانزدەدا هەندێ ئاقاری فیکری وەها هاتنە ئارا کە گومانیان لە مەشروعیەتی دەوڵەت خۆی و لە پێداویستی بوونی دەکرد. گومانێکی لەم چەشنە لە سەدەی نۆزدەداو لەگەڵ پەرەسەندنی ئاقارە فەرد خوازەکانی لیبرالیەت لە لایەک و، ئاقارە گروپ خوازە ئانارکی و کۆمۆنیستیەکاندا لەلایەکی ترەوە گەیشتە ترۆپک.
فیکری لیبرالی لە سەرەتاوەو بەر لە هەرشتێ، سەرگەرمی ئەوە بوو سنورێک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت دابنێت، بەو پێیەی ئەم دەسەڵاتە شەڕێکەو بە ناچاریش دەبێت مامەڵەی لە تەکدا بکرێت. «نیکۆلۆ

مەکیاڤیل»ی (١٤٦٩ — ١٥٢٧)، یەکەمین کەسێک بوو کە تیۆریای سیاسی بە جۆریک دارِشت وەک ئەوەی شەڕێ بێت. لەبەرئەوەی فەرمانڕەوا ناگاتە کورسی دەسەڵات و ناشتوانێت پارێزگاری لەمانەوەی بکات، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئامادەیی تێدا بێت خراپەکاری بکات. بە بڕوای ئەو زەبرو زەنگ و فرتو فێل، تەنانەت تاوانیش پێویستن بۆ حوکمڕانی کردنی مرۆڤ.

هاوکات «تۆماس هۆپس»یش (١٥٨٨ — ١٦٧٩)، هەمان ڕاو بۆچونی هەبوو. بەلای ئەوەوە دەسەڵات خراپەیەکی بچووکە بۆ ڕێگە گرتن لە خراپەکاریەکی گەورەتر. چونکە بەبێ بوونی دەسەڵات مرۆڤەکان دەکەونە کوشتوبڕی یەکتری، ڕەنگە بەمەش مرڤایەتی دوچاری فەوتان و لەناوچون بێتەوە، لە شەڕی هەمووان دژ بە هەمووواندا. بۆ خۆبەدوورگرتن لەشەڕێکی وا پێویستە مرۆڤەکان دەستبەرداری ماف و دەسەڵاتەکانی خۆیان بن بۆ دەسەڵاتێکی باڵاتر لە سەرووی خۆیانەوە، بە پێویست ئەم دەسەڵاتەش دەسەڵاتێکی ڕەها دەبێت. گەر خراپەکاری و شەڕانگێزی مرۆڤ نەبوایە، ئەوا پێویستیان بە خراپەی دەوڵەت نەدەبوو، بەڵام ئاخۆ ڕەهاکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت نابێتە مایەی هەڕەشەیەک بۆ گۆڕینی خراپەی سیاسی لە خراپەیەکی بچووکەوە بۆ خراپەیەکی گەورەتر؟

ئاقاری لیبرالیزم کە لەگەڵ «جۆن لۆک»دا (١٦٣٢ — ١٧٠٤) هاتە ئارا، بایەخی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا. لەگەڵ سەدەی حەڤدەهەمدا ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سیاسی، بووە بابەتی یەکەمی فیکری سیاسی.. دەوڵەت بە فیعلی و وەکی ئەوەی «تۆماس هۆپس» وەسفی کردبوو (ئەژدیها)یە، بەڵام ئەم (ئەژدیها)یە کارێکی دیکەی نییە جگە لەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بسڕێتەوە، گەر ڕێی پێدراو دەسکراوە بوو. لێرەوە ئەرکی سەرەکی دەبێتە سنووردار کردنی ئەم

دەسەڵاتەو ڕێپێگرتنی ئەو ئەژدیهایە، لەڕێی جیاکردنەوەی هەریەک لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە.

نابێت هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەدەستی یەک کەسدا بن، ئەگەر نا ئەوا ئەو دەستە دەبێتە مستێکی ئاسنینی ستەمکار. دوای «جۆن لوک»، «مۆنتسکیۆ» بەردەوام دەبێت لە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی پێویستە دەسەڵاتەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە، چونکە سروشتی دەسەڵات وەهایە کە داوای دەسەڵاتی زیاترو زۆرتر دەکات و هەوڵدەدات تا بەلای خراپەکاریدا لابدات (گەر هاتوو سنوردار نەکراو دەرفەتی پێ درا).

بۆیە پێویستە بە دەسەڵات ڕێ بە دەسەڵات بگیرێت. کاتێک «مۆنتسکیۆ» دەسەڵاتەکانی یاسایی و جێبەجێکردن و قەزائی لە یەکتر جیادەکاتەوە، لەو باوەڕەدایە بەم پرۆسەیەو بەلێک جیاکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانە لەیەکتر، لە باری دایە یەک ئەوی دی لە جێی خۆی ڕابگرێت، بە جۆرێک کە دوچاری لادان نەبێت و هاوسەنگی خۆی بپارێزێت.

ئەمەش بە پێچەوانەی حکومەتی ئیستبدادیەوەیە، کە بە پێویست ڕێگای توندڕەوی و زوڵم و ستەم دەگرێتە بەر، مادامەکی تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدان و لە بەرامبەریشدا پابەندی هیچ یاسایەکیش نابێت، لەبەرئەوەی خودی یاسا خۆیشی ملکەچی ئیرادەی ئەوە. گەر فیکری لیبرالی لە ئاست بیرۆکەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا وەستابێ و بە دیسپلین کردن و سنوردارکردنیەوە ئیکتیفای کرد بێت، ئەوا فیکری سۆسیالیزمی و ئەنارکی لە سەدەی نۆزدەدا زیاتر پێی لێ هەڵدەبڕن، تا ئەوەی داوای سڕینەوەی دەوڵەت دەکەن.

ئەگەرچی «سان سیمۆن» (١٧٦٠ — ١٨٢٥) دامەزرێنەری ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزم، باسی لە پرانسیپی زەرورەتی دەوڵەت نەکردووە، بەڵام پێیوابوو ئەو بنەمایەی پێویستە دەوڵەتی لەسەر

دابمەزرێت نە سیاسەتەو نە دەسەڵات، بەڵکو زانست و پیشەسازی و بەرهەمێنانە. دەوڵەت بەو هەزارەها فەرمانبەرانەیەوە بارێکە بە سەرشانی کۆمەڵگەوە، دەسەڵاتیش دەبێت بکەوێتە دەستی ئەوانەی بەرهەمهێنن، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری پیشەسازیدا کاردەکەن، نەوەکی بدرێتە بیرۆکراسیەکان.

نابێت ئامانجی دەوڵەت حوکمکردن بێت، بەڵکو ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بێت. دەوڵەتی سیاسی بۆخۆی نەیاری ئازادییە، بۆیە پێویستە وەلاوە بنرێت، بۆئەوەی دەوڵەتی بەرهەمهێنەران واتە کارمەندانی بواری پیشەسازی و زانایان و هونەرمەندان جێگای بگرنەوە. هەر لەم ڕێیەشەوە دەتوانین پەیوەندیەکانی هێز لەنێو کۆمەڵدا بسڕێنەوەو دەستبەرداری ئامرازەکانی توندوتیژی و زەبرو زەنگ بین، کە لە سوپاو پۆلیسدا خۆیان دەنوێنن و جێگەی دەوڵەتی سیاسەت بە دەوڵەتی زانست بگرینەوە، دەوڵەتێک کە تەنها لە باری ئەودایە ئازادی بۆ تاکەکان و ئاشتی بۆ نەتەوەکان مسۆگەر بکات.

ئەم تێڕوانینە سلبییە بۆ سیاسەت لای «مارکس» (١٨١٨ — ١٨٨٣) قوڵتر دەبێتەوە، تا ئاستی ڕەتکردنەوەی پرانسیپی خودی دەوڵەت خۆی، (لە نوسینەکانی مارکسی گەنج)ەوە، تیۆریا ڕەخنەییەکانی «مارکس» تایبەت بوون بە دەوڵەت و سیاسەت و داواکاریەکی فەلسەفیش بە سڕینەوەو لەناوبردنیان. لە قۆناغی دواتردا قۆناغێک کە زیاتر خەسڵەتێکی زانستی و عەمەلی هەبوو، مارکس پەیڕەوی ئیشکالیەتێکی تازەتری کرد، ئەم ئیشکالیەتە تازەیەش بریتی بو لە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن پڕۆلیتاریاوە، تا چینەکان و ململانێی چینایەتی نەهێڵێت و دواجار مانەوەی دەوڵەت خۆیشی پێویست نەبێت؟

لەبەرئەوەی سەرچاوەی دەوڵەت لەو دابەشکردنە کۆمەڵایەتیەی کاردایە، بە واتای لە دابەشبوونی کۆمەڵگەدا بەسەر چینە ناکۆک و

به شەڕ هاتووەکاندا. دەوڵەتیش بە بەردەوامی دەوڵەتی ئەو چینە بووە کە لە ڕوی ئابورییەوە باڵا دەست بووە. شۆڕشی پڕۆلیتاریا کاتێک هەڵدەستێت بە لەناوبردنی دابەشکردنی کار، ئەو دەزگا سیاسەش کە دەوڵەت دەسڕێتەوە. شویعیەت تەنها کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی بوونیاد نانێت، بەڵکو هاوکات دەبێتە مایەی ئەوەی پایانی سیاسەتیش ڕابگەیەنێت. کۆمەڵگەی شیوعی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا ئیدارەی شتەکان جێگای حوکمی مرۆڤ دەگرنەوە. یاخود بە بۆچونی «ئەنگلز» (١٨٢٠ — ١٨٩٥) هاوڕێ و سێبەری «مارکس»ی پێکەوە، ئەوا (چارەنوسی دەوڵەت بۆ ناو مۆزەخانەی مێژوە). بەڵام موفارەقەی مێژو وەها بوو ئەو دەوڵەتەی بەڵێنی سڕینەوەو لەناوبردنی دەوڵەتی دابوو، بووە بەدترین شێوەیەک لە شێوەکانی دەوڵەت کە مێژو بە خۆیەوە ببینێ.

بەڵێنی شیوعیەت بە سڕینەوەی دەوڵەت، دەوڵەتێکی یۆنڤرسالی و تۆتالیتاری لێکەوتەوە، کە گەر بێتو لەگەڵ ئەو وێنەی (ئەژدیها)یەی «هۆپس»یشدا بەراورد بکرێت هێشتا هەر کەمە.. ڕەخنەکردنی ئەزموونی سۆڤیەتی، ڕۆڵی هەبوو لە سەرلەنوێ بوژاندنەوەی فیکری لیبرالی لە سەدەی بیستەمدا. لیبرالیەتی ئەمڕۆ، یاخود ڕونتر بڵێین نیولیبرالیزم بریتیە لە فیکرێک ڕەخنە ئاڕاستەی دەوڵەت دەکات. لەبەرئەوەی ڕەخنەی سۆسیالیزمی یان ئەنارکی لە دەوڵەت، پاشەکشەی کرد یاخود خەریکە بەرەو نەمان بچێت، ئەوا لە بەرامبەردا ڕەخنەی لیبرالی هاوچەرخ بە گوڕو تینێکی وەهاوە هاتۆتە ئاراوە کە پێشتر لە ئارادا نەبووە، بە تایبەتیش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

لە واقیعدا ڕەخنەگرتن لە دەوڵەت لای بیریارە ئەمریکاییەکان، تەقلیدێکی زۆر کۆنەو پێشینەیەکی مێژوی هەیە. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە «تۆماس جیفرسۆن» (١٧٤٣ — ١٨٢٦) کە

بووە سێیەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕایگەیاند: (باشترین حوکمەت ئەوەیە کە کەمترین ماوە حوکم دەکات). پاش ئەویش «رالف ڤاڵدۆ ئیمرسۆنی» فەیلەسوف (١٨٠٣ — ١٨٨٢) تەئکیدی کردەوە لەسەر ئەوەی: (چەندێ دەستێوەردانی دەوڵەت کەمتر بێت، ئەوەندە کاروبارەکان بە باشی بەڕێوە دەچن). هاوکات «هنری دیڤد تورۆ» (١٨١٧ — ١٨٦٢) قوتابی «ئیمرسۆن»، ئەو ئیشکالیەتەی گەیاندە ئەوپەڕی، کاتێک جەختی لەسەر ئەوە کرد کە: (چاکترین و باشترین حکومەت ئەوەیە کە حوکم ناکات).

هاوکات تیۆرسینی لیبرالی ئەمریکی «ئەلبرت جای نوک»، لای خۆیەوە دوو دڵ نەبوو بڵێت: (دەوڵەت دوژمنمانە). ئەمە ناونیشانی ئەو کتێبە بەناوبانگەیەتی کە لە ساڵی ١٩٢٨ دا دەرچووە. لەمڕۆشدا دیارترین کەسانێک کە لەناو فیکری ئەمریکیدا ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرن هەردوو ئابوری ناس «جیمس بۆکاناو فردریک هایکن» (هەردووکیان خاوەنی خەڵاتی نۆبڵن لە ئابوریدا).

یەکەمیان ئەو دروشمەی بەرزکردۆتەوە کە دەبێت (دەوڵەت نزمترین ئاستی دەسەڵاتی هەبێت)، دووەمیشیان پێیوایە (ڕەگو ڕیشەی خراپەکاری لە دەوڵەتدایە، ئەگەرچی دەوڵەتێکی دیموکراسیش بێت). بە بۆچونی «هایک» دیموکراسیەت بەهایەکی سلبییەو پەیڕەوکردنیشی تەنها بەو مەبەستەیە، تا لە هەڕەشەو مەترسیەکانی زوڵم و زۆرو ستەمکاری دوورمانخاتەوە. بۆیە هەر هەوڵێک بە مەبەستی ئەوەی ناوەڕۆکێکی ئیجابی بدرێتە پاڵ، دەبێتە مایەی لەبەریەک هەڵوەشان و لەناوچونی.

بەم پێیە دەوڵەتی دیموکراسی دەوڵەتێکی سلبییەو تەنها ڕۆڵیشی ئەوەیە، ڕێگربێت لە بەردەم هەر گروپێکی تایبەت (لەوانەی خاوەن بەرژەوەندی ئابورین یاخود خواست و ئارەزوی سیاسیان هەیە)،

لەوەی خۆیان لەناو دەوڵەتدا دابمەزرێنن و بڕیار بەدەست بن.
گەر بێتو «فردریک هایک» دروشمی کەمکردنەوەو سنوردارکردنی کەرتی گشتی و لابردنی مۆنۆپۆڵکردنی دەوڵەتی بۆ کارگوزارییە بەرزکردبێتەوە، ئەوا «دیڤد فریدما»ی کوڕی ئابوری ناسی ئەمریکی «ملتون فریدمان»ی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ، زۆر لەوە زیاتر پێی لێهەڵدەبڕێت و بانگەشە بۆ (کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەت) دەکات. هەروەها داوای ئەوەش دەکات ئەو ئەرکە سەرەکیانەی دەوڵەت پێی هەڵدەستێت، وەکی: (پۆلیس و قەزاو تەنانەت بەرگری نیشتمانی و دەرکردنی دراویش)، لە دەوڵەت بسەندرێتەوە و هەموویان بدرێتەوە بە کەرتی تایبەت و پابەندی پرانسیپەکانی ئابوری بازاڕبن.
کەواتە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە خاوەنی سستمێکی سیاسی وایە، بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم سستمە سیاسیەکانی جیهانی نوێدا، کەمترین دەست تێوەردانی دەوڵەتی پێوە دیارە. تیۆریزە کردن لەمەڕ (خراپەی سیاسی- کە مەبەست لێی دەوڵەتە)، لە توند ڕەوترین فۆرمدا دەردەکەویت. موفارەقەیەکی وەها ئەگەری تیگەیشتن و لێ حاڵی بوونی هەیە، گەر لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی مێژوی ئەمریکیدا سەرنجماندا، لەبەرئەوەی لە ئەمریکادا دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی پێش دەوڵەت دەکەوێت، هەر ئەمەشە وایکردووە تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، دەست پێشخەریەکان و جڵەوی کاروبارەکان لە دەستی ئەودا بێت نەک دەوڵەت.

# بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست
# لەنێوان ئۆگەستین  و تۆمائەکوینی دا




د. ئەحمەد زاید

## پێشەکی:

دروستبوونی بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست لەڕێی رستێک تێزی فەلسەفی و ئاینییەوە بوو، بەتایبەت ئەودیدو بۆچونانەی پیاوە دیارەکانی کڵێسا لەم ڕوەوە پێشکەشیان کرد. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو تێکەڵ کردنە ڕون و ئاشکرایەی نیوان بیروباوەڕی ئاینی و بیری فەلسەفی کۆمەڵایەتیی بوو. مەبەست لەمەش پاکژکردنەوەو داکۆکی کردن بوو لە ئاین. پاکژکردنەوەی بیرو باوەڕی ئاینی لە چەند دیاردەیەک، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی پەیوەنداریەتی ئاین بە دەسەڵاتی مەدەنییەوە هەبوو، لەگەڵ ڕۆڵی کڵێساش لە کۆمەڵدا. هەروەها داکۆکی کردن لە بیروباوەڕی ئاینی لە بەرامبەر شاڵاوی ئەو ڕێبازە بێباوەڕیانەی، تا ئەو کاتەش لە ململانێ و کێشمەکێشی بەردەوام دابوون لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا.

ڕەنگە ئەم تێکەڵ کردنەی نێوان بیروباوەڕی مەسیحی و بیری فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، وای کردبێ کە زۆربەی بیریارانی سەدەکانی ناوەڕاست بکەونە ژێر کاریگەری بیری مەسیحییەوە،. بەمجۆرەش یەکانگیریەک لەنێوان بیرو ئایندا هاتە گۆڕێ. بیری سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆژگارێکی دوورو درێژی خایاند. واتە لە سەدەی چوارەمی زاینییەوە دەست پێ دەکات و تا سەدەی پانزەی زاینی دەخایەنێت. بێگومان ئەم دیاریکردنە مێژوییەش بۆخۆی دیاریکردنێکە لە ڕوی فیکرییەوە، زیاد لەوەی دیاری کردنێکی سیاسیانە بێت. لەبەرئەوەی لێکۆڵەرەوانی بواری

سیاسەت و مێژو، سەدەکانی ناوەڕاست بەو قۆناغە مێژوییە دیاری دەکەن کە لە سەدەی نۆیەمی زاینییەوە دەست پێ دەکاو تا سەدەی پانزەی زاینی دەخایەنێت. ئەم قۆناغەش لە ڕوی سیاسی و ئابورییەوە تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، (ئەو قۆناغەی کە دەرەبەگایەتی لە ڕوی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە هێزی باڵا دەست بوو)، بەڵام لە ڕوی مێژوی بیرەوە کارەکە جیاوازە، لەبەرئەوەی ئەو بیرە فەلسەفی و کۆمەڵایەتیەی لەپاش سەدەی نۆیەمی زاینیەوە بەردەوام بوو، دابڕاو نەبوو لەو بیرەی بەر لەو مێژوە لە ئارادا بووە، بەڵکو درێژبوونەوەی هەمان بیرو تەواوکەریشی بوو. هەر ئەو هۆیەش وا دەکات سەدەی چوارەمی زاینی، بە سەرەتای مێژوی بیری سەدەکانی ناوەڕاست دەست نیشان بکرێت، لەبەرئەوەی ئەم (بیرە)- چ ئەوەی بەر لە سەدەی نۆیەمدا لە ئارادا بوو یان دوای ئەم سەدەیە-، هەڵگری یەک خەسڵەت و شێوازی لەیەکچوو بوون، ئەویش پێکەوە گرێدانی بیروباوەڕی ئاینی و بیری فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بوو، وەک چۆن لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ئەم قۆناغە دەکرێت، هەمیشە لەبەردەم دوو بیریاری سەرەکی ئەم قۆناغەدا دەوەستن، ئەوانیش «ئۆگەستین - و - تۆمائەکوینی»ن. یەکەمیان لە سەدەی چوارەمی زاینی و ئەوی تریان لە سەدەی سیازدەی زاینیدا دەستیان بە نوسین کردووە. ئەگەرچی چەند خاڵێکی جیاواز لەنێوان ئەم دوانەدا هەیە، بەڵام هەردووک لەو خاڵەدا هاوبەش بوون کە لە ئاین و (عەقیدەوە) دەستیان پێکرد، هەر بەوەش کۆتاییان بە کارەکانیان هێنا.

سەرەڕای ئەوەی لەم قۆناغەدا چەند بیرمەندێکی تر چالاکی بەرچاویان هەبووە[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر تاوتوێکردنێک سەبارەت بە بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست، ناتوانین دەست بەرداری

بیری هەریەک لە «ئۆگەستین و تۆمائەکەوینی» بین. بەڵکو ئێمە بە تەنها لەڕێی دیدو بۆچونی ئەوانەوە دەتوانین شارەزای بیری قۆناغێکی مێژوی لەو جۆرە بین. ئەم باسەی ئێمەش تەرخانە بۆ لێدوان دەربارەی بیری کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەڕێی دیدو بۆچونەکانی «ئۆگەستین- و- تۆمائەکوینی»یەوە. لێرەشدا پێویستە ئەوە ڕون بکەینەوە کە تێگەیشتنێکی ورد لە ئیشکالیەتی بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست هەروا ئاسان نییە، گەر ئاگاداری هەندێک لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیە نەبین کە لە نێویدا سەری هەڵداوە، هەروەها ئاشنا بوون بە سەرچاوە فیکریەکانیان. بۆیە سەرەتا پێویستە لەم خاڵەوە دەست پێ بکەین.

## یەکەم/ هەلومەرجی سیاسی و ڕوناکبیری:

بیر ناوەڕۆکی هەرچیەک بیت، بیرێکی تەنهاو دابڕاو نییە لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریەی تێیدا دەڕسکیت. کەواتە ناتوانین لە بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاست تێبگەین، بەرلەوەی وەڵامی پرسیارێکی لەمجۆرە بدەینەوە، ئەویش ئەوەیە: تا چ ڕادەیەک ئەم (بیرە) ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوشە سیاسی و ڕوناکبیریەی ئەوروپا بووە؟ ڕەنگە وەڵامی پرسیارێکی وا بە ئاسانی نەدرێتەوە، چونکە وەڵامدانەوەی سۆراخ و پشکنینێکی وردو بەرفراوان دەخوازین.لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی قۆناغێکی درێژخایەنی لەم چەشنە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەوڵ دەدەین لەم ڕووەوە، پێشەکییەکی کورت بخەینەڕو، تا لێیەوە دوو ڕەهەندی سەرەکی دیاری بکەین- کە بەلای ئێمەوە- شوێن دەستیان بەسەر بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دیارە، لە ڕوی پێکهاتن و دروست بوونیەوە. ڕەهەندی یەکەم تایبەتە بە پەیوەندی نێوان کڵێساو سیاسەت و ئەو

کێشەو ململانێیانەی لێی کەوتەوە. دووەم، پەیوەندی بەو کاریگەرە فیکریانەوە هەیە کە بوونیادی ئەم بیرەیان پێکدەهێناو وایان لێکرد ئەو خەسڵەتە ئاینیە وەربگرێت کە لەوەبەر لێی دواین.

## ١- کڵێساو سیاسەت:

مەسیحیەکان لەژێر حوکمڕانی ڕۆمانیەکاندا دوچاری چەوساندنەوەو زوڵم و زۆرێکی زۆر بوون، بە جۆرێک لە سەرەتایی سەدەی چوارەمی زاینیدا مەسیحیەت بەرەو ئەوە دەچوو لەبەریەک هەڵوەشێ و لەناو بچێت. بەڵام کڵێسا لە سەردەمی ئیمپراتۆر «قەستەنتین»دا بوژایەوە، کاتێک ئەم ئیمپراتۆرە درکی بە سەنگ و قورسایی ئاینی مەسیحی کرد، ئەویش وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و کاریگەر بۆ شەرعیەت دان بە دەسەڵاتی سیاسی. ئەمەش هانیدا تا هاوپەتمانیەتێک لەگەڵ قەشەکاندا مۆر بکات، بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە بەرەو لاواز بوون چوو، کاتێک هەندێک لە دەسەڵاتداران هەوڵی ئەوەیاندا داکۆکی لە مەزهەبەکانی تر بکەن لە بەرامبەرمەزهەبی کاثولیکی دا. ئەم قۆناغەش ململانێیەکی توندی بەخۆوە بینی لەنێوان مەزهەبە جیاجیاکانی ئاینی مەسیحیدا.

ڕەنگە هەر ئەم هۆیەش بوبێت هانی دەسەڵات دارانی کڵێسای یۆنانی و ڕۆمانی دابێت لە سەدەی دووەم و سێیەمدا، تا هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان یەکخەن بۆ داکۆکی کردن لە بیروباوەڕی مەسیحەت. ئەم هەوڵەش بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی ئەو خودا نەناسا نە بوو کە مەسیحیەتیان بەوە تاوانبار دەکرد، گوایە پەیامێکە لە ناوەڕۆکدا دژ بە ئەقڵ و لۆژیکە، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵێکی وا بۆ قۆتارکردنی مەسیحیەت بوو لەو پشێوی و پەرت پەرتی و دەستەو تاقم گەرێتییەی لەناویدا تەشەنەی سەندبوو[٢]..

جۆری یان سەرچاوەی ئەو ناکۆکییانە هەرچیەک بوبێت، ئەوا کڵێسا لە سەدەی چوارەمدا توانی بەسەریاندا زاڵ ببێت و سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بێنێ، ئەویش لەڕێی نەهێشتنی چەوساندنەوەی مەسیحیەکان و دان پیانانی ئاینی مەسیحی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەمەش بە تەواوی لە کۆتایی سەدەی چوارەمی زایندا بە ئاکام گەیشت. بۆ کڵێسا هاتنی ئیمپراتۆر «تیودو سیوس- the odo sius» بۆ سەر کورسی حوکم ڕوداوێکی گرنگ بوو، لەبەرئەوەی هەوڵی ئەوەیدا تا کاتۆلیکیەت بکاتە ئاینی ڕەسمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، (کە لە ساڵی — ٣٧٩ — ی زایندا) کاری پێکرا[٣].

هەوڵێکی واش بە مەبەستی ئەوەبوو تا لەلایەک جۆرێک لە یەکێتی ناوخۆی دابین بکات، لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی ئەمە وەک بەربەستێک لە بەرامبەر هێرش و شاڵاوی خێڵە بەربەریەکانی باکووردا بەکاربهێنێ.

جۆری ئەم هاوپەیمانێتیەش پەیوەست بوو بە مەرجی گوێ ڕایەڵ بوونی کڵێسا بۆ دەسەڵاتی مەدەنی، تا لەم ڕێگایەوە بتوانرێت یەکێتی ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی زیاتر بەهێزتر بکات، بەڵام ئەو هاوپەیمانیەتیە هیچ دەرەنجامێکی باشی لێنەکەوتەوە، لەبەرئەوەی هەندێک لەو دەستەو تاقمانەی کە لە ڕۆما یاخی بووبوون، توانیان لە ساڵی ٤١٠ زاینیدا بە ڕابەرایەتی شا «Alaric»، ڕۆما بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەمەش بە پازدە ساڵ دوای مردنی ئیمپراتۆر «تیودو سیوس» ڕویدا. لەم فەزا سیاسییە ئاڵۆزەشدا نوسین و بەرهەمەکانی «ئۆگەستین» بەدەرکەوت..

سەرەتا کڵێسەی ڕۆمانی هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی یاخود دەستوری نەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا دەسەڵاتێکی ڕۆحی وەهای هەبوو کە دەسەڵاتی هیچ کڵیسایەکی دی نەیدەگەشتێ. ئەو دەسەڵاتە ڕۆحیەش کە ناوی «پاپا»ی لە خۆی نابوو، دەستی بەسەر سەرجەم لق و

لایەنەکانی تری کڵێسادا گرت، ئیدی هێدی هێدی دەسەڵاتی «پاپا» تەشەنەی کرد. تا لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆیەمی زاینیدا بابەویەت بووە دەزگایەکی ئازادو سەربەخۆ.

ئەم دەسەڵاتەی «پاپا» گەیشتە ئاستێک، ئەو بە هاڕۆحیانەشی دیاری دەکرد کە لە سەر پاشاو دەسەڵات داران پێویست بوو لە سەری بڕۆن و کاریشی پێ بکەن. ئەمەش لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەم و لە سەردەمی «پاپا نیکۆلای یەکەم»دا بە ڕونی دەرکەوت[٤]، بەڵام ئەم بارودۆخە لە سەدەی دەیەم و یازدەهەمدا گۆڕانکاری بەسەردا هات و پاپاکان دەسەڵات و پلەو پایەی خۆیان لەدەستدا، واتە وایان لێهات بوونە چەند لێبوکێک بەدەست گروپە سیاسییە ئۆرۆستۆکراتیەکانی رۆماوە، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ئەم دەستەو تاقمانە نەیان توانی پاپاکان دابمەزرێنن و دەسەڵاتیشیان لێوەرگرنەوە..

ڕەنگە ڕوداوی گرنگی ئەم ساتەوەختە بریتی بوبێت لە ملدانی کڵێسا بۆ بنیادی سستمی فیودالّی لە ئەوروپا. بەمجۆرەش دەرەبەگایەتی توانی کڵێسا بکاتە دەزگایەکی پاشکۆی خۆی. تا وای لێهات هەر پادشایەک لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا کڵێسای بە بەشێک لە شتە تایبەتیەکانی خۆی دەزانی، بۆیە لەسەر کڵێسا پێویست بوو وەک هەموو دامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشا، گوێ ڕایەڵی ئەو یاساو فەرمانانە بێت لە پاشاوە دەردەچوو.

لێرەدا لەبەرئەوەی گروپە ئاینیەکان تەنها گروپێکی خوێنەواربوون لە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەواردا، بۆیە پادشا و ئەمیرەکان دەستیان کرد بە بەخشینی هەندێک پلەو پایە پێیان، ئەمەش لەسەر بنەمای بیروباوەڕو ئیمانداری نەبوو، بەڵکو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە زۆرترین هاوکاریان لەگەڵ خانەدان و دەرەبەگەکاندا دەکرد و لایەنگرییان دەکردن[٥]. ئەم هەڵوێستە لاوازەی کڵێسا لە بەرامبەر دەسەڵاتی میرو پاشاکاندا، بووە

مایەی ئەوەی بزاڤێکی بەهێز سەردەربهێنێ بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لەناو کڵێسادا، ئەمەش پەرچە کردارێک بوو لە بەرامبەر ئەو ڕەوشە نالەبارەی کڵێسا تێی کەوتبوو. ئەم بزافە لە سەدەی دەیەمدا دەستی پێکرد و لە سەدەی یازدەهەم و دوازدەهەمدا زیاتر پەرەیسەند. بە مەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی مەدەنی بەسەر کڵێساوە.

ئەم بزوتنەوەیە بە هاتنی «پاپا گریگۆری حەوتەم» لە ساڵی ١٠٧٣ دا زیاتر بەهێزتر بوو، کاتێک توانی ئەو دەسەڵاتە لە پادشاکان بسەنێتەوە کە تایبەت بووە بە بەخشینی پلەو پایە ئاینیەکان.. لەوەوبەر بزوتنەوەی چاکسازی ئاستێکی بۆ دەست تێوەردانی پاشاو ئیمپراتۆرەکان دانابوو لە هەڵبژاردنی «پاپا»دا، هەر بۆیە هەڵبژاردنی «گریگۆری» بۆ ئەو پۆستە لەڕێی ئەنجومەنی کاردیناڵەکانەوەو بەبێ دەست تێوەردانی سیاسەتمەداران ئەنجامدرا. لەگەڵ دەست بەکاربوونی «گریگۆری»دا وەک «پاپا»، هەر زوو کەوتە ململانێیەکی توندوتیژ لەگەڵ پاشاو دەسەڵاتداران، بە مەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتی کڵێسا لە بەرامبەر دەسەڵاتی پاشاو ئیمپراتۆرەکاندا. هەوڵەکانی «گریگۆری» لەم ڕووەوە گەشتە ڕادەیەک، «هنری چوارەم»ی پاشای ئەڵمانیا لەسەر کار لابدا، لەبەرئەوەی بەردەوام بوو لەسەر بەخشینی پلەو پایە ئاینیەکان بە پیاوانی کڵێسا.

بەڵام هەموو ئەمانەش نەبوونە مایەی دوای پێکهێنانی کێشەی نێوان کڵێساو دەسەڵاتدارانی مەدەنی. ئەوە بوو سەدەی دوازدەهەم و سیازدەهەم مشتومڕێکی چڕو پڕی بەخۆوە بینی لەنیوان گەورە پیاوانی کڵێسا، لەمەڕ پەیوەندی کڵێسا بەدەسەڵاتی مەدەنیەوە. لەم کەش و بارودۆخە سیاسیەشدا، نوسین و بەرهەمەکانی «تۆمائەکوینی»، ڕۆشناییان بینی. ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە «ئۆگەستین و

تۆمائەکوینی» وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر پەیوەندیەکی ئالۆز و نا سەقامگیری نێوان کڵێساو دەسەڵاتی مەدەنیدا بە دەرکەوتوون..

ڕاستە دوای ئەوەی مەسیحیەت بووە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت سەرکەوتنێکی بۆخۆی تۆمارکرد، بەڵام ئەمە سەرکەوتنێکی کەم خایەن بوو، چونکە زوو بە زوو ڕوخاو هەرەسی هێنا، ئەو دەسەڵاتەشی داکۆکی لە بیروباوەڕی مەسیحیەت دەکرد بەلادا هات و هەرەسی هێنا. بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین کە کتێبەکەی «ئۆگەستین» (شاری یەزدان- Civitas Dei)، کاردانەوەی ئەو قەیرانەی پاش ڕوخانی ڕۆمایە. مەبەستی «ئۆگەستین»یش لەمە بەرپەرچدانەوەی ئەوانە بوو کە دەیانگووت: (هۆی ڕوخاندنی ڕۆما بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی دەستبەرداری ئەو خوایانە بوون کە دەیان پەرستن)[٦]، بەڵام «ئۆگەستین» بەرگری لە بیروباوەڕی مەسیحی دەکاو هەوڵی ئەوەش دەدات تا لە پەتای مەزهەب گەرایی و جوداخوازی دووری بخاتەوە. بگرە دەتوانین بڵێین ئامانجی «ئۆگەستین» زۆر لەوەش زیاتر بوو، واتە پرۆژەی ئەو کتێبەی هەوڵێک بووە بۆ دروستکردنی جۆرە هاوسەنگیەک لەنێوان کڵێساو دەسەڵاتی مەدەنیدا. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی کڵێساو ئاین سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریەی دەشێت بەسەر دەسەڵاتی مەدەنیدا بێت. هەوڵێکی وا لە ناونیشانی کتێبەکەی «ئۆگەستین»دا دەردەکەوێت (شاری یەزدان) کە بەرامبەر بە (شاری زەمینی)یە.

## ٢- سەرچاوە فکرییەکانی «ئۆگەستین و تۆمائەکوینی»، (بیروباوەڕی مەسیحی و بیری یۆنانی):

یەکەم سەرچاوەی بیری کۆمەڵایەتی «ئۆگەستین و تۆمائەکوینی» ئاینی مەسیحی بوو، لەم ڕووەوە ئەمان و بیریارانی دیکەی مەسیحی خۆیان لە قەرەی چەند بابەتێکی دیاریکراو دەدا. ئەو بابەتانەی کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی ئاینی هەبوو. ئەگەر ئاوڕیشیان لە هەندێ لایەنی دیکەش دابێتەوە، ئەوا تەنها بە مەبەستی شارەزابوون بووە لێیان نەوەک شتێکی دیکە(٧).

لێرەوە «ئێدوارد جونۆ» دەڵێت: گەر لە بیریارێکی سەدەکانی ناوەڕاست بپرسین بە پێی گرنگی سەرچاوەی فەلسەفی خۆیمان بۆ دیاری بکات، ئەوا دەست بەجێ- ئینجیل- لە ڕیزی پێشەوە دادەنێت(٨). ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە سەرچاوەی فەلسەفی - کۆمەڵایەتی لای «ئۆگەستین و تۆمائەکوینی» چاوگێکی ئاینی هەبووە، بەڵام لە ڕوی کاریگەری هزری یۆنانییەوە جۆرە جیاوازییەک بەدی دەکەین.. بۆ نمونە «ئۆگەستین» لە ئەفلاتۆنیەتی نوێ و ڕواقیەتەوە دەستی پێکرد، وە لێ بیری کۆمەڵایەتی «ئۆمائەکوینی» لەژێر سایەی دیالۆگ کردن لەگەڵ سکولائیەتدا گەشەی کرد. بۆیە دەبینین شوێن دەستی «ئەرستۆ» بەسەر بەرهەمەکانی «تۆمائەکوینی»یەوە دیارە، بەڵام با بزانین جۆری ئەم کاریگەرێتییە چۆن چۆنی بوو؟ لە سەدەی سێهەمی زاینییەوە تا سەدەی دوازدەهەم، بیروڕایەکی وا لە ئارەدا بوو کە «ئەرستۆ» لۆژیکی و ئەقڵانیە، بەڵام «ئەفلاتۆن» تیۆلۆژییەکی ئاینییە. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی زۆرتر بایەخ بە بیری «ئەفلاتۆن» بدرێت، بەتایبەت ئەفلاتۆنیزمی نوێ کە زیاتر لە دیدو چۆچونەکانی «ئەفلۆتین»دا ڕەنگی دابووەوە.

ئەگەرچی «ئۆگەستین» شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی ئەفلاتۆنیزمی نوێوە هەبووە، بەڵام پێدەچێت کە «ئەفلاتۆن»ی بە تەواوی نە ناسیبێ، چونکە ئەو باوەڕی وابوو (ئەفلاتۆنیەت و ئەفلاتۆنیزمی نوێ یەک ئاقارین)[٩]. هاوکات ڕەنگە کاریگەری «ئەفلاتۆن» لە ڕێگای «ئەفلۆتین»ەوە وای لێکردبێت تا نوسینەکانی سەرەتای بەشێوەی دەمەتەقێ بنووسێتەوە، وەک ئەوەی کە «ئەفلاتۆن» لەوەوبەر پێی هەستابوو[١٠]. لەگەڵ ئەمەشدا «ئۆگەستین» بە (ڕواقیەت – Stoicism)یش سەرسام بوو، بۆیە هەستا بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان و دەربڕینی ڕای خۆی لە سەریان و ڕەخنە لێگرتنیشان. کاریگەری ڕواقیەت و ئەفلاتۆنیزمی نوێ بە کتێبەکەیەوە (شاری یەزدان) دیارە. هەروەها کەوتە ژێر کاریگەری ئەو جیاکاریەی ئەفلاتۆنیزمییە نوێیەکان، لەنێوان هەردوو جیهانی ئایدیاو مادە کردیان. یەکەم بریتیە لە جیهانی بڵندەگی و ئاماژەیە بۆ خێرو چاکە، دووەمیشیان جیهانی سەر زەمینە کە پڕ لە شەڕو خراپەیە. بڕوای بەو بۆچونەی ڕواقیەکانیش هەبوو کە دەڵێت: (حەکمیەکان گروپێکی تایبەتین و خاوەن هەستێکی ناسکن). ئەمەش دەچێتەوە سەر ئەو بۆچونە مەسیحیەی کە دەڵێت: (هاوەڵان و شوێن کەوتوانی مەسیح هەڵگری چەند خەسڵەتێکی بەرزن، جیاواز لە خەڵکانی سەرزەمین)... ئەم بۆچونەش «ئۆگەستین» زۆر بڕوای پێیبوو[١١]. هەرچی پەیوەندی بە «تۆمائەکوینی»شەوە هەیە، ئەوا ئەو کەوتبووە ژێر کاریگەری بیری «ئەرستۆ»وە. ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی ساتەوەختی خۆیەوە هەبوو، بۆیە هەستا بە خوێندەوەی «ئەرستۆ» و هەوڵی ئەوەیشی دا لە بیروباوەڕی مەسیحی نزیکی بکاتەوە.

لەم سەردەمەشدا بوو بزوتنەوەی ئاقاری سکولائی ناوبانگی دەرکرد، سەرەتای ئەم بزاڤەش بۆ سەدەی یازدەهەم دەگەڕێتەوەو مەبەستیش

لێی ژیاندنەوەی ئەقلانیەت بوو. یەکەم کارێک کە ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە پێی هەستان، ئاوڕدانەوە بوو لە بیری گریک، ئەو بیرەی بۆ ماوەیەکی زۆر پشت گوێ خرابوو، بەوپێیەی بیرێکە لەگەڵ بیروباوەڕی ئاینیدا ناگونجێت، بەڵام ئەمان لەو بڕوایەدا بوون کە ڕەنگە لە بیری یۆنانیدا پەی بە بوونی زۆر لە ڕەگەزی بیروباوەڕی ئاینی ببەن، بەتایبەت لای «ئەرستۆ» کە پێشتر وەک نەیارێکی بیروباوەڕی ئاینی سەیر دەکرا. لەم سەرو بەندەشدا کڵێسا دەستی بە کردنەوەی چەند قوتابخانەیەک کرد، بە مەبەستی خوێندنی خوداناسی.
Scholar بەو کەسە دەگوترا کە بە مەبەستی خوێندنی فەلسەفەو خوداناسی، ڕوی لەو خوێندنگایانە دەکرد. لێرەشدا سکولائی بە مانای بەگەڕخستنی ئەقڵ دێت بۆ پاڵپشتیکردنی بیروباوەڕی ئاینی. سکولائیەت لە ئەوروپا تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوام بوو. گرنگترین شت لەم بزوتنەوەیەدا جێگەی سەرنج بێت، بەشداری کردنی بیری «ئەرستۆ» یە لە کارکردنە سەر بیرو باوەڕی مەسیحی.. لە بەرامبەر بیری «ئەرستۆ»دا خەڵکی بوونە دوو بەش، هەندێک پێیان وابوو «ئەرستۆ» نەیاری بیروباوەڕی مەسیحییەو هەندێکی دیش دەیانگوت، پێویستە دوور لە ئاین مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. ئەم کێشەیەش «پاپا گریگۆری حەوتەم»ی ناچارکرد تا خوێندن و ئەنجامدانی توێژینەوە لەمەڕ «ئەرستۆ» ڕابگرێت، تا ئەو کاتەی کڵێسا خۆی هەڵدەستیت بەتاو توێکردنی ئەو مەسەلەیە. بۆ ئەم مەبەستەش کڵێسا سێ (قەشەی)ی ڕاسپارد تا بەو کارە هەستن. یەکێکیان تێکستە فەلسەفیەکانی «ئەرستۆ» وەرگێڕێتە سەر زمانی لاتینی، دووەم هەستێت بە لێکدانەوە و کورت کردنەوەی تێکستەکانی، کاری سێهەمیان گونجاندنی بیری ئەو بێت لەگەڵ مەسیحیەتدا. ئەم ئەرکەش (واتە ئەرکی سێهەم)، بە «تۆمائەکوینی» سپێردرا. لەم

ڕەوە «تۆمائەکوینی» فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی نوێی پێشکەش کرد کە لەسەر بنەمای ئاوێتەکردنی بیری مەسیحی و فیکری ئەقڵانی دامەزرابوو، ئەو ئەقلانیەتییەی «ئەرستۆ» نمایندەی بوو[١٢].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرەوەدا: دەتوانین چەند بەرەنجامێک بەدەست بهێنین:

ا- بیری کۆمەڵایەتی مەسیحی سەردەمێکی زۆری خایاند، لە سەدەی چوارەمەوە تا سەدەی پازدە.

ب — ئەم بیرە لە فەزایەکی سیاسی تایبەتدا سەری هەڵدا، ئەویش ململانێی نێوان کڵێساو دەسەڵاتی مەدەنی بوو.

ج — هەر لە سەرەتاوە بیریارانی سەدەکانی ناوەڕاست کەوتنە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی، لە «ئەفلاتۆن»ەوە تا «ئەرستۆ». ئەگەرچی ئەم کاریگەریە لە سەرەتاوە لاواز بوو، بەڵام لە دوایدا زیادی کرد.

د — ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان دەستیان لە دروستکردنی بیری کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو، بەڵام هەر هەموویان لە دەوری دوو ڕێچکا کۆبوونەوە، یەکێکیان «ئۆگەستین» پێشەنگی بوو، ئەوی دیکە «تۆما ئەکوینی».

## دووەم/ قەدیس ئۆگەستین (٣٥٤ز- ٤٣٠ز)

### ١- ژیان و بەرهەمەکانی:

«ئۆگەستین» ساڵی ٣٥٤ز لە باکووری ئەفریقا هاتۆتە دنیاوە، دوای تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی ڕوی کردۆتە (قرتاجنە) بە مەبەستی خوێندنی ئەدەبیات و گوتار بێژی. ئەگەرچی «ئۆگەستین» لە خانەوادەیەکی مەسیحی بوو، بەڵام تەمەنێکی زۆری بەبی بڕوایی بەسەر برد. لەم تەمەنەیدا پاش ئەوەی یەکێک لە دەمەتەقێکانی «شیشرۆن»ی خوێندەوە، زیاتر بایەخی بە بابەتی فەلسەفیدا. لەم قۆناغەشدا پەیوەندی لەگەڵ گروپی (مەناوییینەکان)دا پەیدا کرد. ئەمانە ڕێبازێک بوون لەڕێی ئەقڵی پەتییەوە تەفسیری جیهانیان دەکرد، بەڵام ئەم پەیوەندیە زۆری نەخایاندو لێیان جیابووەوەو بەرەو ڕۆما کەوتە ڕێ، لەوێدا بووە مامۆستا لە بواری گوتار بێژیدا.

تا ئەو ساتەش گومانی لە هەموو شت دەکرد و بڕوای بە هیچ شتێ نەبوو، بەڵام کاتێ چەند پەندو ئامۆژگاریەکی مەسیحیەتی بەر گوێ کەوت و دەمە تەقێکانی «ئەفلۆتین» و هەندێک لە نامەکانی «پۆلس»ی خوێندەوە، بڕوای بە مەسیحیەت هێنا. ئەم گۆڕانکاریەش لە ساڵی ٣٠٦ز دا بوو کاتێک تەمەنی گەیشتبووە سی و سێ ساڵ(١٣)...

سەروەختیک بووە ئیمانداریکی مەسیحی، گەڕایەوە زێدی لە دایکبوونی و لەوێدا مایەوە تا لە ساڵی ٤٣٠ز کۆچی دوایی کرد(١٤)..

«ئۆگەستین» تا ئەو دەمەی بووە مەسیحیەکی بڕودار هیچ شتێکی نەنوسی. کاتێکیش دەستی دایە نوسین بەرهەمەکانی لە شێوەی دەمەتەقێدا بوون، ئەم کارانەشی بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مەسیحیەت و دژایەتی کردنی بیدعەو ڕێبازەکانی بتپەرستی بوو.

نمونەی ئەو کارانەشی «ئۆگەستین» لە شێوەی دەمەتەقێدا نوسیونی ئەمانەن: (لەمەڕبەرپەرچدانەوەی ئەکادیمیستەکان، ژیانی بەختەوەری، نەمری ڕۆح، مامۆستا، ئیرادەی ئازاد)[١٥]، بەڵام گرنگترین شاکاری «ئۆگەستین» کتێبی «شاری یەزدانە» کە لەنێوان ساڵانی (٤١٣ز — ٤٢٦ز) نوسیویەتی، واتا نزیکەی سیازدە ساڵی خایاندووە..

ئەم کتێبە تەواوی ئەزموون و جیهانبینیەکانی «ئۆگەستین» لەخۆ دەگرێت، وەک چۆن فەلسەفە کۆمەڵایەتیەکەشی لەم کتێبەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر وەک لە سەرەتادا باسمان کرد، ئەم کتێبە دوای هەرەسهێنانی رۆماو شلۆق بوونی بارودۆخی کڵێسا نووسراوە، بۆیە شتێکی ئاساییە ببینین «ئۆگەستین» تێیدا داکۆکیەکی زۆر لە مەسیحیەت دەکاو رەخنەش ڕوبەڕوی بت پەرستان دەکاتەوە[١٦]، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە بەدەرخستنی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی «ئۆگەستین»ە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا، ئەمەش ئەو کارەیە هەنوکە لێرەدا پێی هەڵدەستین[١٧].

## ٢- کۆمەڵگاو دوا لیزمەی ئاسمان و زەمین:

بۆچونەکانی «ئۆگەستین» سەبارەت بە کۆمەڵگا، بەو دوالیزمەوە پەیوەستە کە لەنێوان جیهانی (ئاسمان و زەمین)دا هێنایە ئاراوە. ئەم دوالیزمەیەش بەندە لەسەر ململانێ و کێشمەکێشی نێوان چاکە و خراپە بەمانا دینیەکەی، یاخود جیاوازی نێوان جیهانی بڵندەگی و واقیع بە چەمکە فەلسەفیەکەی. بەلای «ئۆگەستین»ەوە جیهان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێت، ئاسمان نشین و زەمین نشین. شاری ئاسمان (بڵندەگی) ئەو کات هاتە ئارا کە یەزدان فریشتەکانی دروست کرد و ئەمانیش بوونە یەکەمین دانیشتوانی ئەم شارە، بەڵام دواتر ئەم شارە بووە جێ و مەنزڵی ئەو پیاوە چاکانەش کە ژیانیان

بۆ پاک بوونەوە لە گوناهـ و خراپەکانیان تەرخان کردبوو. دەبێت ئەوەش بڵێین کە شاری یەزدان تەنها لە ئاسمان یاخود لەوە دنیادا نییە، بەڵکو بەشێک لە دانیشتوانی ئەم شارە سەر بە جیهانی سەر زەمینن و لەوێدا ژیان بەسەر دەبەن..

شاری سەر زەمین بە بڕوای «ئۆگەستین»، لەگەڵ هاتنە خوارەوەی ئیبلیس لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دروست بووە. ئەمەش شوێن و جێگەی گوناهـ و خراپەیە، لەبەرئەوەی ئەوانەی لەسەر زەمیندان ژیانیان تەنها بۆ تاوان و خراپەکارییە، بەڵام پیاو چاکان لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکاندا ژیان بەسەر دەبەن. ئەم دوو شارە (ئاسمان و زەمین) لەگەڵ دروست بوونی «ئادەم» و سەرهەڵدانی ململانێی نێوان «قابیل و هابیل»ەوە، مرۆڤ لە هەردووکیاندا نیشتەجێیە. واتە چاکەکەران سەر بە شاری ئاسمانین و خراپەکارو گوناهبارانیش نیشتەجێی سەرزەمینن. لێرەوە مێژوی مرۆڤایەتی بریتیە لە درێژبوونەوەی ململانێی نێوان لایەنی چاکەو خراپە. ئەو گوناهەی «ئادەم» کردی وەک میراتیەک بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی جێماوە، بەڵام هەندێ توانیویانە خۆیان لەو گوناهە بشۆرنەوە و ببنە ئەندامێک لە شاری یەزدان، ئەگەرچی ژیان لەسەر زەمینیش بەسەر دەبەن، واتە ئەندامێکی کاتین لەو شارەدا. کاتێک دەبنە ئەندامێکی هەمیشەی لە شاری یەزداندا کە ژیانی دنیای جێبێڵن، واتە دوای مردنیان بۆیان هەیە ببنە ئەندامێکی ئەو شارە. ئەو کەسانەش ئەوانەن یەزدان خۆی هەڵیان دەبژێرێ و سۆزو بەزەی خۆی دەرێژێ بەسەریاندا[١٨].

لەم ڕووەوە «ئۆگەستین» دەڵێت: (ئێمە ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەسەر دوو گروپدا بەش دەکەین، دەستەی یەکەمیان ئەوانەن کە بەپێی فەرمانەکانی یەزدان هەڵسوکەوت دەکەن و نەمرییان بۆخۆیان مسۆگەر کردووە. دەستەی دووەمیس یاخی بوانن لە فەرمانەکانی خواوەندو

لەگەڵ ئیبلیسدا سزا دەدرێن. مێژوش بۆخۆی بریتیە لە ململانێی نێوان ئەم دوو گروپە، ئاسمان نشین و زەمین نشینەکان)[١٩].

ئەگەرچی ئەمەی «ئۆگەستین» باسی لێدەکات بۆچونێکی دنیاییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە جەوهەریدا پەی بە بیرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیانە بەرین. یەکەم شت ئەوەیە کە کۆمەڵگا لای «ئۆگەستین» لەسەر دوانەی چاکەو خراپە بوونیاد نراوە، لەبەرئەوەی ئاسمان نشین و زەمین نشینەکان هەردووک پێکەوە لەیەک کۆمەڵگادا ژیان بەسەر دەبەن. گروپێکیان نمایندەی وێنە بەرزو باڵاکانن کە پێویستە ئەمە خولیای هەموو کەسێک بێت تا بگاتە لوتکەی بەر کەماڵ بوون، ئەمانە ئەو دەستەیەن کە لە ئاسماندا دەژین و سەر بە شاری ئاسمانن، بەڵام گروپەکەی تر — مەبەست دانیشتوانی سەر زەمینە – ئەمانە نوێنەری جیهانی واقعین، ئەو جیهانەی بە گوناهـ و خراپە لێوان لێوە.. ئەم دابەش کردنەش مانای ئەوە ناگەێنێ کە هەر دەستیەک بە دوور لەوی دی دەژی، بەڵکو هەموو پێکەوە لە چوارچێوەی یەک کۆمەڵگادا ژیان بەسەر دەبەن.

«ئۆگەستین» زیاد لە شوێنێک ئاماژەی بۆ پێویستی هاریکاری نێوان ئەم دوو گروپە کردووە. واتە پێویستە لەسەر چاکە کەران ملکەچی چارەنوسی خۆیان بن و ژیانی سەر زەمین بەسەر بەرن و چاوەڕوانی رۆژی کۆتایی بکەن، وەک چۆن لەسەریشیانە کار بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی خێرو چاکە لەسەر زەمین و هاریکاری خەڵکی بکەن تا لە گوناهـ و خراپەکاری بە دووربن، چونکە ململانێی نێوان چاکەو خراپە چارەنوسێکی حەتمییەو پێویستە بەردەوام بێت، ئەمەش بەو هیوایەی لە ئاکامدا لایەنی چاکە خوازی سەر بکەوێت.

بەپێی ئەم تێنۆڕینەی «ئۆگەستین» کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی ئۆرگانی یەکگرتوو نییە، بەڵکو لە دوو لایەنی جیاواز پێک دێت کە هەریەکەیان

خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هاریکاری بۆ بەیەکگەیاندنی ئەو دوو بەرەیە لە واقیعدا بەمەبەستی دروست کردنی پێکهاتەیەکی سەراپاگیر، کارێکی حەتمییەو کۆمەڵگاش بەرەنجامی پرۆسەیەکی لەو جۆرەیە.. بەردەوامی ئەمەش لەڕێی ململانێ و کێشمەکێشی چاکەو خراپەوە دەستەبەر دەبێت.

خاڵێکی تر لە بۆچونەکانی «ئۆگەستین»سەبارەت بە شاری ئاسمان و زەمین، پەیوەندی نێوان کڵێسا بە دەسەڵاتی مەدەنییەوە دیاری دەکات. لای «ئۆگەستین» دەسەڵاتی کڵێسا سەرو دەسەڵاتی دەوڵەت دەکەوێت، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی کڵێسا — نەک هەر هەموویان — سەر بە شاری ئاسمانن، ئەو شارەی سیمبۆلی چاکەو خێر خوازیە. لە ئاکامی تێکەڵ بوونی ئەندامانی هەردوو شارەکە لە ژیانی دنیاییدا، ئەوا ئەو کەسانەی کە سەر بە شاری ئاسمانن، بەشداری لە ژیانی رۆژانی خەڵکانی سەر زەمین دەکەن و بگرە زۆر لە ئەرک و پێویستیەکانیشیان بۆ ڕادەپەڕێنن، بەڵام هەوڵ و کۆششی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی خێرو بێری ئەم دنیایە نییە، بەڵکو لای ئەوان ئەو کارانە تەنها چەند دەست وێژو ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە ئاکامو دەرەنجامێکی تر، ئەویش گەیشتن بە بەرکەماڵی و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی یەزدانە.. ئەمەش تەواو پێچەوانەوەی خەسڵەتی خەڵکانی زەمین نشینە، کە وەک دواین ئاکام و دەرەنجامێک لە خێراتی ئەم دنیایە دەڕوانن و هەوڵ و کۆششیشیان تەنها بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەبەستانە تەرخان کردووە..

لێرەدا دەتوانین ئەو بڕیارە بدەین کە گروپی یەکەم لە گروپی دووەم چاکترو باشترن، بۆیە گەربێت و دەوڵەت دامەزراوەیەکی دەستی زەمین نشینەکان بێت، ئەوا دەسەڵاتی دەکەوێتە خوار دەسەڵاتی کڵیساوەو پێویستە ملکەچی بڕیارەکانی کڵێسا بین.. کاتێک دەوڵەت ڕێگای ڕاست

بگرێتە بەرو هەوڵی سەپاندنی چاکە خوازی بدات، ئەوا کاتە دەبێتە مایەی سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامی و ڕێگاش لە بەردەم کڵێسادا خۆش دەکات، بۆئەوەی کارەکانی بە ئاسانی ڕاپەڕێنێ[٢٠]. لێرەوە تەبایی و هاریکاری باڵ بەسەر پەیوەندی نێوانیاندا دەکێشێت.

«ئۆگەستین» پێی وا نییە ئەم بۆچونەی لەگەڵ ئەو بنەما مەسیحیەدا ناکۆک بێت کە دەڵێت÷ (بیدەن بە قەیسەر ئەوەی کە هی قەیسەرە، بیدەن بە یەزدان ئەوەی کە هی یەزدانە)، چونکە ئەو لە دیدو بۆچونەکانیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پێویستە دەوڵەت یارمەتی کڵێسا بدات و پشتیوانی لێبکات. کاتێکیش دەوڵەت کارێکی لەمجۆرە بکات، ئەوا ئەو هێزو دەسەڵاتەی بۆ دەگەڕێتەوەکە لەکاتی ڕوخانی ڕۆماوە لە دەستی داوە، بەمجۆرەش سەردەمی زێڕینی خۆی بەدەست دێنێتەوە...

ئەو شارەی سەر زەمین کە تەنها دەوڵەت ڕێبەری بێت، شارێکە ناتوانیت بگاتە ئاستی بەرکەماڵ بوون، چونکە ژیانی دانیشتوانەکەشی لە ڕەفتاری ئەو ماسیانەی دەریا دەچێت کە گەورەکان بچووکەکان دەخۆن[٢١]. بۆیە لێرەدا بەر قەراربوونی ئاشتی پەیوەستە بە ڕادەی هاریکاری کردنی ئاسمان نشینەکانەوە. ئەو خراپە کاریەش لەسەر زەمین دایە نابێت بە خراپە بەرپەرچی بدرێتەوە، چونکە کارێکی وا جگە لە زیادکردن و تەشەنەکردنی گوناە و خراپە هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، بۆیە پێویستە بۆ ئەنجام دانی کارێکی وا خێرو چاکە کردن بەگەڕ بخرێت. ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە ئاسمان نشینەکان بەوپەڕی لەخۆبوردنەوە لە ئەستۆی دەگرن و بێپەروا کاری بۆ دەکەن..

کەواتە لێرەوە تێدەگەین کە هاریکاری نێوان کڵێساو دەوڵەت، بەرژەوەندیەکی زۆری بۆ دەوڵەت تێدایە.. لەبەرئەوەی دەوڵەت تەنها ئەو کاتە دەتوانێ جێی خۆی بکاتەوەو بوونی خۆی بسەلمێنێ کە

داکۆکی لە بیروباوەڕی مەسیحی بکات و، بیکاتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەت.. بەمجۆرە «ئۆگەستین» پەیوەندەی نێوان کڵێساو دەوڵەت دیاری دەکات.

تاوتوێکردنی ئەم تێزانەی «ئۆگەستین»، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە مێژووییەی تیایدا ژیاوە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە تا چەندە داکۆکیەکی شێلگیرانەی لە کڵێسا کردووە، ئەو کڵێسایەی بە ڕوخانی ڕۆما گورزی گورجک بڕی بەرکەوت، ئەمەش بە هیوای ئەوی کڵێسا لەڕێی هاریکاری دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بچێتەوە دۆخی جارانی.. لێرەدا «ئۆگەستین» داکۆکی لە دەوڵەت و کڵێسا دەکات و ڕۆڵی کڵێساش لە بڵاوکردنەوەی خێرو چاکەو دادپەروەری دەنرخێنێ، لەپێناو هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی یەکگرتوودا.. ئەمە سەرەڕای ئەوەی پیاوانی کڵێسا بە ئاگابوون لە خراپە کاری و شەڕانگێزی دانیشتوانی سەرزەمین و پێیان وابوو ئەو دەوڵەتەی زەمین نشینەکان دای دەمەزرێنن، بەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو گوناە و خراپەیە کە لە سەرەتایی خەلیقەتەوە هاتۆتە گۆڕێ..

بەڵام بالێرەدا ئێستێک بکەین و بپرسین، ئایا دەوڵەت چۆن چۆنی سەری هەڵداو دروست بوو، یان چ ڕۆڵێ دەبینێت، یاخود پەیوەندی بە یاسا سروشتییەکانەوە چۆنە؟ لەم پەرەگرافانەی خوارەوەدا هەوڵی تاوتوێکردنی ئەم مەسەلانە دەدەین و لێیان دەکۆڵینەوە.

## ٣- یاسای سروشتی و بوونیادی سستمە کۆمەڵایەتیەکان:

«ئۆگەستین» لە نوسینەکانیدا بایەخێکی زۆر بە دیاریکردنی سەرچاوەکانی هاتنە ئارای دەسەڵاتی مەدەنی دەدات، وەک ئەوەی لە دەزگای دەوڵەتدا دەردەکەوێت، سەرەڕای بایەخدانیشی بە سستمی موڵکایەتی.

قسەکردنی «ئۆگەستین» لەم مەسەلانەش، دەچێتەوە سەر یاسایی سروشتی Natural Low، چونکە ئەو بڕوای بەو بۆچونەی «ئەرستۆ» نییە کە دەڵێت: (مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆرسک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو ژیانی کۆمەڵایەتی دەچێتەوە سەر ڕێسا سروشتییەکان)، بەڵکو پێیوابوو سەرەتای دروست بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، پشتی بەم یاسا سروشتییە بەستووە. بەڵام بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەوە بنەماکانی ڕێسای سروشتی پوکانەوەو لەبەریەک هەڵوەشان.. ڕێسای سروشتی کۆی ئەو یاسایانەیە کە ئادەمیزاد لەڕێی عەقڵەوە پەی پێ دەبات و هەمووان ملکەچی بن، واتە لەژێر ڕکێفی ئەم یاسایەدا پەیوەندی نێوان کەسەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکدی دادەمەزرێ و کەس دەست درێژی ناکاتە سەر مافی کەسانی تر، بەڵام ئێستا ئەمجۆرە ڕێسایە هیچ بوونێکی نیەو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدی ناکرێت، لەو کاتەشەوە بە ئاشکرا بەدی دەکرێت کە مرۆڤ گوناهی کرد.
یەزدان لە سەرەتاوە مرۆڤی بۆ ئەوە دروست نەکردووە تا دەست بەسەر مرۆڤی برایدا بگرێت، بەڵکو بۆ ئەوە خولقاوە تا دەست بەسەر بونەوەرو هەبووەکانی تری ژیاندا بگرێت.. گەر مرۆڤ بێ گوناهـ و بێ تاوان بمایەتەوە، ئەوا دەکرا کاروبارەکانی بە پێی ڕێسا سروشتیەکان بەڕێوەبردایە، بەڵام مرۆڤ بێ گوێی یەزدانی کردو لە فەرمانەکانی یاخی بووە، بەمەش (ئەو پلەو پیایەی لە دەستدا کە یەزدان پێی بەخشیبوو، بەمجۆرە مرۆڤ و نەوەکانی داهاتوویان بێ بەش مانەوە لەو بەهرە یەزدانییەو سروشت و خەسڵەتیان بەرەو شێواندن چوو)[٢٢].
لەو ساتەشەوە مرۆڤ بووە قوربانی گوناهـ و هەڵەکانی خۆی، تا وای لێهات هەستی خودپەرستی و چاوچنۆکی و بەگەڕخستنی هێزی لەلا دروست ببێت. لێرەوە چاوچنۆکی هانیدا تا سستمی مالکیەت پەیڕەو بکات، لەڕێی هێزیشەوە ویستی خۆی بەسەر ئەوانی دیدا بسەپێنێ

و دەستیان بەسەردا بگرێت. ئەویش لەڕێی سستمی حوکمڕانی دەوڵەتەوە [٢٣].

کەواتە بنەمای سەرجەم ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە نارەوایانە، دەگەڕێتەوە بۆ پاکتاوکردنی بنەماکانی یاسای سروشتی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە «ئۆگەستین» جاڕ بۆ نەمان و سڕینەوەی ئەم سستم و پێکهاتانە بدات، بەڵکو داکۆکییەکی شێلگیرانەیان لێدەکات و بڕوای وایە بە پێی خواست و ویستی یەزدان دروست بوون، لەبەرئەوەی هەڵدەستن بە ڕاپەڕاندنی چەند ئەرکێکی گرنگ، لەوانە سزادانی مرۆڤ — لە قۆناغی کۆیلایەتی — دا تا دەست لە هەڵەو تاوانکردن هەڵگرێت، بەم سزادانەش ڕێگا لە تەشەنەکردن و زیادبوونی هەڵەو تاوانەکان دەگرێ و نایەڵێت مرۆڤ بکەوێتە نێو داوی گوناهکاریەوە. ئەم ڕێنومایانەش لە ڕێگای ئەو یاسایانەوە پیادە دەکرێت کە دەسەڵاتی مەدەنی دەیسەپێنێت.. ئەم یاسایەش چەند جیاوازیەکی لەگەڵ یاسای سروشتیدا هەیە [٢٤].

١ - پێویستە یاسا مەدەنیەکان لە یاسای سروشتییەوە سەرچاوە بگرن، واتە مەبەستیان چەسپاندنی دادپەروەری بێت نەک بەرژەوەندی دەسەڵاتداران.

٢ - یاسای مەدەنی لە یاسای سروشتی بەر تەسکترە، لەبەرئەوەی یاسای مەدەنی بە تەنها لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتە دیارو بەرچاوەکان دەکۆڵێتەوە، چاوپۆشیش لە هەندێک گوناهو خراپەکاری دەکات و سزای هەندێ تاوانیش جێ دێڵت بۆ یەزدان.

٣ - بەڕادەیەکی زۆر یاسا مەدەنیەکان پابەندی بارودۆخی شوێکاتن، هەرچی یاسای سروشتیە سەرتاسەریەو سنورەکانی کات و شوێن دەبەزێنێ.

کەواتە یاسا مەدەنیەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێن.. جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەش لە ئەستۆی دەوڵەت دایەو لەسەر هاوڵاتیان پێویستە گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی کەسی فەرمانڕەوا بن- ئیتر ئەو دەسەڵاتدارە چاک بێت یان خراپ-، لەبەرئەوەی هێزو دەسەڵات لە یەزدانەوە وەردەگرێت. گەر هاتوو چاکە کاربوو ئەوا سەر بە شاری یەزدانە، گەر خراپەکاریش بوو ئەوا یەزدان خۆی ڕەوانەی کردووە تا سزای گوناهباران و خراپەکاران بدات.

ئەگەرچی جەوهەری دەسەڵاتی مەدەنی بریتیە لە دەستگرتنی مرۆڤ بەسەر مرۆڤی برای خۆیدا لەڕێی هێزەوە، بەڵام کارێکی پەسەندەو یەزدان ڕەزامەنی لەسەریەتی، چونکە لێیەوە ئامانجێکی ئاینی بەدەست دێنێ، ئەویش ڕێگە نەدانە بە مرۆڤ تا گوناهـ و خراپەی زیاترو زۆرتر ئەنجام بدات[٢٥].

سەبارەت بە موڵکایەتی تایبەتی، «ئۆگەستین» پێیوایە خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو شتەکان یەزدانە، بەڵام ئەم مافەشی بە مرۆڤ داوە، ئەویش لەڕێی پاشاو ئیمپراتۆرەکانەوە، هەمان شت ئیمپراتۆرو پاشاکانیش ئەو مافە بە هاوڵاتیان ڕەوا دەبینن. بەمجۆرە پێویستە لەسەر دەوڵەت پارێزگاری لە خاوەنداریەتی تایبەت بکات و بڕیاری لەسەر بدات، وەک چۆن پێویستە (دەوڵەت دژ بە هەموو جۆرە موڵکایەتیەکی نامەشروع- نایاسایی بووەستێتەوە، وەک جەردەیی و داگیرکاری و تالآن و بڕۆیی و.. هتد)[٢٦].

لەبەرئەوەی کۆمەڵگا هەیە، پێویستە سستمی موڵکایەتیش هەبێت و پارێزگاری لێبکرێت. واتە تا ژیان بەردەوام بێت ئەو سیستمە نایەکسانیەش دەمێنێ، بۆ دابەش کردنی سەروەت و سامان بەسەر ئەندامانی کۆمەڵدا.

سەبارەت بە سستمی کۆیلایەتیش، ئەگەرچی «ئۆگەستین» پێیوابوو

جۆرێک لە چەوساندنەوەو زۆرداری تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک سستمێکی کۆمەڵایەتی بەلایەوە پەسەند بوو.. ئەم دۆخەش کۆتایی پێنایەت و ناڕەوێتەوە، مادامەکی کۆمەڵگا بەسەر دوو گروپدا بەش بووە (یەکێکیان سەر دەستەو ئەوی دیشیان ملکەچ و ژێردەستە)[٢٧].

ئەم دۆخە کۆمەڵایەتیە بەرەنجامی دیدگایەکی ئاینی پەتییەکە وا دەکات ئادەمیزاد ملکەچی هەموو جۆرە فەرمانرەواییەک بێت، تەنها لەبەرئەوەی خاوەن دەسەڵاتەو بۆ ئەوە ڕەوانە کراوە تا مرۆڤ لە گوناهـ و خراپەکاری دووربخاتەوە. لێرەوە دەوڵەت دەبێتە دەسەڵاتێکی پیرۆز دەبێت هەر چۆنێکیش بێت ڕێز لە یاساو ڕێساکانی بگیرێت. لەگەڵ ڕێزگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتیشدا، پێویستە ملکەچی یاساکانی موڵکایەتی و سستمی کۆیلایەتیش بین، لەبەرئەوەی ئەمانیش لە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرن. سەرەڕای بە ئاگابوونی «ئۆگەستین» لە هەموو کەموکوڕی و ناتەواویەکانی ئەو سستمە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە، کەچی داوای خۆبەدەستەوەدان و ملکەچی بوون دەکات بۆیان، چونکە پێیوایە ئەمە لەلایەک، پەرچەکردارێکە دژ بە گوناهـ و تاوانەکانی مرۆڤ (ئەمەش سزادانی سەرزەمینە)، لەلایەکی تر سنورێک بۆ گوناهـ و تاوانەکانی مرۆڤ دادەنێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، کەچی «ئۆگەستین» بانگهێشتی هەموو مرۆڤایەتی دەکرد تا بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە بژین. هاتنە ئارای دۆخێکی واش، پەیوەستە بە گوێڕایەڵی هاوڵاتیان بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت کە لەڕێی هاریکاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگاوە دەستەبەر دەبێت، بە چاوپۆشین لە هەموو ئەو نایەکسانی و زوڵم و زۆرەی لە ئارادایە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە ئاشکرا بکەین کە ئاشتیەکی وا تەواو سەرتاسەری مسۆگەر نییە، لەبەرئەوەی لەژێر دەسەڵاتێکی دنیاییدایە.

دەکرێت هەمان شت دەربارەی دادپەروەریش بڵێین، چونکە ئاشتی

هەمیشەیی و دادپەروەری تەواو، بە تەنها لە توانای دانیشتوانی شاری ئاسمان دایە پێی بگەن و بەدەستی بێنن.. لەم ڕووەوە «ئۆگەستین» دەڵێت[٢٨]: (شاری سەرزەمین - ئەو شارەی لەسەر بڕوا ناژی - لە ئاشتیەکی زەمینی دەگەڕێت، ئامانجیشی لەمە - دروست کردنی هاوسەنگییەکە لەنێوان هاوڵاتیان و کەسی فەرمانڕەوا -، ئەمەش بە هێنانە دی خواست و مەبەستەکانی ئادەمیزاد دەستەبەر دەبێت تا لە ژیانیان دڵنیا بن).

کەواتە پێویستە خەڵکی لەڕێی پەیماننامەیەکەوە لەنێو کۆمەڵدا بژین و هەوڵیش بۆ چەسپاندنی ئاشتیەکی سەرتاسەری و دادپەروەریەکی ڕاست و ڕەوان بدەن، بەڵام ئەمانە چەند ئامانجێکی دوورە دەستن و ئادەمیزاد پێیان ناگات. لەبەرئەوە کۆمەڵگا بەپێی ئەو یاساو دەستورانە بەڕێوە دەچێت کە لەلایەن چەند کەسانێکەوە دادەڕێژرێن. بەمجۆرە ئەم ئاکامە دەبێتە شتێکی ئاسایی ئەبستراکت، یان وێنەیەکی دوورە دەست کە بەردەوام هەوڵ بۆ بەدەست هێنان و بەرجەستەکردنی دەدرێت. کەواتە ئاشتی سەرزەمین ئاشتیەکی ناتەواو نیوە ناچڵە، وەک چۆن دادپەروەریش لە کەمو کوڕی بەدەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئادەمیزاد خۆی لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ڕابهێنێت بۆ گەیشتن بەو مەبەستانە، کڵێساش بە هەمان شێوە.

سەرەڕای هەموو شتێ دەبێت کڵێسا تەواوی ئەرک و فەرمانەکانی سەرشانی لە دنیادا جێبەجێ بکات، بە مەبەستی چەسپاندنی ئاشتی و دادپەروەری.. هەروەها دەبێت پەیوەندی خۆشی لەگەڵ دەسەڵاتی مەدەنیدا بەجۆرێک لێبکات کە هاندەری بێت بۆ ڕاپەڕینی کارەکانی، واتە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە لەسەر بنەمای هاریکاری کردنی یەکدی بێت نەک شەڕو ململانێ.

ئەنجامی ئەم هاریکاریەش وەک «ئۆگەستین» بڕوای پێیبوو، گەیشتنە

به سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو واتە سەرکەوتنی ڕۆح بەسەر مادە و باڵادەستی لایەنی چاکە بەسەر خراپەدا. ئەگەر دەوڵەت لە داڕشتنی یاساکانیدا پابەندی بنەماکانی ئاکاری چاکەخوازی بوو، ئەوا ئاشتی بەرقەرار دەبێت و یارمەتی کڵێساش دەدات تا کاروبارەکانی خۆی بە چاکی بەڕێوە بەرێت. بەمجۆرە ئاشتی باڵ بەسەر پەیوەندی نێوان کڵێساو دەوڵەتدا دەکێشێت.. بەڵام گەرهاتوو دەوڵەت گومڕاو ستەم کار بوو، ئەوا نابێت کڵێسا بەرپەرچی بداتەوە، چونکە کارێکی وا لەلایەن یەزدانەوە ڕێی پێدراوەو یەزدان ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارە دەنێرێت، تا لە بەرامبەر گوناهو هەڵەی هاوڵاتیاندا سزایان بدات.

کاری کڵێساش لێرەدا تەنها پێشکەش کردنی ڕێنومایی لەبارە بۆ کەسی فەرمانڕەوا، تا خەڵکی بەرەو بەرکەماڵی بەرێت. «ئۆگەستین» بڕوای بە بنەمای پێشکەوتن و بەرەو پێشچون هەیە ڕوەو کامڵی و ڕەهایی، هەوڵێکی لەمجۆرەش لە توانای سەردارو پاشاو دەسەڵاتداران دا نییە ڕێی پێ بگرن و لە بەردەمیدا ببنە کۆسپ. ئەم گەشبینیەی «ئۆگەستین» سەبارەت بە پێشکەوتن، بۆ ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و فکریانە دەگەڕێتەوە کە کاریگەری خۆیان بەسەر نوسینەکایەوە هەبووە، واتە ساتەوەختی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە تیایدا دەوڵەت و کڵێسا تووشی شکست و نەهامەتی هاتن. «ئۆگەستین» لە سۆنگەی بڕوابوونی بە پێشکەوتن و بەرەو پێشچون، دەیەوێت لەوە دڵنیامان کاتەوە کە ڕوخانی ڕۆما کۆتایی جیهان ناگەیەنێت، بەڵکو پێویستە ڕەوتی ململانێی نێوان چاکەو خراپە بەردەوام بێت، بۆئەوەی لە ئاکامدا لایەنی چاکە سەربکەوێت..

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش پێویستە کڵێساو دەوڵەت، هەوڵ و کۆششی خۆیان یەکخەن. یاسا مەدەنیەکانی دەوڵەت، ڕێگا نادەن خەڵکی گوناهو تاوانی زیاترو زۆرتر ئەنجام بدەن، هەروەها کڵێساش

لەلای خۆیەوە هەوڵی ئەوە دەدات بەهای چاکەخوازی لە دەرونی ئەندامەکانی و سەرجەم مرۆڤایەتیدا بچەسپێنێ. هاوکات «ئۆگەستین» پێیوایە مادامەکی مەبەستی کلێساش بڵاکردنەوەی کاری چاکەیە، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی مەدەنی لە کارەکانیدا پشتی پێ ببەستێ، چونکە کاری چاکەو چاکەخوازی هەر لە ئەندامانی کلێسا — کە سەر بە شاری ئاسمانن — دەوەشێتەوە.

لێرەدا بە ئاشکرا کارگەرێتی ئەفلاتۆنیزم، بەسەر بۆچونەکانی «ئۆگەستن»وە بەدی دەکەین. واتە وێنەیەکی ئایدیالیانەی ژیان هەیە کە لە وێنە واقعیەکەی جیا دەبێتەوە. بەرەو پێش چونیش ئەو هێڵەیە کە ئەم دوو وێنەیە پێک دەگەیەنێت، بۆ گەیشتن بە نمونەیەکی بەرزو بڵند. هۆکارە فکری و کۆمەڵایەتیەکانی سەر بیری «ئۆگەستین» هەرچۆنێک بن، ئەوە ناشارنەوە کە ئەو داکۆکییەکی شێلگیرانەی لە مەسیحیەت کردووە.. لەبەرئەوە قسەو باسەکانی «ئۆگەستین» لەمەڕ کۆمەڵگاو دەوڵەت و بوارەکانی دیش، بەردەوام دەچێتەوە سەر بیروباوەڕی ئاینی و بەئاشکرا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە مەسیحیەت تاکە ڕێگا چارەی ڕزگاری سەرجەم مرۆڤایەتییە.. خاڵە لاوازەکانی بۆچونەکانی «ئۆگەستین»نیش لێرەدا بەرچاو دەکەون.. ئێمە لای خۆمانەوە ئەو تێزانە بە زانستی لە قەڵەم نادەین، هێندەی چەند باری سەرنجێکە سەبارەت بە ڕەوتی مێژوی دەوڵەت و کۆمەڵگا.. ئەمەش لە خۆیدا چەند دیدو بۆچونێکە لە بەرگێکی ئاینیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچونانەی «ئۆگەستین» وەک خاڵێکی دیارو ئاشکرا دەمێنێتەوە، لە چوارچێوەی بیری کۆمەڵایەتی لە سەرەتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا.

## سێیەم / تۆمائەکوینی (١٢٢٥ز — ١٢٧٤ز) :

### ١- ژیان و بەرهەمەکانی:

«تۆمائەکوینی» لە شاری ئەکوینۆی ئیتاڵی لە خێزانێکی ئۆرۆستۆکراتی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ساڵی ١٢٣٠ باوکی دەیکاتە خزمەتکاری کڵێساو سەروەختێکیش کە گەیشتە تەمەنی دەگاتە چواردە ساڵ، پەیوەندی بە کۆلێژی هونەرەوە دەکات لە زانکۆی ناپۆلی. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا دەچێتە ڕیزی قەشەکانی دۆمێنکان. پاشان بەرەو پاریس دەکەوێتە ڕێ و دوای سێ ساڵ دەبێتە قوتابی «ئەلبرتی گەورە»، دوای ئەوە ڕودەکاتە کۆڵۆنیا تا لەوێ هاوکاری مامۆستاکەی بکات لە بەڕێوەبردنی خوێندنگایەکی خوداناسی کە دەستەیەکی دۆمنیکان لەو شارەدا کردبویانەوە. پاش چوار ساڵ بەردەوامی لەسەر ئەو پیشەیە، دەگەڕێتەوە پاریس تا خۆی بۆ پیشەی مامۆستای خوداناسی ئامادە بکات. ساڵی ١٢٥٦ ئەو پلەیەی بەدەست دێنێت و تا ساڵی ١٢٥٩ سەرقاڵی وانە وتنەوە دەبێت، دواتر دەگەڕێتەوە ئیتاڵیاو تا ساڵی ١٢٦٨ بە وانە وتنەوەوە خەریک دەبێت. دواجار دەگاتە ئەوەی پەیمانگەیەک لە ناپۆلی دابمەزرێنێ، هەر لەم ساڵەدا پاپا «گریگۆری دەیەم» داوای لێدەکات تا ئامادەی (کۆڕی پیرۆز) ببێت کە لە شاری لیۆن بەسترا، بەڵام ناگاتە جێ و لە ڕێگادا تووشی نەخۆشی دەبێت، لە سەرەتای ساڵی ١٢٧٤دا کۆچی دوایی دەکات[٢٩].

«تۆمائەکوینی» چەندین بەرهەمی هەمەجۆری هەیەو دەکرێت بەسەر پێنج جۆردا دابەش بکرێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە[٣٠]:

١- سەرنج و تێبینیەکانی دەربارەی بەیتە پیرۆزەکان: ئەمەش بریتیە لە چەند ڕاو سەرنجێکی ئاینی لەسەر کتێبی پیرۆز.
٢- ڕونکردنەوەی تیۆلۆژی فەلسەفەیەکان: ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە «تۆمائەکوینی» ڕونکردنەوەی لەسەر داون، وەک کتێبە خوداناسیەکانی لە وێنەی (پەندو ئامۆژگارییەکان) و (ناوە یەزدانیەکان)، هەروەها چەند کتێبێک دەربارەی لۆژیک و فەلسەفە، بەتایبەت بەرهەمەکانی «ئەرستۆ».
٣- ئەو بەرهەمانەی هەندێ کێشەی تیا چارەسەر کردووە دوو کتێبە گرنگەکەی لەم بوارەدا ئەمانەن: (ئەو کێشانەی لەسەری ناتەباین) و (کێشە جیاجیاکان).
٤- چەند نامیلکەیەک دەربارەی بابەتە فەلسەفە جۆراو جۆرەکانی وەک: وتارێک دەربارەی (بوون و چیەتی)[٣١] و باسێک بە ناونیشانی (نەمری جیهان).
٥- پوختەی بۆچونەکانی: کورتکردنەوەی ڕاو بۆچونەکانیەتی، لەگەڵ پێداگرتن لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ و دیاریکراو. گرنگترین ئەم بەرهەمانەش ئەمانەن: (وەڵامدانەوەی گومڕایان) و (پوختەی خودا ناسی).

## ٢- وێنەی گۆمەڵگە، یەکێتی ئۆرگانی:

«ئەرستۆ» یەکێک بوو لەو سەرچاوە فیکریانەی «تۆما ئەکوینی» دیو بۆچون و تیۆرەکانی خۆی لێوە بەدەست دەهێنا. ئەمەش یەک لەو جیاوازیە سەرەکیانەی نێوان «تۆمائەکوینی» و باوکانی کلێسایە. بەمجۆرە جیهان لای بیریارانی سەردەمی کلاسیک بەو شێوە کۆنەی نەمایەوە کە «تۆمائەکوینی» لە دیارترینیانە، واتە دیارێک بێت هەست

پەی پێبەرێت یاخود هەقیقەتێک بێت لە نمونەیەکدا بەرجەستە بێ و خۆی والا بکات، بەڵکو بووبە مادەیەک کە بە فیعلی هەیەو لە وێنەو مادە پێک دێت، بەڵام خودی وێنە خۆیشی وەک بوونێکی هەستەکی نەمایەوە، بەڵکو لە هەندێک کاتدا بوونێکی واقیعیانەی وەرگرت، چونکە ئیتر مەسیحیەت هەر بە دڵ نەدەژیا، بەڵکو بووبە ئاقارێکی ئەقڵانی و هەوڵیدەدا تا لە نهێنی و بیروباوەڕەکان بگات[٣٢].

لەم خاڵەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە دیدگای «تۆمائەکوینی» بۆ کۆمەڵگە لە بۆچونەکانی «ئۆگەستین» جیاوازە، بەشێوەیەک دیدگای «ئەکوینی» زۆر واقیعیانەتر دێنە بەرچاو، لە کاتێکدا «ئۆگەستین» وێنەیەکی کۆمەڵگامان دەداتێ کە لەسەر دوالیزمی مادەو وێنە، چاکەو خراپە وەستاوە. بۆیە پەیوەندیەکی ئۆرگانی یەکگرتوو لەم بۆچونەدا نابینین، تەنها لە وێنە میسالیەکەیدا نەبێت، بە واتای شاری خواوەند. کەواتە بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئۆرگانی بۆخۆی کۆمەڵگایەکی میسالیانەی «ئۆگەستین»ەو بە هاتنی «تۆمائەکوینی» بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئۆرگانی لە ئاستی میسالیەوە گواستەوە بۆ ئاستی واقیعی،واتە هەوڵی ئەو تێکەڵ کردنی ئایدیال بوو بە واقیع و تیۆلۆژیا بوو بە سیاسەت[٣٣].

تا لەم ڕێگایەوە وێنەیەکی واقیعیانە کۆمەڵگاوە بخاتەڕو، بەجۆرێک هیچ کەمو کوڕیەک لە ڕەگەزو پێکهاتەکانیدا نەبێت. لێرەدا بوون وەک زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراو دەردەکەوێت، کە بەمرۆڤی ئاسایی دەست پێدەکات و بە دروستکەری بونەوەر کۆتایی دێت..

«ڕۆبرت نیسیت» بەمجۆرە باسی ئەو بۆچونەی «تۆما ئەکوینی» دەکات: (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تاکەکەس سەر بە هەرگروپ و تاقمێک بوایە، ئەوا یەکەمین ئەرکی سەرشانی خزمەت کردنی ئەوان بوو، بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاستیش وەها لە کۆمەڵگە گەیشتبوون، وەک ئەوەی زنجیرەیەکی گەورەو بەرفراوان بێت، بە

بونەوەرێکی سادەو ساکار دەست پێبکات بە یەزدان کۆتایی بێت.
هەربازنەیەک لەم زنجیرەیە – هەر چەند بچووکیش بێت –، بایەخ و گرنگی خۆی هەیە)[٣٤].

بۆچونێکی لەمجۆرە لە بیری «تۆما ئەکوینی»دا دەرکەوت، چونکە کۆمەڵگا لە بیری «ئەکوینی»دا پێکهاتەیەکی ئۆرگانییە و هەر کەسێ تیایدا شوێن و ڕۆڵی تایبەت و دیاری کراوی خۆی هەیە کە ناشێت چاوپۆشیان لێ بکات و پابەند نەبێت پێیانەوە. سەرەڕای بێ بەهایی و بچووکی ئەو ڕۆڵەش کە دەشێ هەریەکێ پێی هەڵبستێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشدارییە وەزیفییە گرنگی خۆی هەیە لە سەرتاسەری کۆمەڵگادا. بێگومان وێنەی کۆمەڵگای لەمجۆرە، بەشێک لە واقیعیەتی تێدایەو زۆر لەگەڵ نمونەی کۆمەڵگای فیودالی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەگونجێت.

لەو قۆناغەدا کۆمەڵگا بەسەر چەند دەرەبەگ و ئاغایەکدا دابەش بوو بوو، لە نێو سنوری دەسەڵاتی هەر ئاغاو دەرەبەگێکدا، تاکەکەس شوێنێکی جێگیرو نەگۆڕی هەبوو کە بە درێژایی تەمەنی بەو شێوەیە دەمایەوەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەدەهات. کۆمەڵگاش بەسەر سێ تاقمدا دابەش بوو بوو: (پیاوانی ئاینی و جەنگاوەران و پێشەوەران). لەسەر ئاستی ئاسۆیش تاکەکەس سەر بە هەندێک لە یەکە کۆمەڵایەتیەکان بوو، وەک خێزان و شارو هاوپیشەیی و کڵێسا، جۆری ئەم پەیوەندیەش بە دەوڵەت کۆتایی دەهات، لەبەرئەوەی تاکە دەسەڵاتێک بوو کە سەرجەم هاوڵاتیان لەژێر ڕکێفیدا دەگیرسانەوە.

ئەم پرۆسەیە تاکەکەسی دەرگیری کۆمەڵێک پەیوەندی دەکرد، تا هەستی ئینتمابوونی لەلا دروست ببێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە کۆی ئەو پەیوەندیانە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، تەنها بە ئینتماکردنی کۆتایی نەبێت بۆ دەوڵەت. ئەو لایەنانە لە کۆمەڵگای فیودالیدا

کۆمەڵێک ئەرک و چالاکی ڕادەپەڕێنن و ئەو پەیوەندیانەش وا لە تاکەکەس دەکەن، تا هەست بە ئاسایش و ئارامی بکات. هەروها دەرەبەگیش لە دەرەنجامی ئەم پەیوەندیانە، پلەو پایەو هێزو توانای چنگ دەکەوێت[٣٥]. بەمجۆرە ئاشکرا دەبێت کە کۆمەڵگای فیوداڵی کۆمەڵگایەکی یەکگرتووەو ڕۆڵ و پلەو پایەکانیش تیایدا، زۆر بە وردی دیاری کراوە.
بۆچونی «تۆما ئەکوینی» و ئەو وێنەیەی دەیخستە ڕو، لە وێنەی ئەم کۆمەڵگا واقیعیەوە زۆر نزیک بوو. کۆمەڵگا بەم سیما ئۆرگانیەیەوە دەکەوێتە ناو پێکهاتەیەکی گەردونی سەرتاسەریەوە کە هەمان سیفاتی هەیە. واتە خەسڵەتی گۆمەڵگەی ئۆرگانی ڕەنگدانەوەی وێنەیەکی گەردونی بەر فراوانە کە ئەویش تایبەتمەندێتییەکی ئۆرگانیانەی خۆی هەیە.
لە باسێکیدا بە ناوی (بوون و چیەتی)یەوە[٣٦]، «تۆما ئەکوینی» پایەگایەکی عەقڵی دادەڕێژێت کە لە چەند نهۆمێک پێک دێت: لە نهۆمی خوارەوەدا شتەکان نیشتەجێن کە لە مادەو وێنە دروست بوون، بەڵام فریشتەو ئادەمیزاد لە نهۆمی ناوەڕاست دان، هەرچی (یەزدان)یشە دەکەوێتە لوتکەو لەسەری سەرەوەدایە، بەو پێیەی سۆنگەی یەکەمین و وێنەیەکی ڕوت و پەتییە.
لێرەدا سەرنج دەدەین شوێن و پێگەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵدا بەو جۆرە بەڕێوە دەچێت کە تاکەکەس پێی هەڵدەستێت. لە خوارەوەی پێکهاتەی گەردوندا ئەو شتانە بەدی دەکرێن کە هەڵگری خەسڵەتە مادیەکانن، پاشان وێنەی ڕۆحی پەتی لە ترۆپکدا ببینین، لە نێوانی ئەم دووانەشدا تێکەڵییەک لە وێنەو مادە یان ڕۆح و مادەدا بەدی دەکەین.
واتە کۆمەڵگە وەک بەشێک لە قەوارەی گەردونێکی گشتگیرو سەرتاسەری دەردەکەوێت، بە جۆرێک کە پابەندی ڕێساکانی ئەو

گەردونە بەرفراوانەیە. لە کاتێکدا ئەم پێکهاتە گەردونیە یەکگرتووە بەشەکانی پێیەوە پەیوەست بن، ئەوا کۆمەڵگەش هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەوی دەبێت. ئەمە جیاوازی نێوان «تۆما ئەکوینی» و «ئۆگەستین»ە. «تۆما ئەکوینی» جیاکردنەوەی جیهانی ئایدیال و مادەی ڕەتکردەوە، لە کاتێکدا «ئۆگەستین» ئەمەی بۆ نەکرا. واتە «تۆما ئەکوینی» جیهانی واقیعی نەکردە قوربانی جیهانی ئایدیال، وەک ئەوەی «ئەفلاتۆن» و شوێن کەوتوانی پەیڕەویان کرد، بەڵکو «ئەکوینی» ڕێچکایەکی «ئەرستۆ»یانەی ڕون و ئاشکرای گرتە بەر، کاتێک گەیشتە ئەو باوەڕی کە جیهانی دەورو بەرمان، خاڵی دەسپێکو پنتی سەرەتایی هەموو لێکۆڵینەوەو تێفکرینێکە. ئەمەش کارێکی سروشتییە گەربێتو لەبەر ڕۆشنای ئەو بارودۆخەدا سەیری بکەین کە «تۆمائەکوینی» تیایدا دەینوسی.
«ئەکوینی» لەلایەک هەوڵ دەدات کلێسا لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بگونجێنێ، تەنانەت جۆرێک لە ڕەوایە تیشی پێ دەبەخشێت، لەلایەکی ترەوە دیدی ئۆرگانیانەی بۆ کۆمەڵگا، مانای ئەوەیە کە کلێسا بەشێکە لە کۆمەڵ و دەست بەرداربوونی کارێکی ناشیاوە، لەبەرئەوەی کلێسا یەکێک لەو دامەزراوانەیە کە پەیوەندی بە تاکەکەسەوە هەیەو کارو فەرمانیشی بڵاوکردنەوەی ڕۆحانیەت و بیروباوەڕی چاکەو برەوپێدانیەتی، چونکە لایەنی ڕۆحی ڕەگەزێکی گرنگە لە پەروەردەکردن و گەشەکردنی ئادەمیزاددا.

## ٣- لەنێوان یاسای سروشتی و یاسای مەدەنیدا:

«تۆمائەکوینی» باوەڕی بەو بۆچونەی «ئەرستۆ» هەبوو کە دەڵێت: (مرۆڤ بە خۆڕسک ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە). هەموو بونەوەرە زیندووەکان خۆرسکانە ڕوەو کۆبوونەوەو کۆمەڵ بوون

دەچن، بە واتای پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگادا، بەڵام ئەم کۆبوونەوەی ئادەمیزاد لە گردبوونەوەی ئاژەڵ جیاوازترە، چونکە لە کاتێکدا کۆبوونەوەی ئاژەڵەکان لەسەر غەریزە وەستاوە، دەبینین گردبوونەوەی ئادەمیزادەکان لەسەر سروشتێکی ئەقڵانی و ئیرادەیەکی مرۆڤانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش مانای وایە کۆمەڵگا شتێکی دروست کراو نیەو تاکەکەسەکان لە ئەنجامی بیرکردنەوەوە پێکیان هێنابێ، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگا خۆ بەخۆ دروست دەبێت، ئەویش بە حوکمی ئارەزومەندێتی مرۆڤ بۆ گردبوونەوەو پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتردا. سەرەڕای ئەمەیش مرۆڤ لەڕێی ئەقل و ئیرادەی خۆیەوە بەشداری ئەوە دەکات، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگاو دابین کردنی ئاسایش و ئارامی بۆخۆی(٣٧). کەواتە کۆمەڵگە بەرەنجامی کارلێکردنی نێوان لایەنی خۆرسکی مرۆڤ و ئەقڵ و ئیرادەیەتی، هەر ئەمەش لە گردبوونەوەی ئاژەڵ و زیندەوەرانی تری جیادەکاتەوە.

لەم رووەوە «تۆما ئەکوینی» دەڵێت: (دەتوانین بڵێین مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتیەو لەوان زیاتر چارەنوسی خۆی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دەدات، چونکە زیندەوەرەکانی دیکە سروشت خۆراک و پۆشاک و ئامرازەکانی بەرگریکردنیان لە خۆیاندا بۆ دەستەبەر دەکات، بەڵام مرۆڤ ئەم شتانەی نەدراوەتێ، بەڵکو هێزێکی وای هەیە تاکو درک بە پێداویستی ئەو شتانە بکات و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو سودیان لێ ببینێ. سەرەڕای بوونی ئەم هێزەش، بەڵام تەنها مرۆڤێک ناتوانێت پێداویستیەکانی ژیانی خۆی بەدەست بێنێ، لەبەرئەوەی ئەو شمەک و کەلوپەلانەی تەنها کەسێک هەیەتی و دەبێتە خاوەنیان، بەس نییە بۆئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی مسۆگەر بکات. کەواتە گردبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ کەسانی تردا کارێکی پێویست و سروشتییە، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی هۆشیاری بە پێداویستیەکانی ژیان هەیە، بەڵام

ئەم زانینەی گشتییە. یەزدان بەوپێیەی ئەقڵی بە مرۆڤ بەخشیوە، ئەوا پێویستە لە پێناو خۆش گوزەرانی خۆیدا بەکاری بهێنێت. تەنها مرۆڤێکیش ناتوانێت ببێتە خاوەنی هەموو شارەزاییەک لە گشت بوارەکاندا، لەبەرئەوەی سروشت بە جۆرێکی ڕاهێناوە لەناو کۆمەڵدا بژی و کاری ڕۆژانەش لەنێوان خۆی و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵدا بەش بکات، بە جۆرێک کە هەریەکەیان خۆی بۆ لقێک لە لقەکانی مەعریفە تەرخان بکات)[٣٨].

ئەم دەقە ئەوە ئاشکرا دەکات کە بە تەنها سروشت هانی مرۆڤ دەدات بۆئەوەی بەرەو کۆمەڵایەتی بوون بچێت، بەڵام ئەم دۆخە بە کەموکوڕی دەمێنێتەوە، گەر هاتوو مرۆڤ عەقڵی بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی بەگەڕ نەخات، ئەمەش لە دابەش کردنی کارو دەوڵەت و بوارە جیاجیاکانی تردا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.. پرۆسەی یاسادانان بەو پرۆسە سەرتاسەریە دەژمێردرێت کە پەیوەندی بە سەرجەم لایەنەکانی تری ناو کۆمەڵگەوە هەیە، ئەمەش بەرجەستە بوونی ئیرادەو عەقڵی مرۆڤایەتی نیشاندەدات و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵدا دیاری دەکات، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت پاڵی بە «تۆما ئەکوینی»یەوە نابێت تا بایەخێکی زۆر بە شێوە جیاجیاکانی یاسا بدات.

«تۆمائەکوینی» لەو باوەڕەدا بوو ئەو شێوازە جۆراو جۆرانەی یاسا کە مرۆڤ لە پێناو خۆیدا دایدەڕێژێت، جگە لە ڕەنگدانەوەی یاسا سەرمەدیەکان هیچی تر نییە کە پێویستە لەگەڵیدا بگونجێ و ڕێک بکەوێت، گەر نا ئەوا شایستەی ئەوە نیە تا ناوی یاسای لێبنرێت. سەرەڕای جیاوازی یاساکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان ڕەنگدانەوەی یەکیەتی بوونن، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن کە یاسا لە سۆنگەی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە یەزدانەو بەرەو یەک ئامانج و

مەبەستیش دەچێت ئەویش هەر یەزدان خۆیەتی[٣٩]. بەپێی پەیوەندی نێوان گەردون و ئەو یاسایانەی ڕێکی دەخەن و بەڕێوەی دەبەن، «تۆما ئەکوینی» جیاوازی نێوان چوار جۆر لە یاسا دەکات[٤٠].

ا- یاسای سەرمەدی (ئاسمانی) Eternal Law:

ئەو یاسایەیە کە سەرجەم بوون بەڕێوە دەبات. ڕاستەوخۆ لە یەزدانەوە سەرچاوە دەگریت و بەرزترین ئاستی یاسایە، یاساکانی دیکەش لەمەوە جیا دەبنەوەو هەموویان لە ئاستی خوار ئەودان.

ب – یاسای سروشتی Natura Law:

ئەو یاسایەیە کە مرۆڤ خۆی پەی پێ ببات، پەی پێبردنی لەڕێی ئەو مەیلە سروشتییەوە کە یەزدان پێی بە خشیوە بۆ گردبوونەوەی مرۆڤایەتی. یاسای سروشتی لە ئەقڵ و ئیرادەی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرێت، واتە لە هۆشیاریەکی دەستە جەمعییەوە دێت و لەگەڵ یاسا ئاسمانیەکاندا دەگونجێت. لەبەرئەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی مەیەلی بەلای چاکە خوازیدا هەیە، ئەوا یاسا سروشتییەکان هەوڵی پاراستنی ژیان و بەرزکردنەوەی پلەو پایەی مرۆڤایەتیان دەدات، تا حەقیقەتی یەزدان و ژیانی دروستی نێو کۆمەڵگەیان پێبناسێنێ.

ج – یاسای پیرۆز Devine Law:

ئەمەش تەواوکردنی یاسای سروشتییە کە ئادەمیزاد لەڕێی مەیلە خۆڕسکەکانی ئەقڵی خۆیەوە دایدەڕێژێت، ئەم یاسا پیرۆزەش ئەوەیە کە مرۆڤ بە جیهانی نادیارو بڵندەگییەوە دەبەستێتەوە.

د – یاسای مرۆڤانە Human Law:
ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە پرانسیپەکانی یاسای سروشتی وەریان دەگرێت، ئەم یاسایەش بەپێی جیاوازی کۆمەڵگاکان و بارودۆخ و ڕەوشی هەر دەوڵەتێک، گۆرانکاری بەسەردا دێت.
لای «تۆما ئەکوینی» هەندێک لەم یاسایانە لەوانی تر بەرزترن، یاسای یەزدانی باڵاترین جۆری یاسایەو هەموو یاساکانی تر لەمەوە سەرچاوە دەگرن و لەو جیادەبنەوە.. دواتر یاسای مرۆڤانە لە خوارترین ئاست و پلەدا دێت، لەبەرئەوەی ڕەنگە لە هەڵە بەدوور نەبێت. لەنێوان هەردوو یاسای یەزدانی و مرۆیدا یاسای سروشتی و پیرۆز دێت کە گرنگی خۆیان هەیەو پەیوەندیەکی توندو یەکگرتووش لە نێوانیاندا هەیە.
لەم پۆلێنکردنە «تۆمائیە»وە، جیابوونەوەیەک لەنێوان «ئەکوینی» و ڕێچکای «فۆنستی»دا دەدۆزینەوە، لەبەرئەوەی «فۆنستی» یاسای سروشتی لە یاسای مرۆیی جیا دەکاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو باوەڕی بە دوالیزمی مادەو ڕۆح، یاخود وێنەو مادە هەیە. ئەمەش لای «تۆما ئەکوینی» هیچ ئامادەگییەکی نیە. بەلای ئەوەوە ئەو دوو جەمسەرە یەکیەتیەک لە پێکهاتەی بووندا دێننە ئاراوە، واتە بوون لێرەدا بوونێکی سەرتاسەری و یونڤیرسالییەوە کە هەموو جیهانە یەک بەدوایەکەکان لە خۆی دەگرێت، لە سروشتەوە بۆ کۆمەڵ و بۆ ئاسمان. هەموو ئەمانەش پێکەوەو لەسەر کارلێکردنێکی بەردەوام دەژین. یاساش هەمان خەسڵەتی ئەوانی هەیە. چونکە لێرەدا یاسایەک نیە بۆ ئاسمان نشینەکان و یەکێکی تر بۆ زەمین نشینەکان، وەک چۆن یاسایەک نییە گوزارشت لە چاکە بکاو یەکێکی دی لە خراپە، بەڵکو ڕەوتێکی یەکانگیر لەنێوان یاساکاندا هەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەو بوونیادە هەرەمیەیە کە لە پانتایی گەردوندا بەرچاو دەکەوێت.

## ٤- بنەمای گروپە کۆمەڵایەتیەکان:

جێگەو شوێنی گروپە کۆمەڵایەتیەکان، کۆمەڵگا خۆیەتی. گەر دروست بوونی کۆمەڵ کارێکی یاخود مەیلێکی خۆڕسکانەی ئادەمیزاد بێت، ئەوا گروپەکانی ناو کۆمەڵ لەڕێی هاریکاری و چالاکی ئەندامانی کۆمەڵگەوە دروست دەبن. لێرەوە لە کۆمەڵگەدا سستمی جۆراو جۆر لە وێنەی دەوڵەت، موڵکایەتی تایبەت و کۆیلایەتی دێتە ئاراوە. لەمانە هەندێکیان وەک دەرەنجام و ئاکامێکی سروشتی دێنە ئاراو دروست دەبن. واتە سروشتی ژیانی کۆمەڵگە خۆی داوای دەکات، وەک نمونەی دەوڵەت کە زیاد لە هەرشتێکی دی پەیوەستە بە یاسای سروشییەوە. بەڵام هەندێ شتی دی هەیە کە بە هەوڵ و تەقەلای مرۆڤ دێتە ئارا، ئەویش لەڕێی دەست بەسەرا گرتنی کەسانی دیکەوە، وەک موڵکایەتی و کۆیلایەتی، ئەمانەش دەچنە ژێر سایەی یاسای مرۆییەوە.. لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدەین تا ڕاو بۆچونەکانی «تۆما ئەکوینی» لەمەڕ دەوڵەت و موڵکایەتی بخەینە ڕوو:

## ا — سستمی دەوڵەت:

سەبارەتبەدەوڵەت، «تۆمائەکوینی» ئەوتیۆرەی «ئەرستۆ» دەخوازێت کە دەڵێت: (دەوڵەت دامەزراوەیەکی سروشتییە)و بەو جۆرەش دێتە ئاراوە کە مرۆڤ بۆخۆی ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی سیاسیە، واتە دەوڵەت بەرەنجامی گوناهو تاوانەکانی ئادەمیزاد نیە وەک «ئۆگەستین» پێیوابوو، بەڵکو دەرەنجامێکی سروشتی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکانە لەنێو کۆمەڵدا. دەوڵەت بۆخۆی لە ئاکامی نا یەکسانی سروشتی نێوان مرۆڤەکانەوە دادەمەزرێت، بەڵام دروست بوونی وەڵامێکە بە پێداویستیەکانی مرۆڤ بۆ گردبوونەوەو پێکەوە ژیان.

«تۆما ئەکوینی» سەبارەت بە دەوڵەت لە شوێنێکدا دەڵێت: (گەر بە ئەندام بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا کارێکی سروشتی بێت، ئەوا بە هەمان شێوە بوونی جۆرێک لە دەسەڵات بایەخ و گرنگی خۆی هەیە. پێکەوە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، بەرەو ئەوە دەچێت هەرکەسەو لە خەمی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بێت و لە سودو قازانجی خۆی بگەڕێت. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەش تووشی پەرت بوون و لێک هەڵوەشاندن دێت، گەر هاتوو یەکێک لە ئەندامەکانی هەڵنەستێت بە چاودێری کردنی بەرژەوەندی گشتی، وەک چۆن جەستەی مرۆڤ یان زیندەوەر تووشی هەمان حاڵەت دێت گەر بێتو هێزێکی وای شک نەبرد تا پارێزگاری لێ بکات و چاودێری بێت بەسەریەوە).
سەبارەت بەم مەسەلەیە «Solomon» دەڵێت: (خەڵکی پەرت دەبنەوەو پەیوەندیان پێکەوە نامێنێت، گەر فەرمان ڕەوایەکیان نەبێت سەرپەرشتیان بکات. ئەمەش ئاکامێکی چاوەڕوان کراوە، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی پێکەوە ناگونجێن)[٤١]. بە پێی ئەم دەستەواژەیە، شوێنی دەوڵەت هەمان جێ و شوێنی دڵە لە جەستەدا. ئادەمیزاد وەک چۆن سەر بە جیهانی سروشتی مادیە ئەوا سەر بە جیهانی ڕۆحیشە، بەڵام ژیانی زیاتر بە جیهانی سروشتییەوە گرێداوە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات ئامانجەکانی لەم دنیایەدا بەدەست بێنێت. یەکێک لەو ئامانجانەشی دروست کردنی ژیانێکی بێ خەوشی دادپەروەرانەیە، ئەم ئاواتەشی وەک «ئەرستۆ» دەڵێت: بەبێ بوونی دەوڵەت نایەتەدی.
«تۆما ئەکوینی» تەنها لە ئاست ئەم تێزە «ئەرستۆ»ییەدا نەوەستاوە، ئەویش لەبەر فاکتەرە ئاینیەکان و هەوڵ و کۆششی بۆ ئاوێتەکردن و پێکەوە گونجاندنی نیوان ئەقڵانیەتی ئەرستۆی و ڕۆحانیەتی مەسیحی. لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤەی چاکەو بەختەوەری

خۆی لە کۆمەڵ و دەوڵەتدا دەدۆزێتەوە، پێویستە لە سەری کار بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ جیهانی میتافیزیکیشیدا بکات، واتە پەیوەندی کردن بە دنیای ڕۆحەوە. هاوکات ئازاد کردنی ڕۆحی لە شەڕو خراپە، لەلا ببێتە ئامانجی هەرە بەرزو پیرۆزی ژیانی[٤٢].

بایەخ و گرنگی کڵێساش، ئەو دامەزراوە ئاینیەی کار بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزە دەکات لێرەدایە. بۆیە گرنگی کڵێسا بۆ کۆمەڵ لە ئاست گرنگی بوونی دەوڵەت دایە. بە دامەزراندنی دەوڵەت پێویستە دەسەڵات بدرێتە دەست مرۆڤی کارامەو بە توانا، چونکە سەرجەم ئەوانەی لە کۆمەڵدا دەژین مەرجی ئەوەیان تێدا نییە تا کاروباری سیاسی دەوڵەت بەڕێوەبەرن، لەبەرئەوەی سروشت خۆی ئەو بەهرەیە دەبەخشێتە هەندێک و بە هەندێکی تری نادات. واتە پێویستە دەسەڵات لە دەستی توێژێکی دەستە بژێردا بێت نەک هەمووان. بۆیە «تۆما ئەکوینی» دەوڵەتی دەستەبژێری یان ئۆرستۆکراتی، لە دەوڵەتی دیموکراسی بەلاوە پەسەندتر بوو. هەروەها دەوڵەتی مۆنارکی (دەسەڵاتی تاکەکەسی) لە دەوڵەتی ئۆرستۆکراتی پێباشتر بوو، لەبەرئەوەی زۆرتر لەگەڵ سروشتدا دەگونجێت. هەموو شتێکیش لە سروشتدا یەک دەسەڵات بەڕێوەی دەبات. جەستە دەرون، خێزان باوک، جیهانیش یەزدان بەڕێوەی دەبات[٤٣].

لێرەوە پێویستە دەوڵەت کاروباری کۆمەڵ ڕاپەڕێنێ و تاکەکەسی فەرمانڕەواش کاروباری دەوڵەت. ئەم لۆژیکەشە وای کردووە «تۆمائەکوینی» دەسەڵاتی تاکەکەسی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەلاوە پەسەند بێت، چونکە ئەو بەردەوام هەموو شتەکان دەگێڕێتەوە لای یەک سەرچاوەو یەک هێزی چالاک و کاریگەر. ئەرکی کەسی فەرمانڕەواش بەدی هێنانی چاکەی گشتییە، لەڕێی پاراستنی یەکیەتی کۆمەڵ و دابین کردنی ئاسایشەوە. ئەرکێکی تریش دابینکردنی

پێداویستییە مادیەکانی هاوڵاتیانە، لەگەڵ پەروەردەکردن و ڕاهێنانیان ڕووەو ئاکارێکی بەرزو بێخەوش. هەروەها پێویستە بایەخ بە کڵێسا بدات و، پاراستنیشی ئەرکێکە لە ئەستۆی ئەودایە. لێرەوە تێدەگەین کە دەوڵەت و کڵێسا چ بایەخ و گرنگیەکیان هەیە لە کۆمەڵدا، بەوپێیەی لایەنی ڕۆحی لەلایەنی مادی بەرزترە، ئەوا پێویستە دەوڵەت مل بۆ ئەوە بداو بچێتە ژێر ڕکێفی کڵێساوە(٤٤).

هەموو دەسەڵات دارێکی دەوڵەت لە یەزدانەوە دەسەڵاتی پێ بەخشراوە، بۆیە دەبێت لەژێر ڕۆشانیی فەرمانەکانی کار بکات، ئەوسا گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی لەلایەن هاوڵاتیانەوە پێویستە. بەڵام گەر بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی کرد، ئەوا نابێت هیچ کەس گوێڕایەڵی بکات. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کەسی فەرمانڕەواو هاوڵاتیان، «تۆمائەکوینی» پێیوایە کە پیویستە هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنی کەسی فەرمانرەوادا بەشداربن، چونکە ئەو کەسەی میللەت هەڵی دەبژێرێ بەدور دەبێت لەوەی کەسێکی زۆردارو دیکتاتۆر بێت، بەڵام گەر هاتوو کەسی دەسەڵاتدار پەیڕەوی حوکمی دیکتاتۆرانەشی کرد، ئەوا لەسەر هاوڵاتیانە لەسەری ڕابووەستن تا بە خۆیدا دەچێتەوە، چونکە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە نەبوونی دەسەڵات باشترە. گەر هاتوو کەسی فەرمانڕەوا بەردەوام بوو لەسەر گرتنە بەری زوڵم و زۆرو چەوسانەوە، ئەوا پێویستە لەسەر کار لابرێ و یەکێکی تر بخرێتە جێگاکەی. ئەم ئەرکەش لەلایەن دەستەیەکی لێزانەوە ئەنجام دەدرێت.

لێرەدا پاڕانەوە لە یەزدان پێویستە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی وا. واتە «تۆمائەکوینی» دەیەوێت کڵێسا ئەو ڕۆڵە لە دانان و لابردنی کەسی دەسەڵاتداردا ببینێ، چونکە بە بڕوای «تۆما ئەکوینی» هیچ کەس بە قەد پیاوانی کڵێسا لە یەزدانەوە نزیک نین.

### ب — موڵکیەتی تایبەت:

بەلای «ئەکوینی»ەوە موڵکییەتی تایبەت لە یاسا سروشتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. واتا مالیکیەت کارێکی سروشتییەو خراپەی بە دواوە نییە، هەرچەندە گەورەو بەرفراوانیش بێت.. خراپی خاوەندارێتی تەنها لەوەدایە بە شێوەیەکی نا دروست بەگەڕ بخرێ و سەرەڕۆیانە بەکاربهێنرێت، یان مافی هەژارانی تیا بوخرێت و ئەوانی لێ بێبەش بکرێن. لێرەدا «تۆما ئەکوینی» دەربارەی موڵکایەتی هەمان بۆچونی «ئۆگەستین» و «ئەرستۆ»ی هەیە.

موڵکایەتی دژ بە یاسای سروشتی نییە، بەڵکو دۆخێکە مرۆڤ بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا دایهێناوە، بەم پێیەش دەبێتە کارێکی سروشتی و لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤدا پێچەوانە نایەتەوە. بێگومان ئەو یاسایانەی موڵکایەتی تایبەت ڕێکدەخەن یاسای مرۆین، بەڵام ئەمە پێچەوانەی یاسای سروشتیش نییە. هەر یاساو سستمێکیش مرۆڤ بە چاکی دەزانێت و لەڕێی یاساکانی خۆیەوە دەیهێنێتە ئارا، نابێت دژ بە یاسا سروشتییەکان بێت، و بە پێچەوانەی ئەوانەوە بگەڕێ و کار بکات.

# سەردەمی ڕۆشنگەری و
# هاتنە ئارای کۆمەڵگەی مەدەنی



د. عەلی لەیلە

## یەکەم/ بنەما فکری و مێژوییەکانی ڕۆشنگەری:

تێکڕای ئەو سەرچاوانەی ڕێگایان لەبەردەم هاتنە ئارای ڕۆشنگەریدا خۆشکرد، پێکەوەو لە بنەمادا بزاڤێکی ئەقڵانیان پێکهێنا کە توانیان لەگەڵ هەندێ ڕوداوی تردا، واقیعی ڕۆشنگەری نوێ بەرهەم بهێنن.. سەرەڕای ئەو دیاردە دەرەکیانەی هانی خۆرئاوایان دا تا هەستێت بە پێداچونەوەیەکی عەقڵی لەمجۆرە، بەڵام هۆکارە ناو خۆییەکان لە بنەمادا هێزی کاریگەری سەرەکیان پێکدەهێنا:

١- هەر بۆ نمونە فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری کریستیانەت و کڵێسایان خستە ژێر ڕەخنەیەکی توندو تیژەوە، بۆیە «تۆماس هۆپس» لەو باوەڕەدا بوو کە تیۆری مافی خواوەندی لە فەرمان ڕەوایەتی کردندا، بەکەڵکی پاساو هێنانەوە نایەت بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵات، وەک ئەلتەر ناتیفی ئەمەش هەوڵیدا پشت بە تیۆری یاسای سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی ببەستێ. بە مەبەستی گەیشتن بەمەش ڕەخنەی ئاڕاستەی کڵێسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان کرد، تا بتوانێت لێیەوە پەیوەندی کڵێسا بە کۆمەڵگاو دامو دەزگا سیاسیەکانیەوە دەستنیشان بکات.

«هۆپس» ڕۆڵی کڵێسای کاتۆلیکی لە خولقاندنی دۆخێکی مەنگ و نەگۆڕ لە ڕوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ڕون کردەوە، ئەمەش بۆخۆی کۆسپێک بوو لە بەردەم گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا.. ئەگەر ڕیفۆرمی ئاینی پرۆتستانتی سەر لەنوێ پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤ و خواوەندی گێڕابێتەوە سەر دۆخی جارانی، ئەوا پەیوەندی کڵێسا بە هەریەک لە دەوڵەت و کۆمەڵگەوە هێشتا

یەکلایی نەکرابووەوەو بە مۆڵەقی مابووەوە، ئەمەش ئەو ئەرکە بوو کە ئامانجی بیری ڕۆشنگەری پێکدەهێنا. ئەم ئامانجەش بە تەواو بوونی جیابوونەوەی نێوان دەسەڵاتی ئاسمان و دەسەڵاتی زەمینی، هاتەدی و بەرجەستە بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، «هۆپس» ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستەی کڵێسای ڕۆمانی و ڕوەپاسیڤەکانی ئاینی مەسیحی کرد. ئەوەش ئەو دیدو بۆچونانە بوو کە ناوەڕۆکی بەشی چوارەمی کتێبەکەی (Leivathan)ی پێکدەهێنا، چونکە «هۆپس» دەیویست داکۆکی لە هەوڵ و تەقەلاکانی ڕیفۆرمی ئاینی بکات، ئەوەش لەڕێی وەلاوە نانی ڕێنومایی قەشەکان و باوەڕ نەبوونی بە پێداویستی بوونی ناوەڕاستێک، لە نێوان مرۆڤ و خواوەندد‌ا.

سەرەڕای ئەو پاڵپشتە سیاسیەی لەلایەن هەندێک لە دەسەڵاتدارانەوە لێی دەکرا وەک (دۆقی نیوکاسل)، کەچی «هۆپس» بەردەوام بوو لە شاڵاو بردنە سەر ئاقاری پیوریتانی Puritians،بەهۆی باوەڕی زۆری ئەم ڕێبازە بە باڵا دەستی ویژدانی تاکەکەس، کارێک کە دەبووە مایەی دروست کردنی دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و نا ئارام. هەروەها هێرشێکی توندیشی کردە سەر سیحرو غەیبانیەت، چونکە دەیزانی ئەمانە ئەو ئامرازانەن کە قەشەکان بەهۆیانەوە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن. لێرەوە «هۆپس» سوور بوو لەسەر بەکارهێنانی ئاین بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەمووان. هەرچەندە باوەڕی بە مەسیحیەت هەبوو، بەڵام ئەو بۆچونەی بەلاوە پەسەند نەبوو کە کڵێسا دادگای خواوەند بێت لەسەر زەمین و دەسەڵاتێکی وەهای هەبێت کە هاوتاو هاوشانی دەسەڵاتی دەوڵەت بێت.

بۆیە ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەوڵەت پاشکۆی کڵێسا بووبێت لە ڕوی ئەو کارو بارانەی پێوەندیان بە کۆمەڵگەوە هەبوو، ئەوا

شتێکی ئاسایی بوو ئەم مەسەلەیە بێتە تەوەری گفتوگۆو قسە لەسەر کردن. «هۆپس» پێیوابوو پێویستە دەوڵەت دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر ئەقڵ و بیرکردنەوەی یەکە یەکەی هاوڵاتیاندا هەبێت، ئەگەر چی تا ئەوکاتە ئاین ئەم ڕۆڵەی دەگێڕا. «هۆپس» بە ڕادەیەک پێی لێ هەڵبڕیبوو کە بە پێویستیەکی گرنگی دەزانی، سەرۆکی دەوڵەت خۆی کۆنترۆڵی ژیانی ئاینی خەڵکی بکات.

ئەمەش مانای وایە «هۆپس» دەیەویست کڵێسا ببێتە پاشکۆی دەوڵەت، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە بەلای ئەوەوە جگە لە دەسەڵاتی دەوڵەت شیاو نییە هیچ دەسەڵاتێکی دی سەربەخۆ بێت. گەر کاریش بەمجۆرە نەڕوات، ئەوا دەسەڵاتێکی لاوەکی دێتە ئارا کە لە دەسەڵاتی کەسی فەرمانڕەوا کەم دەکاتەوەو دەبێتە مایەی داکۆکیکردن لە یاسای تیۆلۆژی لە بەرامبەر یاسای مەدەنیدا، یاخود دەبێتە مایەی دروستکردنی ئیزدواجیەتێک لە دەسەڵاتدا، ئەمەش بۆخۆی کوشندەترین پەتایە توشی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی بێت.

پاشان «هۆپس» هەڵدەستێت بە دیاری کردنی پێگەی کڵیسا لەنێو دەوڵەتدا، واتا وەک هەر دامەزراوێکی نێودەوڵەت، کاروفەرمانی بریتی دەبێت لەوەی ڕێنومابییە ئاینیەکان فێری خەڵکی بکات، بەڵام دەبێت ئەم فێرکردنە مەرجدار بێت و بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە گرێ درا بێت، هەروەک چۆن دەرکردنی هەرکەسێک لە کڵێساو سزادانی دەبێت ڕەزامەندی دەوڵەتی لەسەر بێت. بەمجۆرەش هیچ گرفت و ململانێیەک، لەنێوان یاسا زەمینی و ئاسمانیەکاندا بوونی نامێنێ.

لەم ڕووەوە (نسبت Nisbet) باس لەو کامەرانیە زۆرەی «هۆپس» دەکات، دەرحاڵ بە بیستنی هەواڵی تێکدانی کڵێسای ڕۆمانی لەلایەن «هنری شەشەم»ەوە. لە دوایشدا هەستا بە دەستنیشانکردنی پێگەی کڵێسای ئینگلیزی، لە چوارچێوەیەکدا کە بەردەوام ملکەچی دەسەڵاتی

مەدەنی بێت. ئەگەر بۆچونەکانی «هۆپس» یەکەمین گوللەی ئاڕاستەی کڵێسای کاتۆلیکی کردبێت، ئەوا لە بەرامبەردا تێزەکانی «جان جاک ڕۆسۆ» شاڵاو دەبەنە سەر خودی بیروباوەڕی مەسیحیی خۆی. «رۆسۆ» دەڵێت مەسیحیەت لەبەرئەوەی بیروباوەڕێکەو خەسڵەتێکی ڕۆحانیانەی هەیە، بۆیە بە بەردەوامی سەرقاڵی کێشە ئاسمانیەکانەو گوێ بە گرفت و کێشەکانی سەر زەمین نادات و مرۆڤ بە بیرکرنەوە لەوەدنیا خەریک دەکات، ئەمەش مژدەدانە بە جۆرێک لە کۆیلایەتی و بەندایەتی و مەسیحیەکانیش وا ڕادەهێنرێن تا ببنە کۆیلە.

لێرەوە دەبینین ئەم بیرو باوەڕە گەلێک گونجاوە بۆ کەسێتی زۆردارو ستەمکار. بۆیە بەلای «ڕۆسۆ»وە مەسیحیەت زیان بە نەتەوە دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی ڕێگرە لە بەردەم هەموو گەشەسەندنێکی ڕاست و دروستی گیانی تێکۆشان و بەر خوداندا. لێرەوە «رۆسۆ» ستایشی سەروەریە سەربازیەکانی ڕۆمانەکان دەکات بەر لە مەسیحیەت، بەڵام کاتێک بڕوایان بە مەسیحیەت هێناو بیروباوەڕی مەسیحیەت لە نێوانیادا بڵاو بووەوە، سەروەرێتی خۆیان بۆ یەکجارەکی لە دەستدا.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ئەو بوونیادە تیۆلۆژیەی کڵێسای کاتۆلیکی و ئاینی مەسیحی لە خۆگرتبوو، ئامانجێکی دیارو بەرچاوی ڕەخنەی بیریارانی سەردەمی ڕۆشنگەی بوو. ئەویش بە مەبەستی ملکەچ پێکردنی کڵێسا بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و گۆڕینی مەسیحیەت بە ئاینێکی وا کە بتوانێت ڕەهەندی نەتەوەیی و پێداویستیەکانی دەوڵەت لەخۆ بگرێت.

٢- هەر لە سەرەتایی سەدەی شانزەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدە، بیری ئەوروپی سەرلەنوێ خرایە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، بە مەبەستی

دووباره ڕێکخستنەوەی واقیعی ئەوروپی، لەم ڕووەوە «جۆرج سباین» دەڵێت÷ (لەم قۆناغەدا گۆڕانێکی گەورەو بەرفراوان لە دیدگای عەقڵی ئەوروپیدا ڕویدا، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بواری فەلسەفەو زانستەوە هەبوو. ئەم گۆڕانکاریانەش لە ڕوی سیاسییەوە گۆڕانی بنەمایی و گەورەیان دەخواست. بیرکردنەوەی ئەقلانی لە تەک گومانی «دیکارت»یدا، یەکەمین ستایلی بیرکردنەوەبوون جێگەی بیرکردنەوەی کۆنیان گرتەوە. ئەمەش بە مەبەستی دامەزراندن و هێنانە ئارای سەرەتایەکی نوێ بوو لە جۆرە بیرکرنەوەیەکی ئەقلانی، تا تاوتوێی سەرجەم لایەنە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینی و ئەخلاقیەکان بکات. لەم چرکەساتە فەیلەسوفەکان جەنگێکی بێپەروایان لە دژی هەموو پرۆسە نائەقلانیەکان ڕادەگەیاندن. لێرەوە ڕەخنە دەبێتە گرنگترین چەکی دەستی بیریارانی ئەم قۆناغە. بۆیە دیدگا غەیبانیەکان ڕوبەڕوی بەرپەرچدانەوە دەبنەوەو خەڵک دەستبەرداری دەمارگیری دەبن و داوادەکرێت، کە بە ئازادانە بیر لە مەسەلەکان بکرێتەوە.

هەروەها شالاوێکی زۆریش کرایە سەرکارە دزێوەکانی ڕژێمی دەسەلاتدارو دەسکەوتەکانی چینی دەرەبەگ و سەرجەم ئەو کۆسپ و تەگەرانەی، بووبوونە بەربەستێک لە بەردەم گەشەسەندنی بۆرژوازیەتی پیشەسازی و بازرگانی. ئەمەش مانای وایە لەم قۆناغەدا هەوڵێکی بەربلاو لە ئارادا بووە، بۆ بە زانستی کردنی ئاکار. بڕوا بوونیش بە ئەقڵ و زانست، بەشداربوون لە دامەزراندنی تێڕوانینێکی گەشبین ترو مرۆڤانە ترا بۆ جیهان. لێرەوە بە شێوەیەکی فراوان گیانی ئەقلانیەت دەسەلاتی خۆی بەسەر سەرجەم بوارە مەعریفیەکاندا کێشاو لە دامەزراندنی مەعریفەشدا ڕۆڵی سەرەکی درا بە ئەقڵ. ئەمەش بەو پێودانگەی ئەقڵ توانای پەی پێبردنی جیهانە). بۆنمونە «ئەمانوێڵ کانت» سوور بوو لەسەر ئەوەی کە چەمکی (شوێن و کات و ڕێژەگەرایی) ڕەگ و

ڕیشەیان لە ئەقڵدا هەیە. بۆیە ئەرکی زانست ئەوەیە وەک چالاکیەکی ئەقلّی و لە ڕێگەی ئەم تێگە ئەقلانیانەوە، باس لە جیهان بکات. بەمجۆرە ڕۆڵێکی دینامیکی داهێنەرانەی پێ بەخشراو «کانت»یش توانی عەقڵ لە هەر چەشنە پشت بەستنێک بە چاوگە دەرەکیەکان، سەبارەت بەدەستهێنانی مەعریفە قوتار بکات.

لێرەوە ڕێبازی ئەزمونگەری وەک پەرچە کردارێک دژ بە ئاقاری ئەقلانیەت سەری هەڵداو دەستی بە ڕەخنەگرتن کرد. ئەزمونگەرەکان دروشمی پێداگرتنیان لەسەر ڕوداوەکانی واقیع بەرز کردبووەوە، وەک ڕێگا چارەیەک بۆ تێگەیشتن و پەیبردن بە جیهان. ئەمەش بۆخۆی بریتی بوو لە پوختەی کاری ڕێبازی ئەزمونگەری، هەروەک چۆن لای کەسێکی وەک «جۆن لۆک» دەبینین دەڵیت: (بۆچونەکان ڕاستەوخۆ لە ئەقڵەوە سەرچاوە ناگرن، چونکە ئەقڵ خۆی لاپەڕەیەکی سپیەو تەنها لەڕێی ئەزمونەوە شتەکان بۆ ئەقڵ دەگوێزرێتەوە. لێرەدا ئەرکی ئەقڵ بە تەنها دەبیتە کۆکردنەوەی ئەو گریمانانەی کە هەست دەیخاتە بەر دەستی، ئەمەش ڕۆڵی نێگەتیڤانەی ئەقڵمان بۆ دەردەخات). «گالیلۆو بیکۆن» سەر دەستەی ئەم ڕێبازە بوون، یەکەمیان بە کاریهێناو دووەمیان لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە کۆمەلایەتیەکاندا سودی ئەزمونگەری بەدەرخست.

لە کاتێکدا سەدەی حەڤدەهەم دوورکەوتنەوەو لێک جیابوونەوەی ئەم دوو ڕێبازەی بەخۆوە بینی، ئەوا لە سەدەی هەژدەداو لە ژێر کاریگەری بیرێکی ئەنسکلۆپیدیدا ڕوەو پێکەیشتن و یەکگرتنەوە چون. لێرەوە کەسێکی وەک «کۆندیاک» داوای هێنانە ئارای میتۆدێکی نوێ دەکات کە هەردوو ئاقارەکە پێکەوە گرێ بدات. هەروەها «دالمبرت Dalembert»و کەسانی دیش جەخت لەسەر خولقاندنی میتۆدێکی نوی دەکەن، بەو پێیەی کارێکی وا پێداویستیەکی گرنگ و هەنوکەییە

بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەقڵانیەت. میتۆدێک پێویستە لۆژیکی تازەو تایبەت بەخۆی هەبێت، نە لۆژیکی سکولائیانە بێت و نە لۆژیکێکی ماتماتیکی پەتی، بەڵکو بریتی بێت لە لۆژێکی ڕاستیەکانی نێو واقیع خۆی. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا زاناکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە یەکخستنی ڕێبازی (ئەقڵانی و ئەزمونگەری)، کارێکە نەک هەر دەکرێت ببێت، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی تەواو بەرجەستەش بکرێت.

لەم ڕووەوە زانستە سروشتیەکان توانای خۆیان سەلماند، ئەویش بە پشت بەستن بە گرتنەبەری میتۆدیکی زانستیانەی نوێ. زانستە سروشتییەکان بە درێژایی سەدەو نیوێک، توانیان قەڵەمبازی زۆر گەورە بدەن و گۆڕانکاری بەرفراوانیش دروست بکەن. لەم ڕووەوە دۆزینەوەو کاری داهێنەرانی «نیوتن» توانی سەرجەم دیاردە سروشتیەکان بگێڕێتەوە بۆ کارایی یەک ڕێسای سەراپاگیرو گشتی، ئەمەش بۆخۆی دەستکەوتێکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو بۆ میتۆدی نوێ. لێرەوە بیریارانی سەدەی هەژدە بڕوایان بە ڕەوتە میتافیزیکیە دابڕاوو داخراوەکانی سەدەکانی ڕابردوو لاواز بوو، یەکجاری دەستبەرداری بوون. واتا دەکرێت بڵێین پەرەسەندنی زانست لە سەردەمی ڕۆشنگەریی بووە مەیەی بەدەستهێنانی چەند دەستکەوتێکی فکری:

ا- قەناعەت هێنان بە یەکێتی و یەکانگیری دیاردەکانی گەردون، واتا هیچ جۆرە جیاوازی و جویێ بوونەوەیەک لەنێوان دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتیاندا لە ئارادا نییە. بۆیە دەکرێت هەمان میتۆدی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە هەردووکیان بەکاربهێنرێت. ئەمەش ئەو ڕایەی «ئەرفنگ زایتلن»ی دەسەلماند کە پێیوابوو گریمانەی یاسایەک یان سیستمێکی گشتگیر دەکرێت بەخۆی چاودێری و ئاڕاستەی کارلێکردنی

جیهانی مادی بکات. ڕاستیەکان لە دۆخێکی پشێوو ئاڵۆزدا نین یاخود لە شێوازی کۆمەڵێک ڕەگەزی پەرشو بڵاو دابڕاودابن، بەڵکو بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە، ڕەگەزەکان کۆمەڵیک ئاقاری جۆراو جۆرن کە لە پەیوەندی و کارلێکردنێکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا. بۆیە «نیوتن» لەو بڕوایەدا بوو هاوسەنگی و ڕێکو پێکی لە گەردوندا هەیەو لەوێدا خۆی نمایش دەکات. لەم بارەیەوە دەڵێت: (پەی بردن بە داهێنانەکانم تەنها لەڕێی پرانسیپە ئەبستراکتەکانەوە دەستەبەر نابێت، بەڵکو لەڕێی تێبینیکردنی پێدراوە بەر چاوەکانی واقیع و کەڵەکەبوونی ئەو شتانەوە زیاتر ئاشکرا دەبێت). دواتر سیمای ئەم ڕێبازە نوێیەی «نیوتن» بەدەر کەوت، تا وای لێهات بووە بنەمایەک لە بنەماکانی هزری سەدەی هەژدەهەم.

ب- بڕوا بوون بە هێزو توانای ئەقڵ، ئەم ڕەوتەش بە شۆڕشی عەقلی پرۆتستانتی بەسەر بیرکردنەوەی تیۆلۆژیدا دەستی پێکرد. دواتر شۆڕشی گومانگاری دیکارتیزم دەستی پێکرد کە پشتی بە بڕوا بوون بە ئەقڵ بەستبوو، ئەمەس ئەو بڕوایەی دروست کرد کە لە وزەی ئەقڵدایە پەی بە نهێنیەکانی جیهان بەرێت و سروشت بخاتە ژێر ڕکێفی پێداویستی مرۆڤ خۆیەوە. هەروەها گەیشتن بە حەقیقەت بوو بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی بیریارانی ئەم قۆناغە. ئەرکی عەقڵیش هاوشان لەگەڵ زانستدا، بریتی بوو لە ئاشکرا کردن و دۆزینەوەی ئەو کۆمەڵە ڕێسایەی کە ئاڕاستەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکرد.
لەم قۆناغەدا داوادەکرا هەموو ئەو شتانە کە دەبنە کۆسپ و ڕێگر لە بەردەم ئەقڵ و گەشەکردن و بەرەو پێشچونیدا، بەوپێیەی کە ئەقڵ ئامرازی بەدەست هێنانی مەعریفەیە. ئەمەش ئەو دیدو بۆچونە بوو

که ئەنسکلۆپیدیەکان لە سەدەی هەژدەهەمدا لەسەری کۆک بوون. لەم قۆناغەدا قولٚتر لە ئەرک و ڕۆڵی ئەقڵ دەڕوانرا، بەوپێیەی دەتوانێت پەی بەزۆر نهێنی بوون بەرێت و گرێکوێرەی زۆریش بکاتەوە.

ج- فراوان بوونی ڕۆڵی ئەقڵ و دروستبوونی ئەو باوەڕەی کە ئەقڵ ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی سستمە کۆمەڵایەتیەکاندا دەگێڕێت، بە مەبەستی چاکسازی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیان. ئەمەش ئەو ئەرکە بوو کە بە پرۆسەی ڕەخنەگرانەی ئەقڵ ناسرا. بیرکردنەوەش لەم قۆناغەدا دوو تایبەتمەندی خۆی هەبوو:
یەکەمیان ڕەخنەیی بوو، ڕەخنەو گومانکردن لە کۆی شتەکان. مەبەست لەمەش ڕامالٚینی تەواوی ئەو شتانە بوو کە بەربەست بوون لە بەردەم گەشەسەندنی توانستەکانی مرۆڤدا. لێرەوە ئامانجی سستمی کۆمەڵایەتی بووبەوەی خەڵکی ڕابهێنێت تا ڕەوشەکە بەرەو باشتر بگۆڕن. تایبەتمەندی دووەمیش بریتی بوو لەو ئەلتەرناتیڤانەی ئەقڵ دەیخستە ڕو، لە بری ئەو شتانەی هەڵدەستا بە ڕەتکردنەوەو ئافەرۆز کردنیان. ئەمەش بۆخۆی تەبا بوو لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی کە «کۆندیاک» باوەڕی پێبوو دەربارەی وزەو توانادارى عەقڵ، تا هەنگاو بە ئاڕاستەی پێچەوانەی واقیعی کۆمەڵایەتی هەڵبێنێ. لێرەوە «کۆندیاک» ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلایی کەرەوە بە ئەقڵ دەسپێرێ، لە پرۆسەی پەی بردن بە شتەکان. ئیدی ئەگەر جیهانی سروشتی یاخود کۆمەڵایەتی بابەتی ئەو پەی پێ بردنە بن، چونکە هەست بە تەنها لە توانایدا نیە دەستنیشانی جیهان بکات وەک ئەوەی لەڕێی هۆشیارییەوە درکی پێ دەکەین، بەڵکو پێویستە پشت بە عەقڵ ببەستین.

د- یەکانگیری تیۆرەو میتۆد لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی ئەم قۆناغە بوو، ئەمەش پشت ئەستوور بوو بەو ڕاستیە کە دابڕانی ئەم دوانە لەیەک، بەرەو ئەوە دەچێت کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بەرکەماڵ بوونی ڕەوتی پشکنینی زانستیدا دروست بکات. بۆیە پەی پێبردن و ناسینی واقیع- کۆمەڵایەتی بێت یاخود سروشتی-، پێویستە پشت بە یەکێتی و پەیوەندی ئۆرگانی نێوان ئەقڵ و ئەزموون ببەستێ لە چوارچێوەی میتۆدیکی زانستیانەدا.

نمونەش لەم بارەیەوە ئەوەیە کە یاسای ڕاکێشان لای «نیوتن» بە تەنها بەرەنجامی تیۆریزەکردنێکی ئەقڵی دوور لە واقیع نەبووە، یان تاقیکردنەوەیەکی هەرەمەکی بێت بێئەوەی تیۆرەیەک ڕێنومایی بکات، بەڵکو ئەم دەست کەوتە وەک بەرەنجامێکی وردی پراکتیزە کردنی میتۆدی زانستی بەرجەستە بوو. واتا «نیوتن» کارێکی تەواوکرد کە کەسانێک بەر لە خۆی دەستیان پێکردبوو. هاوکات سودی لەو ڕێبازە وەرگرت کە «کبلەر و گالیلۆ» بە کاریان هێنا بوو.

٣- هەروەها ئەو ڕەوشە نا ئارام و پڕ کێشمە کێشمەی کۆمەڵگەی ئەوروپی بە خۆیەوە بینی، سەرچاوەی سێیەمی گەڵاڵەبوونی بیری ڕۆشنگەری بوو لەم قۆناغەدا. ئەمەش هانی بیریارانی ئەو سەردەمەیان دا تا ڕووەو بنیادنانی کۆمەڵگایەک بچن کە لە بارو گونجاو بێت بۆ ژیان و گوزەرانی مرۆڤ، بەتایبەت کە لەم قۆناغەدا ئنگلستان جۆرێک لە باری نا ئارامی سیاسی و نارۆشنی چەمکی دەسەڵاتی بەخۆوە دەبینی. ئەوەتا لە ئان و ساتی حوکمڕانی بنەماڵەی «تیۆدۆردا – Tudors» کە لەنێوان ساڵانی (١٤٨٥ – ١٦٠٣) حوکمڕانی ئینگلستانیان دەکرد، دەبینین لەم کاتەداو بەتایبەت لە ڕۆژگاری حوکمڕانی «هنری شەشەم»دا، ئینگلستان لە ڕوی سیاسیەوە

به یەکێک لە هەرە حکومەتە ئارام و سەقامگیرەکان دەژمێردرا، لەبەرئەوەی خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوەڕاستی پتەو بوو، دەوڵەتیش دیدو بۆچونێکی ڕون و ئاشکرای سەبارەت بە هاونیشتمانێتی و نەتەوە هەبوو. هەربۆیە دەبینین سەرجەم دامو دەزگاو دامەزراوەکانی تری وەک: (کلێساو ئۆرۆستۆکراتیەت)، ڕوبەڕوی جۆرێک لە تواندنەوەو پوکانەوە بوون، لەناو چوارچێوەی نەتەوەیەکی یەکگرتوودا، بۆئەوەی لەژێر ئاڵای حکومەتی ئینگلستانی خاوەن هێزدا ڕێک بخرێنەوەو بچنە ژێر رکێفی دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەمەش بە تایبەت لە کۆتایی فەرمان ڕەوایەتی «هنری هەشتەم»دا ڕویدا.

کەچی لە قۆناغی فەرمان ڕەوایەتی بنەماڵەی «ستیورات»دا کە لەنێوان ساڵانی (١٦٠٣ – ١٧١٤) دا فەرمان ڕەوایەتیان دەکرد، ئینگلستان ڕوبەڕوی نا ئارامی و پشێویەکی سیاسی سەرتاسەری بووەوە. جۆرێک لە کێشمە کێش و ململانێی سیاسی وڵاتی تەنیەوە، ململانێیەک کە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی پێشوەختی هەبوو. لەلایەک لەنێوان بنەماڵەی «ستیورات» و بەتایبەتی «شارلی یەکەم»، لەگەڵ لایەنگیرانی ڕێبازی (پیوریتانی Puritians)، ئەوانەی سەر بە «کرۆمێڵ» بوون لەلایەکی ترەوە. ئەمەش ململانێیەکی توندو تیژو دارمانێکی کۆمەڵایەتی هەمە لایەنەی بەدواوە بوو، پاشان دۆخێکی پڕ لە تاڵان و بڕۆی و شەڕانگێزی ڕاو ڕوت سەری هەڵدا. هەروەها بووە مایەی هەرەس پێهێنانی سستمی سیاسی ئەو سەردەمە تا کار گەیشتە ئەوەی، بە ئاشکرا سەری پادشایان لە جەستەی جوێ کردەوەو بە دەروازەی پەرلەمانی ئینگلستاندا هەڵیان واسی.

هاوکات لەگەڵ ئەم کێشمە کێشە کۆمەڵایەتیەدا، ململانێیەکی چینایەتیش هاتە گۆڕێ و تەشەنەی سەند، ئەویش بەهۆی لەبەریەک هەڵوەشانی سستمی فیودالی کە سەر بە قۆناغی ڕابردوو بوو. هاوکات

لەسەر دارو پەردوی سستمی کۆن، دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵات هاتە ئارا. ئەم گۆڕانکاریانە بوونە مایەی دروست بوونی کێشەیەک لەنێوان پادشاو ئەندامانی پەرلەماندا کە هەریەک لەلای خۆیەوە دەیویست دەسەڵاتی بەسەر ژیانی سیاسیدا بسەپێنێ. بۆ ئەمەش هەریەکەو بەهانەی خۆی هەبوو. لەگەڵ ئەم ململانێ سەرەکیانەشدا هەندێک گرفتی لاوەکیش هاتنە ئارا، وەک ململانێی نێوان بەرگری کاران لە دابو نەریتە قەیمیەکان ، لەگەڵ هەوادارانی دەسکەوتەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی نوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕستێک بیروبۆچونی دیکەش بە دەرکەوتن کە بانگهێشتی پاکی و بێگەردی تاکەکەس و حوکم کردنی ویژدانی تاکەکەسیان دەکرد. ئەمەش بۆخۆی ئەو دیدو بۆچونانە بوون کە پشێوی و نا ئارامیان دروست دەکرد، چونکە لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی ئەم گروپانە ئەوە بوو کە چۆن کۆتایی بە دەسەڵاتی کڵێسا هات، ئاوەهاش دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر تاکەکەسدا نەمێنێت و کۆتایی پێ بێت. هەروەها پاش ئەو هەڵوەشان و لێکترازانەی توشی کۆمەڵگەی قەیمی هات لەگەڵ سەدەی حەڤدەهەمدا، هێدی هێدی کۆمەڵگە بەسەر چەند یەکەیەکی جیاجیادا دابەش بوو. ئیتر لێرەوە مرۆڤەکان لەسەر ئەوە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا نەدەکرد کە ئەندامی یەک ناوچەن یاخود هاوپیشەی یەکترن، بەڵکو بەو پێیەی کەسانێکی خۆپەرستن و هەرکەسێک بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە. دواجار ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر بیروباوەڕە ئاینیەکانیش بەجێهێشت.

لەم ڕووەوە بیریارێکی وەک «هۆپس» هەستی بەوە کرد کە کۆمەڵگە بریتیە لە کۆبوونەوەی کەسانی جۆراوجۆرو بەر قەراربوونیشی بەندە بەو پەیمانەوە کە لەسەری پێکدێن، لێرەوە بایەخ و گرنگی تاکەکەس دێتە ئاراوە نەک کۆمەڵ و گروپ. بۆیە دەبینین دیدو بۆچونی

«هۆپس» سەبارەت بە مرۆڤی سروشتی، خەسڵەت و شێوازی فەردانی پێوە دیارە.

هەروەها ڕوانین لە دیاردەی هەژاریش گۆڕانکاری بەخۆوە دی. لە کاتێکداو لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کۆندا هەژاری وەک دیاردەیەکی ئاسایی و پیرۆز سەیر دەکراو لە چاکە خوازی مەسیحیانەوە چارەسەر دەکرا، بەڵام دەبینین ئەم بۆچونەش لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکاریە بوونیادە تازەکاندا دەگۆڕێت. بۆیە بەرپرسیارێتی نەهێشتنی ئەم دیاردەیە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، ئەویش لەڕێی ڕەخساندنی بواری تازەی کارکردن لەبەردەم خەڵکدا. ئەگەر ئەمەش دەستەبەر نەبوو، ئەوا دەکرێت کۆچ پێکردن وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی بێکاری و هەژاری لەبەرچاو بگیرێت. لەکاتێکدا ئەمانەش مەیسەر نەبوون، ئەو کات خۆمان لەبەردەم شەڕی هەمووان دژ بە هەمووان دەبینینەوە، ئەمەش ئەو دۆخەیە وەک «هۆپس» پێیوایە کە سەرکەوتوو ژێرکەوتوو وەکو یەک تیایدا دەدۆڕێن.

لێرەدا «هۆپس» چارەسەرێکی «ماڵتۆس»یان دێنێتە ئارا، بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی گرفتی زیادبوونی دانیشتوان.. هەروەک چۆن واقعی پشێوی و نا ئارامی ئینگلستان بوونە سەرچاوەی دیدو بۆچونە کۆمەڵایەتیەکانی «تۆماس هۆپس»، سەبارەت بە یەکپارچەیی و ڕەهایی دەسەڵات و سنور نەشکاندنی ئەو دەسەڵاتە، ئەوا بەهەمان شێوە دەبینین پشێویەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی سەرچاوەو بناغەی دیدو بۆچونە سیاسیەکانی «جاک جاک رۆسۆ» بوون. لە ڕاستیدا «ڕۆسۆ» خۆی باشترین زمانحاڵی ئەو قۆناغەی فەرەنسای پێش ساتەوەختی شۆڕش بوو. پاش شۆڕش و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و کێشمەکێشی چینایەتی و جیاوازیی زۆری نێوانیان، لەبەرچاوترین ئەو دیاردانە بوون کە بە سیمای واقیعی فەرەنسیەوە دیار بوو.

بۆیە دەرەنجامی ئەم قۆناغە «ڕۆسۆ»ی بەرەو دیدێکی ڕەشبینانە برد، تا گەیشتە ئەو باوەڕەی بڵێت: (کۆمەڵگەی نوێی فەڕەنسی جگە لە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ بەولاوە هیچی تر نییە).
ئەو پێیوابوو ئەو هەژاری و نەداریەی زۆربەی زۆری خەڵکی دوچاری بوون، بەرەنجامی ئەو خۆش نودیەیە کە چینێکی مشەخۆری دی لەسەری دەژی. ڕۆچونی ئەو خەڵکانە لە هونەرسازی کەیف و سەفاو دروست کردنی ملوانکەو چەپکە گوڵەکان، لەسەر مافی کۆت و بەندی مرۆڤەکانی دی مەیسەر دەبێت. ئەمەش ڕێژەیەکی کەمی خەڵکی نەبێت ئەوانی دی بۆیان نییە بەکاری بهێنن، ئەگەرچی ئەوان بە ئەرک و ماندو بوونی خۆشیان بەرهەمیان هێناوە. بۆیە کارێکی سروشتییە چەوسانەوەیەکی ئابوری لەمجۆرە بەرەو دۆخێکی چەوساندنەوەی سیاسیش بچێت.
لە پای ئەم هەلو مەرجە نا عادیلانەیەدا، «ڕۆسۆ» ڕک و بێزاری خۆی ئاڕاستەی سستەمی پادشایەتی و ئەو سستەمی فەرمانڕەوایەتیەش دەکات کە لەسەر مافی خواوەندی دامەزراوە. هەروەها ڕەخنەی توندیشی ئاڕاستەی تەواوی ئەو ڕۆشنبیرو گروپانەش کرد کە بەو جۆرە دەسەڵاتانەوە پەیوەستن. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو سستەمە بۆتە مایەی تەشەنەسەندنی گەندەڵی ئیداری و قوڵبوونەوەی جیاوازی چینایەتی. بێزاری «ڕۆسۆ» لە واقعی کۆمەڵگەی فەڕەنسی بە تەنها لەو جیاوازیە چینایەتیەوە هەڵنەقولابوو، بەڵکو لە سەرجەم ئەو بارودۆخەش بوو کە کۆمەڵگەی مەدەنی فەڕەنسی تیایدا دەژیا.
«ڕۆسۆ» لە بەرهەمێکیدا (چەند وانەیەک دەربارەی هونەرو زانست)، زانست بە چاوگی بەدبەختی و ماڵ وێرانی مرۆڤ دادەنێت، ئەمەش وەک «nisbet» لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە پێ دەگات، ئاماژەیەکی ڕون و ئاشکرایە لەسەر نامۆبوونی «ڕۆسۆ»

لەنێو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا. بۆیە هەرکەس ئەم کتێبەی بخوێنێتەوە هەست بەو حەزو ئارەزوە زۆرەی «ڕۆسۆ» دەکات، بە ژیانی سروشتی سادەو خاکیان لە بەرامبەریشدا ڕقی زۆری لە ژیانی ئاڵۆزو ناهەمواری کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بووە. ئەو پێیوابوو جیهان پڕبووە لە ململانێ و ڕق و بێزاری و حەسودی و شەڕانگێزی و چەوساندنەوە، بەمجۆرەش شارستانیەت زیاترو زۆرتر توشی گرفت و داخران بووە.

دەکرێت ئەونا ئارامی و پشێویەی «ڕۆسۆ» ئاماژەی پێداوە، بگەڕێنینەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی وەک:

ا- سەرهەڵدانی جیاوازی لەڕوی ئابورییەوە و دروست بوونی ململانێی نێوان چینەکان دۆخێکی نا ئارام و پڕ لە ترس و دڵە ڕاوکێی دروست کردووە، هەر ئەمەش هانی چینە باڵا دەستەکانیدا تا سستمێکی سیاسی و یاسایی لە کۆمەڵگەدا دابمەزرێنن، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان بوو.

ب- لە ئەنجامی جیاوازی ئابوری، گروپی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر هاتە ئارا بۆ داکۆکی کردن لە تاک لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، ئەم گروپانەش شێوازی (چینایەتی و خزم خواهی و سەندیکای و ئاینی)یان هەبوو.

«ڕۆسۆ» باس لەوە دەکات کاتێک ئەم گروپانە دروست دەبن، ئەوا دەسەڵاتیان بەسەر ئەندامەکانی خۆیاندا دەبێت و بۆیە هەوڵدەدەن شوێنگەیەکی تایبەتی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن لەسەر حسابی دەوڵەت. ئەمە لە کاتێکدا «ڕۆسۆ» پێیوایە نابێت بە هیچ جۆرێک دەسەڵاتێکی لاوەکی لەنێو خودی دەوڵەتدا بوونی هەبێت. دواجار دەگاتە ئەو باوەڕەی بڵێت: (ئەگەر مرۆڤ لەبەردەم هەلومەرجی ڕابردوودا چەوسانەوەو کۆیلی بەسەردا برا بێت، ئەوا هەنوکە پێویستە کار

بۆ ڕزگارکردنی بکەین، ئەویش بە هێنانە ئارای دۆخێک کە لەنێویدا دڵنیایی تەواو بۆ گشت ئەندامەکانی کۆمەڵ دەستەبەر بکرێت.. ئەویش لەڕێی داکۆکی کردن لە سەربەخۆیی تاک لە بەرامبەر ئەوانی تر لە کۆمەڵدا. دواجاریش دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت تا دەوڵەت ژیانی هەر هاوڵاتیەک مسۆگەر بکات و ئەو کارە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە «رۆسۆ»، مەبەستی ئازادکردنی فەرد بووە لە ڕەفتارو دابو نەریتی کۆمەڵگە. ئەو پێیوایە شارستانیەت هەرچەندە هەنگاوی بەرەو پێشتر بنێ، لەگەڵ خۆیدا قۆناغێکی نوێ و سەردەمێکی تازە لە شلۆق بوون و مەحروم بوونی تاکەکەس دێنێتە ئاراوەو فەرد توشی نامۆ بوونی زیاتر دەکات و لە سروشتی مرۆڤانەی خۆی دایدەماڵێت، بەڵام دەوڵەت بەرپرسی یەکەم نییە لە نەهامەتیەکانی مرۆڤ، بەڵکو بەرپرسی یەکەم لەوە دڵڕەقی و بێبەزەیی کۆمەڵگەی مەدەنیە، لە پای ئەو جیاوازی و دابەش بوونەی تیایدا بەرقەرارە. ئەمەس لەو نامەیەیدا دەردەکەوێت کە بۆ «میرابۆ» یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕشی فەرەنسی ناردووەو تیایدا دەڵێت:-

(ناوەڕۆکی کۆمەڵگای گەندەڵ لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و کارکردن بۆ هەڵایسانی شەڕێکی نەبڕاوە لەنێوان ئەندامەکانیدا دەردەکەوێت، تاکە ڕێگا چارەیەکیش بۆ ڕێگەگرتن لەم هەلومەرجە، دامەزراندنی حوکمەتێکە کە لە توانایدا بێت یاساو دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەمووواندا بسەپێنێ).

## «تۆماس هۆپس» و دامەزراندنی کۆمەڵگەی دەسەڵاتی ڕەها:

سەبارەت بە ڕاو سەرنجەکانی «تۆماس هۆپس»، پێ لەسەر ئەو میتۆدو لێکدانەوانە دادەگرین کە تایبەتن بە بوونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەوپێیەی دیدو بۆچونەکانی ستایلی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە ئەو بۆخۆی خوازیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئارام

و سەقامگیر بوو کە تیایدا مرۆڤ بە زەبری هێزو شمشێر، ملکەچ بکرێت بۆ کۆمەڵگەو دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت. ئەمەش لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بە کورتی قسەی لەسەر دەکەین و دێینە سەر باسکردنی.

«هۆپس» هەوڵیدا تیۆرەیەک لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەت و هێنانە ئارای کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ پێشکەس بکات. ئەم بۆچونانەشی هاوزەمانی دیدو بۆچونی هاوکارەکانی بوو لە بواری پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، لە قۆناغێکدا کە ئەوروپا بە پرۆسەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی بوونیادی سیاسییانەی خۆیەوە سەرقاڵ بوو، لەسەر ڕێسای بنەما تازەکان، پاش ئەو هەرەس و داڕمانانەی دوچاری کۆمەڵگە ئەوروپیەکان هاتبوو. بەمجۆرە تێزەکانی دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، بریتی بوو لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی تیۆرێک بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتێک تا ڕێ لە دۆخی نائارامی و تەشەنەکردنی پشێوی بگرێت، ئەویش لە چوارچێوەی واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا.

لێرەدا ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونەی «کۆنتین سکنەر Quentin Skinner»دا یەک ناگرینەوە کە دەڵێت:- (لیڤاسیانی هۆپس نوسراوێکە تایبەتە بە سیاسەتی قۆناغێکی دیاریکراو، کارێکی واش هاوسەردەمەکانی خۆی بەڕونی هەستیان پێکردبوو). چونکە ئەو دۆخی نا ئارامییەی (لیڤاسیان) دەستنیشانی دەکات، تەنها تایبەت نییە بە بارودۆخی قۆناغێکی دیاریکراو، بەڵکو دەشێت هەر ئان و ساتێک زەمینەی بۆ ڕەخسا سەرهەڵبداتەوە و دووبارە بێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی «هۆپس» جەخت لەوە دەکات کە ئەو دۆخی نا ئارامیە بە تەنها بریتیە لە حاڵەتێکی زەهنی ڕوت، زیاد لەوەی دۆخێکی مێژویی بێ و لە واقیعدا ڕوی دابێت. ئەمەش زۆر لە بیریارانی تر پێیان لەسەر داگرتوەو هەمان باری سەرنجیان دوبارە کردۆتەوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایەی «هۆپس»دا تەبانین، لەبەرئەوەی ئەو

دۆخە پشێویەی ئەو باسی دەکات، سروشتێکی مرۆڤانەی هەیەو شوێن و کاتی دیاریکراوی خۆشی هەیە. ئەمەش بریتییە لەو ساتەوەختەی ئەوروپا پیایدا تێپەڕبووە، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەوە کە لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوەو لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کڵێسای کاثولیکیدا بەرەو قۆناغی دەوڵەتی نەتەوە چووە. لەم ساتەوەختەشدا دوو گرفتی سەرەکی هاتنە ئارا:

یەکەم/ نادیاری و ئاشکرا نەبوونی ئەو ڕەوتەی یاخود ئەو ڕێبازەی دەکرا پاش ڕوخانی دەسەڵاتی تیۆلۆژی، ئەرکی ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکە بگرێتە ئەستۆ.

دووەم/ لە ئاڵۆزی و ناڕۆشنی ئەو پێوەندییەدا دەردەکەوێت کە لەنێوان دەسەڵاتی زەمینیدا هەبوو، واتە (لە چوارچێوەی بوونیادی دەوڵەتی نەتەوەدا هاتە ئارا). کەسێکی وەک «کرۆستۆڤەرهێڵ» تەئکید لەوە دەکات کە دۆخی سروشتی، دۆخێکە «هۆپس» خۆی تیایدا ژیاوەو لە بەرچاویدا بووە، ئەویش ئەو دنیایەبوو کە دروشمی (مانەوە بۆ باشترین – البقاء للاصلح)ی هەڵگرتبوو. واتە بەلای «هۆپس»ەوە مرۆڤی سروشتی کەسێکی دی نییە، جگە لە مرۆڤی بورژوازی خۆی نەبێت کە چاوی سانسۆری لێبە دوورە. ئەمەش مانای وایە دۆخی سروشتی لای ئەو سستمێکی کۆمەڵایەتییەو ئیشکالیەتی جۆراوجۆری خۆشی هەیە. کەواتە بە ئاگابوون لە ڕەوشی نا ئارام و پشێوی ئەم قۆناغە، دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خەسڵەتی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزە سەرەکییەکانەوە هەیە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو پشێویانەی سیمای ئەم قۆناغەیان ڕەنگ ڕێژ کردبوو.

لەگەڵ ئەو بۆچونەی «تالکۆت»دا تەبایین کە نائارامی ئەم قۆناغە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی دەگێڕێتەوە، هەمووشیان لەو ململانێ

بێبەزەییانەوە سەرچاوە دەگرن کە لەنێوان ئەو بونەوەرە خۆپەرستانەدا هەیە کە خاوەن سروشتێکی ئەقڵانین. ئەمەش بەردەوام لەو کەش و هەوایەدا سەر دەردێنێت کە دەرگاکانی بەڕوی ململانێیەکی فەردانی بێسنوردا خراونەتە سەر پشت. ئەو سێ سەرچاوە سەرەکیەش بریتین لە: (دەگمەنی Scarcity و ترس Fear و خۆ بە زل زانین و خود پەسەندی Pride or Vainjlory). دەگمەنیش بۆخۆی لەو تەنگژەیە بەدەر نییە کە کۆمەڵگا ئینسانیەکان پێیڕاهاتوون و بایەخی زۆریشیان پێداوە.

دەگمەنی بەرەنجامی چڕییەکی زۆری دانیشتوانە کە پێداویستیەکانی زۆر لەوە زیاترە، لە توانای سەرچاوە سروشتیەکاندا بێت تێریان بکات. ئەمەش ئەو هاوکێشەیەیە کە ناوەڕۆکی تیۆری ئابوری پێک دێنێت، چونکە لە ساتی ڕوبەڕو بوونەوەی پێداویستی مرۆڤ لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی دایە بۆ تێرکردنی پێویستە سەرەکیەکانی خۆی، دەگمەنی ئەو سەرچاوانە هەڕەشەی بێبەش بوون لە هەموان دەکات. تەنها هەندێک لایەنی تێرکردنی سەرەکی نەبێت، یاخود تێرکردنی هەندێ لەسەر حسابی هەندێکی تر نەبێت. ئەمەش کۆمەڵێ ئاکامی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی لێدەکەوێتەوە.

لێرەوە «هۆپس» پێیوایە بۆ پاراستنی خود لەم نێوەندەدا، هەموان ڕوەو ئەوە دەچن تا کۆششێکی بێوچان ئەنجام بدەن، بە مەبەستی ئامادەکردنی ئەو هۆکارانەی بوونی هەریەکێک لەوانە دەپارێزێت و دڵنیایان پێدەبەخشێت، بەڵام ئەم ئامرازی دڵنیاییە هەمیشەیی نییەو بە چەسپاوی نامێنێتەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا شتێک لە ئارەدا نییە ئاستێک بۆ ئەو ململانێیە دابنێت کە لە پێناوی مانەوەدایە، لەبەرئەوەی ئارەزومەندی لە دابین کردنی ئاسایش لە ئارەزومەندی هێز جیا نابێتەوە. «هۆپس» ئەوە دوپات دەکاتەوە کە مرۆڤ بەگشتی

ئارەزوی لە هێزو هێزی زیادە هەیە، ئەمەش ئارەزویەکە تەنها مەگەر بە مردن کۆتایی بێ و لە ساتی مردندا نەمێنێت.
پێداویستی بە دڵنیایی یەکسانە بە پێداویستی ناکۆتا لەپێناو هێزدا بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئیتر ئەمە لە هەوڵدان لەپێناو دەوڵەمەندبووندا بمێنێتەوە، یاخود پلەو پایەیان ناوبانگ و شۆرەت یان شەرەف، یاخود گشت ئەو هەوڵانەی ڕێگە بەو دارمانە ڕەت حەتمیە دەگرێت کە لە کۆتاییدا یەخەی سەرجەم مرۆڤەکان دەگرێت.
چاوگی دووەمی نائارامی سستمی کۆمەڵایەتی، بریتیە لە ترس کە بناغەیەک بۆ سەرهەڵدانی ڕووبەڕوبوونەوە Deterrence خۆش دەکات. بۆ نمونە کاتێک ئەو دەسەڵاتەی خەڵکی سڵی لێدەکەنەوە دیار نامێنێ، واتا دۆخێک کە خۆمان بەبێ حکومەت بینیەوە، ئەوا لەو دەمەدا هەست بەوە دەکەین کە هەرکەسێک پێی دەکرێت بەهۆی هێزێکی لە ڕادەبەدەر ئازارمان پێ بگەیەنێت و ڕەنگە ڕوبەڕوی مەرگیش ببینەوە، چونکە توانستی کەسێک لە کوشتن و سڕینەوەی کەسێکی دی، ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی ڕەنگە ئێمەش دوچاری هەمان چارەنوس ببینەوە. واتە ئەم ڕەوشە هانمان دەدات بۆئەوەی بکوژین، بەرلەوەی ڕوبەڕوی کوشتن ببینەوە.
بەمجۆرە هەریەکێک وا لەوی دی دەڕوانێت کە سەرچاوەی هەڕەشەو مەترسییە لەسەری. بۆیە تاکە چارەسەرێک بۆ بەرگرتن لەم حاڵەتە ئەوەیە کار بکەم بۆ تێکو پێک شکاندنی بەرامبەرەکەم، بەر لەوەی ئەو دەست بکاتەوەو هەوڵی سڕینەوەم بدات. لەبەرئەوەی هەردووک لەم ڕاستیە ئاگادارین و لێی بێئاگانین. ئەمەش دەبێتە مایەی دروست بوونی (جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان). لێرەوە مرۆڤەکان دەست دەکەن بە گەڕان لە سەرچاوە بنچینەیەکانی هێز، ئەمەش بۆخۆی گوزارشتە لەوپەڕی ترس و دڵەڕاوکێی مرۆڤ. ئەو بە پێچەوانەی ئاژەڵەوە ترسی

سبەینێی هەیە، وەک چۆن ترسی ئەمرۆکەشی هەیە. ململانێش لە پێناو دەستەبەرکردن و بەدەست هێنانی سبەینێدا زیاتر قوڵ دەبێتەوە.

سەرچاوەی سێیەمی نائارامی، لەوێوە دێت کە مرۆڤ حەز بەوە دەکات بۆڕی کەسانی دی بداتەوەو پێشیان بکەوێت. ئەمەش لەوەوە دروست دەبێت کاتێک مرۆڤ هەست بەوە دەکات، ئەوانی دی لەو دەچن. لە دوایدا سەرکەوتنەکانی خۆی بە سەرکەوتنەکانی ئەوانی دی بەراورد دەکات و ڕەنگە لێرەدا خۆی بە ماف خوراو بزانێت و بەو دەستکەتانە رازی نەبێت کە بەدەستی هێناون، چونکە لە ڕاستیدا مرۆڤ هەر بە تەنها ئارەزوی مانەوەی نیە، بەڵکو دەیەوێت مانەوەی بە شێوەیەکی باشترو چاکتر لەوانی دی مسۆگەر بکات، بۆیە لە هەلومەرجی دەگمەنیدا زۆرجار بەرەو جۆرێک لە پێشبڕکێ و ململانێی ناکۆتاگی دەچێت کە ڕەنگە تێر نەکرێت. بۆیە دەبینین کارلێکردن لە دۆخی سروشتیدا (یاخود دۆخی بەر لە دیسپلین کردنی هێز) لەسەر ئەم ڕێتمە بەڕێوە دەچێت.

لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخە پشێوەدا کە «هۆپس» بە دۆخی مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵ ناوزەدی دەکات، دەیەوێت شوناس و ناسنامەی مرۆڤ لەنێو جەرگەی ئەم ڕەوشە نا ئارامەدا دەستنیشان بکات. لەبەرئەوەی مرۆڤ لەم قۆناغەدا لەڕێی چەند هۆیەکەوە کار لەگەڵ ئەوانی دیدا دەکات، هۆیەک کە بە بنەماکانی دڵنیایی و هێزەوە بەندەو بایەخی مرۆڤەکانی دیش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

وەک گریمانەیەکی گشتی، مادەمەکی مرۆڤەکان هەموویان لە هێزی فیزیکیدا یەکسانن و لە فرت و فێڵ و تەڵەکەبازیدا توانایان وەک یەکە، ئەوا ناشێت هیچ کەس لەوانی تر دڵنیا بێت.. لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی مەدەنی لە ئارادا نەبێت تا ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان ڕێک بخات، ئەوا هەمووان بەرەو شەڕێکی سەرتاسەری دەچن لە دژی یەک. ئەمەش

ئەو ڕەوشەیە لەگەڵ دامەزراندنی هیچ ژیارێکدا ناگونجێت و وا دەکات کە نە پیشەسازی هەبێت و نە کشتوکاڵ، نە بیناسازی و نە ئەدەب و نە هونەر.. لەم نێوەندەشدا ژیانی مرۆڤ بەوە دەناسرێتەوە کە تەنهاو گۆشەگیرە Solitary و هارو شەڕانی Nosty و دڕندەیەو Burtish تەمەن کورتە.

ئیتر لێرەدا نەڕاست هەیەو نە هەڵە، نە دادوەری هەیەو نە زۆرداری. مادامەکی ئەو بنەمایەی لەم قۆناغەدا ئاڕاستەی ژیانی ئادەمیزاد دەکات، بریتیە لەوەی (ئەوەی مرۆڤ هەیەتی ئەوەیە کە توانیویەتی بەدەستی بێنێ و هەر ئەویش بە خاوەنی دەمێنێتەوە، مادامەکی توانای پارێزگاری لێکردنی هەیە). «هۆپس» پێیوایە ژیانی سەرەتاییەکان لەم دۆخەوە نزیکە، بەڵام بەبێ ئەوەی لێرەدا هیچ گرنگییەک بە وردەکاری باسی مێژویی ئەم دۆخە بدات. بە سەرنجدان لە دیدو بۆچونەکانی «هۆپس» کە دیدێکی فەردیانەیە، کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و تێکەڵاو بوونیان بەیەک، ڕەگو ڕیشەی لە هەناوی مرۆڤدا هەیەو پێش لەسەر پەیوەندی داریەتی نێوان غەریزەو ئەقڵدا دەگرێت. بۆیە ئەگەر ئەوە شتێکی سروشتی بێت کە مرۆڤ هەوڵ بدات بۆ تێرکردنی پێداویستەکانی، وەک گوزارشتێک لە غەریزەی حەزکردن بە مانەوە، ئەوا جێی خۆیەتی کە بەرەو دامەزراندنی دۆخی کۆمەڵایەتی بچێت. بەو جۆرەی لەوێدا فەرمان ڕەوایەک دەست نیشان بکرێ و دەسەڵاتێکی ڕەها دابمەزرێنێت، لەڕێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیەوە کە شەرعیەت بە هاتنە ئارای (لیڤاتیان) دەدات.

لێرەوە دەتوانین بڵێین سروشتی ئادەمیزاد لە دیدی «هۆپس»ەوە، دوو ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتین لە (غەریزە و ئەقڵ). یەکەمیان هانی مرۆڤ دەدات بۆ بەدەست هێنانی گشت ئەو شتانەی کەوا هەست دەکات پێویستی پێیەتی، بەبێ گوێدانە

خواست و ئارەزوی کەسانی دی، ئەمەش ئەو کارەیە کە دەبێتە مایەی پێکدادان و نەگونجانی بەرژەوەندیەکان بەیەکەوە، بەڵام دووەمیان بریتیە لە ئەقڵ کە ڕۆڵی ڕێنومایکەر دەبینێ، تا ڕێ لە چاوچنۆکی و خەسڵەتە شەڕانگێزەکانی مرۆڤ بگرێت. هەر ئەقڵیشە دەستی مرۆڤ دەگرێت و هانی دەدات بە جۆرێک گیروگرفتەکانی لەگەڵ کەسانی دیدا چارەسەر بکات کە ناچار نەبێت پەنا بەرێتە بەر ڕوبەڕوبوونەوەو شەڕو پێکدادان. گەر هەر مرۆڤێک لە ڕوی پێکهاتەی بایەلۆژی و سایکۆلۆژیەوە هاوشێوەی هەر مرۆڤێکی دی بێت، جێی خۆیەتی کە پەیوەندییەکی هەمەلایەن لەنێوانیاندا بڕسکێ. بە جۆرێک دەشێت ئەم پێوەندییەی نێوانیان یەکێک لەم دوو خەسڵەتە وەربگرێت:-

یەکەم/ پەیوەندیەک کە هەڵگری خەسڵەتیکی دوالیزمی بۆزەتیڤانە بێت، تیایدا هەریەک لە من و بەرامبەر سودی لێ ببینین، بەڵام لە دوالیزمی پەیوەندیداری نێگەتیڤانەدا، یەک لە لایەنەکانی ئەو پەیوەندییە دەبێتە خاوەنی هەموو شتێک و لە بەرامبەردا ئەوی دی گشت شتێ لە دەست دەدات. لە هەلومەرجی پێش ساتەوەختی کۆمەڵایەتی ڕێکخراودا کاتێک دەگمەنی بەروبوم لە گۆڕێ دایەو پێداویستیە غەریزەیەکانیش لە هەوڵی تێربوون دان، هاوکات سەرچاوەیەکی ڕێکخستنیش نەبێت، دەبینین هەمووان هەوڵی بەدەست هێنان و وەرگرتن دەدەن، بەبی ئەوەی لە بەرامبەردا هیچ شتێک ببەخشن. ئەمەش بە مەبەستی دابین کردنی گەورەترین بڕی بەروبومە، بۆ دڵنیابوون لە ئێستەو لە ئایندەش. لە ئاکامدا چۆنیەتی ئالۆێرد کردن بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانی نێوان من و بەرامبەر بوونی نامێنێت و دەسڕێتەوە، لێرەدا دۆخێک دێتە ئارا تێیدا ئەوانە باڵادەست دەبن کە خاوەنی زۆرترین هێزن. مادامەکیش هەریەک لە من و ئەوی دی تەنیا بەو ئاڕاستەیەدا دەجوڵێن کە هەریەک مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات،

ئەوا لە کۆتاییدا ڕەنگە ڕەوشێکی وا بمانداتە دەست جەنگێکی ماڵ وێرانکەر، کە هەمووان تیایدا بەشدار دەبن.
ئەم پەیوەندیە نێگەتیڤییە ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤی سەرەتایی، هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ بەکارهێنان و بەگەڕ خستنی هێز، هەر بۆیە مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیدا دەبنە دوژمنی یەکتری، ئەویش بەهۆی هەوڵی خۆڕسکانەی خۆیانەوە بۆ بەدەست هێنانی هەمان ئەو شتومەکانەی ئەوانی تر هەیانە. کارێک کەوا دەکات ئادەمیزاد لەم دۆخەدا لە ترسیکی بەردەوامدا بژی، ترس لە ستەم و چەوسانەوە لەلایەن هاوەڵەکانیەوە. هەروەک چۆن خودپەسەندیش هانی دەدات، تا حەسودی بە هاوەڵەکانی بەرێ و ڕقی لێیان ببێتەوە. لێرەوە دۆخی سروشتی دەگۆڕێت بە جەنگی هەموو مرۆڤەکان دژ بە هەمووان، پاشان دۆخێک لە دڕندایەتی تەواو و ڕەوشێک لە نەهامەتی گشتی دێتە ئارا. بەمجۆرە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە پشێوی و نا ئارامی قۆناغی سروشتی، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:
یەکەمیان: نەبوونی ڕێکەوتنێکی هاوبەش و گشتی دەربارەی هەندێک لە ئەرزشە سەرەکی و بنەماییەکان.
دووەمیش: نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕێکخستن کە یارمەتی دروستکردنی هەماهەنگێک بدات لەنێوان من ئەوی دیداو، لەژێر ڕکێفی ڕستێک ڕێسای هاوبەشدا کۆمان بکاتەوە کە هەمووان لەسەری تەبابن، بۆئەوەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی پتەوو یەکگرتوو بێتە ئارا. «هۆپس» پێیوایە دۆخێکی وا بە تەنها لە چوارچێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا فەراهەم دەبێت. جەخت لەسەر ئەوەش دەکات کە هەمان ئەو هۆکارانەی (غەریزەو ئەقڵ)، مرۆڤیان ڕوەو شەڕێکی بێ هودە برد، دەشێت هەمان ئەو شتانە بەرەو کۆبوونەوەیەکی مرۆڤانەی ڕێکخراوو یەکگرتووی بەرن. ئەو پرسیارەش کە «هۆپس» لەم بارەیەوە دەیوروژێنێت،

بریتیە لەوەی ئادەمیزاد چۆن دەتوانێت لە دۆخی سروشتی قوتار بێت و ڕووەو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ئارام بچێت؟ پاشان ئەو شێوازانە چین کە ئادەمیزادەکان خۆیانی لە ترس و نائارامی پێ ئازاد دەکەن، تا سستمێکی کۆمەڵایەتی ئارام و سەقامگیر دابمەزرێنن؟

بە بڕوای «هۆبس» بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆ غەریزەو ئەقڵ، لەبەرئەوەی ئەمانە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی سروشتی مرۆڤن. لەلایەکی ترەوە ئەو پێیوایە گواستنەوەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتی شەڕانگێزانەوە، بەرەو دۆخێکی کۆمەڵایەتی سەقامگیرو یەکگرتوو، بەندە بە سێ بنەمای سەرەکیەوە:

١- مرۆڤ لەژێر کاریگەرێتی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆیدا، بەرەو قۆناغی کۆمەڵایەتی بوون دەچێت. بۆیە گەر مرۆڤی سروشتی بەر لە هاتنە ئارای کۆمەڵگا، لێهاتوو و کارامە نەبوبێت، ئەوا ئەو مرۆڤەی توانای دامەزراندنی کۆمەڵگەو دەوڵەتی هەیە، پێویستە لە سەری توانستێکی لە ڕادەبەدەری هەبێت بۆ مامەڵەکردن و هەڵسەنگاندن و ڕێزگرتنی بەرامبەر، لێرەشدا بۆئەوەی مرۆڤ ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی، ئەوا پێویستە کە خود پەرستێکی تەواو بێت (The Perfect Egoist)، تا ئەم گواستنەوەیەش لە دۆخی پەشێوییەوە بۆ دۆخێکی کۆمەڵایەتی ئارام، یاخود لە خودپەرستیەکی دڕندانەوە بۆ خودپەرستێکی تەواو ڕو بدات، پێویستە مرۆڤ لەم پرۆسەی گۆڕانگاریەدا پشت بە وزەو توانای ڕێکخەرانەی ئەقڵ ببەستێت.

٢- متمانە پەیداکردن بە یەکتری، مەرجی دووەمی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە. لە خاڵی یەکەمدا ئەوەمان لا ڕون بووەوە کە ئاشتی و هاریکاری نێوان مرۆڤەکان سودێکی گەورەی هەیە بۆ پارێزگاری کردن لە خود، لەبری ئەوەی ئەمە لەڕێی توندو تیژی و ململانێوە ئەنجام بدرێت و بەدەست بهێنرێت، بەڵام ئاشتیش پێویستی

به هەبوونی متمانە کردن بە یەکتری هەیە، بۆیە پێویستە مرۆڤ حەزی لە ئاشتی بێت، هەروەک چۆن کەسانی دیش حەزی پێ دەکەن. کاتێک مرۆڤ درکی بەوە کرد کە بەرگری کردن لە خودی خۆی کارێکی پێویستە، ئەوا دەبێت ئەم کارەش بۆ هەمووان بەڕەوا بزانێت. بۆیە چەندە سەربەستی بەخۆی دەدات لە بەرامبەر ئەوانی دیدا، ئەوا پێویستە ڕێگا بەوانی دیش بدات مومارەسەی سەربەستی خۆیان بکەن لە بەرامبەر ئەودا.

٣- مەرجی سێهەم بۆ دیسپلین کردنی کۆمەڵگا پاش پەیداکردنی متمانە کردن بە یەکتری، بریتیە لە ڕونکردنەوەی شێوازی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارە.. بۆ ئەمە «هۆپس» ڕاو سەرنجی خۆی سەبارەت بە دەسەڵات دەخاتەڕو.. لەم قۆناغەدا کەسەکان لەسەر بنەمای متمانە بە یەککردن پەیمان بە یەکدای دەدەن کە هەریەک ئیلتزاماتی خۆی بەرامبەر ئەوەی دی جێبەجێ بکات. کاتێکیش یەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیمانەی شکاندو پاشگەز بووەوە، ئەوا هەموو شتێک هەرەس دێنێ و لەدەست دەچێت.

لێرەوە «هۆپس» پێیوایە پاراستنی پەیمان لە کاتێکدا دەبێت کە سەرجەم هاوڵاتیان پێیەوە پابەندبن و دەسەڵاتێکی کاراو بە تواناش لە ئارادا بێت، تا بتوانێت سزای ئەوانە بدات کە کەمو کوڕی پیشان دەدەن لە بەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانیاندا، (چونکە پەیمان و ڕێکەوتن جگە لە چەند وشەیەک بەولاوە هیچی تر نیەو ناتوانێت ئارامی و ئاسایش بە مرۆڤ ببەخشێت، بۆیە بڕیارەکان بەبێ بوونی ترس لە دەسەڵاتێکی بەزەبرو زۆر لەوە بێهێزترە بتوانێت جڵەوی حەزو ئارەزوە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤ بکات). بەم پێیە دڵنیا بوون پشت بە هاتنە ئارای دەسەڵاتێک دەبەستێت کە خاوەنی هێزێکی وەها بێت، بتوانێت پارێزگاری لە دۆخی ئاشتی بکات و سزای

سەرپێچی کەرانیش بدات، لەڕێی بەرگرتن لەو مەیلە شەڕانگێزیانەی لە هەناوی مرۆڤ دایە. بۆیە ترس لە سزا هۆکارێکی ڕاست و دروستە بۆ پێگەیاندنی ئادەمیزاد.

«هۆپس»یش پشت بە ئەقڵ دەبەستێت بۆئەوەی ببێتە بنەمایەکی شیاوو لەبار بۆ هێنانە ئارای هاوسەنگی و تەبایی لەنێوان هاولاتیاندا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بۆخۆی لەچاوچنۆکی مرۆڤ لاوازترە.. بەم شێوەیە دیدی «هۆپس» بەرەو یەکانگیری و یەکخستنی نێوان دەسەلات و هێز Force دەچێت، یاخود بە شێوەیەکی تر ئەو پێیوایە بەردەوام دەبێت هێز سازو ئامادە بێت، ئیتر گەر بەکاربهێنرێت یان بە کارنەهێنرێ. بۆ پاساو هێنانەوەش بۆ هێز، «هۆپس» شێوازی پەیمانی کۆن دەگێڕێتەوە، لەگەڵ بەلاوە نانی سەپاندنی ناوەڕۆکی یاسا بەسەر کەسی فەرمانڕەوادا. پاشان باس لەو پەیمانە دەکات بەوپێیەی گەلاڵە نامەی ڕێکەوتنێکە لەنێوان کەسەکاندا، کە هەریەک لە ڕێگەیەوە خۆیان بەو فەرمانڕەوایە دەسپێرن و دەچنە ژێر ڕکێفی دەسەلاتیەوە. ڕێکەوتن نامەکەش بەم شێوەیە دادەڕێژێت:

(ئەگەر کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک سەرپشک کەم و دەستەبەرداری ئەوەبم لەوەی حوکمم بکەن، بە مەرجێک تۆیش دەستەبەرداری هەمان مافەکانی خۆت بیت و بەهەمان شێوە سەرپشکیان بکەیت و تەواوی هەڵسو کەوتی خۆتیان پێ بسپێری، ئەوا دەگەینە ڕێکەوتن.. ئەمەش دەکاتە دامەزراندنی (لیڤیتان)ی مەزن Levathan Great. بەرەنجامی ئەم ڕێکەوتن نامەیە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لێدەکەوێتەوە کە پشت بە دەسەلاتێکی ڕەها دەبەسێت و هاولاتیانیش گوێ ڕایەڵی خۆیان بۆ ئەم دەسەلاتە ڕادەگەیەنن، چونکە سروشتی مرۆڤایەتی لەم قۆناغەدا سازو ئامادەیە لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەدا..

ئەگەر مەرجەعی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەوە بێت مرۆڤ بە خۆڕسک شەڕانگێزو خۆپەرستە، ئەوا هەر ئەو خود پەرستیە هانی دەدات بۆئەوەی دەستبەرداری خێرو بێرێکی کەم خایەن بێت لە پێناو خێرێکی هەمیشەییدا.. بۆیە چ ڕێگە چارەیەک لە گۆڕدا نیە بۆ ڕێزگرتنی ئەو پەیمان و ڕێکەوتنە، تەنها لەڕێی سەپاندنی سزاوە نەبێت کە فەرمان ڕەوایەکی زۆردار هەڵدەسێت بە جێبەجی کردنی. فەرمانڕەوایەک هەموو دەسەڵاتەکانی لە مستدایەو سەرجەم هاوڵاتیانیش ملکەچی بڕیارەکانی ئەون. بەهاتنە ئارای ڕێکەوتن، (لیڤیتان) سەرهەڵدەدات و خەڵکانیش دەست بە مومارەسەکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاسودەو ئارام دەکەن، لەژێر سستمێکی کۆمەڵایەتی چالاک و کارادا.

ئەگەر ڕێکەوتن بەرەو دامەزراندنی سستمێکی کۆمەڵایەتی بچێت، ئەوا ئەمە مانای پوکانەوەی ئەو فەردانە ناگەیەنێت کە ئەو سستەمەیان دروست کردووە. لە کاتێکدا ئەگەر ئارەزوی مرۆڤ و هەوڵی بەردەوامی ڕوەو خاوەندارییەتی هێز هاندەری بوبێت بۆ دامەزراندنی سستمێکی کۆمەڵایەتی، ئەوا لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە ئارای کۆمەڵگەدا پێویستە لەسەری ملکەچی ڕێساکانی نێو کۆمەڵگە بێت.. ئەگەر بێتو مرۆڤ ئازادی هانی دابێت بۆئەوەی بەرەو دامەزراندنی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییە بچێت کە گوزارشت لە ڕەفتاری ئیرادەگەری مرۆڤ دەکات، ئەوا بە دامەزراندنی کۆمەڵگە ئەم ئازادیە دەچێتە ژێر ڕکێفی ڕێساو میکانیزمەکانی ئەو کۆمەڵگەیە. لێرەوە سەرلەنوێ مرۆڤ ئامادە دەکرێتەوە، تا لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەو دۆخە نوێیەدا خۆی ڕابهێنێت. ئەمەش مانای وایە دەبێت ڕەفتارە شەڕانگێزەکانی سەرکوت بکرێت، تا جۆرە ئیلتزامێکی لەلا دروست بێت و لەگەڵ خواستەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت، بەو جۆرەی «هۆپس» دەستنیشانی دەکات.

بەرەنجامی کۆتای ئەم پرۆسەیەش، دروست بوونی دۆخێکی ئارام

و سەقامگیری کۆمەڵایەتییە کە پێویستە بە وردی چاودێری بکرێ و لە گرفت و پشێوی بپارێزرێ و دوور بخرێتەوە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری ئەمە، «هۆپس» پێیوایە هەر لەگەڵ دامەزراندنی Levia Than کۆمەڵگە لەوە دەردەچێت هەر بە تەنها ڕێکخراوی بێت بەپێی ڕێکەوتنێک لەسەری پێک هاتبن، بەڵکو دەبێتە یەکەیەکی ڕاستەقینەو لەو مرۆڤانە پێک دێت کە لە نێویدان.
لێرەوە پێویستە لەسەر Levia Than مرۆڤەکان فێری زمانی شارستانی Civlity بکات، بە شێوەیەک کە هیچ ڕێگا چارەیەک لە بەردەم هاوڵاتیاندا نەمێنێتەوە، جگە لە ملکەچ بوون نەبێت بۆ ئەو ئیرادەیە. ئەرکی سەرەکی Levia Than بریتی دەبێت لە سەپاندنی ئەو یاسایانە. بۆیە هەر کارێک کەسی فەرمانڕەوا دەیکات، دروست و ڕەوایەو بۆ هیچ کەسێک نیە وا بزانێت لەلایەن کەسی فەرمانڕەواوە زوڵمی لێکراوە. ئەمە مانای وایە گەر متمانە کردن بە یەکدی بەرەو ڕێکەوتنێکمان بەرێت، ئەوا دوای ئەوە جێی خۆیەتی ئەم دڵنیا بوونە لە یەکدی لەڕێی سستمێکی کۆمەڵایەتیەوە بچەسپێنرێت، چونکە ساتێک دەسەڵاتێکی بەهێز دادەمەزرێت دەبێت هەوڵی بدات ئەوە بەسەر هاوڵاتیانیدا بسەپێنێت، تا ڕێزی دەقی ئەو ڕێکەوتن نامەیە بگرن کە لەنێو خۆیاندا گەڵاڵەیان کردووەو دواجار سزای ئەوانەش بدات کە سەرپێچی دەکەن.
لەگەڵ ئەمەدا «هۆپس» تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە (کە پەیمان و ڕێکەوتن بێ شمشێر- هێز- هیچ نیە جگە لە چەند وشەیەک بەولاوە کە ژیانی مرۆڤەکان بپارێزن، چونکە وشەکان زۆر لەوە بێهێزترن بتوانن ببنە کۆسپ لەبەردەم حەزو ئارەزوی کەسەکاندا، یان ڕێگا لە توڕەبوون و هەڵچونەکانیان بگرن. تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئەم وشانە بە هێزێکەوە گرێ بدرێن تا پاڵپشتیان بکات، یاخود پەیوەست بن بە

دەسەڵاتێکەوە کە ترسیان لەلا دروست بکات). دواجار دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی دەبێتە پێویستەیەکی گرنگ بۆ چەسپاندنی ئاسایش لە وڵاتدا، واتە ئەوەی ڕێگە بەوە دەدات دەسەڵاتێکی ڕەها بێت و پاساوی خۆشی هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

١- ڕەهایە بەو پێیەی لە ڕێکەوتن نامەکەدا هاتووەو جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

پێویستە دەسەڵات ڕەها بێت، بۆئەوەی کۆمەڵگا سەرلەنوێ نەکەوێتەوە ئەو دۆخی کێشمە کێش و ململانێیەی لە قۆناغی سروشتیدا لە ئارەدا بووەو بۆتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ و شەڕو پێکدادان. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە «هۆپس» مافی تاکەکەس لەبەرامبەر کۆمەڵگەدا پێشێل دەکات، بەڵکو داکۆکی لێدەکات، ئەویش لە ڕێگەی نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی مایەی هەڕەشەو مەترسین لەسەری. بە بۆچونی «هۆپس» پێداویستی گرنگ و سەرەکی بۆ دەسەڵاتی ڕەها، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە توانای دابین کردنی ئەو هۆکارو مەرجە شیاوانەی هەیە کە لەگەڵ تێربوونی پێداویستیە سروشتییەکانی مرۆدا دەگونجێت. دوای ئەوەو «هۆپس» هەر لە چوارچێوەی سستمێکی ئارامدا، ڕوەو خاڵێکی تر دەچێت و دەڵێت: (ناشێت هیچ گروپ و دەستەو تاقمێک ببنە سەرچاوەی هەڕەشە لەیەک گرتووی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت، چونکە بە تەنیا Levia Than بۆی هەیە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بێت. بۆیە کاتێک ئەو ناوەڕاستو دەزگایانە لە کۆمەڵگەدا دروست دەبن و دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت و Levia Than، پێویستە لەناو ببرێن و نەهێڵرێن. ئەمەشی لەڕێی گوێڕایەڵی و ملکەچی کردنی سەرجەم هاوڵاتیانەوە بۆ دەستەبەر دەبێت، بەهۆی ئەو ئامرازانەی لە بەردەستی دایە).

ئەم مەسەلەیە زیاتر لە میانەی ئەو دەستەواژەیەوە ڕون دەبێتەوە،

که له زاری مرۆڤی دامەزرێنەری ئەو سستمە خۆیەوە دێت و دەڵێت: (ئەگەر تۆ منت کوشت ئەوا بێگومان من ناتوانم هەمان شت بکەمەوە، بەڵام ئەوە دەوڵەتە دەتوانێت ئەوە بکات، بۆیە بەرنامەو پلانی تۆ بۆ کوشتنی من هەڵدەوەشێنێتەوە)، بەڵام ئەگەر سستمی کۆمەڵایەتی بەرەو دامەزران و سەقامگیر بوون چوو، چۆن چۆنی دڵنیا بین لەوەی یاخود کێ گرەنتی ئەوەمان دەداتێ که پشێوی نائارامی و جارێکی دی ڕو ناداتەوە؟ ئەگەر هۆکاری پشێوی و نائارامی بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاخود هەرەسی پێودانگێک که توانای دیسپلین کردنی هەبێت، ئیتر ئەمە له شێوازی یاسادا بێت یان بیروڕا و ڕەفتارە قەیمیەکان، یاخود پەیوەندی بەنەبوونی هێزو دەسەڵاتێکەوە هەبێت له تواناییدا نەبێت جەوهەری ئەو دیسپلینە بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیدا بسەپێنێت، ئەوا ئاساییە کۆمەڵێک میکانیزمی وەها بێتە ئاراوە که ئارامیەکی هەمیشەیی بۆ کۆمەڵگەو دیسپلینکردنی دەستە بەر بکات. بە شێوەیەک ڕێگە بە هیچ لادان و پشێویەک نەدات، تا هەڕەشەی سەرلەنوێ گەڕانەوەی دۆخی نائارامی سەرتاسەری بکات. بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەش، هەر له سەرەتاوە «هۆبس» پێ لەسەر پێداویستی بوونی دەسەڵاتێکی ناوەڕاستی له کۆمەڵگەدا دادەگرێت، لەبەرئەوەی دابەش بوونی دەسەڵات له چوارچێوەی سستمێکی ئارام و سەقامگیردا شوێنی نییەو جێی نابێتەوە، چونکە هەرساتێک دەسەڵات دابەشبوو، ئەوساتە بەرەو نەمان و پوکانەوە دەچێت. هەروەها دابەش بوونی دەسەڵات و فرە دەسەڵاتی ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات یەک ئەوی دی بسڕێتەوەو له ناوی بەرێت. هەر بۆیە «هۆبس» ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو بیریارانەی دەیانووت مادامەکی مرۆڤ سێ گیانی هەیە، ئەوا پێویستە دەسەڵاتیش زیاد له گیانێکی هەبێت. ئەو سوربوو لەسەر ئەوەی دەسەڵات دابەش ناکرێ، گەر دابەشیش کرا ئەوا هیچ بوونێکی نامێنێت.

ئەمەش مانای وایە «هۆپس» لایەنگری بونیادنانی هێزو دەسەڵاتێک بووە کە خەسڵەتێکی سەنتەریانەی هەبێت و بەنیو چوارچێوەی واقعی کۆمەڵایەتیدا پەلو پۆ بهاوێ و تەشەنە بکات، ئەو کاری بۆ ئەوە دەکرد تا ڕەهەندە سەرەکیەکانی ئامرازی دیسپلین کردن، لە کۆمەڵدا دەست نیشان بکات، ئەمەش بەلای ئەوەوە دوو ڕەهەندی هەیە:

یەکەم/ دیسپلین لە دەرەوە.

دووەم/ دروستکردنی دیسپلین لە ناخی مرۆڤ خۆیدا.

دیسپلینی دەرەکی بە ناوەڕاستی دەسەڵات و چالاکی و گوڕو تینی هێزی دەسەڵاتەوە بەستراوە. فەرمانڕەوا یاسا دەچەسپێنێ بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاسایش. لە چوارچێوەی ئەوەشدا هاوڵاتیان دەتوانن هەرچیان هەیە بیکەن، هەر ئەویش دەتوانێت ئەو ئاین و بیروباوەڕە دەستنیشان بکات کە پێویستە خەڵکی بڕوای پێ بهێنن و شوێنی بکەون، ئەگەرچی توانای ئەوەی نییە پلەو ڕێژەی ئەو بڕوابوونە دیاری بکات. لێرەدا دەبینین «هۆپس» داوا لە مرۆڤ دەکات، تا لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریدا گوێڕایەڵ و پابەندی ڕێنمایەکانی دەوڵەت بێت، ئەوەتا دەڵێت: (یاسا بۆ هەر هاوڵاتیەک بریتیە لە کۆمەڵێک ڕێنومایی کە دەسەڵات بڕیاری پەیڕەوی کردنی دەدات لە ڕێگەی وشەوە بێت یاخود کتێب، یان هەر شتێکی دی کە ئاماژە بێت لەسەر ئیرادەی دەسەڵات، چونکە لەڕێی ئەم ڕێسایانەوە دەکرێت ڕاست و هەڵە لە یەکدی جیابکرێنەوە).

یاساش بەلای «هۆپس»ەوە پشت بە پێودانگە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ نابەستێ، بەڵکو ئەوەیە کە کەسی فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار بڕیاری لەسەر دەدەن نەک شتێکی تربێت. دواتریش دەڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی هەرەس هێنانی دەوڵەت، باوەڕ بوونە بەوەی (کە هەر مرۆڤێک سەر پشکە بەسەر کارو ڕەفتارەکانی خۆیەوە، بە چاک و خراپییەوە).

جۆرێک لەم ڕەوشە شەڕانگێزە لە قۆناغی پێشوودا لە ئارەدا بوو، بەڵام ئێستا ئاشکرایە کە یاسای مەدەنی بۆخۆی پێوەری کارو کردەوە چاک و خراپەکانە. هەروەها دیسپلینی ناوەکی لە ناخی مرۆڤدا بەلای «تۆماس هۆپسەوە»، ڕەهەندێکی ترە بۆ ڕێکخستن و سەقامگیر کردنی کۆمەڵگا. لێرەشدا کۆمەڵگە ئەرکی سەرلەنوێ پەروەردەکردنی مرۆڤ دەبێت لەڕێی هەندێک پێودانگەوە، بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی و ڕاهێنانی لەگەڵ واقیع و چواردەوری خۆیدا، بەڵام «هۆپس» ڕۆڵی گەورەو گرنگ لە پڕۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی مرۆڤدا دەسپێرێت بە دەوڵەت، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ هەلومەرج و داواکاریەکانیدا بگونجی. هەر بۆیە دەوڵەت بەلایەوە پەسەند نییە هیچ گروپ و لایەنێک یان هیچ ڕێکخراوێک، لەسەر پەیوەندی خزم خواهی یان ئاینی دامەزرابێت و ڕۆڵی هەبێت لە گەشەکردن و پێگەیاندنی لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا، چونکە پێگەیاندنی مرۆڤ کارێکە بە تەنها لە ئەستۆی دەوڵەتدایە، لەبەرئەوەی جۆراوجۆری و هەمەڕەنگی ئەو ڕێکخراوانە لە پڕۆسەی پێگەیاندندا، دووبەرەکی و جودا خوازی لەنێو بوونیادی کۆمەڵگەدا دروست دەکات. بۆ نمونە لەوانەیە ئەو گروپانە ڕووەو پاڵپشتی کردنی هەندێ بیروبۆچون و ڕەفتارو هەڵسوکەوت بچن کە هیچ پەیوەندیەکییان بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی یەکێتی و یەکگرتویی دەوڵەتەوە نەبێت، هەروەها پێویستە ژیانی ئاینی خەڵکیش لەلایەن دەوڵەتەوە دیسپلین بکرێ و بەڕێوە بچێت.

لە کۆتاییدا بە کورتی دەتوانین بڵێین «تۆماس هۆپس» بناغەیەکی توندو تۆڵی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دامەزراند کە توانایی کۆنترۆڵ کردن و باڵادەستی بە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا بێت، ئەمەشیان لەڕێی خودی مرۆڤ خۆیەوە دەبێت. مەبەستیش لەمە

بنیادنانی هێزێک بوو بۆ ملکەچ پێکردنی تەواوی هاوڵاتیان بۆ ئەرک و فەرمان و داواکاریەکانی دەوڵەت.

## سێهەم/ «جان جاک رۆسۆ» و دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئیرادەی گشتی:-

بە پێچەوانەی «تۆماس هۆپس»ەوە، «جان جاک رۆسۆ» پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەکرد، تا ئیرادەی گشتی هاوڵاتیانی تیا باڵادەست بێت. ئەمەش بریتیە لەو ئیرادەیەی کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی کۆمەڵ دەکات و بەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا خۆشیدا باڵا دەستە. لێرەدا جێی خۆیەتی گریمانەکانی «ڕۆسۆ» سەبارەت بە مرۆڤ و کۆمەڵ لەگەڵ دیدو بۆچونەکانی «هۆپس»دا ناکۆک بێت، ئیتر ئەم گریمانانە پەیوەندی بە دۆخی سروشتییەوە هەبێت، یاخود بە دۆخی کۆمەڵایەتی یان بوونیادی سایکۆلۆژی ئەو مرۆڤانەی لە کۆمەڵدا بەشدارن. ئەگەر خوێنەر جۆرە پەیوەندیەکی پتەو لەنێو بوونیادە لۆژیکی و تیۆریەکانی «هۆپس»دا بدۆزێتەوە، ئەوا لای «ڕۆسۆ» وەک (Sablne) پێیوایە، خوێنەر لە بیروبۆچونەکانیدا ڕوبەڕوی جۆرێک لە وێک نەچون و ناکۆکی دەبێتەوە، لەبەرئەوەی تێزەکانی جۆرێک لە پشێوی و ئاڵۆزی لۆژیکیان پێوە دیارە. بۆ نمونە ئەو لەلایەک پێ لەسەر باڵادەستی ئیرادەی گشتی دادەگرێت کە پێش دەستی بەسەر بوونی تاکەکەسدا هەیە، لەلایەکی ترەوە دەبینین جەخت لەسەر مەسەلەکانی وەک ئازادی و مافەکانی تاکەکەس دەکات.

دەکرێت ئەمانەش لەڕێی چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ڕون بکەینەوە:

### ٦- میتۆدی پەی پێبردن لای «ڕۆسۆ»:

لێکۆڵینەوە لە لۆژیکی بیرکردنەوەی ئەو، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کەوا هەندێک پرانسیپی میتۆدی سەرەکی لەخۆدەگرن کە لێرەدا باسیان دەکەین:

پرانسیپی یەکەم/ «ڕۆسۆ» ئەو ئەقڵانیەتە ئافەرۆز دەکات کە سۆسیۆلۆژە نوێیەکان لەسەری تەبا بوون، بۆ نمونە وەک ئەوەی لای «ماکس ڤیبەر» دەیبینین. لەبەرئەوەی «ڕۆسۆ» ئەو ئەقڵانیەتە وەلاوە دەنێت کە پەیوەستە بە زانستەوە و زانست پاڵپشتی لێدەکات. بۆیە لە بەرامبەر ژیری و گەشەکردنی مەعریفەو پێشکەوتنی زانستدا کە ڕۆشنگەری بڕوای وابوو ئەمانە ئومێدو بناغەی شارستانی پێک دەهێنن، دەبینین «ڕۆسۆ» لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا سۆزداری و خۆشەویستی و لێک بوردن و ڕێزو ئیرادەی چاکە خوازی پێشنیار دەکات. ئەو پێیوایە ئەوەی بەها بە ژیان دەبەخشێت، بریتیە لەو کۆمەڵە هەست و سۆزە هاوبەشەی نێوان هاوڵاتیان، بەتایبەت ئەو غەریزانەی مرۆڤ لە سەرجەم بونەوەرەکانی دی جیا دەکاتەوە. بۆیە ئەو پێیوایە ئەم خەسڵەتانە بە شێوەیەکی ئێجگار پاک و بێگەرد لەو مرۆڤە سادەو ساکارانەدا هەن کە نەخوێندەوارن، زیاد لەوەی لە مرۆڤێکی خوێندەوارو شارستانیدا هەبێت. هاوکات «ڕۆسۆ» جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مرۆڤی هۆشیارو بەئاگا بونەوەرێکی گەندەڵ و پیسە، بۆیە لە بەرامبەر فەلسەفەو زانستدا ئەرزش و سۆزو بەزەیی دەخاتەڕو، ئەمانەش ئەو شتانەن کە جێ و شوێنیان دڵێکی ساکارو بێگەردە.

«ڕۆسۆ» پێیوایە تایبەتمەندی سەردەمی ڕۆشنگەری لەوەدایە کە پشت بە ئەقڵ و زانست دەبەستێت، بەڵام زانست تیکدەرو ڕوخێنەرە، لەبەرئەوەی بیروباوەڕو ئیمان دەسڕێتەوە.. لە چەند ڕویەکەوە

«ڕۆسۆ» لەگەڵ «هۆپس»دا تەبایە، بەتایبەت سەبارەت بەو شتانەی پەیوەندیان بە غەریزەو هەست و سۆزو سایکۆلۆژیاوە هەیە، بەڵام لە هەندێ ڕوی ترەوە لە یەکتر جیاوازن، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بەهاو ڕێسا ئەخلاقییەکانەوە هەیە. ئەمەش ئەو خەسڵەت و ڕەگەزانەیە کە لە بنەمادا سیفەتێکی دەستە جەمعیان هەیەو ڕۆڵی خۆیان لە دروست بوون و بەرکەماڵ بوونی ڕەفتاری مرۆڤانە گێڕاوە.

پرانسیپی دووەم/ هاوشێوەی یەکەمەو بریتیە لەوەی بوونی کۆمەڵ پێش دەستی بەسەر بوونی تاکەکەسەوە هەیە، هەر بۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەو ڕێچکانەی پێیانوایە کۆمەڵگە تاکەکەس دروستی دەکات، تا لە چوارچێوەیدا بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی بپارێزێت. پاشان ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە هەمان هەڵوێستی پێشوی «ئەفلاتۆن» دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: (مرۆڤ هێزو توانای لە کوێوە چنگ دەکەوێت لە کۆمەڵەوە نەبێت؟ چونکە بە تەنها لەناو کۆمەڵدا فەردانیەت و ئازادی و سودو بەرژەوەندی تایبەتی و ڕێزگرتن لە پەیمان هەیە، لە کاتێکدا لە دەرەوەی کۆمەڵدا ئاکار هیچ بوونێکی نییە. لەبەرئەوەی کەسەکان تەنها لەڕێی کۆمەڵەوە دەبنە خاوەنی ئەقڵ و ئاکارو، لەڕێی ئەوانەشەوە دەبنە مرۆڤ). تێگەی سەرەکیش لای «ڕۆسۆ»، هاوڵاتییە نەک مرۆڤ. هاوکات جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە دەبێت کۆمەڵگا سەربەخۆیی و ناسنامەی تایبەت بەخۆی هەبێت، واتا خاوەنی زمانی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشی خۆی بێت.

پرانسیپی سێهەم/ «ڕۆسۆ» بە یەکەمین کەسێک دادەنرێت کە سیمای مۆدێلێکی ئایدیالی نەخشاند بێت. ئەم نمونە ئایدیالیەش لەڕێی سێ سەرچاوەوە لەلای گەڵاڵە بوو. یەکەم، ئەو کاردانەوەیەی کە لە بەرامبەر ژیانی واقیعیدا لای دروست بوو، ئەو ژیانەی ڕۆژانێکی زۆری تەمەنی خۆی تیادا بە فیڕۆچوو. بە بڕوای ئەو شارستانی و ژیانی

ئاڵۆزو نالەبار لە نەهامەتی و بەدبەختیەکانی مرۆڤ بەرپرسیارن.
دووەم، ئەو شتانەی لەبارەی کۆمەڵگە لۆکاڵیە بچوکەکان و سروشتی ژیانی ئەو میللەتانەوە خوێندبویەوە کە لە شارەکانی یۆنانی کۆندا ژیابوون، ئەمەش جۆری ئەو ژیانە بوو کە خۆی لە نزیکەوە پێی ئاشنا بوو، بەتایبەت ئەو وەختەی ماوەیەکی تەمەنی لە شاری «جنێڤ»دا بردە سەر.
سێهەم، کاریگەری «ئەفلاتۆن» لەسەری لەڕێی ئەو شێوازە کۆمەڵایەتیەوە کە لە «کۆمار»ەکەیدا ئاماژەی پێدابوو. لێرەوە «ئەفلاتۆن» توانی «ڕۆسۆ» لەژێر کاریگەری فەردانیەت قوتار بکات، ئەو داوەی لەوەوبەر «ڕۆسۆ» و «هۆبس»ی پێوە بوون بوون. «ڕۆسۆ» وەک «ئەفلاتۆن» پێیوابوو وەلائی سیاسی لە بنەماداو بۆخۆی خەسڵەتیکی ئەخلاقی هەیە. هەروەها هەندێک مەسەلەی تایبەت بە دەوڵەت- شاریشی لەوەوە وەرگرت..
«ڕۆسۆ» پێیوابوو کۆمەڵگەی بچوک خاوەنی ئیرادەی گشتی خۆیەتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئیرادەی تایبەتی هەریەک لە تاکەکانی ناویەتی. کۆمەڵگەیەکی وا ساکارو سادەیەو هیچ ئاڵۆزی و گیروگرفتیکی شارستانی و زانستی تیا بەدی ناکرێت، هەروەها لە هەموو ناعەدالەتی و چەوسانەوەیەکیش بەدوورە. کاتێک ئەو وێنەی ئەم مۆدێلە ئایدیالیە دەکێشێت، بۆئەوەیە تالێیەوە دەست بە لێکۆڵینەوە ڕەخنەیەکانی بکات، سەبارەت بە کۆمەڵگە ئەوروپیەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی فەرەنسی بەتایبەتی.

## ٢- «ڕۆسۆ» و هاتنە ئارای کۆمەڵگەی مەدەنی:

ئەو دیدو بۆچونانەی «ڕۆسۆ» لەم بارەیەوە خستنیە ڕو، تاڕادەیەکی زۆر لە بۆچونەکانی «هۆبس» جیاواز بوو، هەر لە دۆخی سروشتییەوە تا پێنانە قۆناغی کۆمەڵایەتی. دیدی «رۆسۆ» سەبارەت بەم مەسەلەیە

خەسڵەتێکی دیموکراسیانەی هەیە، زیاد لەوەی دیکتاتۆری بێت وەک ئەوەی لای «تۆماس هۆپس» بەرچاو دەکەوێت. لای «ڕۆسۆ» تاوتوێکردنی دۆخی پێشوی و نائارامی قۆناغی سروشتی کە مرۆڤایەتی تیایدا ژیاوە، دەبێتە دەسپێکی بۆچونە تیۆریەکانی، سەرەڕای ئەوەی «رۆسۆ» لەگەڵ «هۆپس»دا لەسەر دیاردە بنەماییەکانی دۆخی پشێوی هاوڕایە، دۆخێک کە ڕوبەڕوی سستمی کۆمەڵایەتی دەبێتەوەو دەبێتە مایەی هەڕەشەی شەڕی هەمووان دژ بە هەمووان، بەڵام لە دەستنیشان کردنی وردەکاری سروشتی ئەم رەوشەدا لەیەکتر جیادەبنەوە.

چونکە لای «رۆسۆ» دۆخی پشێوی و نائارامی ساتەوەختێک نییە، قۆناغێک نییە بەر لە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە ئارەدا بێت وەک ئەوەی لای «هۆپس» هەیە، بەڵکو لای ئەو ئەمە قۆناغێکە لە دوای کۆبوونەوەو دامەزراندنی کۆمەڵگە دێتە ئاراو سەر هەڵدەدات. هەر بۆیە دۆخی پشێوی لای ئەو لە پاش دروست بوونی کۆمەڵ و دەرکەوتنی جیاوازیە جۆراو جۆرە کۆمەڵایەتیەکان دێتە ئارا. ئەمەش ئەو جیاوازیانەیە بنەمای قۆناغی شار پێکدێنن و پێچەوانەی خەسڵەتەکانی مرۆڤن. ئەم حاڵەتی نابەرامبەریە لەم قۆناغەدا ڕێگرە لە بەردەم پێگەیشتنی خودو گەشەکردنیدا و زیانیش بە بوونیادی سایکۆلۆژی فەردەکان دەگەیەنێت، «رۆسۆ» پێیوایە ئەوە ناهەمواری باری کۆمەڵایەتی بووندا کۆت دەکرێ و ڕێی لێدەگیرێت. «ڕۆسۆ» پێیوایە ئەوە ناهەمواری باری کۆمەڵایەتیە وا دەکات، مرۆڤ زۆر لە خەسڵەتە سروشتییەکانی خۆی لەدەست بدات. لەم بارەیەوە دەڵێت: (شارستانیەت هیچ نییە جگە لە دیاردەیەک کە لەنێویدا هەموو جۆرە پێوەندیەک بە خودی خۆمانەوە لەدەست دەدەین).

لەبەرئەوەی ئەو ساتەی دێینە ناو کۆمەڵەوە، دەست بە هەڵبەستنی

ماسک و دەمامک دەکەین و هەریەکەمان ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی و دیاریکراومان پێدەسپێردرێت، هەروەک ئەوەی چەند ئەکتەرێک بین لەسەر تەختەی شانۆ. لەم ڕووەوە ئەوەی «ڕۆسۆ» نیگەران دەکات، ئەوەیە ئەو خودەی لە پشت ماسکەکانەوەیە خودی ڕاستەقینە نەبێت. بۆیە ئەو لەو پشێویەی دەوروبەریدا لە دۆخێکی نامۆ بوون بەولاوە هیچی دیکەی بەدی نەدەکرد، چونکە مرۆڤ لەم دۆخەدا ناتوانێت بگەڕێتەوە لای خۆی، هەر بۆیە ژیانی دەبێتە بارێکی قورس و پڕ لە بێزاری. ئەمەش بەرەنجامی ئەو زوڵم و جیاوازییەی نێو کۆمەڵگەیە. لێرەوە «ڕۆسۆ» دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی سروشتی کە بەر لە دروست بوونی کۆمەڵگە لە ئارەدا بووە. لەم ڕوەشەوە تەواو پێچەوانەی «هۆبس»ە، چونکە بڕوایەکی تەواوی بەوە هەیە کە مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆڕسک چاکە خوازەو ئەم کارەش یەکێکە لە پرانسیپە ئەخلاقییە نەگۆڕەکانی..

لێرەدا ئەو کارەی بووە مایەی سەرسوڕمانی «ڕۆسۆ»، پەیوەندی بەو جیاوازیە زۆرەوە هەبوو کە لەنێوان ڕەگەزە سروشتی و دروست کراوەکانی مرۆڤدا هەبوو. هەر مرۆڤێک بەشێوەیەکی خۆڕسک هەست بە ئێش و ئازاری ئەوانی دی دەکات، بۆیە بنەمای سەرەکی کۆمەڵایەتی بوون Sociability لە هەست و نەستی مرۆڤدایە نەک ئەقڵ. ئەمەش مانای وایە سروشتی مرۆڤ سروشتێکی چاکەخوازە، بەڵام مرۆڤی خۆپەرست و ئەقڵانی کە سەرجەم تیۆرە جیاجیاکان باسی لێوە دەکەن، وەک تیۆرەکانی «هۆبس»، لە دۆخی سروشتیدا بوونیان نییە، بەڵکو ئەمجۆرە کەسانە بە تەنها لە کۆمەڵگەیەکی گەندەڵدا هەن..

فەیلەسوفەکان زۆر باش سروشتی هاوڵاتیەک لە لەندەن یاخود لە پاریس دەزانن، لە کاتێکدا لە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ وەک خۆی

بێئاگان. کەواتە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ کامەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناکرێت نمونەکان لە مێژووەوە دەستنیشان بکەین، لەبەرئەوەی گەر مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا بوونی هەبوبێت، ئەوا ئێستا ئەم دۆخە بەسەرچووە. ئەگەر توێژەرێک هەوڵیدا وەڵامێکی ئەم پرسیارە بداتەوە، ئەوا تەنها وەک زیندەوەرێک ئاماژە بە مرۆڤی سروشتی دەدات کە ڕەفتارێکی غەریزی هەیەو لە گشت هۆشیارییەک بێبەشە. چونکە جگە لەو هات و هاوارە غەریزییانە، هیچ جۆرە زمانێکی دی نازانێت بۆ لیک حاڵی بوون و گفتوگۆکردن. ئاشکراشە بە بێ بوونی زمان تێگەیشتن مەحاڵە، هەر بۆیە مرۆڤ لەم دۆخەدا نە کەسێکی ئەخلاقییەو نەخانەدانەو نەدڕندە، نە کامەران و بەختەوەرە، نە پەست و دڵتەنگ. هاوکات ئەم مرۆڤە خاوەنی هیچ موڵک و ماڵاتێک نییە، لەبەرئەوەی ئەم شتانە لەڕێی بیرو مەعریفەو هۆشیارییەوە دەست دەکەون و ئەمانەش لە بنەمادا خەسڵەتی سروشتیی مرۆڤ نین. هەروەها خەسڵەتەکانی وەک خۆپەرستی و چێژ، ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر، هونەرو جەنگ، کۆیلایەتی و تاوان، هەست و سۆزی باوکایەتی و هاوسەری، سەرجەم ئەمانە کۆمەڵێک مەسەلەن لەلای ئەو مرۆڤانە هەیە کە لە کۆمەڵدا گۆشکراوان و لەگەڵ یەکتری دەژین.

«ڕۆسۆ» لەو بڕوایەدا بوو، مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا جگە لە ئاژەڵێکی تەنهاو دوورە پەرێز بەولاوە هیچی تر نییە. لەم دۆخەدا هەرکەسەو بۆخۆی دوور لەوانی تر دەژی، بێئەوەی هیچ شتێک دەربارەی کەسانی تر بزانێت، چونکە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا نەکەسێکی خانەدانەو نە کەسێکی دڕندەشە وەک «هۆبس» پێیوایە، بەڵکو ئەم خەسڵەتانە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دێنە ئارا، بۆیە ناشێت بە سروشتی ناوزەد بکرێت. لەبەرئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی سروشتیدا وەک هەر ئاژەڵێک وایە، نە خاوەنی سیفەتێکی باشە نە

خراپ، چونکە بۆخۆی لە بنەمادا هەڵگری هیچ سیفەتێکی ئەخلاقی Amoral نییەو ناشێت ڕەفتاری ئەو مرۆڤە بە پێودانگە ئەخلاقیەکان هەڵبسەنگێنرێت.

لێرەدا ڕووبەڕوی پرسیارێک دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە چۆن چۆنی مرۆڤی بەم خەسڵەتانەوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی فێر دەبێت، بۆئەوەی لەڕێیانەوە بگاتە دۆخێکی کۆمەڵایەتی سەقامگیر؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە «ڕۆسۆ» پێیوایە مرۆڤ لە هەناویدا ڕەگو ڕیشاڵی گەشەکردنی تەواوی هەڵگرتووە. ئەمەش ئەو کارەیە کە ئاژەڵ لە بەرامبەریدا دەستەوەستانە، لەبەرئەوەی ئاژەڵ بە درێژایی ژیانی وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی کەمترین گۆڕانی بەسەردا بێت. واتە ئەوە تەنها مرۆڤە لە توانایدایە ببێتە خاوەنی مێژو. هەر جارێکیش دەستی کرد بە دامەزراندنی مێژو، ئەوا بۆ یەکجارەکی سروشتی سەرەتایی خۆی لە دەست دەدات، بە جۆرێک کە ناتوانێت جارێکی دی بە دەستی بێنێتەوە. دەکرێت ئەم توانستی گۆڕانە سەرتاسەریە بە توانستی گەیشتنە کامڵ بوون Perfectibilite ناوبەرین. ئەمەش بریتیە لەو توانستە کە خودی خۆمان بە شێوەیەکی پڕاو پڕ دروستی بکەین. سەرەڕای ئەوەی توانستی بەرکەماڵ بوون مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت، ئەگەرچی ڕەگ و ڕیشەی لە دۆخی سروشتیدا هەیە . کەواتە بوونی توانا لەسەر بەرپاکردنی گۆڕانی بەرفراوان، یاخود هەوڵدان بەرەو کامڵ بوون بە خاڵی دەسپێک دەژمێردرێت کە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە قۆناغی سروشتی لە قۆناغی کۆمەڵایەتی لەیەکتر جیا دەکاتەوە . لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە لە زیندەوەرەکانی ترەوە نزیکەو جۆرە لێک چونێک لە نێوانیاندا هەیە کە لە قۆناغی کۆمەڵایەتی بووندا نامێنێ و دەپوکێتەوە . مرۆڤ لە قۆناغی

سروشتیدا خود هۆشیاریەکی تەواوی بە خۆی نییە، بۆیە هەست بە هیچ دڵە ڕاوکێیەک ناکات.
ئەو ترسەش کە لەلایەن ئەوانی دییەوە هەستی پێ دەکات و لە سیمایاندا دەیخوێنێتەوە پڕۆسەیەکە لە جیهانی ئاژەڵاندا بوونی نیە، یان ڕاستر بڵێین لەم قۆناغەدا هەستی پێ ناکرێت، هەروەک چۆن لەم قۆناغەدا ئەگەری شەڕو پێکدادان لە ئارادا نییە، لەبەرئەوەی گەر مرۆڤ بەشی ئەوەی هەبێت پێی تێر بێت، ئیتر بۆچی شاڵاو دەباتە سەر ئەوانی دی. ڕاستیەکەشی ئەوەیە هەموو مرۆڤەکان لەم قۆناغەدا بە تەنها کار بۆ ئەوساتە وەختە دەکەن کە تیایدا دەژین.
ڕەنگە مرۆڤ لەم قۆناغەدا خۆپەرست بێت یان تەنیاو گۆشەگیر یاخود بەربەریش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا «رۆسۆ» بە پێچەوانەی «هۆبس»ەوە، پێیوانیە هەموو ئەمانە بەرەو شەڕو پێکدادانی بەرن و ببنە مایەی هەڵایسانی جەنگ. بۆیە ئەو جیا لە «هۆبس» پێیوانیە مرۆڤی سروشتی هەڵگری ئەو خەسڵەتە دزێوانە بێت، وەک تاڵان و بڕۆیی و خۆسەپاندن و توندو تیژی و زەبرو زەنگ و چەوسانەوەی کەسانی دی، بەڵکو هەموو ئەمانە بەرەنجامی دۆخی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی شارستانیەتە.
پاش ئەمە «ڕۆسۆ» هەوڵ دەدات دەست نیشانی سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی بکات لە دۆخی کۆمەڵایەتیدا. ئەو پێیوایە دوای ئەوەی کەسەکان لەسەر پێکهێنانی ڕێک دەکەون، ئەوا مرۆڤ زۆر لە خەسڵەتە سروشتیەکانی خۆی لە دەست دەدات. لەبەرئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دوور لە خۆی دەژی و بەخۆی بێگانەیە. بەمجۆرەش ژیانی لەنێو کۆمەڵگەدا ژیانێکە سیمای بێزاری و ناڕەزایی پێوە دیارە. لەم دۆخەدا بە سەردارو کۆیلەشەوە هەموویان دۆڕاون، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر کۆمەڵگادا فەرز دەکرێت. وەک

جیاوازی و ستەم و کێشمە کێش و چەوساندنەوە. گەر بێتو ڕەفتاری مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا لای «ڕۆسۆ» بریتی بوبێت لە تێرکردنی خود بەبێ ڕەچاوکردنی بەرامبەر، ئەوا لە دۆخی کۆمەڵایەتی بووندا (من) لەسەر حسابی (بەرامبەر) دەستەبەر دەبێت. لە پاش ئەوەی «ڕۆسۆ» خەسڵەتەکانی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا دیاری دەکات، دەست دەکات بە دیاری کردنی رەفتارەکانی لە قۆناغی پاش ئەوەدا کە قۆناغی کۆمەڵایەتیە. لێرەوە دەردەکەوێت ئێمە لەبەردەم دوو قۆناغداین، قۆناغی سروشتی و قۆناغی کۆمەڵایەتی.

لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤ تەنها دەژی و لەلایەن بەرامبەرەوە گرنگی پێ نادرێت و هەڵگری هیچ سیفەتێکی ئەخلاقی نیەو هەست بە ئەرک و فەرمانیش ناکات، لەبەرئەوەی هەر مرۆڤەو تەنها لە پێناو خۆیداو پارێزگاری کردن لە خودی خۆی تێدەکۆشێت. سەرەڕای ئەوەی «ڕۆسۆ» لەگەڵ «هۆپس»دا تەبایە لەوەی کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا خۆپەرست و تەنهاو ڕەنگە دڕندەش بێت، بەڵام لەوەدا لەگەڵی ناکۆکە کە ئەمانە ببنە مایەی هەڵایسانی جەنگ، چونکە «ڕۆسۆ» لەو بڕوایەدایە «هۆپس» نەی توانیوە ئەو خەسڵەتانە لە مرۆڤی سروشتیدا جیابکاتەوە، کە لە ئەنجامی ژیانی نێو کۆمەڵگەوە فێری دەبێت، چونکە وەک «خۆی» دەڵێت: (جەنگ خەسڵەتێکی سستمی کۆمەڵایەتی بوونەو مرۆڤ بە تەنها لە قۆناغی کۆمەڵایەتیدا فێری شەڕو پێکدادان دەبێت). هەروەها دەڵێت: (سەرەڕای ئارەزوی زۆری مرۆڤ لەم قۆناغەدا بۆئەوەی بە تەنهاو دوور لە کەسانی تر بژی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی هەست و سۆزێکی ڕەسەنە. هەر بۆیە دەیتوانی تەنانەت بەبێ بوونی زمانی گفتوگۆو مەعریفەش، خۆی لە شوێنی ئەوی دی دابنێ و هەست بە هەمان خەم و ئازارەکانی ئەو بکات. هەروەها سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ گورگ نەبوو بۆ برای خۆی،

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئارەزوی پێوەندی بەستنی هەبوبێ و خوازیاری دروست کردنی کۆمەڵگە بوبێت).
بە کورتی دەتوانین بڵێین پەیوەندی (من) بە (بەرامبەرەوە) لەم قۆناغەدا (قۆناغی سروشتی) خەسڵەتێکی بێلایەنانەی هەیە، واتا بەبێ گوێدانە ئەوی دی ڕەفتاری خۆی دەکات. هەر بۆیە ئەگەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی لەگەڵ ئەوی دی نەگونجا، ئەوا گرفتێک سەرهەڵدەدات، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕەهەندی ئایندەیی (داهاتوو خوازی) لەو هەڵوێستەدا، ئەوا سەرهەڵدانی ململانێ و کێشمەکێش لەنێوانیاندا کارێکە بە دەگمەن ڕودەدات.
پاشان قۆناغی دووەم دێتە ئاراوە کە قۆناغی کۆمەڵایەتییە، سەرەتای ئەم قۆناغەش ئەوکاتە دەست پێدەکات کە کەسێک دێت و دەڵێت: (ئەم پارچە زەویە هی منە)، ئەمەش هانی ئەوانی دیکەش دەدات هەمان ڕەفتاری ئەو بنوێن. لەم قۆناغەدا کشتوکاڵ کردن وماڵی کردنی ئاژەڵ و دابەش کردنی کار دەست پێدەکات. ئەمەش کۆمەڵێک جیاوازی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. لێرەدا دوو دیاردەی سەرەکی بە زەقی دەردەکەون:
یەکەم/ دەست گرتنی موڵکدارەکان بەسەر هەژاراندا و دابەش بوونی کۆمەڵگا بەسەر چینەکاندا. لێرەوە ناکۆکییەکان بە ئاشکرا سەرهەڵدەدەن، ئەویش کاتێک یەک لە چینەکان لە بارێکی خۆشنودی و تێرو پڕیدا دەژی و لە بەرامبەردا ئەوانی دی ملکەچی دۆخێکی کۆیلایەتی تەواون. بەمجۆرە چینە باڵادەستەکان بیریان لە دانانی جۆرە یاسایەک کردەوە، وەک ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی ئەو بارودۆخە تا بەرژەوەندیەکانی خۆیانی تیادا پارێزراو بێت. لەمەوە دەرکردنی یاساو ڕێساکان سەری هەڵداو کۆمەڵگەی مەدەنیش دامەزرا. ئەو ماف و ڕێسایانەشی دادەنرێت، پەیوەستن بە موڵک و ماڵاتەوەو کۆمەڵگە

خۆی وەبەری هێناون. هەر لێرەشەوە مرۆڤ ناچار دەبێت شالآو بباتە سەر ئەوی دی و جەنگ و ململانییەکانیش تەنها لە پانتای کۆمەڵگەدا بە زەقی دەردەکەوێت. لەم ڕووەوە «ڕۆسۆ» سوورە لەسەر ئەوەی بڵێت: (مرۆڤ تەنها ئەو کاتە بووە جەنگاوەرێک کە وەک هاوڵاتیەکی لێهات).

دووەم/ حاڵەتی دووەمی ئەم قۆناغە (دو ڕووی)یە، ئەمەش بەرەنجامی ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییە کە هەرکەسەی لە خودی خۆی بێگانە کردووە. لەم دۆخەدا ئەو دڵسۆزی و ڕێزو دڵنیاییە زۆرەی لەنێو خەڵکیدا هەبوو، بەرەو نەمان دەچێت و هەموو ئەمانەش شوێنیان بە حەسودی و گومان و ترس و ساردو سڕی و ڕق و کوشتن پڕ دەکرێتەوە. ڕۆژانەش دەتوانین بە شێوەیەکی بەردەوام هەموو ئەمانە، لە پشت ئەو ماسک و دەمامکانەوە ببینین کە لەڕێی ئەدەب و نەزاکەتێی فریودەرەوە خۆیمان نیشان دەدات. ئەمەش مانای وایە ئەو حاڵەتەی لە قۆناغی سروشتیدا لە ئارەدایە لای هەریەک لە «تۆماس هۆپس» و «جان جاک ڕۆسۆ»، حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی ناتەواوەو بەرەو هاتنە ئارای دۆخێکی کۆمەڵایەتی سەراپاگیر ناچێت. ئەویش لەبەرئەوەی مرۆڤ لەم قۆناغەدا بە تەنها لە ڕوی غەریزیەوە هەڵسوکەوت دەکات و دەبێتە مایەی ئەوەی ڕەفتاری من لەگەڵ بەرامبەردا نەگونجێت و ببێتە مایەی دروست بوونی شەڕی هەمووان دژ بە هەمووان، وەک «هۆپس» پێیوایە. یاخود بەرەو لێک جیابوونەوەو دابڕانی کەسەکان بچێت، کە هەر یەک گۆشەگیرو دوور لەوی تر بژی، بەبێ گوێدانە بیرو ڕاو باری سەرنجی کەسانی تر، وەک «ڕۆسۆ» باسی دەکات. بەڵام بە چونە نێو قۆناغی کۆمەڵایەتی بوون و دامەزراندنی کۆمەڵگە، مرۆڤ ڕووەو ئەوە دەڕوات تا خۆی لە ڕێزبەدنی چینێک لە چێنەکانی کۆمەڵگەدا ببینێتەوە، لێرەشداو لە ئەنجامی ئەو جیاوازیەی لەنێوان هاوڵاتیاندا

دروست دەبێت، ئەوا هەمووان جارێکی دی دەکەونە بەر هەڕەشەی هاتنە ئارای دۆخێک لە پشێوی و نا ئارامی سەرتاسەری. پاش ئەمە ئەو پرسیارەی دەیوروژێنین ئەوەیە، «ڕۆسۆ» چ بۆچونێکی سەبارەت بە هاتنە ئارای کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە؟

ئەو پێیوایە دەوڵەت بۆخۆی شەڕێکەو بەرەنجامی ساتەوەختیکی تایبەتە، لە پێش هەمووشیانەوە هاتنە ئاراو سەرهەڵدانی جیاوازی و نایەکسانییە لەنیوان کەسەکاندا. پێویستە ڕێکەوتنی نێوان هاوڵاتیان لەژێر سایەی ئەمجۆرە پەیوەندییە ناهاوتایەدا گەڵاڵە نەکرێت و بڕیاری لەسەر نەدرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر لە دۆخێکی وا گەندەڵ و نایەکساندا دامەزرا، ئەوا ناوەڕۆکی پەیمانەکە بەم شێوەیە دەبێت: (تۆ بۆیە پێویستت بە منە، لەبەرئەوەی تۆ دەوڵەمەندیت و من هەژارم، بۆیە وا چاکە هەردووک پەیمانێک ببەستین). مرۆڤ دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەم شێوازە کۆمەڵایەتیە سەربەست بکرێت. گرفتەکەش لەوەدا دەبێت چۆن چۆنی لە چوارچێوەی ئەم گرێ بەستەدا، مافی هەمووان پارێزراو بێت. ئەڵبەت ئەمە لەڕێی دەسەڵاتێکی سەرتاسەرییەوە مەیسەر دەبێت کە لە سایەیدا مرۆڤەکان ئازادو یەکسان بن. هەر بۆیە «ڕۆسۆ» پێیوایە ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەی کار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک دەکات، ئەو کاتە بەرقەرار دەبێت کە هەریەک لە هاوڵاتیان بەم قەناعەتەوە بێنە پێش.. (هەریەک لە ئێمە خۆی و تەواوی وزەو تواناکانی دەخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی باڵای ئیرادەی گشتییەوە. ئەم دۆخە کۆمەڵایەتیە وەها قبوڵ دەکەین کە هەریەکەمان ئەندامێکین تێیداو لێی جیا نابینەوە، هەر ئەمەشە دامەزراندنی ئیرادەی گشتی لێدەکەوێتەوە).

بە کورتی دەتوانین بڵێین: (ئەو دەمەی مرۆڤ دەست بەرداری هێزو توانای خۆی دەبێت بۆ هەمووان، لە ڕاستیدا دەست بەرداری هیچ

شتێ نابێت، بەڵکو لە بەرامبەردا ئەوشتانەی چنگ دەکەوێت کە لێمان بێبەش بووە. لێرەوە هێزو توانای زۆرتر دەبێت لە پاراستنی ئەو شتومەکانەی هەیەتی). ئەمەش ئەو چارەسەرە میسالییەیە کە «ڕۆسۆ» لە کتێبەکەیدا (دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی) پێشنیاری کردووە، چونکە ڕێکەوتنێکی لەمجۆرە دەسەڵاتی دەوڵەتێکی لێدەکەوێتەوە کە کاری چەوساندنەوەی هاوڵاتیان نابێت، بەڵکو بوونی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێتە بنەمایەکی گرنگ و پێویست، بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ڕاستەقینە.

لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، پرۆسەیەکی پوچ و بێهودە نییە، بەڵکو دەسەڵات دەبەخشێتە هەمووان و هەرکەسێک ملکەچی ئیرادەی گشتی نەبێت، ئەوا لەڕێی هەموانەوە ناچار دەکرێت بەوکارە. بەمجۆرە کۆمەڵگەی نوێ کار بۆئەوە دەکات، تا تاک لە چوارچێوەی ئیرادەی هاوبەشی گشتی خۆیدا ڕیزبەند بکات. کاتێک مرۆڤ مل بۆ ئەم ئیرادە دەدات، مانای ئەوە ناگەیەنێ خۆی دوچاری جۆرێک لە پاشکۆیایەتی دەکات، لەبەرئەوەی ڕەنگە مرۆڤ هەندێک شت لە دەست بدات یان هیچ شتێک لە دەست نەدات، بەرامبەر بەو دڵنیایی و ئارامیەی لەلایەن هێزی دەوڵەتەوە بۆی دابین دەکرێت.

بەمجۆرە مرۆڤ دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و سەرلەنوێ یەکسانی و تەبایی لەگەڵ ئەوانی دیدا بەدەست دێنێتەوە، بەڵام جیاواز لەوەی لە قۆناغی سروشتیدا لە ئارەدا بوو، بەڵکو لە فۆرمێکی بەرزو باڵاتردا دەبێت. ئیتر لەم قۆناغەدا ئەو دروشمە بەرز دەکرێتەوە کە دەڵێت: (تەواوی کۆمەڵ لەپێناو بەختەوەری و کامەرانی تاکەکەسدا کار دەکات). بۆ تەئکید کردنەوەی ئیرادەی گشتی کە دەسەڵاتێکی ڕەهای بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا هەبێت، لەڕێی ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیە تازەوە، ئەوا پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێک تەنها دەست

بەرداری بەشێکی کەم لە دەسەڵات و موڵک و ماڵ و سەربەستی خۆی بێت، مادامەکی ئەمە گرنگی زۆری دەبێت بۆ کۆمەڵگە، تا بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت. دەبێت ئەوەش لای هەمووان ئاشکرا بێت کە کەسی فەرمانڕەوا (تەنها دەسەڵاتێکە بڕیاری یەکلایکەرەوە لەسەر کێشەو مەسەلەکان دەدات)، بەڵام پێویستە فەرمانڕەواش لای خۆیەوە هیچ کۆت و بەندێک بەسەر هاوڵاتیاندا فەرز نەکات کە هیچ بەهاو گرنگیەکیان لای کۆمەڵگا نەبێت. ئەمەش مانای وایە هێزو دەسەڵاتی ڕەهای کەسی فەرمانڕەوا کە هیچ دەسەڵاتێک لەسەرویەوە نیە، نابێت زیادەڕۆی بکاو سنوری بیروڕا گشتیەکان ببەزێنێ. لەبەرئەوە مافی هەموو مرۆڤێکە ببێتە خاوەنی سەروەت و سامان و سەربەستی تەواویشی هەبێت لە چوارچێوەی ئەو بیروڕا گشتییەی، کۆمەڵگا بەشیاوی دەزانێ و پەسەندی دەکات.
بەمجۆرە «ڕۆسۆ» بەراوردێک دەکات لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی کە لە حکومەت و کەسی فەرمانڕەوادا خۆی دەنوێنێ، لەگەڵ کۆمەڵگەیەک کە ئیرادەیەکی گشتی نوێنەرایەتی دەکات. حکومەتیش لەو کەسانە پێکدێت کە گەل هەڵیان دەبژێرێت، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی ئیرادەی گشتی خەڵک، چونکە وەک خۆی دەڵێت: (گرێ بەست حکومەت دروست ناکات، بەڵکو ئەوە گەلە حکومەت دادەمەزرێنێ). واتە بە تەنها گەل خاوەنی دەسەڵاتەو حکومەت جگە لە نوێنەری گەل بەولاوە شتێکی تر نییە، هەر کاتێکیش بیەوێت ئەوا دەتوانێت بیگۆڕێت.
کەواتە پەیمانی کۆمەڵایەتی، بریتیە لە هۆکارێک بۆ دەربازبوون لە دۆخی پشێوی یاخود بۆ سەرلەنوێ دووپات کردنەوەی باری یەکسانی کۆمەڵایەتی، تا مرۆڤ لە سایەی سەروەری و خانەدانی خۆیدا دەست بە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەو ئیرادەیە بکات. ئەو کات

هیچ جۆرە بەربەستێک نامێنێت، تا گەل هەڵبستێ بە گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە سیاسیە بە دەسەڵاتێکی کارای نوێ. ئەمەش وا دەکات چارەسەری کێشەکان شێوازێکی دیموکراسیانە وەرگرێت، یاخود ئەمە بۆخۆی چارەسەرێکی دیموکراسیانەیە بۆ گیروگرفتەکانی سستمی کۆمەڵایەتی.

کەواتە (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، ئامانجی پاراستنی ئازادی مرۆڤ و ڕێگە نەدانە بەوەی بچەوسێنرێتەوە. دوای ئەمەش دەبینین «ڕۆسۆ» جیا لە هاوسەردەمەکانی خۆی، کەمتر بەلای ئەوەدا دەچێت تا کۆمەڵگە سەرلەنوێ و لەسەر پرانسیپە ئەقڵیە ئەبستراکتەکان دیسپلین بکات، چونکە لای «ڕۆسۆ» ئیرادەیەکی ئەخلاقی ناوەکی لە هەناوی مرۆڤدا هەیە کە پێویستە پشتی پێ ببەسترێت، لەپێناو ئازادکردنی خودی مرۆڤ خۆیدا. لەگەڵ ئیرادەی ناوەکی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیردا. کە ئازادی مرۆڤی تیا پارێزراو بێت، پێویستە کاری زیاتر بۆ ئازادکردنی مرۆڤ بکرێت لە (کۆمەڵگاو دامەزراوە قەیمیەکانی، وەک کڵێساو سەندیکا پیشەیەکان و خێزان و کۆمەڵگە لۆکاڵی و پرۆژە ئابوری و قوتابخانە)و هەر داموو دەزگایەکی تر کە شێوازێکی بیرۆکراسیانەی هەبێت، چونکە ئەم دامەزراوانە بە جۆرێک بوونەتە کۆسپ لەنێوان تاکو دەوڵەتدا، پەیوەندی و ئاوێتە بوونی ئۆرگانی ڕاستەوخۆی نێوانیان زەحمەت کردووە.

یەکێک لەو خاڵە سەرەکیانەی «ڕۆسۆ» بە پێویستی دەزانێت بۆ سستمێکی کۆمەڵایەتی سەقامگیرو ئارام، ئەوەیە مرۆڤ ئازادو سەربەست بێت. بۆیە گەر مرۆڤ بیەوێت ئەو سەربەستییە بەدەست بهێنێتەوە، ئەوا دەبێت خۆی قۆتار بکاو یەک لایەنانەو بەشێوەیەکی ڕەها پشت بە دەوڵەت ببەستێ، لەبەرئەوەی ئەوە بە تەنها دەوڵەتە دەتوانێ ئازادی و سەربەستی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات.

لە کۆتایشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیرادەی گشتی بەو پێیەی نوێنەرایەتی ئەخلاقی بوونی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەوا بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی سەقامگیربوون و ئارامی کۆمەڵگە دەژمێردرێت. لای «ڕۆسۆ» ئیرادەی گشتی ئاماژەیە بۆ ئیرادەی ڕاستەقینەی مرۆڤ کە لەناخی هەریەکێکیاندا هەیە، بۆیە بە زەرورەت دەبێت ئەو دەسەڵاتە کار بۆ ئازاد کردنی مرۆڤ بکات، لە هەموو دەسەڵات و بڕیارێکی زۆرە ملێ و خاڵێکی وا لەبەرچاو بگرێت. ئەگەر ئەمەش بە ئەنجام گەیشت، ئەوا ئیرادەی مرۆڤ دەبێتە ئیرادەی گشتی (یاخود دەبێتە دەنگی خواوەند). «ڕۆسۆ» پێیوایە ئیرادەی گشتی پەیوەستە بە چاکە خوازییەوە، بۆیە پێویستە ئەو فەرمانڕەوایەی نوێنەرایەتی ئیرادە گشتی دەکات، چاکە خوازبێت و کاتێکیش ئیرادەی گشتی بەرجەستە دەبێت کە ئیرادەی تایبەتیەکانی تر، خۆیانی لەگەڵ تەباکەن و لەگەڵیدا بگونجێنن.

سەردەمی چاکسازی و ئارامی، کاتێک سەرهەڵدەداو دێتە ئارا، کە ئیرادە تایبەتەکان لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا هاوشان بن و یەک بگرنەوە.

لە پاش سەقامگیر بوون و دامەزراندنی کۆمەڵگە لەڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوەو توانەوەی ئیرادەی تایبەتی لەنێو ئیرادەی گشتیدا، ئەوا پێویستە دەسەڵاتی دەوڵەت هەندێک ئامێرو ئامرازی خۆی هەبێت، تا لەڕێیانەوە ئەو ئارامیەی پێ بپارێزرێت و بەردەوامی بداتێ. لە دوای بە ئەنجام گەیاندنی گرێبەست و دامەزراندنی سستمی کۆمەڵایەتی، پێویستە یەکناگیریەکی سروشتی لەنێوان ئەم پێکهاتە دروست کراوەدا هەبیت کە مرۆڤەکان بەپێی ئیرادەی خۆیان دایان مەزراندووە، بەڵام چۆن چۆنی دەکرێت ئەم یەکانگیریە ئۆرگانیە دروست بکەین؟ پاشان بە چ شێوەیەک ئارامی و سەقامگیری لەنێویدا بەرجەستە دەبێت؟. بۆ

ئەمە «ڕۆسۆ» پەنا بۆ هێز یاخود دیسپلینکردن دەبات، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە ساتێک بووە خاوەنی دەسەڵاتێکی گشتگیرو سەرتاسەری، ئەو وەختە دەتوانێت داوا لە هاوڵاتیان بکات گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی ئەو دەسەڵاتە بن. جەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە ئیرادەی گشتی دابەش نابێت و سنورداریش نییەو پێویستە هەموو هاوڵاتیەک گوێڕایەڵی ئەو داواکارییانە بێت کە دەوڵەت لێی داوا دەکات.

خاڵی یەکەم بریتیە لە پاڵپشتی کردنی بەها ئاینیەکان، ئەو بەهایانەی «ڕۆسۆ» پێیوایە ناکرێت وەلاوە بنرێت و ڕێگر بین لە بەردەمیدا، بەڵکو ئەوە گرنگە بۆ کۆمەڵگە کە هەر هاونیشتمانیەک بیروباوەڕی خۆی هەبێت، تاهانی بدات ئەرکەکانی سەرشانی بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ بکات. «ڕۆسۆ» دەڵێت: (هەرئەوەندە بەس نییە نەتەوەیەک هەڵگری بیروباوەڕێکی ئاینی بێت، بەڵکو هاوکات پێویستە بەهای ئەو ئاینەی کە لە ئەقڵ و هۆشی مرۆڤدایە، لەگەڵ بەهاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا یەک بگرێتەوەو ئاین نەبێتە مایەی پەرت بوون و لێکترازانی ئیرادەی گشتی دەوڵەت. نابێت ئاین تەنها کار بۆ پەروەدەکردن و پێگەیاندی کەسانی خودا ناس و چاکە خواز بکات، بەڵکو پێویستە ئەرکی سەرەکی بریتی بێت لە پەروەردەکردن و دروست کردنی هاونیشتمانی چاک و بەکەڵک. بەمجۆرە لە بەرامبەر ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، بەرپرسی ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی ئاین کە تەئکید لەسەر یەکێتی و یەکانگیری دەسەڵاتی دەوڵەت بکاتەوە. لێرەوە ئاین دەتوانێت پاساو بۆبوون و بەردەوامی خۆی بێنێتەوە، لەڕێی پاڵپشتی کردنی لە یەکێتی و یەکانگیری کۆمەڵگەو دەسەڵاتی دەوڵەتەوە). لەم سەرو بەندەدا پێویستە ئاین وەک بەها سیاسی و

کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت، لە هەوڵی ئەوەدا بێت تا تاکەکەس لە زەبرو زۆری ئەوانی دی قوتار بکات، بەمجۆرە ئاین و دەوڵەت پێکەوە دەبنە دوو ئامرازی سەرەکی ئازادی تاکەکەس و گەشەدان بە لایەنی چاکە خوازی تیایدا ، هەموو ئەو لایەنانەی دیش کە لەڕێی کۆمەڵگەی خراپ و نالەبارەوە لە ناخیدا چێنراون.

هەروەها پێویستە دەوڵەت دۆخی یەکسانی و هاوسەنگی و کۆمەڵایەتی ڕابگرێ و ڕێگە نەدات ململانێ و کێشمە کێش سەرهەڵبدات، بەڵام تەوەری دووەم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە پەیوەستە بە ڕۆڵی دەوڵەت لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکەکەس بە پێی پێوەدانگ و بەها سەرەکیەکانی خۆی، ئیتر ئەم بەهایانە ڕۆشنبیری بێت یاخود ئاینی. لێرەدا «ڕۆسۆ» پێیوایە خێزان لە توانایدا نییە ئەرکێکی لەمجۆرە لە ئەستۆ بگرێ و بەو کارانە هەڵبستێ، بۆیە یەکێتی و یەکانگیری دەوڵەت ئەوە دەخوازێت تا سەرلەنوێ دەست بە ڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەی ڕەفتاری ئینسانەکان بکات، ئەمەش بۆئەوەی هیچ گرژی و ئاڵۆزییەک سەرهەڵنەدات. پاشان دەڵێت: (هەر دەسەڵاتیک لە توانایدا بێت سەرلەنوێ ڕێساکانی ژیانی مرۆڤایەتی دابڕێژێتەوە، ئەوا دەشتوانین سروشت و ڕەفتاری مرۆڤانەشیان بگۆڕێت، واتە دەتوانێت هەر تاکێک لە یەکەیەکی کەنارگیرو دابڕاوەوە، بکاتە بەشێک لە گشتێکی هەمەلایەن و بەرفراوان).

بە کورتی دەتوانین بڵێین کاری کۆمەڵگە یاخود ئیرادەی گشتی، بریتیە لەوەی هەستێ بەلابردنی ئەو توانستە ناشارستانیانەی ئینسان کە لە قۆناغی بەر لە کۆمەڵایەتی بوونی خووی پێوە گرتبوو، هاوکات لەسەر ڕەفتاری تازەش ڕای بێنێت، ئەو ڕەفتارانەی کە ناشێ بەبێ یارمەتی کەسانی دی پەی پێ بەرێت. تا چەندە بتوانرێت ڕێگیری

لە ڕەفتارە سروشتیەکان بکرێ و کەم بکرێتەوە، لە بەرامبەردا وزەو توانای نوێ بە مرۆڤ ببەخشرێت، پرۆسەکە دەرەنجامێکی تۆکمەتری دەبێت. هەر بۆیە «ڕۆسۆ» پێیوایە ئەگەر هاتوو توانیمان بە شێوەیەکی هاوبەش و یەکسان منداڵەکانمان پەروەردە بکەین و وایان لێ بکەین ڕێساکانی دەوڵەت و ڕێنومایییەکانی ئیرادەی گشتی فێرببن، هاوکات گەر هاتوو لەسەر ئەوە ڕاهێنران کە بە دەوڵەتەوە پەیوەستبن، بەرامبەر بەو سۆزو خۆشەویستیەی دەوڵەت دەرهەق بە ئەوان هەیەتی و ئەو بەرژەوەندیانەی بۆی دابین کردوون، ئەوا لەو ساتەدا هەرکەسە دەبێتە برای ئەوی دی و دەستەملانێی یەکتر دەبن. هەروەها لای «ڕۆسۆ» سستمی سەندیکایی بنەمایەکی تر لە بنەما سەرەکیەکانی دیسپلین کردنی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت. ئەگەر ئیرادەی گشتی ئەو بەهایانەی ڕون کردبێتەوە کە پێویستە ڕەچاو بکرێن و جێبەجی بکرێن، هاوشانی ئەمەش دەبێت دەوڵەت هەستابێت بە پەروەردەکردنی هاوڵاتیان بەجۆرێک لەگەڵ پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکاندا بگونجێت، ئەوا لە دوای ئەمەوە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کۆمەڵگەو دەسەڵاتی دەوڵەت، خۆیان بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەرکەسێک کە هەوڵی پێشێلکردنی یاساکانیان بدات، ئەمەش بەوەی سزایەکی توندیان بدەن. لەم بارەیەوە «ڕۆسۆ» دەڵێت: (ئەگەرچی دەوڵەت لە توانایدا نییە ئەوە بەسەر هەموو کەسێکدا بسەپێنێ تا بڕوای پێ بهێنێ و گوێ ڕایەڵی یاساکانی بێت، بەڵام گەر هاتوو کەسێک ڕەفتارێکی پێچەوانەی یاسای کرد لە دوای دەرچون و بڵاوبوونەوەی، ئەوا ئەرکی دەوڵەتە تا سزای مردنی بەسەردا بسەپێنێ).

ئەگەر دۆخی پشێوی و نائارامی بوبێتە هۆکاری دامەزراندن و هێنانە ئارای تێزەو تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، وەک هەوڵ و تەقەلایەک

بۆ سازکردن و زەمینە خۆشکردنی بنەمایەکی واقیعی کۆمەڵایەتی ئارام و سەقامگیر، ئەوا جێی خۆیەتی ئەم تیۆریانە لە خەمی بەدیهێنانی سستمێکی سەقامگیردابن کە خۆزگەو ئاواتی سەرجەم بیرمەندانی قۆناغی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، لە ڕێگای دامەزراندن و بناغەداڕشتنی هێزو دەسەڵاتێک کە میکانیزمی کارای خۆی هەبێت لەو دیسپلین کردنی کۆمەڵگەدا.

# سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا



د. السيد الحسينى

## پێشەکی:

مێژوی سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا پەیوەندیەکی توندو تۆڵی بە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە هەیە، بەتایبەتی لە هەریەک لە وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلستاندا. لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا ژمارەیەک بیرمەندو فەیلەسوفی وا هاتنە ئارا کە بڕوایەکی لەڕادە بەدەریان بەهێزو توانای عەقڵی مرۆڤ هەبوو، لە ڕوی تێگەیشتن لە دنیاو کۆنترۆڵکردنی سروشت بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستیەکانی مرۆڤ. لای ئەم بیرمەند و فەیلەسوفانە، عەقڵ بووە ئامرازێک بۆ کەشفکردنی ئەو نهێنیانەی نەوەکانی پێش خۆیان لە ئاستیدا دەستەوەستان بوون، هەروەها بیرکردنەوەی زانستیش جێگایەکی گرنگی لەلایان داگیر کرد، بەوپێیەی کە زانست تەنها ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە مەعریفەیەکی پوخت و بێخەوش.

گەر بیرکردنەوەی زانستی لە باری دابێت پەی بە ڕێساکانی جیهانی سروشتی بەرێت، ئەوا بە هەمان شێوە دەتوانێت یاساکانی بواری کۆمەڵایەتیش بگرێتەوە. پشت ئەستوور بەم بۆچونە، بیریارانی ڕۆشنگەری دەستیان دایە شیکردنەوەو تاوتوێکردنی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مۆراڵی. واتا هەموو ئەو لایەنانەیان خستە ژێر شیکاریەکی ڕەخنەیی توندو تیژەوە، ڕەخنەیەکی لەو جۆرەش لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی بوو. دوای ئەمەش شاڵاوێکی بەرفراوانیان کردە سەر شتە قەیمی و بەسەرچووەکان، ئەو شتانەی لەگەڵ پرانسیپەکانی بیرکردنەوەی زانستیدا ناگونجێن و ڕێک ناکەون. هەروەها غەیبانیەتیش کەوتە بەر هێرش و شاڵاوی فەیلەسوفانی ئەو قۆناغەو دروشمی لابردنی سانسۆری دەوڵەتیان بەرزکردەوە، لەگەڵ

داخوازی دابین کردنی سەربەستی و ئازادی بیرکردنەوە. بنەماکانی فیودالیزمیش بەردەوام هێرشیان دەکرایە سەرو ئەو ڕۆڵە گرنگەش ئاشکرا کرا کە ڕەنگە ناوەڕاستە پیشەسازی و بازرگانیەکانی پێی هەڵبستن.

سەردەمی ڕۆشنگەری بە سەدەی هەژدەهەم و فەیلەسوف و زاناو بیریارانی ئەو سەدەیە دەوترێت، وەک: (جۆن لۆک و مۆنتسیکۆو ڤۆڵتێرو هیوم و ئادەم سمس و کانت و.. هتد). ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئەم سەردەمەش، ڕەخنەگرتن بوو لە کۆمەڵگای ئەوروپی بە هەموو ڕەگەزو بنەماکانیەوە، لەڕێی هەڵسەنگاندنێکی عەقڵی پەتیەوە. بێگومان فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری بەشدار بوون لە بەرەو پێش بردنی ئەو بزافە فیکری و سیاسییە ئازادەی، لە سەدەی حەڤدەهەمەوە کۆمەڵگای ئەوروپی بەخۆیەوە بینی و بووە مایەی دروست بوون و دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیا.

لە ڕاستیدا فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەڕێی بە پیرۆزکردنی عەقڵ و ئازادی و بڕوای تەواوی بەهێزو توانای مرۆڤ، دەیویست مرۆڤ لەو ڕەوشە نالەبارە قوتار بکات کە تیایدا دەژیا، ڕووەو واقعێکی سازو لەبارتر. هەموو ئەمانە بۆخۆیان ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو گەشەو پێشکەوتنانە بوون کە کۆمەڵگای ئەوروپی بەر لە شەش سەدە بە خۆیەوە بینی. ئەمەش مانای وایە کە فەلسەفەی ئەم قۆناغە، لە هەناوی کۆمەڵگای فیوداڵ و دەرەبەگایەتی کۆندا لە دایک بووەو چاوی کردۆتەوە، لە دوای ئەوە وەک بیری قۆناغێکی مۆدێرن بەنێو جەستەی کۆمەڵگای سەرمایەداری تازەدا پەلو پۆی هاویشتووەو تەشەنەی کردووە.

شتێکی ئاساییە فەلسەفەیەکی لەمجۆرە کە بڕوایەکی لە ڕادەبەدەری بە عەقڵی مرۆڤ هەبوو، ڕووبەڕوی بیروباوەڕی تیۆلۆژیای کاتۆلیکیەت بێتەوە، چونکە بیری ئاینی داکۆکی لەو ڕەوشەی ئەوسا دەکرد، پشت

ئەستور بەو قەناعەتەی کە یەزدان و ڕێسا ئاسمانیەکان، گەردون و کۆمەڵگا بەپێی خواست و مەبەستە بڵندەگیەکان بەڕێوە دەبەن و ئاڕاستەیان دەکەن. ئەم کارەش بە جۆرێکە مرۆڤ ناتوانیت دەستی تێ وەربداو قەزاو قەدەرەکانی ڕەتبکاتەوە. واتا فەلسەفەی خوداناسی هەموو جۆرە گۆڕانکاری و ڕیفۆرمێکی ڕەتدەکردەوە، لەبەرئەوەی تیۆلۆژیا خۆی بە بەشێک لە بنەماکانی ئەو کۆمەڵگا فیۆدالییە دەزانی کە ئەوکات بەرەو هەرەس هێنان و لێک هەڵوەشان دەچوو.
لێرەوە فەیلەسەفانی ڕۆشنگەری پاڵپشت بە عەقڵ، کۆمەڵگایان خستە ژێر باری ڕەخنەکاریەکی زۆرەوە، بە مەبەستی گۆڕینی سیستم و کارو کردەوە نالۆژکیەکانی. ئەوەشی یارمەتی گۆڕانی ئەم بەریانە ڕەخنەییەیدا، کۆمەڵێک فاکتەری جیاجیا بوون کە ڕەنگە گرنگترینیان بریتی بوبێت لەو هەنگاوە گەورانەی لە بواری زانستە سروشییەکاندا نرا بوو. هەروەها پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی و ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانەی هاتنە ئارا، وەک دروست بوونی چین و توێژی تازە (بەتایبەت چینی سەرمایەداری و پرۆلیتاریا)، لەگەڵ لابردنی ئەو کۆت و بەندە قەییمانەی بەسەر ئاڕاستەی کارکردندا سەپێنرا بوو، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر دەمی دەرەبەگایەتیدا هەبوون. لەگەڵ هەژاری و زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانی مەڵبەندە پیشەسازیەکاندا، هەروەها ئەو بارودۆخە تەندروستی و کۆمەلایەتیە شلۆق و ناهەنوارەی کرێکاری شارەکانی تێدا بوون، هاوکات لەگەڵ نالەباری ژیانیشیان لە ڕوی ئابورییەوە، ئەمەو سەرەڕای ئەو بزوتنەوە ڕیفۆرمە ئاینییەی لە ئارادا بوو. لە دیدێکی کۆمەلایەتییەوە دەبینین فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەدا، وەک یەکەیەکی بەرفراوانی لێک دانەبڕاو لە کۆملگایان ڕوانییوە.

واتە سەرەڕای جیاوازی خەسڵەت و دیاردەکانی کۆمەڵگە، بەڵام جەخت لەسەر شێوازی گشتگیری دەکەن و لەو پەیوەندیانە دەپێچنەوە کە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەگشتەوە گرێ دەدات. لەم قۆناغەشدا بەرەبەرە کۆمەڵگەی ئەورووپی دەستی بەوە کرد تا خۆی لە حەتمیەتی بارودۆخە سروشتیەکان دەرباز بکات، بە جۆرێک ئەمە ڕێگای لەبەردەم دەرکەوتنی بیرۆکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا خۆش کرد، ئەو پەیمانەی بووە مایەی ڕێگرتن لەبەردەم گەلێک گیروگرفت و کێشمە کێشی دیاری ناو کۆمەڵگە، بەڵام هێندەی نەبرد چەمکی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) خۆیشی دوچاری هەندێک گۆڕانکاری هات.
چونکە بوونی دەوڵەت و حکومەت تەنها پەیوەندی بە گردبوونەوەی کەسەکانەوە هەبووە، بەو پێیەی بریتیە لە ئامرازێک بۆ پاراستنی موڵک وماڵاتی هاوڵاتیان و زامنکردنی ئازادی و سەربەخۆییان. لەگەڵ ئەم بۆچونانەشدا «دایفید هیوم »١٧٧١- ١٧٧٦، لەو باوەڕەدا بوو کە سروشت لەڕێی پەیوەندیە جنسیەکانەوە بەشداری یەکخستنی نێوان مرۆڤەکان دەکات. ئەم پەیوەندییە ویژدانیەش سەرەتا لە چوارچێوەی خێزاندا دروست دەبێت و دواتر دەبێتە ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی جێگیرو نەگۆڕ، بەڵام مرۆڤ خەسڵەتێکی خۆپەرستانەی هەیەو پێویستە ڕێنومای بکرێت. «هیوم» پێیوایە دەوڵەت بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەرەنجامی ئەو مافانەیە کە خاوەن هێزەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتمەندی خۆیانی دەزانن. سەقامگیربوونی کۆمەڵگاش لە ڕێگای ملکەچ بوونی تاکەوە بۆ دەوڵەت دەستەبەر دەبێت. ئەم حاڵەتی گوێ ڕایەڵبوونەش بەردەوام دەبێت، مادامەکی دەوڵەت بەردەوامبێت لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان. هەروەک «هیوم» دەڵێت: (پێویستە دەوڵەت هەمیشە بە پێی ئەو پیودانگانە بجووڵێتەوە کە سروشت بەسەریدا دەسەپێنێ، چونکە گەر

وانەکات ئەوا ئەو دەسەڵاتەی لە دەستی دایە بەرەو جۆرە چەوسانەوەو زۆرە ملییەک دەچێت).

ساڵی ١٧٥٠ «تێرجۆ » ١٧٢٧ — ١٧٨١ جەختی لەسەر یەکێتی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و بەردەوامی مێژو دەکردەوە. «تێرجۆ» لە گەلێک بۆنەی تردا ئەم بۆچونەی دووپات کردۆتەوەو لە بەرامبەر پەسەندکردنی (یاسای سێ قۆناغەکە)شدا کە «کۆنت Cont» دایڕشتووە دوودڵ نەبووە، ئەگەرچی بایەخێکی وەهایشی نەداوەتێ. بۆچونەکانی «تێرجۆ» دەچووەوە سەر ئەو ئاقارە فکرییەی لەو قۆناغەدا گەشەی کردبوو، ئەویش (ڕێسای سروشتی) بوو. ئەو سستەمەی «نیوتن Newton» پێی گەیشت سستمێک بوو لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و بەراوردکرن و پۆلێن کردنی لەخۆ دەگرت، لەڕێی سەرنج و تێبینی وردەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە یاسا کۆمەڵایەتیە ڕاست و دروستەکان.

لەم سەرو بەندەشدا تەنها سۆسیۆلۆژیا لەباریدابوو داواکارییەکی لەمجۆرە جێبەجێ بکات. هاوکات ئەتنۆگرافیاش یەکێک بوو لەو زانستە گرنگانەی مێژویەکی کۆنی هەبوو، بەڵام سەرلەنوێ هاتبووەوە بەر باس، چونکە هەر لە زووەوە گەشتیاران و توێژەرەوان دەستیان بە لێکۆڵینەوەو باسکردنی ئەو شتانە کردبوو کە تایبەت بوون بە گەلان و شارستانیەتە سەرەتاییەکان. ئەوەی جێی سەرنجە ئەمجۆرە باس و لێکۆڵینەوانە، لە زێدەڕۆی و کەمو کوڕی بەدەر نەبوون. وەک ئاشکراشە پێشکەوتنی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ «مۆنتسکیۆ» ١٦٨٩ — ١٧٥٥، بەتایبەت کتێبە گرنگەکەی (ڕۆحی یاساکان).

«مۆنتسکیۆ» باسی لەوە دەکرد کە: (پێویستە هەموو سیاسەتێکی دروست، لە یاساکانی سستمی سروشتییەوە سەرچاوە بگرن). لەلایەکی ترەوە دیدو بۆچونی بیرمەندانی ڕۆشنگەری ڕوبەڕوی دژایەتیەکی

توندی موحافیزکارەکان بووەوە، چونکە ئەوان وەک پاشماوەیەکی سستمی دەرەبەگایەتی داکۆکیان لە هێشتنەوەی بارودۆخەکە دەکرد وەکو خۆی. بۆ ئەو مەبەستەش چەندین چەمک و زاراوەی لە وێنەی (ئارامی و دەسەڵات و هاوکاری و پێکەوە گونجانیان) بەکاردەهێنا. گەر بێتو ئەم چەمکانەش لەگەڵ ئەوانەی سەردەمی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەدا بەراورد بکەین، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە گۆڕانێکی زۆر بەسەر بابەتەکاندا هاتووە. بۆ نمونە لە کاتێکدا تاکەکەس بووە تەوەری باس و خواسی فەلسەفەی رۆشنگەری، ئەوا موحافیزەکاران داکۆکیان لە دەستە جەمعی دەکرد و بایەخیان بە کۆمەڵ دەدا. لەلایەکی ترەوە ئەو کاتەی فەلسەفەی ڕۆشنگەری گرنگی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەدا، موحافیزکران جەختیان لەسەر مانەوەی بارودۆخەکە دەکردەوە وەک خۆی کە هەیە.

لێرەدا پێویستە گرنگترین ئەو دیدو بۆچونانە بخەینە ڕو کە بیریارە موحافیزکارەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا پێشنیاریان دەکرد، ئەمانەش کاریگەریەکی زۆریان بەسەر پەرەسەندنی تیۆرەی سۆسیۆلۆژیاوە هەبوو لە ئایندەدا. بەلای موحافیزکارەکانەوە کۆمەڵگا بریتیە لە یەکەیەکی ئۆرگانی کە یاسای ناوەکی خۆی هەیەو ئاڕاستەی گەشەو پەرەسەندنی خۆی دەکات. باڵا دەستی ئەم یاسایەش بە جۆرێکە ئەو تاکەکەسانە فەرامۆش دەکات کە کۆمەڵگا پێکدێنن. واتا کۆمەڵگا پێشینەی بەسەر ئەو تاکانەدا هەیە کە دروستی دەکەن، هەر کۆمەڵیشە کە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو دەبینێ لە دروستکردنی کەسایەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵ و دیارکردنی شوناس و ناسنامەیاندا. لەم ڕوانگەیەوە تاکەکان مادامەکی کۆمەڵگا پێکناهێنن، ئەوا مافی گۆڕین و شۆڕش کردنیان نییە، چونکە شۆڕش مانای یاخی بوون دەگەیەنێت لەو قەوارەیەی شوناسی مرۆڤ بوونی پێبەخشیبوون.

وەک ئاشکرایە ئەم ڕاو بۆچونەی موحافیزکارەکان تەواو پێچەوانەی

ئەو شتانە بوو کە بیریارەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بانگهێشتیان بۆ دەکرد. بەتایبەت ئەو بۆچونەی جەختی لەسەر ڕۆڵی تاکەکەس دەکردەوە لە کۆمەڵداو تەنانەت مافی گۆڕانکاریشی پێدەدان، بە مەبەستی هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتر.
موحافیزکارەکان بڕوایان بە یەکانگیری بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگەو لایەنە پێکهێنەرەکانی هەیە، واتا کۆی سستم و ڕەفتارو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیەکان لە پەیوەندیەکی توندو تۆڵی ئۆرگانیدان لەگەڵ یەکتریدا، بۆیە هەر جۆرە گۆڕانێک بەسەر بەشێکیدا بێت، دەبێتە مایەی داڕوخان و داڕمانی سەرجەم ئەو بنەمایانەی کۆمەڵی لەسەر ڕاوەستاوە. هەروەها فەلسەفەی کۆنسێرڤاتیزم لەو باوەڕەدایە ئادەمیزاد کۆمەڵێک پێداویستی هەمیشەیی هەیە کە گۆڕانی بەسەردا نایەت، هەموو کۆمەڵگەیەکیش کار بۆ جێبەجێ کردن و دابینکردنی ئەو پێداویستیانە دەکات. کەواتە سستمە کۆمەڵایەتیەکان چەندین دامو دەزگای بوونیاد نەرانەن کە ئامانجیان تێرکردنی پێداویستییە گشتییەکانی مرۆڤە. بەمجۆرە فەلسەفەی کۆنسێرڤاتیزم جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە شۆڕش و گۆڕانخوازی هیچ ئاکام و بەرنجامێکیان نییە، جگە لە ڕوخاندن و لەبەریەک هەڵوەشانی کۆمەڵگا نەبێت.
ئەمەش پەیوەندییە بە تێنۆڕینی موحافزکارانەوە هەیە بۆ مەسەلەکانی وەک: (پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی هەرەمیانەی کۆمەڵگا)، چونکە بەبێ بوونی پلەبەندی کۆمەڵایەتی و جیاوازی پلەو پایەی خەڵکی لەنێو کۆمەڵدا، ناکرێت ئارامی لەنێو کۆمەڵگەدا دەستەبەر بکرێت. کەواتە ئەو بیرۆکەی یەکسانیەی بیریارانی ڕۆشنگەری بڕوایان پێیبوو، بە بیرکردنەوەی موحافیزکاران نامۆ بوو. بیرکردنەوەیەک مەرجی جێبەجێ کردن و پراکتیزە کردنی لە واقیعدا نەبوو، لەبەرئەوەی دژ بە سروشت و مەرجی دامەزراندن و ئارامی کۆمەڵایەتییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی سەرەوەدا سەرهەڵدانی دوو ئاقاری فەلسەفیمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەردووکیان هاوشانی دروست بوون و گورانی سۆسیۆلۆژیا بوون:

ئاقاری یەکەم/ کۆنسێرڤاتیڤ، یان وەک هەندێک بە (ڕۆمانسی) ناویان دەبەن. ئەمانە وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ئاقاری فەلسەفەی ڕەخنەیی ڕۆشنگەریدا دروست بوون، ئەو فەلسەفەیەی داوای بەگەڕخستنی ئەقڵ و لۆژیکی دەکرد، بە مەبەستی تێگەیشتن و شارەزا بوون لە کاروبارەکانی هەریەک لە سروشت و کۆمەڵگا. هەر لەڕێی ئاقاری موحافیزکارەکانیشەوە، دیدو بۆچونەکانی «ئۆگەست کۆنت» بەدیار کەوتن. لە بەرامبەر ئەمەدا فەلسەفەی ڕەخنەیی ڕۆشنگەری، بەشداربوو لە هێنانە ئارای بیرێکی کۆمەڵایەتی رادیکاڵدا، ئەمەش بە ڕونی و لە هەموو کەس زیاتر لە بەرهەمەکانی (کارل مارکس Marx)دا دیارە. ئەمەشیان دووەم ئاقاری فەلسەفی ئەو قۆناغەیە.

## یەکەم/ گورانی سۆسیۆلۆژیا، لە هۆکارە بوونیادیەکانەوە بۆ هەلومەرجە فیکرییەکان:

سەرەڕای هەمە جۆری هۆکارە بوونیادیەکان و ئەو رەوشە فیکریانەی هاوکاتی گورانی سۆسیۆلۆژیا بوون لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەدا، دەتوانین دەست نیشانی دوو ڕوداوی گرنگ بکەین کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە کاریگەرییەکی بەرچاویان بەسەر بوونیادی کۆمەڵگا ئەوروپیەکانەوە هەبوو، ئەم دوو ڕوداوەش بواری لە بەردەم گۆڕانکاریەکی بوونیادیدا کردەوە.

ڕوداوی یەکەم/ شۆڕشی پیشەسازی بوو، ئەمە ڕوداوێکی دەگمەنی مێژوی مرۆڤایەتی بوو. شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانێکی بوونیادی

ڕەخسان، وەک پەیدابوونی چینی کۆمەڵایەتی تازە (سەرمایەداری و پرۆلیتاریا)، لەگەڵ گەشەسەندنی زۆری شارستانیەت و بەرفراوان بوونی شارە گەورەکان، سەرهەڵدانی شێوازی بەرهەم هێنانی نوێ و کەم بوونەوەی شێوازە کۆنەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی. ئەمەش سەرەتای دروست بوونی هەستی چینایەتی و دەرکەوتنی ئەو دامو دەزگایانە بوو کە گوزارشتیان لە بەرژەوەندی چینایەتی دەکرد.

ڕوداوی دووەم/ شۆڕشی فەڕەنسی، ئەمەش بە تەنها ڕوداوێکی سیاسی نەبوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا کۆمەڵگای فەڕەنسی بەخۆیەوە بینی، بە مەبەستی گۆڕینی دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتی بە سستمێکی کۆماری دادپەروەر، بەڵکو گوزارشت بوو لە خواستەکانی ئەو قۆناغە تازەیەی مێژوی کۆمەڵگا ئەوروپیەکان لەو کاتەدا. واتە گەر شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکاری بوونیادی لە هەناوی کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا دروست کرد بێت لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا، ئەوا شۆڕشی فەرەنسی دوای ئەوە گوزارشتی لەو چوارچێوە فکرییە لەبارو شیاوە دەکرد کە لە ئاکامی ئەو گۆڕانکاریە جەوهەریانەوە هاتبووە ئارا. بەجۆرێک ئەو دروشمانەی شۆڕشگێڕە فەرەنسییەکان بەرزیان کردەوە وەک: (ئازادی و برایەتی و یەکسانی)، لە کێشەکانی شۆڕشی پیشەسازی وەک: (ڕیزبەندی چینایەتی و چەوساندنەوەی سەرمایەداری و هەوڵدان لەپێناو خولقاندنی پێکهاتەیەیەکی کۆمەڵایەتی ئازادو یەکساندا)، بەدورنەبوو.

دەکرێت بەشێوەیەکی باش لە کاری پێشەنگەکانی سۆسیۆلۆژیا تێبگەین، گەر بێتو لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانگاریە بوونیادیانەدا سەرجیان بدەین کە لە ئاکامی هەردوو شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنسی کەوتنەوە. لەم ڕووەوە هێندە بەسە ئاماژە بە سەرەتای بەکارهێنانی زۆر لەو چەمک و زاراوە سۆسیۆلۆژیانە بدەین، وەک:

(چین، توێژ، دەستەبژێر، جەماوەر، سەرمایەداری، بیرۆکراسیەت).
سۆسیۆلۆژە هاوچەرخەکانیش بەرهەم و نوسینەکانی پێشەنگەکانی ئەم بوارە لە ئەوروپادا، بەجۆرە وەڵامدانەوەیەک مەزەندە دەکەن، لە بەرامبەر سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دارمانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا. لەرێی ئەو دوالیزمانەشەوە دەتوانن پەی بە گۆرانکاریەکان بەرن کە پێشەنگەکانی سۆسیۆلۆژیا لەو قۆناغەدا بەکاریان بردووە. وەک ئەو جیاوازیەی «هنری مین Mine» دەیکات، لەنێوان کۆمەڵگایەک پشت ئەستوور بە پەیمانێکی تەقلیدی و یەکێکی دی پاڵپشت بە رێکەوتنێکی نوێ. یاخود جیاکاری «دۆرکهایم Durkheim» لەنێوان کۆمەڵگایەک کە بەشێوەیەکی میکانیکیانە پێکەوە گرێ دراوەو، یەکێکی دی بەشێوەیەکی ئۆرگانی کار دەکات. یان جیاکاری «ماکس ڤیبەر Weber» لەنێوان کۆمەڵگایەک پشت بەستوو بە دەسەڵاتێکی تەقلیدی و کۆمەڵگایەکی خاوەن دەسەڵاتێکی یاسایی.
لە راستیدا تێگەیشتن لە رەوتی سەرهەڵدانی سۆسیۆلۆژیا لە ئەوروپادا لە بەرەبەیانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ناچارمان دەکات هەڵوێستەیەک لە بەردەم گرنگترین رواڵەتەکانی سستمی سەرمایەداری تازەدا بکەین. ئەو سستمەی رۆڵێکی گرنگی لە دروست کردنی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا بینیووە. یەکێک لە دیاردەکانی ئەم قۆناغەگەشەکردنی چینی کرێکارە. ئەگەرچی ئەم چینە هەلی کارکردنی باشی لە شارەکانی ئەوروپادا بۆ رەخسا بوو، باشتر لەوەی کە لە گوندو لادێیەکاندا هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بەوە باجێکی زۆرو زەبەندەیان دەدا، وەک خراپی بارودۆخی ژینگەو تەندروستی بە رادەیەکی زۆر. ئەمەش لە ئەنجامی کۆچ و رەوی بەلێشاوی کرێکاران لە لادێوە بۆ شارەکان دروست بوو بوو.

هەروەها چەوساندنەوەیان لەلایەن سەرمایەدارانەوە، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا پارتە سیاسییە کرێکاری و سەندیکا کرێکاریەکان دروست نەبوو بوون. سەرەڕای گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی ئاستی ئابوری هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی وەک ئنگلستان، بەڵام ئەوە لە کاروچالاکی ژیانی شارەکاندا ڕەنگی نەدابووەوە، چونکە ڕێژەی مردوان هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو، لەگەڵ خراپی باری گوزەران و نیشتەجێ بوون و بڵاوبوونەوەی دەردو نەخۆشی.. لەم ڕووەوە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی «چارلس دیکنز»، یارمەتی ئەوەمان دەدەن تا بەگشتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی نێو شارەکان بگەین لەو قۆناغەدا. بیریارانی ئەم قۆناغە سەرەڕای جیاوازی بیروباوەڕیان دەستیان، بە تۆمارکردنی دیاردەی دارمانی پلەو پایەی کرێکاری ئاسایی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کرد. لەبەرئەوەی شۆڕشی پیشەسازی بووە مایەی سەرهەڵدانی شێوازی گەشەکردنی سەرمایەداری کە ڕێی لە بەردەم کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان لەلایەن چینی سەرمایەدارەوە خۆشکردو هەژاری و نەداریشی لەنێوان چینی کرێکاراندا زیاتر کرد.

نوسین و بەرهەمەکانی «کارل مارکس» لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمداو بەتایبەت لە کتێبی (سەرمایە)دا، دەربڕینێکی ڕون و ئاشکرای خواست و مەرامی چینی کارگەرانی نوێ بوو. هەروەها ئەو بیریارانە ئاماژەشیان بەو کاریگەرێتییە سلبیەشداکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و لەگەڵ پەرەسەندنی شارو شارۆچکە ئەوروپیەکاندا دروست بوو، وەک دیاردەکانی: (لەبەریەک هەڵوەشان و تەنهایی و گۆشەگیری و تێئاوارە بوون) و هەموو ئەو گیروگرفتانەی تر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هەژاری و ناهەمواری و تێکچونی ڕەوشی باری چینی کارگەرانی شارەکانەوە هەبوو. لەگەڵ کاریگەری گەشەی تەکنۆلۆژیاو پیشەسازی بەسەر یەکە کۆمەڵایەتیەکانەوە،

بەتایبەتی خێزان کە ڕووبەڕوی گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بووەوە، بەدیاریکراویش لە ڕوی سروشتی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانیەوە.
ئەگەرچی خێزان زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی خۆی لەدەست دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەو ڕادەیە گەشەی نەکردبوو و نەچوو بووە پێشێ، تا بتوانێت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی نوێدا، بەو ئەرکانە هەستێ و ئەو کارانە جێبەجێ بکات.
ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکاری بوونیادی بەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپیدا هێنابێ، ئەوا شۆڕشی فەرەنسی بووە مایەی هێنانە ئارای ئەو پرانسیپە سیاسیانەی کاریگەری گەورەیان لەسەر پێشەنگانی سۆسیۆلۆژیای ئەوروپی وەک «ئۆگەست کۆنت و ئەمیل دۆرکهایم» بەجێهێشت، چونکە ئەو زانایانە لە ڕۆڵی کاریگەرو چارەنوسسازی شۆڕشی فەرەنسی بەئاگا بوون کە چۆن بۆتە مایەی دروست بوونی ئەو واقیعە فیکری و کۆمەلایەتییەی بابەتی نوسین و لێکۆڵینەوەکانیان بوو.
ئەوەتا «کۆنت» پێچەوانەی ئاڕاستەی شۆڕش و دەرەنجامەکانی هەنگاو دەنێت. لەبەرئەوەی پێیوابوو ئەو دروشمە ئاوەژوانەی شۆڕش هەڵیگرتوون، وەک: (ئازادی و یەکسانی و دەسەلاتی جەماوەر)، بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارن لەو دارِمان و لەبەریەک هەڵوەشانەی دوچاری کۆمەڵگاکانی ئەوروپا هاتووە. لە ڕاستیدا ئەو کاریگەریە گەورەو بەرفراوانەی شۆڕشی فەرەنسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، یەکەمین شۆڕشی ئایدۆلۆژی بوو لە مێژودا. سەرچاوەی فیکری ئەم شۆڕشە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی ڕۆشنگەری بەگشتی و بۆ نوسینەکانی «جان جاک ڕۆسۆ» بەتایبەتی.
لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤیش بدەین کە بە گرنگترین یاسا شۆڕشگێڕانەکان ناوزەد دەکرێت و بووە مایەی

دارمانی بنەماکانی کۆمەڵگای کۆن. ئەم جارنامەیە بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە: (گەل بۆخۆی سەرچاوەی دەسەڵاتەو یاساش گوزارشتە لە ئیرادەی گشتی، بەم پێیە سەرجەم هاوڵاتیان مافی بەشداری کردنیان لەگەڵاڵە کردنی ئەم ڕێکەوتن نامەیەدا هەیەو هەمووان لە ڕوی پاداشت و سزاوە لەبەردەم یاسادا یەکسانن). لەم سەرو بەندەدا شۆڕشگێڕانی فەرەنسا لەو قۆناغەدا، ژمارەیک یاساو ڕێسایان دەرکرد کە کاریگەری زۆریان لەسەر بوونیادی کۆمەڵگەی فەرەنسی بەجێهێشت، ئەمەش بووە پانتایەکی گرنگی بواری سۆسیۆلۆژیا.

هەندێک لەو یاسایانە پەیوەندیان بە لەبەریەک هەڵوەشانەوەو لیکترازانی قەوارەی سستمی خێزانی تەقلیدیەوە هەبوو، لەبەرئەوەی یاسادانەرە شۆڕشگێڕەکان - وەک فەیلەسوفەکان - پێیان وابوو، ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە پاتریارکیەکان و پەیوەندییە هەمیشەییەکانی ژن و مێردایەتی، چەند مەسەلەیەکن لەگەڵ ئەقڵ و لۆژیکدا ناکۆکن و پێچەوانەی سروشتن. لێرەوە یاساگەلێک دەرچوو کە ژن خواستن بە پەیمانێکی مەدەنی دەناسێت و هەلی جۆراوجۆریش لەبەردەم تەڵاقدان و جیابوونەوەدا دەرەخسێنێ. هەروەها چەندین کۆسپیش لەبەردەم دەسەڵاتی پاتریاریکیدا دادەنێت، بە مەبەستی دانانی سنورێک بۆی، بەجۆرێک هەر وەختی فرزەندەکان گەیشتنە قۆناغی هەرزەیی و تەمەنی یاسایی خۆیان تەواوکرد، ئەو دەسەڵاتە هیچ کاریگەری و قورساییەکی وەهای نەمێنێت لەسەریان. هەروەها سستمی موڵکایەتیش کەوتە بەردەم شاڵاوی دەستووری شۆڕشگێڕانەو ئاینی مەسیحیش لەم کارە قوتار نەبوو.

ئەگەرچی شۆڕشی فەرەنسی هەڵنەستا بە سڕینەوەو ڕەتکردنەوەی ئاینی مەسیحی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیازمەندی خۆی نەشاردەوە لەوەی دەست بە ڕێکخستنەوەی بکات، بەجۆرێک لەگەڵ

پێداویستی سستمی سیاسی نوێدا بگونجێت. وەک گواستنەوەی پیشە پەروەردەییەکان لە کڵێساوە بۆ دەوڵەت، هەروەها دەستگرتن بەسەر زۆر لە کەلو پەل و پێداویستییەکانی کڵێسا. پیاوانی ئاینی و قەشەکانیش وەک هەموو خاوەن دەستەو پیشە مەدەنیەکانی تر، لەڕێی هەڵبژاردنەوە لە جێ و شوێنی خۆیان دادەنرێن.
لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی سەرەوەدا، بۆمان ڕون دەبێتەوە کە چۆن هەردوو شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنسی پێکەوە، بەشداریان لە دروست کردنی قەوارەی کۆمەڵایەتی - ئابوری نوێی ئەوروپیدا کردووە، قەوارەیەک تەواو جیاواز لە پێکهاتەی تەقلیدی کۆن. لە قەوارەی نوێدا ڕۆڵی تاکەکەس بەدیار کەوت و وەلائە کۆمەڵایەتیەکان هەرەسیان هێناو سیستمە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانی وەک: (خێزان و چین و مالکیەت و ئاین)، لەگەڵ سۆسیۆلۆژیستە پێشەنگەکانی وەک: «سان سیمۆن و ئۆگست کۆنت و هربت سبنسەر» بەدەرکەوتن، تا دیاردەکانی ئەم واقیعە نوێیەمان بۆ تاوتوێ بکەن و هۆکاری سەرهەڵدان و ڕەنگدانەوەیان لە بوارە جیاکاندا ڕون بکەنەوە. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە سۆسیۆلۆژیا لە خۆرئاوا (لانی کەم لە ڕوی دروست بوونیەوە)، تەنها هەوڵێکی مەبەستدار بووە کە ئامانجی شارەزابوون و تێگەیشتن بووە لە ڕوداوەکانی ئەو قۆناغە، لەگەڵ ئاڕاستە کردن و کۆنترۆڵکردنیاندا. لێرەوە دەمانەوێت لە نزیکەوە بەو هەوڵ و تەقەلا سەرەکیانە ئاشنابین کە هەریەک لە پێشەنگانی سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا پێشکەشیان کردووە، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە دەستکەوتە فیکری و بۆچونە ئایدۆلۆژیەکانیان کە بە زەقی لە کارو بەرهەمی سۆسیۆلۆژیستەکانی دوای خۆیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

## دووەم/ سان سیمۆن (١٧٦٠ — ١٨٢٥):

بایەخ و گرنگی «سان سیمۆن» دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەریە زۆرەی بەسەر سۆسیۆلۆژیستەکانی دوای خۆیەوە جێهێشت، بە هەردوو باڵی موحافیزکارو ڕایدیکالەوە بەبێ جیاوازی. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە فیکری «سان سیمۆن» بە ئاشکرا گوزارشت لە خەسڵەتی قۆناغێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە ئەورووپا لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بە خۆیەوە بینی.

وەک ئاشکرایە ئاقاری فیکری «سان سیمۆن»، زۆر ڕونترە گەربێتو لەگەل «لویس بۆناڵ» و «جۆزیف دی میستر»دا بەراوردیان بکەین. ئەم دوانە لە بەرامبەر ڕوداوەکانی شۆڕشی فەرەنسی و بنەماکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا، هەڵوێستێکی موحافیزکارو کۆنەپەرستانەیان هەبوو، واشیان ڕادەگەیاند کە مەیلیان بەلای کۆمەڵگایەکی لە وێنەی کۆمەڵگانی سەدەی ناوەڕاستدا دەچێت.

ئەمەش مانای وایە کە «بۆناڵ و دی میستر» لە هەوڵی ژیانەوەی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کۆندا بوون، بەڵام «سان سیمۆن» و دوای ئەویش «ئۆگست کۆنت»، ڕەخنەکانی خۆیان ئاڕاستەی کۆمەڵگای بۆرژوازی سەرمایەداری کرد. ئەمەش هانی کەسانێکیدا تا وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی بیری سۆسیالیزمی ناودێری بکەن. هەرچەندە «مارکس» سۆسیالیزمی «سان سیمۆن» بە یۆتۆبیا ناودەبات، چونکە ئەو لە کاتێکدا بیروباوەڕەکانی خۆی خستە ڕو کە شۆڕشی پیشەسازی نەگەیشتبووە قۆناغی دروستکردنی چینە کۆمەڵایەتیە ناکۆک و دژ بە بەیەکەکان.

هەڵوێستی «سان سیمۆن» بەرامبەر ڕوداوەکانی شۆڕشی فەرەنسی، هەڵوێستێک بوو پڕی بوو لە ناکۆکی. ساڵی ١٨٠٨ ڕایگەیاند کە بەشداری نەکردنی لە ڕوداوەکانی شۆڕشدا، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی

قەناعەتی تەواوی بە حەتمیەتی لەناوچونی سستمی کۆن و مەحالێتی دواخستنی ئەو کارە هەبووە. هاوکات جەختی لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ئەو هیچ لایەنگری ڕوخاندن نەبووە، بەڵام دواترو لە بەڵگەنامەکاندا ئاشکرا دەبێت کە هەڵوێستی «سان سیمۆن» بەرامبەر بە شۆڕش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، گەر بێتوو بەو نوسینانە بەراورد بکرێت لەلای خۆی تۆماری کردوون. دیدو بۆچونی «سان سیمۆن»، هەمەڕەنگییەک بوو لە فکری ڕۆشنگەری ڕادیکاڵ و فیکری ڕۆمانسی موحافیزکار. مێژونوسانی سۆسیۆلۆژیا کۆکن لەسەر ئەوەی کە «سان سیۆن» سەرجەم بیروڕا سەرەکییەکانی خۆی بەر لە ساڵی ١٨١٤ داڕشتووە، ئەمەش ئەو بیروڕایانەن کە هەردوو قوتابیەکەی «تێری و کۆنت» وەک پۆزەتیفیستی و ئەنتەرناسیونالیزمی و بیروباوەڕی نوێ، بە دیدو بۆچونی خۆیانی دەزانن. بێگومان «سان سیمۆن» بەجۆرێک ئەو کێشە فیکریانەی چارەسەر کردووە، بە یەکێک لە هەرە بیریارە ڕەسەن و وردبین و کارامەکانی سەدەی نۆزدەهەم ناوزەد بکرێت.

## ١- هەڵوێستی فیکری و ئایدۆلۆژی «سان سیمۆن»:

دەشێت لە هەڵوێستی فیکری و ئایدۆلۆژی «سان سیمۆن» تێبگەین، گەر بێتو لە دیدو بۆچونەکانی دەربارەی: (کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی کۆن و تێڕامانەکانی لەمەڕ کۆمەڵگەی بۆرژوازی نوێ) وردبینەوە. «سان سیمۆن» بڕوای وایە چەند هۆکارێکی گرنگ هەن بەشدارن لە راماڵینی کۆمەڵگەی دەربەگایەتی و دروست بوونی کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا، ئەو هۆکارانەش بریتین لە: (بیری فەلسەفی ڕەخنەیی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕیفۆرمی ئاینی و هاتنە ئارای پرۆتستانیەت و گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی و بەرەو پێش چونی بیری زانستی). هەموو ئەم هۆکارانە بە بڕوای ئەو، بوونە مایەی سڕینەوەی کۆمەڵگای

سەدەکانی ناوەڕاست. سەرەڕای ئەوەی سەرسامی خۆی بە کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست ناشارێتەوە بەوەی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیان بوون لە ڕوی هاریکاری و توندو تۆڵی پەیوەندیەکانی نێوانیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی گەڕانەوە بۆ ئەمجۆرە شێوازەی کۆمەڵگا کارێکی مەحاڵە. هەر بۆیە لەپای ئەمەدا بەرەو کۆمەڵگەی نوێی بۆرژوازی دەچێت، ئەو کۆمەڵگەیەی ناتوانێت یەکانگیر بێت، بەبێ ئەوەی لە ڕوی فیکریەوە یەکیەتیەکی بۆ فەراهام بکرێت. ئەمەش ئەو یەکانگیریەیە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەڕێی کڵێساوە جێبەجی دەکراو بەرجەستە دەبوو.

لە نوسینەکانی «سان سیمۆن»دا هەست بەو پێزانینەی دەکەین کە لەبەرامبەر ڕۆڵی گەورەو کاریگەری دەستەبژێری کۆمەڵگای کۆندا هەیەتی، لە ڕوی ڕێکخستن و یەکگرتوویی کۆمەڵگاو یەکخستنی دیدو بۆچونە جیاوازەکان بۆ گەردون و جیهان. ئەم دەستەبژێرەش لە پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان پێکهاتبوو، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە کەلەپوری لاهوتگەرایيان پاراستبوو. ئەگەرچی ئەو باوەڕەی وابوو کە کۆمەڵگای نوێ تا ئێستاش پێویستی بەو دەستە کۆنە هەیە، بەڵام بەرەو پێشچون و گەشەی ئەم کۆمەڵگەیە دەستەو تاقمێکی نوێ دەخوازێت لە پیاوانی زانست و پیشەسازی، چونکە لە کۆمەڵگەی نوێدا زانست هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینێ کە ئاین لە کۆمەڵگای کۆندا دەیبینێ. ئەمەش لە ڕێگای ڕێبازی پۆزەتیفستییەوە دەبێت کە پشت بە پراکتیزە کردنی پرانسیپە زانستیەکان دەبەستێت، بەسەر هەریەک لە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەو مانایەی لە کۆمەڵگەی نوێدا ڕۆحانیەکان لە پیاوانی زانست و پیشەسازی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو دەبینین.

«سان سیمۆن» پێیوایە کۆمەڵگەی کۆن لە سێ چین پێکهاتبوو: (ڕۆشنفکران، موڵکدارو بێبەشەکان).. کاتێک ململانێی نێوان موڵکدارو ژێر دەستەکانیان قوڵدەبووەوە، ڕۆڵی ڕۆشنفکران ئاشکرا دەبوو، چونکە دەبوونە پێشەنگی زۆربەی زۆری ئەوانەی دەسکورت و چەوساوەبوون.
خانەدانەکان (ئەوانەی کاریان بە مەرجەعیەتی تیۆلۆژی دەکرد)، لە ڕوی رۆشنبیرییەوە باڵا دەستی خۆیان لە کیسدا، بۆیە لە ئاست ڕوبەڕوبوونەوەی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکاندا دەستەوستان بوون، ئەو ڕۆشنبیرانەی توانیان لەڕێی پێشڕەوایەتی کردنی ئەوانەی خاوەنی هیچ شتێک نەبوون دەسەڵات بگرنە دەست. لێرەوە کۆمەڵگەی دوای شۆڕش گەر لە هەوڵی بەدەست هێنانەوەی پەیوەندی و یەکیەتی و یەکگرتووی نێوان ئەندامەکانیدا بوبێت، ئەوا پێویستی بەوەدەکرد دەستە بژێرە زانستخوازە تازەکان شوێنی دەسەڵاتی ڕۆحی کڵێسا بگرنەوە. بەو مانایەی زاناکان لەناو کۆمەڵگەی نوێدا، دەبوونە ئەلتەرناتیڤی پیاوانی ئاینی لە کۆمەڵگەی کۆندا، تەواو وەک چۆن پیاوانی پیشەسازی ئەو جێگەیە دەگرن کە پێشتر بە دەست خانەدان و ئاغاو دەرەبەگەکانەوە بوو.
بەمجۆرەش کێشمە کێشی نێوان ئەوانەی نیانەو ئەوانەی هەیانە بەردەوام دەبێت، بەڵام هەنوکە موڵکدارەکان لەڕێی زاناکان و بواری مەعریفەوە، دەسەڵاتی خۆیان دەگێڕنەوەو کۆنترۆڵی ئەوانە دەکەنەوە کە نیانە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دیدگای «سان سیمۆن» بۆ کۆمەڵگەی نوێ، کاریگەری زۆری واقیعی سەدەکانی ناوەڕاستی لەسەر بووە. لێرەدا دەپرسین بۆچی کاریگەری سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر دیدو بۆچونەکانی «سان سیمۆن» لەمەڕ کۆمەڵگەی نوێ مایەوە؟
لەبەرئەوەی بەلای ئەوەوە ژیواری سەدەکانی ناوەراست سستمێکی

جیهانگیر بوو، سستمێک بوو پشتی بە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەرتاسەری بەستبوو، ئەویش کڵێسا بوو. بۆیە کاتێک گەڕانەوە بۆ ناو سیستمێکی وا بووە کارێکی مەحاڵ، ئیتر دەبوو دەست بە دامەزراندن و هێنانە ئارای سستمێکی نێودەوڵەتی تازە بکرێت لەسەر بنەمایەکی زانستیانە، چونکە زانست و فەلسەفەی پۆزەتیفستی لە توانایاندا بوو، وەک «سان سیمۆن» دەڵێت: (گەلانی ئەوروپا لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتیدا یەکبخەن).

## ٢- بەشداری کردنی «سان سیمۆن» لە دروست بوونی سۆسیۆلۆژیادا:

بەشداری سەرەکی «سان سیمۆن» لە دروست بوونی سۆسیۆلۆژیادا، خۆی لە بەکارهێنانی ئەو توانستە شیکاریەدا دەبینێتەوە کە بە مەبەستی تێگەیشتن لەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانەی لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی نۆزدەدا دوچاری میللەتانی ئەوروپا هاتبوو، خستبویە گەڕ. ئەمەش قۆناغێکی چارەنوسسازو یەکلاییکەرەوە بوو لە سەرهەڵدان و هاتنە ئارای سۆسیۆلۆژیادا. حاڵەتێکی وا بە ڕونی لەو کتێبەیدا (پەیامێک لە نیشتەجێیەکەوە لە جنێف) بە دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٨٠٢ دا بڵاوبووە. ئەمەو سەرەڕای نوسینەکانی دیکەی دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی فەرەنسی، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەمانەش ئەو سەرچاوانەن سۆسیۆلۆژیستەکانی ئایندە، لە چوارچێوەیدا دیدو بۆچونە فکریەکانی خۆیانیان لەسەر داڕشت. بەرهەمەکانی «سان سیمۆن» لە ڕوی تێبینی وردو توانستی زۆری لە ڕوی ڕاڤەکردنی واقیع و ڕوداوەکان و پێکەوە گرێ دانیان لە چوارچێوەی گشتیدا، تایبەتمەندی خۆیان

هەبوو. بۆیە دەکرێت بڵێین «سان سیمۆن» لە ڕیزی پێشەوەی ئەو بیریارە کۆمەڵایەتیانەدا بوو کە بەڕونی لەو شوێنکارو بەرەنجامانەی کۆڵییەوە کە لەگەڵ شۆڕشی زانستی و پیشەسازیدا لەناو کۆمەڵگەی ئەوروپیدا هاتبووە ئاراوە. بگرە ئەو یەکەمین کەسێک بوو چەمکی کۆمەڵگەی پیشەسازی بەکارهێنا، وەک ئاماژەدان بە تەرزێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەکان. هەروەها «سان سیمۆن» بە یەکێک لە هەرە دیارترین ئەو بیریارانە دادەنرێت کە بناغەی بیری پەرەسەندنی ئۆرگانی لە سۆسیۆلۆژیادا داڕشتووە. ئەمەش بە ئاشکرا لە بەرهەم و نوسینەکانی «هێربەرت سبنسەرو، لیستەر واردۆو جیمبلۆفیتش» و چەند کەسانێکی تردا ڕەنگی داوەتەوە.

«سان سیمۆن» درکی بەوە کردبوو کە ئەوروپا لەگەڵ بەرەبەیانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، لە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی ترسناکدا دەژیا. ئەمەیش دەرەنجامی ئەو گۆڕان و وەرچەرخانەبوو کە لە سیستمێکی دەرەبەگایەتی تیۆلۆژییەوە بۆ سیستمێکی پیشەسازی. بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە «سان سیمۆن» پێیوابوو دەبێت مامەڵەیەکی جیاواز لەوەی ڕابردوودا لەگەڵ ڕەوشەکەدا بکەین. بۆیە لە زۆر نوسینیدا دەبینین داوای ڕوبەڕوبوونەوەی دەستبەجێی گرفتەکانی کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازی دەکات، ئەو کۆمەڵگایەی لە هەناوی قۆناغی فیۆدالیەوە هاتۆتەدەر.

«سان سیمۆن» داکۆکیەکی زۆری لە دەستبەژێری زانایان و پیشەسازان دەکرد، لەناو کۆمەڵگەی تازەدا. ئەو پێیوابوو گەر لە ڕابردوودا کەسەکان فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگەی کۆنی دەرەبەگایەتیان کردبێ، ئەوا ئەمڕۆ تەنها پرانسیپە زانستیەکان ئاڕاستەی کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ دەکەن. ئەو پێیوابوو هەلومەرجی کۆمەڵگە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاوبۆچونانەدا تاوتوێ دەکرێت کە لە ئارادان. لە ڕابردوودا

بیرکردنەوەی تیۆلۆژی و میتافیزیکی باڵا دەست بوو، لە بەرامبەر بیری پۆزەتفستیدا کە لەمڕۆدا بۆتە یەکێک لە فەسڵەکانی کۆمەڵگای نوێ. لەبەرئەوەی هەنوکە بیرو باوەڕە زانستییەکان جڵەوی کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندەکەن، بۆیە پێویستە دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی وابێتە ئاراوە کە لەگەڵ ئەم بیروباوەڕانەدا بگونجێت.

وەک تێبینیش دەکرێت سەرەڕای پێداگرتنی «سان سیمۆن» لەسەر شوێن و ڕۆڵی زانست، بەڵام ئەمە ڕێی لێنەگرت لە دواساتەکانی تەمەنیدا مژدە بە ئاینێکی تازەی ئینسانی بدات. لە کتێبەکەیدا (کریستانیەتی نوێ)، دەبینین داوای دۆزینەوەی ڕەوتێکی تازەی بیروباوەڕ دەکات، تا هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە ئاین لە سەردەمانی پێشوودا دەیبینی. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ڕێبازە ئاینیە نێودەوڵەتییە نوێیە، بە گرنگترین ئەو تێزانە دادەنرێت کە «سان سیمۆن» لە دواساتەکانی تەمەنیدا پێشنیاری کردبوو، چونکە ئەو لە چەند نوسینێکی دیکەدا ئەوەی ڕونکردبووەوە کە گۆڕان بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێی پیشەسازی، نابێت بە تەنها لەیەک وڵاتدا ڕوبدات و لە دەرەوەی ئەو گۆڕانکاریانەدا بێت کە لە وڵاتانی تردا ڕودەدەن. بەوپێیەی میللەتانی ئەوروپا لە چەند ڕویەکەوە پێکەوە بەستراون، ئەوا پێویستە هەمویان ببنە یەک کۆمەڵگەی یەکگرتووی وا کە چەوساندنەوەی تێدا نەبێ و سودو بەرژەوەندی تەواوی ئەندامەکانیشی پارێزراو بێت. مەبەستی «سان سیمۆن» لە کتێبەکەیدا (کریستیانەتی نوێ)، ئەوەبوو جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە گرنگە بکاتەوە کە هەست و سۆزە ئەخلاقیەکان دەیگێڕن، لە ڕوی پێکەوە بەستنی ئەندامەکانی کۆمەڵگەو پابەند کردنیان بە کاری چاکەو ئیجابیەوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا شوێن دەستی ئەم بۆچونانەی «سان سیمۆن»مان، لەسەر کارو بەرهەمەکانی «ئۆگست کۆنت» بۆ ڕون دەبێتەوە.

هەر لەڕێی چەمکی کۆمەڵگەی پیشەسازیەوە، دەتوانین لە خەسڵەتی بیری سوسیالیستی و ڕیفۆرمیانەی «سان سیمۆن» تێبگەین. بە پێچەوانەی «ڕۆبەرت ئۆین»ەوە کە لە ئنگلستان داکۆکی گەرمی لە چینی پرۆلیتاریا دەکرد لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا، «سان سیمۆن» هەڵوێستێکی بێلایەنانە وەردەگرێت لەو چینە. ئەو دەیویست پرۆسەی پیشەسازی بەرەوپێش بەرێت، بە دوور لە ململانێی چینایەتی و هەروەها پرۆسەی بەرهەمهێنانیش کە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگای نوێیە، لە هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک بپارێزرێت.

«سان سیمۆن» پێیوابوو پیشەسازی دەتوانێت سەرجەم پێداویستییەکانی کۆمەڵ دەستەبەر بکات، نەک هەر شمەکە مادیەکان، بەڵکو لەبواری چالاکیە خزمەتگوزاریە گشتی و تایبەتیەکانیشدا. لێرەوە جارێکی تر دەبینین «سان سیمۆن» تەعبیر لە بەرژەوەندی پیاوانی پیشەسازی دەکات، لەو ڕووەوەی کە ئەمانە بناغەی کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ پێک دەهێنن و توانای ئەوەشیان هەیە، چینێکی گەورەی کارگەران دروست بکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، ئەوەیە کە لەنێوان بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەراندا دروست دەبێت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێزەی «مارکس»ە کە دەڵێت: (حەقیقەتی ناکۆکیەکان لەنێوان موڵکدارو نەدارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە چوارچێوەی پرۆسەی خاوەندارێتی و دەستگرتن بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا). لە بەرهەمەکانی «سان سیمۆن»دا مشتومڕێکی دوورو درێژمان بەرچاو دەکەوێت، دەربارەی ناکۆکی نێوان چینە بەرهەمهێنەرو چینە ژێر دەستەکان. ئەمەش بە تەنها پەیوەندی بە کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەموو میللەتانی ئەوروپییەوە هەیە لە ساتەوەختی هەرەسهێنان و داڕمانی ئیمپراتۆریەتی

ڕۆمانییەوە. لەم ڕووەوە «بلیخانۆف» ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «سان سیمۆن» توانیویەتی بە قوڵایی کۆمەڵگە ئەوروپیەکاندا شۆڕببێتەوەو گەشەو بەرەو پێشەوە چونیان دەست نیشان بکات، بە جۆرێک ئەوەی ئەو لەم بوارەدا کردویەتی، هیچ کەسێکی دی لە هاوسەردەمانی خۆی بۆیان نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین «سان سیمۆن» جیاکاری لەنێوان دوو جۆرە سیستمی کۆمەڵایەتیدا دەکات، کە هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە. جۆری یەکەم بریتیە لە سیستمی دەرەبەگایەتی یان سەربازی، جۆری دووەم سستمێکی کۆمەڵایەتی پیشەسازییە و بریتیە لە پێداویستییەکی مێژوی کە سەرجەم کۆمەڵگاکانی دیکەش دواجار ڕووەو ئەوە دەچن.

لە بەشێکی تری ئەم باسەدا یەکێکی دی لە پێشەوایانی سۆسیۆلۆژیا کە ئەویش «هربت سبنسەر»ە، ئەم جیاکاریە لەنێوان کۆمەڵگەی سەربازی و کۆمەڵگەی پیشەسازیدا دەکات. لە ڕوی سروشتی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی لەناو هەریەکێکیاندا باڵادەستە. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی سەربازیدا چەوساندنەوەو ستەمکاری دەبێتە ئەو بنەمایەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر دروست دەبن، ئەوا ئەم پەیوەندیانە لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا پشت بە پەیمان و ڕێککەوتن دەبەستن. هەر لە میانەی ئەم جیاکاریەدا، دەبینین «سان سیمۆن» هەوڵی ئاشکرا کردنی سروشتی کۆمەڵگەی ئەوروپی نوێمان بۆ دەدات، ئەو کۆمەڵگەیەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی بە دروستبوون و نەشونماکردن کرد. لێرەوە دەبینین بۆچونە فیکریەکانی دەبنە دەسپێکێک بۆ چالاکی و تێزو تیۆریای سۆسیۆلۆژەکانی دوای خۆی لە سەدەی نۆزدەهەمدا،وەک «ئۆگست کۆنت و هربرت سبنسەرو ئەمیل دۆرکهایم».

## ٣- «سان سیمۆن» لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە:

بۆ ئاگابوون و تێگەیشتن لەو دیدگا ڕەخنەییە کۆمەڵایەتییەی «سان سیمۆن» لە دوای خۆیەوە بەجێی هێشت، پێویستە لە چوارچیوەی قۆناغە مێژوییەکەی خۆیدا لێی بڕوانین و لەو کات و داتەش ئاگاداربین کە بەرهەمەکانی تێدا نوسیوە. وەک بینیمان «سان سیمۆن» لەنێوان کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژیاوەو هەر لەو ماوەیەشدا بەرهەمەکانی نوسیوە، ئەمەش قۆناغی ململانێی فیکری نێوان ئاقارە ڕۆمانسیە موحافیزکارەکان بوو لەلایەک و فەلسەفەی ڕەخنەیی ڕۆشنگەریش لەلایەکی تر.

کاریگەرێتی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بە ئاشکرا بەسەر فیکری «سان سیمۆن»ەوە دیارە، بەتایبەت لە ڕوی جەختکردنی لەسەر توانستی ئەقڵ بۆ گۆڕینی جیهان بەرەو باشتر. سەرەڕای هەڵوێستی ئیجابیانەی لە کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازی کە بەلای ئەوەوە چارەنوسی کۆی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەمەش نەبووە ڕێگرێک تا کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست لەبیر بکات. هەرچەندە باوەڕی بەوە هێنا کە ناشێت نمونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە، دووجار لە مێژودا دووبارە بێتەوە؟ «زایتلن» ئەوەی ڕونکردەوە کە بەرهەمەکانی «سان سیمۆن»، ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی ئەورووپان، هەلومەرجێک کە لە هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگییەک دابوو، لەنێوان ئاقاری ناسیۆنالیستی و دروشمی یەکیەتی لە ئەورووپادا. هەروەها «سان سیمۆن» وەک کەسێکی ڕادیکاڵ بەدەرکەوت - ئەو دەمەی بەشێوەیەکی دیالەکتیکیانە-، دەستی کرد بە تاوتوێکردنی داڕمان و لێکترازانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و پاشان دامەزراندنی کۆمەڵگەی پیشەسازی لەسەر دارو پەردووی کۆمەڵگەی پێشوو.

بێگومان ئەو لە تاوتوێکردنی بوارە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ هەنگاوی زۆر گەورەی نا، گەربێتو بەو سۆسیالیستە یۆتۆبیانە بەراورد بکرێت کە هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی هەمان پرۆسەیان دەدا. بەڕای «سان سیمۆن» کۆمەڵگەی پیشەسازی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕوی میکانیزمی ئیشکردن و جیاوازی چینایەتی و کۆنترۆڵکردنی سروشت و کۆمەڵگە لەلایەن مرۆڤەوە. ئەو تەنها بە لێکدانەوەی مەسەلەی دابەشکردنی شتومەکە خزمەتگوزاریەکانەوە نەوەستا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بەڵکو بە شێوەیەکی ورد کەوتە شیکردنەوەی ئەو هێزانەی کۆمەڵگەی پیشەسازی پشتی پێ بەستوون و کاردەکەنە سەر پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنان و کۆمەڵی پرۆسەی دیکەی ئابوری جۆراوجۆر. هەروەها لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە «سان سیمۆن»، بوونی دەسەڵاتێکی ناوەڕاستی بەهێزی بەمەرجێکی سەرەکی دامەزراندنی کۆمەڵگەی پیشەسازی نوێ دادەنا. دەسەڵاتێک کە لە توانای دابێت دەست بەسەر پرۆسەی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و بەکارهێندا بگرێت. ڕەنگە هەر ئەم بۆچونەش بوبێتە مایەی ئەوەی، هەندێک لە سۆسیۆلۆژیستەکانی دوای خۆی، بە یەکێک لە لایەنگرانی دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی ڕەها ناودێری بکەن. بەڵام کەسایەتی و مێژوی سیاسی بیریارێکی وەک «سان سیمۆن» ئەم تۆمەتانەی لێ دوور دەخاتەوە، چونکە ئەو بەدرێژایی تەمەنی دڵسۆزی بیروباوەڕی لیبراڵی بوو. کاریگەری زۆری ئەو بەسەر بیریارانی دوای خۆیەوە بەئاشکرا دیارە، بەتایبەت «ئوگست کۆنت» کە وەک قوتابییەک بەوپەڕی دڵسۆزییەوە داکۆکی لە دیدو بۆچونەکانی دەکرد، بەتایبەت ئاقاری پۆزەتفستی.

کاریگەری ئەم ئاقارە هەر لەسەر «کۆنت» نەبوو، بەڵکو زۆر لە زاناو بیریارانی ڕێبازە فیکریە جیاجیاکانی تریشی گرتەوە. بەجۆرێک ئاقاری

پۆزەتفستی لە سەدەی نۆزدەدا، بووە یەکێک لە ڕێبازە سەرەکیەکانی سۆسیۆلۆژیا، بەڵام هێندەی نەبرد کە شوێن کەوتوانی لە دوای ساڵی ١٨٣٠ هەنێک مەسەلەی تازەیان هێنایە ئارا، وەک: (ململانێ و ناکۆکی نێوان چینی بۆرژوازو پرۆلیتاریا). ئەمەش بۆخۆی دوورکەوتنەوەیەک بوو لە دیدو بۆچونەکانی ئەو. ئیتر چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی بووە خولیای بیریارانی ئەم قۆناغە، بەڵام گومانیش لەوە ناکرێت کە دەوڵەمەندی و بە بڕشتی دیدو بۆچونەکانی «سان سیمۆن»، بۆخۆیان بوونە زەمینەیەکی سازو لەبار، بۆ هاتنە ئاراو سەرهەڵدانی زۆر لە ڕێبازە فیکرییە جیاوازەکان. ئەمەش تایبمەندیەکە بە تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەمی بیریارو فەیلەسوفان دەگرێتەوە.

## سێیەم/ ئۆگست کۆنت (١٧٩٨ — ١٨٧٥):

«کۆنت» کارییگەریەکی ڕون و ئاشکرای دیدو بۆچونەکانی «سان سیمۆن»ی بەسەرەوە بوو، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە فەلسەفەی پۆزەتیفستی و ئاڕاستەی بەرەو پێش چونی کۆمەڵایەتییەوە هەبوو. لە ساڵی ١٨١٧دا «سان سیمۆن»ی ناسی کە ئەو کات تەمەنی لە سەرو (٦٠) ساڵییەوە بوو. سەرەڕای کاریگەری زۆری «سان سیمۆن» لەسەر «کۆنت»، بەڵام هەر زوو لە ساڵی ١٨٢٤دا ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، بەهۆی هەوڵ و تەقەلای «کۆنت»ەوە بۆ خۆدەربازکردن لە کاریگەری مامۆستاکەی و بنیاتنانی فیکری سەربەخۆی تایبەت بە خۆی. لەم قۆناغەدا «سان سیۆم» جەختی لەسەر چاکسازی دەستەبەجێ دەکردەوە، لەڕێی پیاوانی خاوەن سامان و پیشەوەرانەوە. لە کاتێکدا «کۆنت» پێداویستی پەرەسەندنی کاری تیۆری پرانسیپە زانستیەکانی وەک یەکەم هەنگاو بەلاوە گرنگ بوو، چونکە بەلای ئەوەوە ئەمە مەرجی سەرەکی بوو بۆ دەستکردن بە هەر ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە.

بەبێئاگاداربوون لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری فەرەنسا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، ئەستەمە بتوانین لە ڕۆڵی «ئۆگست کۆنت» تێبگەین لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیادا، چونکە ئەم قۆناغە چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری بەخۆوە بینی، سەرەڕای ئەوەی قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیش بوو لە فەرەنسادا. لەو ماوەیەدا چینی کرێکارانی فەرەنسا، گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و ژمارەی کرێکاران بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازیدا زیادیان کرد. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە شارەکانی فەرەنسا خۆیان بۆ ئەو گەشەکردنە شارستانیە کتوپڕە ئامادە نەکردبوو کە زیاتر پەیوەست بوو بە ڕیزبەندی چینایەتی تازەوە، چینی کرێکاران لە بەرامبەر چینی سەرمایەداریدا. ئەو چینەی لە هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیدا بوو لەڕێی ئەو هێزە ئابورییەوە کە لە دەستی دابوو. واتە «کۆنت» لە هەلومەرجێکی سیاسی و ئابوری شلۆق و نائارامدا ژیاوە، چونکە ئەم قۆناغە چەندین شۆڕشی جیاجیاو یەک بە دوایەکی بەخۆوە بینی، گرنگترینیان بریتی بوو لە شۆڕشی پیشەسازی کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسیدا دروست کرد، وەک بەدەرکەوتنی دیاردەی ناکۆکی چینایەتی.

هەر لەم قۆناغەشدا چینی کارگەران هاتنە مەیدانی سیاسیەوە بە مەبەستی داکۆکی کردن لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان. لە بەرامبەر باڵادەستی بێئەندازەی چینی سەرمایەداراندا، «کۆنت» بەخۆی بەرەنجامەکانی شۆڕشی فەرەنسی بینی، وەک لێکترازانی کۆمەڵایەتی و نائارامی تێکچونی سیستمی ئەخلاقی و هەژاری و دابەزینی ئاستی ڕۆشنبیری کە میللەت بە دەستیانەوە دەیناڵاند. هەر ئەمانەش بوون هانی ئەو یان دا تا ڕێ لەو بارودۆخە نالەبارە بگرێ و دەست بە دانانی بناغەیەکی تازە بکات، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی

نویَ. لەم ڕووەوە «کۆنت» گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سیستمی کۆن لە هەنوکەدا توانای بەردەوامێتی نییە، لەبەرئەوەی سەردەم بۆتە سەردەمی مەعریفەی زانستی و جوڵانەوەی پێشەسازی. هەروەها ئەو تێزانەی لە ڕابردوودا هەبوون دەستەوەستانن لەبەردەم تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵایەتی نویَ، ئەو واقیعەی لەسەر مەعریفەیەکی ڕاست و بێخەوش ڕاوەستاوە. بۆیە نابیَ جارێکی دی بگەڕێینەوە بۆ تیۆلۆژیاو میتافیزیک، بەڵکو ئەوەی ئێستا لەسەر مرۆڤ پێویستە بیزانیَ، ئەوەیە کە ئەو بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی بەرپرسیارییەکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆدایە.

## ٦- هەڵوێستی فیکری و ئایدیۆلۆژی «ئۆگست کۆنت»:

سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری بیرکردنەوەی فەلسەفی لای «کۆنت»، دەچێتەوە ناو ئەو چوارچێوەیەی ئێستاکیَ پێیدەڵێن زانست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیدگای فەلسەفی ئەو، بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی فیکری و ئایدیۆلۆژی ئاشکرا دەکرد، چونکە «کۆنت» وەک سەرجەم پۆزەتفستەکان، هیوایەکی زۆری بە توانستە لە بن نەهاتووەکانی مەعریفەی زانستی هەبوو. ئەو پێیوابوو ئەو پشێوی و نائارامییەی کۆمەڵگەی فەرەنسی دوچاری بووە، تەنها زانست دەتوانێت سنورێکی بۆ دابنیَ و کۆمەڵگە لەو قەیرانە ڕزگار بکات. ئەم قەیرانەش دەرەنجامی دەستە وەستانی کۆمەڵگەی فیودالّی کۆنە کە نەیتوانی لە پێداویستیە هەنوکەیەکانی سیستمی پیشەسازی نویَ حالّی بێت. بەتایبەت گەر بێتوو لەو ڕاستەیە بگەین کە بە درێژایی چەندین سەدە، ئەقڵیەتی میتافیزیکی و غەیبانی باڵا دەستی بەسەر کۆمەڵگەدا هەبووە. بۆیە تەنها دەسوێژێک بۆ قوتاربوون لەم تەنگەژەیە، دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە کە بتوانیَ وەڵامی پرسیارە مەعریفی و ئاقارە

زانستییەکان بداتەوەو ئەو شێوازی بیرکردنەوانەش وەلاوەنێ کە لەگەڵ ئەقڵ و بیرکردنەوەی نوێدا نایەتەوە.
ئەم دیدو بۆچونانە بنەمای فیکری فەلسەفی پۆزەتفستی پێک دێنن، فەلسەفەیەک کە بە «کۆنت»ەوە پەیوەستە و یەکێک لە ئاقارە سەرەکییەکانی سۆسیۆلۆژیا پێک دێنێت. بۆیە بە پێویست بیرکردنەوەی زانستی، ئەو بنەما سەرەکیەیە کە کۆمەڵگەی نوێی لەسەر بنیاد دەنرێت.
لەم ڕووەوە «کۆنت» جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەرکی زانست بە تەنها گرنگی دانە بە سەرنجدان لە دیاردەکان و پۆلێن کردنیان، نەک لە هۆو هۆکاری دروست بوونیان بپێچێتەوە وەک ڕامانە میتافیزکاییەکان.
ئەرکی سەرەکی زانست بریتیە لە گەیشتن بەو پەیوەندیانەی شتەکان پێکەوە دەبەستێت، پاشان دارشتنی ئەو ڕێسایانەی گوزارشت لە کۆی ئەم پەیوەندییانە دەکات. لەم ڕووەوە زانستە سروشتییەکان توانیان هەنگاوی بەرەو پێش بنێن، بۆیە پێویستە میتۆدی زانستی لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا بەکاربهێنرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئەو دۆخی نائارامیە ڕۆحی و ئەخلاقیە کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسیەوە سەریهەڵداوە. بەڕای ئەو زانست ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەی پیشەسازییە، بۆیە دەبێت میتۆدی پۆزەتفستی ببێتە شێوازێک یاخود ڕێڕەوێک بۆ سەرلەنوێ بوونیادنانەوەی کۆمەڵگە.
لێرەوە پێویستە لەو پۆلێن کاریە بگەین کە «کۆنت» بۆ قۆناغەکانی مێژوی بیری مرۆڤایەتی کردویەتی و بە سێ قۆناغی سەرەکی دەستنیشانی دەکات:
أ- قۆناغی تیۆلۆژی.
ب- قۆناغی میتافیزیکی.
ج- قۆناغی پۆزەتفستی.

ئەم سێ قۆناغە پێکەوە، گەشەی ئەقڵیەتی کۆمەڵایەتی مێژوی مرۆڤایەتی پێک دێنن. وەک ئاشکرایە تێگەی بەدوایەکدا هاتنی ئەم قۆناغانە دەچنەوە سەر (فەلسەفەی مێژو) کە لە سەدەی هەژدەدا لە ڕوی بیرکردنەوەوە ئاقارێکی باڵا دەست بوو. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە لە گۆشەنیگایەکی ئایدۆلۆژی — فیکرییەوە سەیری ئەم قۆناغە بکەین، لەبەرئەوەی «کۆنت» لەو بڕوایەدایە کە هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە تەرزێکی دیاری کروای بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای تێدا باڵا دەستە.

لەبەر گرنگی چەمکی ئەم سێ قۆناغە لای «کۆنت» و بەشداری کردنی لە دروست بوونی سۆسیۆلۆژیادا، بە چاکی دەزانین کەمێک بە درێژی ئاماژەی بۆ بکەین و لێی بدوێین. یەکەمین قۆناغی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی لای ئەو قۆناغی تیۆلۆژیە. تایبەتمەندێتی ئەو قۆناغەش ئەوەیەکە هەست و خەیاڵاتی مرۆڤ، عەوداڵی گەڕان و پشکنینی سروشتی شتەکان و هۆکارو ئامانجەکانیان بووە. بۆیە ڕاڤەکردنەکانی مرۆڤ بۆ دیاردەو شتەکانی ناو دنیا شێوازێکی میسیۆلۆژیانە وەردەگرێت کە پەیوەستە بە ڕۆح و بونەوەرەکانی ئەودیو سروشتەوە.

دووەم، بریتیە لە قۆناغی میتافیزیکی. خەسڵەتی ئەم قۆناغە تێڕامانی عەقڵانی و لێپێچینەوەیە لە واتاو ئاماژەکان و بیرکردنەوە لەبەر ڕۆشنایی دیدێکی میسالیانەدا، بەڵام گەشەو پەرەسەندنی مرۆڤ تەنها لەم دوو قۆناغەدا نەوەستا، چونکە لەگەڵ بەرفراوان بوونی کۆمەڵگەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بیرکردنەوەی تیۆلۆژی و میتافیزیکی، لە بارياندا نییە خۆیان لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیەدا بگونجێنن. دوای شۆڕشی پیشەسازی قۆناغی سێیەم سەریهەڵدا کە «کۆنت» ناوی نا قۆناغی پۆزەتیفستی، تایبەتمەندی ئەم قۆناغەش بریتیە لە باڵادەستی بیرکردنەوەی زانستی.

لەم قۆناغەدا مرۆڤ دەتوانێت دەست بەسەر سروشت و کۆمەڵگەدا بگرێت، بەمەش مرۆڤایەتی پێدەنێتە ناو ژیوارێکی پیشەسازی نێودەوڵەتی نوێوە. «کۆنت» پێیوابوو بیری پۆزەتیفستی دەبێتە شێوازی باڵادەست لە کۆمەڵگەی نوێداو لەڕێی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیەشەوە، دەکرێت پێشبینی ڕوداوەکان بکرێت، بەهۆی بەئاگابوون و تێگەیشتنی ورد لە هەریەک لە (ڕابردوو - ئێستا - داهاتوو). لێرەوە دەگاتە سەرەنجامێک کە بڵێت: (لەڕێی زانستەوە پێشبینی کردن دێتە ئاراو لە پێشبینی کردنیشەوە کارکردن دەست پێدەکات).

## ٢- بەشداری کردنی «ئۆگست کۆنت» لە دروست بوونی سۆسیۆلۆژیادا:

یەکێک لە حەقیقەت ئاشکراکانی کەلەپوری سۆسیۆلۆژیا، ئەوەیە کە «ئۆگست کۆنت» یەکەمین کەس بوو زاراوەی سۆسیۆلۆژیای بەکاربردووە، وەک ئاماژەدان بە کایەیەکی تازە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی سستمی کۆمەڵایەتی دەدات.

ئەوەی شایەنی باسکردنە ئەوەیە کە «کۆنت» دەیویست ناو لەم زانستە تازەیە بنێت (فیزیای کۆمەڵایەتی)، بەڵام دوای ئەوەی «ئارۆلف کیتیلیە» ئەم ناوەی لە هەندێک ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆی نا کە لەمەڕ کۆمەڵەوە بە ئەنجامی گەیاند بوو، «کۆنت» لەو بڕیارەی پاشگەزبووەو سۆسیۆلۆژیای هێنایە ڕیزی زانستەکانەوەو بەمجۆرەی لای خوارەوە ڕیزی کردن: (ماتماتیک، گەردون ناسی، کیمیا، فیزیا، بایەلۆژیاو ئاکار).

لەبەر ڕۆشنایی چەمکی بەدوایەکدا هاتنی زانستەکان، «کۆنت» لای وابوو سۆسیۆلۆژیا ترۆپکی ئەم ڕێڕەوە داگیر دەکات، لەبەرئەوەی پشت

بە سەرجەم ئەو زانستانە دەبەستێت، بە مەبەستی پێکهێنانی جیهان بینیەکی یەکانگیرو بەرفراوان دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەتەنها دەرکەوتنی سۆسیۆلۆژیا دەتوانێت ڕەوتی زانستەکان تەواو کامڵ بکات، چونکە ئەو کەمو کوڕیان ناهێڵێت کە مەعریفەی زانستی پێکۆڵی بوو، ئەوەش خۆی لە نەبوونی فیزیایەکی کۆمەڵایەتی دەبینیەوە. ئەو بۆئەوەی پاساو پێداویستی بوونی سۆسیۆلۆژیا بێنێتەوە، دەیوت زانستەکانی دی لە بارایاندا نییە لە ڕێساکانی کۆمەڵگە بپێچینەوە، ئەو ڕێسایانەی پەیوەندی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ڕاڤە دەکەن. بۆ نمونە بایۆلۆژیا وەها لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بەو وەک ئەوەی زیندەوەرێکە، بەڵام هیچ مامەڵەیەک لەگەڵ ئەو پێکهاتەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەدا ناکات کە مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدەستی هێناون. بۆیە سۆسیۆلۆژیا وەک زانستێکی نوێ، بۆتە پێداویستیەک کە بابەتی سەرەکی لێکدانەوەی سستمی کۆمەڵایەتییە. «کۆنت» دەڵێت: (سۆسیۆلۆژیا لەو کارو چالاکیانە دەکۆڵێتەوە کە تایبەتە بە سەرجەم لایەنە پەیوەندی دارەکانی ڕەوتی کۆمەڵایەتی). بەمجۆرە سۆسیۆلۆژیا دەبێتە پرۆسەی ڕێکخستنەوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە هەمە جۆرەکان. هەروەها «کۆنت» پێیوایە خێزان تەنها یەکەیەکی ڕاست و دروستە بۆ تاوتوێکردنی هەر کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگاکان، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەی خێزاندا حەزو ئارەزوەکانی دروست دەبن و هەر لەوێشدا فێری بایەخ و گرنگی، گوێڕایەڵی و ڕێنوێنی یاسا دەبێت. فێری چۆنیەتی گوێڕایەڵی دەسەڵاتی دەوڵەت و گرنگی دابەشکردنی کارو فەرمان دەبێت، چونکە بەبێ ڕێنومایی دەوڵەت و دابەشکردنی کارو فەرمان لەلایەن دەوڵەتەوە، هیچ جۆرە دەسەڵات و کار دابەشکردنێک نابێت. ئەو پێیوابوو گەر سۆسیۆلۆژیا بیەوێت بەشداری سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا بکات، پێویستە لەسەری

قەناعەت بەهاوڵاتیان بێنێ کە سەرەڕای ئەوەی دابەشکردنی کار مانای جیاوازی چینایەتی دەگەیەنێت، بەڵام دەبێ لەوەش تێبگەن کە سەرهەڵدانی هەر جۆرێک لە کێشمە کێش و ململانێی چینایەتی، کارێکی پێچەوانەی ئاڕاستەی سروشتە، واتا پێویستە ئەو ناکۆکیە لەبارببرێت، لەڕێی پتەوکردنی پەیوەندیەکان و هاوکاری کردن لەنێوان سەرجەم چین و توێژەکاندا. هاوکات بۆئەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێت، پێویستە جۆرێک لە یەکیەتی و بەکانگیری لەنێوان کار لەلایەک و زانست لەلایەکی ترەوە فەراهام بکرێت.

سەرەڕای ئەمانە «کۆنت» داوای هێنانە ئارای ئاکارێکی تازە دەکات، ئاکارێک لەگەڵ ئەو هەلومەرجە پۆزەتیفستیەدا گونجابێت کە هاتبووە ئارا، واتا دەبێت ئەم ئاکارە بە کۆمەڵەوە گرێ بدرێت و هاولاتیانیش بەڕێزەوە لێی بڕوانن و گوێڕایەڵی بن. هەروەها پێیوابوو ئەرکی سۆسیۆلۆژیستەکان، کۆنترۆڵکردنی تەواوی لایەنە ڕۆحی و ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەیە، ئەمەش لە ڕێگای پەیوەندی کردنیان بەڕێبەرانی سستمی عەلمانییەوە بەرجەستە دەبێت. هاوکات لەپێناو کۆکردنەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی لە دەوری تەنها مەسەلەیەک، پێشنیاری هێنانە ئاراو داڕشتنی ئاینێکی نوێی دەکرد بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم پێشنیارەی لەلایەنی بیرمەندو فەیلەسوفانەوە بەهێند وەرنەگیراو بگرە بووە مایەی سەرسوڕمانی هەندێکیان...

سۆسیۆلۆژیا لای «کۆنت» بەسەر دووتەوەرەی سەرەکیدا دابەش دەبێت:

یەکەم/ بریتیە لە (ستاتیکیەتی کۆمەڵایەتی) و لە سستمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان ڕێڕەوە کۆمەڵایەتیەکان دەپێچێتەوەو بایەخ بە لێکۆڵینەوەی گیروفتەکانی خێزان و خاوەندارێتی و دابەشکردنی کارو

پیشەو دەوڵەت و زمان و ئاین دەدات. لەم ڕووەوە «لویس کوزر» ڕای گەیاند کە «کۆنت» پێیوایە خۆرسکانەی هەمیشەیی، لەنێوان ڕەوتی گشتی کۆمەڵگەو ئەو بەشانەدا هەیە کە پێکی دەهێنن.

هاوکات لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە تاوتوێکردنی سستمی کۆمەڵایەتی (یاخود بوونیادی کۆمەڵایەتی بە واتای نوێ)، بە خێزان دەست پێبکات، لەبەرئەوەی خێزان ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی خۆڕسکەو بەرفراوانترین یەکەیەکی کۆمەڵایەتیشە لە کۆمەڵگە ئینسانیەکاندا. واتە ستاتیکیەتی کۆمەڵایەتی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لە تاکەکەسەوە وەک یەکەیەکی سەرەکی دەست پێبکات، بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە. بۆیە «کۆنت» لە خێزانەوە دەست پێدەکات بۆ تێگەیشتن لە یەکە گەورە بەرفراوانەکانی دیکەی وەک: (خێڵ و شارو نەتەوە). لای ئەو خێزان دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەرەکییە کە دەشێت ڕۆڵێکی بەرچاوو گرنگ ببینێ، لە سەرلەنوێ بوونیادنانەوەی کۆمەڵدا. بەڕای ئەو گەر خێزان ئامرازێک بێت بۆ دەستەبەرکردنی یەکانگیری کۆمەڵگە، ئەوا دابەشکردنی هەمان دەرەنجامی دەبێ، چونکە ئەوە دابەشکردنی کارەکە مانایەکی دیاریکراو دەبەخشێتە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەت لەناو کۆمەڵگە بەرفراوان و پڕتەنگ و چەڵەمەکاندا، هەر ئەمەشە دەبێتە پاڵپشتی هاریکاری نێوان یەک بەیەکی هاوڵاتیان.

ئەگەرچی «کۆنت» دابەشکردنی کار بە یەکێک لە هاندەرەکانی ڕەوتی کۆمەڵایەتی دادەنێت و وەک ئامرازێک لەپێناو گەشەپێدانی توانستەکانی مرۆڤدا سەیری دەکات، بەمەبەستی قوڵکردنەوەی هەست وسۆزی هاوڵاتیان بەرامبەر بەیەکتر، بەڵام دەشزانێت کە بەتەنها ئەوە بەس نییە، بەڵکو پێویستە سستمێکی سیاسی وەهاش هەبێت بتوانێت ئەو یاسایە بچەسپێنێ و ڕێکی بخات، بە جۆرێک کە لە ئاکامدا دەستەو تاقمی پیشەیی تەباوو یەکگرتوو دروست بکات.

ئەو دەیزانی بە تەنها پەیوەندی ئابوری زەمینە بۆ یەکگرتووی کۆمەڵگە خۆش ناکات، بەڵکو پرۆسەیەکی وا لەڕێی چەندەها هۆکاری جۆراو جۆرەوە دروست دەبێت، ڕەنگە گرنگترینیان یەکیەتی هەست و سۆز بێت کە لەڕێی ئاکارو ئاینەوە دەچەسپێت و زاخاو دەدرێت.. لێرەدا جارێکی تر «کۆنت» جەخت لەسەر گرنگی ڕۆڵی ئاکارو ئاین دەکاتەوە، لە یەکخستن و گرێ دانەوەی کۆمەڵدا. بەڕای ئەو سستمی سیاسی دیاردەیەکی سروشتی گرنگە، بە جۆرێک کە ناکرێت کۆمەڵگە بێ حکومەت لە ئارادا بێت، وەک چۆن دەوڵەت بێ کۆمەڵگە نابێت. هەروەها بەلای ئەوەوە بوونی چینە کۆمەڵایەتیەکان دیاردەیەکی سروشتییە، ئەگەرچی بڕوای بە ململانێی چینایەتی نەبوو.

تەوەرەی دووەم/ بریتیە لە (دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی) و بایەخ دەدات بە ئاشکرا کردن و خستنە ڕوی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، لەمیانەی پرۆسەیەکی ڕاست و ڕەوانی گۆڕانکاریەوە. ئەم پەرەسەندنەش بەشێوەیەکی یەک لە دوای یەک بەڕێوەدەچێت و سۆسیۆلۆژەکان دەتوانن لە ڕێی بەکارهێنانی ئاقاری زانستیانەوە تاوتوێی بکەن. ئەمەش بواری ئەوەیان دەداتێ تا ڕێسای کۆمەڵایەتی وەها دابڕێژن کە ئاڕاستەی مرۆڤ و کۆمەڵگەو مێژو بکات.

ئەو قۆناغانەی «کۆنت» بیری مرۆڤایەتی بەسەردا دابەش کردبوون، توانی لە ڕێگایانەوە ئەو گۆڕانکاریانە ئاشکرا بکات کە بەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا دێت. لە کاتێکدا هۆشیاری تیۆلۆژی بەرەو دەرکەوتنی سستمێکی کۆمەڵایەتی سست و نەبزۆکمان دەبات کە کۆمەڵگە لەناو بازنەیەکی ئاینیدا کۆت دەکرێت، ئەوا لە بەرامبەردا دەبینین هۆشیاری زانستی (یان پۆزەتیفستی)، بەرەو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە دەچێت و بەشداری لە دۆزینەوەی سستمێکی کۆمەڵایەتی سەقامگیرو ئارامدا دەکات، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگە لە

توانستی گۆڕان یاخود پەرەسەندن بێبەش بکات. هەر بۆیە گواستنەوە لە قۆناغی تیۆلۆژیەوە بۆ قۆناغی زانستی (پۆزەتفستی)، ڕاستەخۆ مانای گۆڕینە لە شێوازی هەلومەرجێکی سەربازییەوە بۆ شێوازی ئۆرگانێکی پیشەسازی. لێرەدا لێکچونێکی ڕون و ئاشکرا لەنێوان دیدو بۆچونەکانی «کۆنت» و «سان سیمۆن»ی مامۆستایدا هەست پێدەکەین، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەرهەم و نوسینەکانی «هربرت سبنسەر»دا ڕەنگی دایەوە.

کۆمەڵگەی پیشەسازی ڕوبەرێکی بەرفراوانی لەناو نوسینەکانی «ئۆگست کۆنت»دا داگیر کرد. ئەو کۆمەڵگەیەی بەرەنجامی هەردوو شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنسی بوو. ئەمەش بەڕای ئەو چارەنوسێکی مێژویی حەتمی بووە. ئەو کۆمەڵگە نوێیەش خاوەنی چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، لەوانە: (لەباری دایە کار بە شێوەیەکی زانستیانە ڕێکبخات، شمەک بەرهەم بێنێ و خزمەتگوزاری بە جۆرێکی بەرفراوان پێشکەش بە چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکات). بۆیە هەلی پێشکەوتن و بەرو پێشەوە چونی ئێجگار زۆرە، بەڵام بەبڕوای ئەو هەموو ئەمانە پابەندن بە چارەسەرکردنی ململانێ کۆمەڵایەتیەکان، بە شێوەیەکی ئاشتیانەو دروستکردنی وەلائو گیانی هاوکاری لەنێوان چین و توێژەکاندا.

ڕەنگە ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بوبێت کە پاڵی بە «کۆنت»ەوە نابێت، تا هێرش بکاتە سەر ڕێبازی کۆمۆنستی و سۆسیالیزم، لەبەرئەوەی ئەمانە داوای نەمانی موڵکایەتی تایبەت و شۆڕشیان دەکرد لە دژی حکومەتە ئەوروپیەکان. هەرچەندە هێرشی زۆر دەکردە سەر کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی فیکری لەگەڵ لیبراڵیەکانیشدا ناجۆر بو، لەبەرئەوەی ئەوان ستایشێکی زۆری کۆمەڵگەی پیشەسازین نوێیان دەکرد، لە کاتێکدا بەلای ئەمەوە

ئەو کۆمەڵگایانە لە گیروگرفت خاڵی نەبوون. گیروگرفتێک کە بەبێ بوونی عەقڵێکی زانستیانەی ڕێکوپێکی هۆشیار چارەسەر ناکرێت، بەڵام پێشی وابوو کە ئەلتەرناتیڤێک بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە ئارەدا نییە. گرنگترین خەسڵەتێک میتۆدی زانستی «کۆنت» خۆی پێ جیا بکاتەوە، بریتیە لە پاشبەندی خەیاڵ بۆ تێبینی و پاشبەندی عەقڵ بۆ ڕوداوەکان. ئەمەش تەواو پێچەوانەی دیدو بۆچونی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەهەمە (سەردەمی ڕۆشنگەری).

دواشت پوختەی بەرەنجامی سۆسیۆلۆژیای «کۆنت»، بریتیە لە پێشبینی و دەستگرتن بەسەر ئاڕاستەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا. لێرەوە دەتوانین لەو بۆچونە تێبگەین کە دەڵێت: (پێشبینی کردن لە پێناو دیسپلین و ئاڕاستە کردنی کۆمەڵگەدایە).

## ٢- «ئۆگست کۆنت» لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرەوەدا، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە سۆسیۆلۆژیا لای «کۆنت» پەرچە کردارێکە لە بەرامبەر ئەو قەیرانەی کۆمەڵگەی فەرەنسی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا تێی کەوتبوو، هاوکات هەوڵدانێکیش بوو بە مەبەستی تەواوکردنی دیدگایەکی فەلسەفی مێژویی بۆ مرۆڤایەتی.

وەک ئاشکرایە «کۆنت» یەکەمین کەس بووە چەمکی سۆسیۆلۆژیای هێناوەتە ئارا، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە ئەو یەکەمین کەس و دیارترین بیرمەندێک بوبێت بەشداری لەم بوارەدا کردبێت، چونکە بیری کۆمەڵایەتی بەر لە «کۆنت» هەبووەو هەروەها پاش ئەویش تیۆرەی کۆمەڵایەتی بیرمەند و پێشەنگی وەهای بەخۆوە بینیووە کە ڕۆڵی چارەنوسسازانە و یەکلای کەرەوەیان لە ڕەوتی سۆسیۆلۆژیادا گیراوە. «کۆنت» بۆخۆی بە درێژایی تەمەنی، لەژێر کاریگەری

چەندین ڕێبازی فیکری جۆراو جۆردا بووە. ماوەی حەوت ساڵێک سکرتێری «سان سیمۆن» بووەو لەم ماوەیەدا پەرەی بە هەندێک لە بیرو بۆچونەکانی خۆیداوە، بەتایبەت لەبارەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی و یاسای سێ قۆناغەکەو ئاقاری پۆزەتیفستی و ڕۆڵی ئاکارو ئاین لە کۆمەڵگەی پێشەسازیدا.

لە ڕاستیدا هەندێک لەو بیروبۆچونانەی «کۆنت» خستنیە ڕو (بە جۆرێک لە جۆرەکان)، شاردراوە نەبوون و پێشتر خەڵکی لە رێی بیریارانی سەدەی هەژدەو نۆزدەوە پێیان ئاشنا بوون. نمونەکانیان وەک «مۆنتسکیۆو ڕۆسۆو کۆندرسیە». هەموو ئەمانە بەر لە «کۆنت» باسیان لە چەمکی پێشکەوتن کردووە. هەروەها «دی بۆناڵ و دی میستر»، بەر لەو ئاماژەیان بە چەمکی سستم داوە. دواجار دەتوانین وەها لەو پرۆژە فیکریەی «کۆنت» بڕوانین کە بریتیە لە هەوڵ و تەقەلایەکی هەمەلایەنەی بەرفراوان، بۆئەوەی کۆی شێوازە جیاجیاکانی مەعریفەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری لەخۆ بگرێت، بە مەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگەی فەرەنسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا.

دواجار ئەم پرۆژە فکریە هەوڵێکی جیدی بوو، بۆ داڕشتنی تیۆرەیەکی کۆمەڵایەتی پاڵپشت بە ئاقاری پۆزەتفستی. وەک ئاشکراشە «کۆنت» توانی لە چوارچێوەی ئەو تیۆرەیەدا، هەردوو چەمکی (سستم و پێشکەوتن) پێکەوە گرێ بدات، دوای ئەوەی بیرمەندو فەیلەسوفەکانی دی ناکۆکی و پێکەوە نەگونجانی ئەم دوو تێگەیەیان ڕاگەیاند. سەرەڕای ڕۆڵی دیارو بەرچاوی «کۆنت» لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێزەکانی ڕوبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر بوونەوە، بەتایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا. هۆی ئەم ڕەخنانەش زیاتر لەوەوە بوو کە سۆسیۆلۆژیا لای «کۆنت» شێوازێکی موحافزکارانەی هەبوو،

هاوکات دژ بە هەموو گۆڕانکارییەکی ڕیشەی و سەراپاگیش بوو. هەروەها لەو ڕەخنانەی تری کە ڕووبەڕوی دەکرانەوە ئەوە بوو، ئەو ئاقارە پۆزەتفستیەی ئەو پێی گەیشتبوو، مەبەست لێی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کۆمەڵگەی تازە بوو، لەسەر بنەمای باوەشکردن بە ڕستێک لەو ئەرزش و پرانسیپانەی هاوشێوەی خەسڵەت و بەهاکانی کڵێسای کاتۆلیکی بوون و، ئارامیان بۆ کۆمەڵگەی سەدەکانی ناوەڕاست فەراهەم کردبوو. هەروەها ئەو بۆخۆی بۆچونێکی هەڵەی لەمەڕ بوونیادی کۆمەلایەتی پێشکەش کرد، سەبارەت بە بنەمای ڕای گشی. ئەمەش بە مانای بوونی بەهایەکی هاوبەش کە تەواوی هاولاتیان لەسەری تەبابن، لەبەرئەوەی ئەم بنەمایە بۆخۆی بەرژەوەندیە دژ بە یەکەکانی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە وەلاوە دەنێت، وەک چۆن ئەگەری سەرهەڵدانی هەر جۆرە ململانێیەکی کۆمەلایەتی یاخود چینایەتی فەرامۆش دەکات.

لەلایەکی ترەوە ڕەخنەگران بە ئاشکرا دەڵێن، "کۆنت" نەیتوانیوە شیکارییەک دەربارەی دیاردەی گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیەکان پێشکەش بکات و لەبەردەم وەها دیاردەیەکدا دەستەوستان بووە، چونکە گۆڕانکاری بەلای ئەوەوە بە تەنها ئامرازێک بووە بۆ جێبەجێکردنی یەک ئامانج، ئەویش سەقامگیری و ئارامی و دیسپلین کردنی کۆمەڵگە بووە. بەمجۆرە دەبینین "ئۆگست کۆنت» خاوەن فکرێکی موحافیزکارو تۆتالیتاری بووەو دژ بە ئاقارە ڕەخنەیی و ڕادیکاڵیەکانی سەردەمی خۆی بووە، بەلام دەبێت بڵێین سەرەڕای بوونی هەموو ئەو کەموکوڕیانەش، ئەمانە نابنە مایەی سڕینەوەو کەمکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی ئەو لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیادا بینیویەتی. لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ئەوەی لە ئێستادا بە (سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا) ناودێری دەکەین، لە دیدو بۆچونە پۆزەتفستیەکانی «کۆنت»ەوە

سەبارەت بە کۆمەڵگە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها ئەو سەرنجی بۆئەگەری تاوتوێکردنی کۆمەڵگە ڕاکێشاین، لەڕێی پشت بەستن بە ئاقارە زانستیەکان. بەمەش سۆسیۆلۆژیای خستە ناو بۆتەی سستمێکی سەراپاگیرەوە. هەموو ئەمانە کاریگەری زۆریان بەسەر سۆسیۆلۆژەکانی دوای خۆیەوە بەجێهێشت، نمونەی وەک «ئەمیل دۆرکهایم» و چەندانی دیکەش کە هەوڵی ئەوەیان دەدا پەرە بەدیدو بۆچونەکانی بدەن، تا لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەی ئەوروپی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بگونجێت.

## چوارەم/ هربرت سبنسەر (١٨٢٠- ١٩٠٣):

لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیادا، «سبنسەر» پێگەیەکی گرنگ داگیر دەکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی داکۆکیەکی زۆری لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیایەک دەکرد کە لەسەر بنەمایەکی زانستی دروست بێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا «سبنسەر» زۆر لەو پرانسیپ و دیدو بۆچونانەی هێنایە ئارا کە بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەیان کرد، بگرە هەندێکیان تا ئێستاش بەڕونی شوێن دەستیان بەسەر قوتابخانە کۆمەڵایەتیە هاوچەخەکانەوە دیارە، لەم ڕووەوە لێکچونی گەورە لەنێوان «سبنسەر» و «کۆنت»دا هەیە، بەو پێیەی هەردوکیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا فۆرمێکی پتەو لە مەعریفە پێشکەش بکەن، ئەم فۆرمەش پشت ئەستوور بێت بە هەڵوێستێکی فەلسەفی ڕون کە سەرجەم زانستەکانی دیکە لەخۆ بگرێت.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی «سبنسەر» هەمە جۆر بووە لەنێوان بایەخدان بە لایەنە فیکری و زانستییەکان، هەروەها لە بەرهەمەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە لە سروشتی شتەکان تێبگاو پەی بە شوێنگەی مرۆڤیش بەرێت لەنێو گەردوندا. لێرەوە باس لەوە

دەکرێت «سبنسەر»لەسەر هەمان ئەو ڕێبازە ڕۆشتبێت کە «ئۆگست کۆنت» پەیڕەوی دەکرد، بەڵام هەندێ جار ڕەنگە پێچەوانەی ئەمە تەواو ڕاست بێت.
«سبنسەر» یەکەمین بەرهەمی خۆی بە ناوی Socialtatice بڵاو کردەوە، بەرلەوەی زانیاری تەواوی لەمەڕ بەرهەمەکانی «کۆنت»هەبێت. بۆیە هەندێک لێکچونی نێوانیان تەنها وەک ڕێکەوتێک سەیر دەکرێن. ئەگەرچی هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە هەندێک لە بەرهەمەکانی «سبنسەر»، لەژێر کاریگەری زۆری ئەو سەرنجە تیۆری و ڕاو بۆچونە مەنهەجیانەی «کۆنت»دان کە لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا (چەند وانەیەک دەربارەی فەلسەفەی پۆزەتفستی)دا هاتوون.
هەرجەندە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە «سبنسەر» کەوتبێتە ژێر کاریگەری هەندێک بیرو بۆچونی «کۆنت»، بەڵام ئەمەش نابێتە مایەی بێبەها کردنی ئەو هەوڵە تایبەتیەی ئەو لەو ڕووەوە داویەتی، هەوڵێک وای لێکرد ببێتە یەکێک لە پێشەنگەکانی (داریونیزمی کۆمەڵایەتی). ئەمە ئەو قوتابخانەیە بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، بە شێوەیەکی بەربڵاو بە سەرجەم ئەوروپادا پەلوپۆی هاویشت. «سبنسەر» ژمارەیەکی زۆر کتێبی قەوارەی گەورەی نوسی، تیایاندا هەوڵی دەدا دیدو بۆچونەکانی «داروین» تایبەت بە گەشەو پەرەسەندن بەسەر دیاردە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکاندا پراکتیزە بکات، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگە بایەخی ئێمە بێت ئەو نوسین و بەرهەمانەیەتی کە پەیوەندیان بە کایەی سۆسیۆلۆژیاوە هەیە. گرنگترین بەرهەمەکانی لەم ڕووەوە بریتین لە: (ستاتیکی کۆمەڵایەتی ١٨٥٥، لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیا ١٨٧٣، ڕێڕەوی فەلسەفەی پێکهاتەیی- کە لە دەرەبەگدایە- ١٨٦٢ - ١٨٩٦، بنەماکانی سۆسیۆلۆژیا ١٨٧٦- ١٨٩٦).
لێرەدا دەکرێت — بە کورتی — ئاماژە بە چوار لایەنی گرنگی سۆسیۆلۆژیا

بکەین لای «سبنسر» کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان هەبووە:
یەکەم/ پێشوبهاندنی کۆمەڵگە بە بونەوەرێکی ئۆرگانی: ئەم شوبهاندنەش ڕۆڵێکی گرنگی لەسەرهەڵدانی ئاقاری بیۆلۆژی یاخود زیندەگی لە کایەی سۆسیۆلۆژیادا بینی.
دووەم/ بەکارهێنانی ئەو ڕاپۆرتە ئەتنۆگرافیانەی لە بارەی پرۆسەی سستمە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئامادە کرابوو. ئەمەش بۆخۆی بووە مایەی زیاتر لێک نزیک کردنەوەی نێوان سۆسیۆلۆژیاو ئەتنۆگرافیاو ڕامالێنی ئەو بەربەستانەی لەنێوانیاندا بوو.
سێیەم/ ئەو میتۆدە بەراوردکاریەی «سبنسەر» بەکاری برد، بووە ئامرازێکی گرنگ بۆ لەقکردنی ئەو باوەڕەی دیدو بۆچونەکانی «کۆنت» لە ڕێگای قۆناغەکانەوە سەپاندبوویان. ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر بووە مایەی کەمکردنەوەی بایەخی ئەو تێزەی «کۆنت». لایەنی چوارەم و کۆتایی، پەیوەندی بە خودی تیۆرەی پەرەسەندن خۆیەوە هەیە، ئەو تیۆریایەی چالاکانە کەوتە تاوتوێکردنی گەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵگا ئینسانیەکان، هەر لە هۆزو خێڵە پەڕاگەندەکانی بەرەبەیانی مێژو، بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی پیاوانی ئاینی و سوپا بە ڕادەیەکی زۆر تیایاندا باڵادەست بوون، تا دەگات بە کۆمەڵگە پیشەسازیە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ.

## ٦- هەڵویستی فیکری و ئایدیۆلۆژی «هربت سبنسەر»:

زۆربەی ئەوانەی لە «سبنسەر»یان کۆڵیوەتەوە، هەڵوێستی ئایدۆلۆژی و فیکری ئەو لە خاڵی بەگریکردنی زۆری لە ئاقاری فەردانیەت و لیبرالیەت و ئۆرگانی دەست نیشان دەکەن. «سبنسەر» داوای دەکرد داکۆکی لە تاک بکرێت، ئەویش لەڕێی پاراستنی مافە سروشتییەکانیەوە،. هەر بۆیە بەرگری تەواوی لە موڵکایەتی تایبەتی دەکردو داوای بەرفراوانکردنیشی دەکرد. هەروەها پێشبڕکێی نێوان

یەکەیەکەی ئەندامانی کۆمەڵگەی بەمەرجێکی سەرەکی و گرنگی گەشەسەندن و پەرەپێدانی کۆمەڵگە دادەنا، ئەویش بە بڕوابوون بە پرانسیپی (**البقاء للاصلح**). سەرەڕای ئەمانەش داوای ئەوەی دەکرد ئاستێک بۆ دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوریدا دابنرێت و، برەو بە ئازادی بازرگانی بدرێت.

لە ڕوی فیکری و ئایدۆلۆژیەوە چەمکی پەرەسەندن گرنگییەکی زۆری لای «سبنسەر» هەبوو، بەجۆرێک دەتوانین لەڕێیانەوە ئاستی هەوڵ و بەشداری ئەوی لە بواری سۆسیۆلۆژیادا دەست نیشان بکەین. ئەو پێیوابوو پەرەسەندن چەمکێکی سێنترالە بۆ تێگەیشتن لە جیهان و دۆزینەوەو دیاریکردنی پێگەی مرۆڤ لە چوارچێوەی دنیادا. لێرەشەوە دەتوانین لە ناوەڕۆکی چەمکی (فەلسەفەی تەرکیبی) بگەین کە «سبنسەر» بەکاری بردووەو مەبەستیش لێی، دارِشتنی چوارچێوەیەکی پتەوی مەعریفی بووە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت بڵێین ئەو هەوڵی پراکتیزە کردنی تیۆرەکەی «چارلز داروین»ی داوە، وەک ئەوەی «داروین» لە کتێبی (Origin of Specie)دا بە شێوەیەکی میکانیکانە هەوڵی داوە بەسەر سەرجەم دیاردە جیاجیاکاندا پراکتیزەی بکات، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت بایەخدانی «سبنسەر» بە چەمکی پەرەسەندن، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە مێژوی ئەو ساڵەی کە «داروین» کتێبەکەی تێدا بڵاوکردەوە ١٨٢٩. هەروەها باری سەرنج و تێگەیشتنی «سبنسەر» لەمەڕ پەرەسەندن، زۆر لەو دیدوبۆچونانەی «داروین» بەر فراوانترن کە لە دوایدا بڵاوی کردنەوە.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت پانۆرامای ئەو چوارچێوە فەلسەفیە بەرەڵایە بخەینە ڕو کە «سبنسەر» لێیەوە دەستی پێکرد، هێندەی هەوڵدەدەین جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو وەکی سەرجەم هاوبیرەکانی

دیکەی لە بواری پەرەسەندندا، بیرۆکەی یەکیەتی جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی بەلاوە پەسەند بوو. ئەرکی سەرەکی زانستیش بەلای ئەوەوە کەشفکردنی تیۆرەی پەرەسەندن بوو کە ئاڕاستەی سەرجەم کایە جیاجیاکانی ژیان دەکات. بە واتای ئەوەی توێژینەوەی زانستی تەنها بوارێکی سەربەخۆو جیاواز ناگرێتەوە، بەڵکو بریتیە لە ئامرازێک بۆ شارەزابوون لە جیهانی گەشەو پەرەسەندن. لەم بارەیەوە «سبنسەر» جیاکاری لەنێوان سێ جۆر لە پەرەسەندندا دەکات: (نائۆرگانی/ ئۆرگانی/ ئەودیو ئۆرگانی). ئەوەشی جێی سەرنجە ئەوەیە، ئەو هێڵی جیاکەرەوەی لەنێوان هەریەک لەو قۆناغانەدا دانەناوە، لەبەرئەوەی ڕەنگە ئەو شتانەی لە قۆناغێکی باڵاتردا ڕودەدەن، بچنەوە سەر ئەو دیاردەو ڕوداوانەی لە قۆناغی پێشووتردا هەبوون. ئەو باوەڕی وابوو سۆسیۆلۆژیا بایەخ بە تاوتوێکردنی ئەو ڕوداوانە دەدات کە سەر بە قۆناغی پەرەسەندنی سەرو ئۆرگانین و بریتین لە دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان.

لەگەڵ چەمکی پەرەسەندندا «سبنسەر» هەوڵدەدات، ڕەواج بە چەمکی (هاوشێوە بوونی ئۆرگانی) بدات کە بریتیە لە پوختەی ئەو هەوڵە تیۆریانەی سۆسیۆلۆژە پەرەسەند خوازەکان خستیانە ڕو. پوختەی ئەم کارەش ئەوەیە کە لێکچون و هاوشێوە بوونێک لەنێوان بونەوەری ئۆرگانی و خەسڵەتی کۆمەڵگەدا هەیە.

مەبەستی «سبنسەر» لەم چەمکە ڕونکردنەوەی ئەگەری تاوتوێکردنی کۆمەڵگە بووە، لەبەر ڕۆشنایی دیدو بۆچونە بایەلۆژیەکاندا. ئەو پێیوابوو دەکرێت هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی بوونیاد و ئەرک و پەیوەندیانە ئاڵۆزخوازەکانیدا، ئەناتۆمی بکرێت.

«سبنسەر» ئەم چەمکەشی بە جۆرێکی زۆر کارامەتر بەکاربردووە، لەوانەی بەر لە خۆی کاریان پێکردووە. دەبێت چاوپۆشین لەوە نەکەین

که ئەو لە خەسڵەتی (نا ئۆرگانیانە)ی کۆمەڵگەی بێئاگانەبووەو لەم ڕووەوە ئاگاداریەکی باشی هەبووە، چونکە هەرگیز باوەڕی وانەبوو کە کۆمەڵگەکان بریتی بن لە (کائینێکی ئۆرگانی)، بەڵکو زاراوەی پەرەسەندنی ئەودیو ئۆرگانیشی بەکاردەهێنا بۆ ئاماژە کردن بە دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان. سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان خاوەنی کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکی وەهان کە هاوشێوەی هەمان ئەو شتانەن کە لەلای بونەوەرە ئۆرگانیەکان بەدیان دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە مرۆیەکان بۆخۆیان گەورەترن لە بونەوەرێکی ئۆرگانی، لەبەرئەوەی لە سیستمی کۆمەڵایەتی جیاجیا پێک دێت کە لە خەسڵەت و ئەدگارەکانی بونەوەرێکی ئۆرگانی جیاوازترە.

لەم ڕووەوە «سبنسەر» بەشێوەیەکی بەرفراوان باس لە خاڵی لێکچون و جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگەو بونەوەری ئۆرگانیدا دەکات. لە ڕوی گەشەسەندن و بەدەنگەوەچونیان بۆ کاریگەرییەکانی ژینگەو هەوڵی هەریەکەیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریاندا هاوشێوەن، بەڵام لە ڕەگەزی بوونیادی ناوەکیدا جیاوازن. جیاوازن لەبەرئەوەی بونەوەری ئۆرگانی بەشەکانی و یەکە ناوەکییەکانی یەک پانتایی زیندوو، یاد یەکەیەکی فیزیکی بەرچاو پێک دێنن. ئەمە لە کاتێکدا کایە کۆمەڵایەتییەکان جیاجیان و بەسەر چەند یەکەیەکی جیاوازدا دابەش بوون، وەک: (خانەوادە، خوێندنگا، دامو دەزگا، کۆمپانیاکان، پارتە سیاسیەکان و.. هتد). سەرەڕای بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم دامەزراندنەدا، بەڵام هەریەکەیان سەربەخۆیی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

هەروەها «سبنسەر» پێیوایە: (گەر لە بونەوەری ئۆرگانیدا بەشە جیاجیاکان کارەکانیان بە مەبەست لەپێناو بەرژەوەندیە گشتییەکاندا

بە ئەنجام بگەیەنن، ئەوا لە کۆمەڵدا دامو دەزگاکان ئەرکەکانیان لەپێناو ئەو تاکانەدا ڕادەپەڕێنن کە ئەندامی کۆمەڵگەن). دواجار دەتوانین بڵێین ئەم چەمکە وای کرد «سبنسەر» چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەرکی کۆمەڵگە بخاتەڕو، چارەسەرێک کە تا ئێستەش سەرچاوەیەکە بۆ شیکردنەوەی بەرهەمی زۆر لە سۆسیۆلۆژیستە هاوچەرخەکان.

## ٢- بەشداری کردنی «هربرت سبنسەر» لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیادا:

زەحمەتە بتوانرێت ئەو دەسکەوتە تیۆریی و میتۆدیانەی «سبنسەر»، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا پێش کەش بە سۆسیۆلۆژیای کرد لە خاڵێکدا کۆبکرێتەوە. ئەمەش بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ فرەیی و هەمەجۆری ئەو دەسکەوتانە، ئەوەندەی پەیوەندی بەو تێکەڵاوبوونەوە هەیە کە لەگەڵ دەسکەوتی سۆسیۆلۆژستیەکانی هاوسەردەمی خۆیدا دروستی کردووە. ئەوانیش وەکی ئەم لە هەمان چەمکە دارونییەکەوە دەستیان پێکردووە. نمونەی هەندێک لەوانە «واڵتەر باجۆت، ئەلفرید فۆییە، دینێ فۆرمس، ئەلفرێد ئەسبیناس، لیلیا نفیڵد، جیملبۆفتیش».

تەواوی ئەو زانایانە هاوسەردەمی بوون و دەسکەوتی زۆریان لە بواری سۆسیۆلۆژیادا هەبووە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیش کاریگەریان بەسەر بەرهەمەکانی «سبنسەر»ەوە جێهێشتووە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین دەستنیشانی ئەو دەسکەوتانە بکەین کە زیاد لە هەر کەسێکی دی بۆ «هربرت سبنسەر» دەژمێردرێت.

ڕەنگە شێکردنەوەی «سبنسەر»بۆ سستمی کۆمەڵایەتی، بە گرنگترین ئەو دەسکەوتە سەرەتاییانە دابنرێت کە ئەو لە بواری سۆسیۆلۆژیادا

بەدەستی هێنابێ. مەبەستی ئەویش لە دیاریکردنی واتای ئەم چەمکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەرکەدا بوو کە بە ئەنجامی گەیاندبوو. واتە ڕۆڵی لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە گشتی و ڕادەی بەشداری کردنیشی لە پرۆسەی ڕاهێنان و گونجاندنی هاوڵاتیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژین بەتایبەتی.

گریمانەی دووەم یان بۆچونی دووەم، بریتیە لەوەی کە تێگەیشتن لە سستمی کۆمەڵایەتی و ڕاپەڕاندنی کارەکانی بۆخۆی کارێکی مەحاڵە، بەبێئاگادار بوون لە هەلومەرجی دروست بوونی سەرهەڵدانی و هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە. هاوکات لەگەڵ ئەو پرۆسەی پێشکەوتن و پەرەسەندنەی بە خۆیەوە بینیووە. هەرچی بۆ چونی سێهەمە، جەخت لەوە دەکات کە پەیوەندیەکی بەردەوام لەنێوان ڕێکخراوو دامەزراوەکاندا هەیەو هەمووشیان پێکەوە سستمێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن و ئەرکێکی دیاری کراویش جێبەجێ دەکەن. ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە لە باریدانییە کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت، تا سەرجەم لایەن و بەشە جیاجیاکانی ڕۆڵی خۆیان لە خزمەتکردنی هەمووواندا نەبینن. گریمانەی چوارەم، و کۆتایی ئەوەیە کە هەموو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێت بە ئەرکێکی دیاری کراوی تایبەت، چونکە گەر هاتوو هەر دەستەو دامەزراوێک هەستا بە ڕاپەڕاندنی کارو چالاکی دامو دەزگایەکی دیکە، ئەوا ئەمە بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە مایەی پشێویەک لە ڕەوتی گشتی کۆمەڵگەدا...

ئەو پێیوایە کارێکی گرانە گەر بە شێوەیەکی جیا لەیەک و سەربەخۆ، باس لە هەر بەشێک لە بەشەکانی کۆمەڵگە بکەین، بەڵکو دەبێت تێکڕا پەی بەو ئامێتە بوونەی نێوان بوونیادە جیاجیاکان و ئەرک و فەرمانە جیاوازەکان بەرین لەنێو کۆمەڵدا. «سبنسەر» هەر بەوەندەوە نەوەستا تا بیروڕای خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگە بخاتەڕو، بەڵکو لە

هەوڵی ئەوەشدا بوو تا لەڕێی تیۆری و میتۆدیەوە بە پۆلێنکردنی کۆمەڵگاکان و بەراورد کردنیان بەیەکتری، شتێک بە ئەنجام بگەیەنێت.
بۆ ئەم مەبەستەش دوو شێوازی میتۆدی بەکارهێنا:
یەکەم/ پشت بە پۆلێنکردنی کۆمەڵگاکان دەبەستێت لە ڕوی پێکهاتن و دروست بوونیانەوە. لێرەدا «سبنسەر» لەو یاسای پەرەسندنەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت: (کۆمەڵگاکان بەپێی گەشەسەندن و کۆبوونەوەو جیاوازی ڕێکخراوە جەماوەریەکانیانەوە، گۆڕانکاریان تێدا ڕودەدات).
دووەم/ پشت بە دامەزراندنی ئەو نمونانە دەبەستێت کە تایبەتە بە چەند کۆمەڵگەیەک و لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی مەرکەزی یان زیاد لە بوارێکی مەرکەزی (ڕێکخراو، پاراستن، دابەشکردن) دامەزراوە.
وەک ئاشکراشە «سبنسەر» دوو شێوازی میتۆدی جیا لە یەکی بۆ پۆلێنکردنی کۆمەڵگاکان بەکاربردووە، لەبەرئەوەی پۆلێنکردن لە ڕوی دروست بوونەوە پشت بە چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی عەینی دیاریکراو دەبەستێت، وەک (خێڵ، کۆمەڵە خێڵێک، گوند، شار، کۆمەڵگەی بەرفراوان و... هتد). بەڵام پۆلێنکاری لەسەر بناغەی جۆرو نمونە، پشت بە سەرچاوەیەکی عەینی نابەستێت، بەڵکو بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە دامەزراندنی ئەو بوونیادە تیۆریانە دەبەستێت کە بە ئاستی جۆراو جۆر کۆمەڵگەکان لێی دوور دەکەونەوە و لێی نزیک دەبنەوە. ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات هەر لە زووەوە «سبنسەر» بەشداری ئەو کایەی کردووە کە هەنوکە پێیدەڵێن (سۆسیۆلۆژیای بەراوردکاری).
لە ڕوی جۆرەوە، «سبنسەر» کۆمەڵگە دابەش دەکات بەسەر دوو نمونەی بەناوبانگدا:
یەکەم/ کۆمەڵگەی سەربازی (Militat Society).
دووەم/ کۆمەڵگەی پیشەسازی (Industrial Society).

لە کۆمەڵگەی سەربازیدا یەک دەسەڵاتی مەرکەزی هەیە، ئەرکی ئەو دەسەڵاتەش چاودێری کردن و کۆنترۆڵکردنی هەموو هاوڵاتیان و کارو چالاکیەکانیانە. ئەم دەسەڵاتە هەر بە تەنها لەبەردەم چالاکیەکاندا لەمپەڕ نییە، بەڵکو ئەو ئەرکو فەرمانانەش دیاری دەکات کە لەسەر هەریەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵ پێویستە لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێیان بکات. واتە نمونەی ئەم جۆرە دەسەڵاتە مەرکەزیە، تەواوی کاروبارە ئاینی و سەربازی و شارستانی و سیاسی ئابورییەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لە سایەی ئەم سستمەدا هەر هاوڵاتیەک پیشەیەک یان مەوقیع و پلەو پایەکی دیاری کراوی خۆی دەبێت.

لەوەها کۆمەڵگەیەکدا فەرد پابەندی زنجیرەیەکی هەرەمی دەسەڵاتەو تیایدا ملکەچی ئەو کەسانەیە کە لەسەروخۆیەوەن، هاوکات مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیشی بەسەر ئەوانەدا دەکات کە لەژێر دەستیدان. بە واتایەکی تر لە کۆمەڵگەی سەربازیدا تاکەکەس پێگەیەکی دیاریکراوی هەیەو زۆربەی جار ئەو جێگەیەی بە میراتی بۆ دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە بوونیادێکی کۆمەڵایەتی وا خەسڵەتێکی نەگۆڕی دەبێ و بوار لە بەردەم هیچ هەوڵێک بۆ گۆڕانکاری ناهێڵێتەوە. لێرەدا دەسەڵاتی دەوڵەت بەجۆرێک بەسەر تاکەکەسەکاندا دەسەپێنرێت، تەنانەت بیروڕاو دیدو بۆچونەکانیشیان دەگرێتەوە، چونکە دوا مەبەستی دەسەڵات ملکەچی پێکردنیانە بۆ سستمی کۆمەڵایەتی.

لەم چەشنە کۆمەڵگایانەدا ڕێگا بە هیچ گروپ و ڕێکخراوێک نادرێت تا بەویستی خۆی بێتە ئارا، تەنها بەو مەرجە نەبێت کە لەگەڵ خواستەکانی دەسەڵاتی مەرکەزیدا تەبابێت. واتا بە جۆرێک بێت، کۆنترۆڵکردنی هاوڵاتیان لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە مسۆگەر بکات. هەروەها لێرەدا یاساش بە مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندی ئەندامانی کۆمەڵ نییە، هێندەی کار بۆ بەرفراوانترکردنی جیاوازیەکان

و پشتگیری کردنی زیاتری دەسەڵاتی ناوەڕاستی دەوڵەت دەکات. بۆیە لەوەها کۆمەڵگەیەکدا دەبینین سەرچاوەی ڕاستەقینەی یاسا ئیرادەی فەرمانڕەواو بەرژەوەندیەکانێتی، نەک سودو قازانجی ئەندامانی کۆمەڵ. ئەمەش مانای وایە کە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بە مانا باوەکەی لە هزری کۆمەڵایەتیدا، لەوەها کۆمەڵگەیەکدا ون و بزرە.

هەروەها «سبنسەر» پێیوایە هاوڵاتیانی کۆمەڵگەی سەربازی، چەند خەسڵەتێکی سایکۆلۆژی و عەقڵی هاوبەشیان هەیە. سیمایان هەندێک ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پێوە دیارە کە بەزۆر بەسەریاندا سەپاوە، نمونەی وەک: (گوێڕایەڵی و ملکەچی، پەسەندکردنی ڕۆتینی ژیان، نەبوونی هەڵوێست و پشت بەستن بە دەسەڵات). کارێکی سروشتیە لەوەها هەلومەرجێکدا کۆمەڵگەی سەربازی لەڕێی چەند خەسڵەتێکی گشتییەوە بناسرێتەوە، لەوانە: (موحافەزەکاری، دژایەتیکردنی هەموو جۆرە هەوڵێکی نوێ بوونەوەو گۆڕان کاریەک). ئەمەش دەبێتە مایەی لاوازی و بەفیڕۆ چونی توانستەکان و گرفت و بارگرانی خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی تازەدا.

لەو کۆمەڵگە سەربازیانەی «سبنسەر» بە نمونە دەیانهێنێتەوە: (میسری فیرعەونی و سپارتەو روسیا)یە، بەڵام هەرچی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی پیشەسازیەوە هەیە، ئەوا تەواو پێچەوانەی کۆمەڵگەی سەربازییە. بۆیە لەجیاتی دەسەڵاتێکی تاکەکەسی ناوەڕاستی (دیکتاتۆری) کە کۆمەڵگەی سەربازی پشتی پێدەبەستێت، دەبینین کۆمەڵگەی پیسەسازی داکۆکی لەو ڕێساو دروشمانە دەکات کە لە ئەنجامی کارلێکی سروشتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەوە دێنە ئارا.

هەروەها لە کۆمەڵگەی پیشەسازیدا، دەوڵەت جەخت لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی بیروڕاو فرەیی و و هەمەڕەنگی دامو دەزگاو ڕێکخراوەکان دەکاتەوە، تا ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. هاوکات پاداشتی

ئەوانەش دەداتەوە کە دەسکەوتێک بەدەست دێنن، لە بەرامبەردا هاوڵاتیانیش پابەندی یاساکانی کۆمەڵ دەبن. سەرچاوەی دەسەڵات لەوەها کۆمەڵگەیەکدا چاوگی جیاجیای هەیەو بە شێوازی جیاوازو ئاستی جۆراو جۆر مومارەسەی دیسپلینی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات. لێرەدا ڕۆحی  ملکەچی و چەوساندنەوە وەلاوە دەنرێ و گیانی سەربەخۆیی دێتە ئاراو ئارەزومەندی گۆڕانکاریش زۆرترو زیاتر دەبێت.
وەک چۆن ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێ و پلەو پایەی هەرکەسێکێش لەڕێی ئەو دەسکەوت و دەساوردانەوە دیاری دەکرێت کە بەدەستی دێنێت، نەک بەهۆی ئینتمیای خێڵەکی و بنەماڵەوە. ئەم دابەشکردنەی «سبنسەر» پەی بردنێکی قوڵە بەو قۆناغی گۆڕانکارییەی ئەوروپییەکانی پێدا تێپەڕ دەبوون، لە قۆناغی فیودالیزمەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری. پەی بردنێکی لەمجۆرەش بە ئاشکرا بەکارو بەرهەمەکانی بیرمەندەکانی دیکەی وەک: «هیگڵ و سان سیمۆن و ئۆگست کۆمنت و ئەلیکس دی تۆکڤیل»ەوە دیارە. «سبنسەر» لە بواری سیاسیشدا ڕستێک دیدو بۆچونی جۆراوجۆری خستەڕوو کە گوزارشت لە فەلسەفەی لیبرالیزم دەکەن و داوای ئازادی دەکەن لە کایەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. داواش لەدەوڵەت دەکات، دەست لە کاروباری هاوڵاتیان وەرنەدات – تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت –، گومانی تێدانییە کە بەرهەمە سیاسیەکانی «سبنسەر» بە دەوڵەمەندترین و بەپیت ترین کارەکانی دەژمێردرێت، بەتایبەت ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندی بە سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخەوە سەیر بکرێت.
ئەو بە ئەرکی سۆسیۆلۆژیای دەزانی، گرنگییەکی تایبەت بداتە تاوتوێ کردنی چۆنیەتی دروست بوون و پەرسەندنی دامو دەزگا سیاسیەکان. هەروەها پێیوابوو سۆسیۆلۆژیا هەوڵ دەدات تا پەردە

له رووی شێوازه جۆراو جۆرەکانی ڕێکخراوی سیاسی لەناو سستمه کۆمەڵایەتییه جیاوازەکاندا هەڵبماڵێت. ڕنگه یەکێک له بەپێزترین بەرهەمه سیاسیەکانی «سبنسەر» که کاریگەری بەسەر سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخەوه هەبێت، ئەو بەرهەمەی بێت که پەیوەندی به دەوڵەتەوه هەیه به شێوەیەکی تایبەتی و به سستمی سیاسییەوه به گشتی. ئەو بۆخۆی جیاوازی لەنێوان زاراوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دەکات، لای ئەو دەوڵەت هاوشانی کۆمەڵگەیه ساتێک که وەک یەکەیەکی سیاسی ڕێک دەخرێت. هاوکات کۆمەڵگه ئەم ڕێکخستنه ئۆرگانییەی لەڕێی دووجۆره هاریکارییەوه بۆ بەدەست دێت: هاریکارییەکی خۆبەخۆیی تایبەت و، هاریکارییەکی مەبەستداری گشتی. ئەوەی دووەمیان پەیوەسته به کرۆکی چالاکی دەوڵەت و سۆنگەی ئامادەبوونی ئەوەوه.
له ڕوی شیکاری و مێژویشەوه «سبنسەر» له بابەتی بنەچەی دەوڵەت و دەسەڵاتیشی کۆڵیوەتەوه. بەڕای ئەو ترسی ژیان به درێژایی ڕۆژگار هۆکاری سەرەکی بووه له خولقاندنی فشاری ئاینیدا. دەوڵەتیش بۆیه هاتۆته ئارا، چونکه کۆمەڵگه له باریدا نییه ئەرک و فەرمانەکانی بەبێ بوونی ئەو ڕاپەڕێنێ. به تەنها کۆبوونەوەی کەسەکان نابێته مایەی دروست بوونی کۆمەڵگه، بەڵکو له پاڵ ئەمەشدا پێویسته دەسەڵاتێک هەبێت بۆ ڕێکخستنی هاریکاری لەنێوان سەرجەم گروپ و هێزه کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکاندا. ئەو هەر له نوسینه سەرەتاییەکانەوه باس له گرنگی ڕۆڵی دەوڵەت دەکات. پێناسەی ئەو بۆ دەوڵەت ئەوەیه که ڕێککەوتنێکی یاسایی سنوردارەو هاوڵاتیان به مەبەستی پاراستنی ئازادی خۆیان دایانمەزراندووه. لەلایەکی ترەوه ئەو به شایستەی نازانێت دەوڵەت بەو ئەرکانه هەستێت که ئەندامانی کۆمەڵ دەتوانن به شێوەیەکی باشترو گونجاوتر پێی هەستن و ڕای پەڕێنن. بواری پەروەردەو ئاین لەو کایه تایبەتیانەن که پێویسته

هاوڵاتیان خۆیان سەرپشک بن تیایداو لە دەسەڵاتی دەوڵەت بە دوور بێت. بوارێکیش کە نابێت هەرگیز دەوڵەت لێی نزیک بێتەوە کایەی ئابورییە. بەلای «سبنسەر»ەوە سەرەکی ترین ئەرکی دەوڵەت بریتیە لە پاراستنی هاوڵاتیان و دابین کردنی ئارامی و ئاسایش بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە، لەگەڵ پاراستنی موڵک و ماڵاتی هاوڵاتیان و دەست وەرنەدانە کاروباریان و پارێزگاری کردن لە سنوری نەتەوە..

## ٣- «هربرت سبنسەر» لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە:

سەرەڕای ئەو پێشوازییە زۆرەی لە ڕاو بۆچونەکانی «سبنسەر» کرا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بەڵام هێندەی نەبرد کە لە بەرەبەیانی سەدەی بیستەمدا بایەخ و گرنگی خۆی لە دەستدا. لەبەرئەوەی تێزەکانی تەواو لەگەڵ قۆناغی ڤیکتۆریدا گونجاوبون، ئەو قۆناغەی بەرجەستەی پرانسیپە لیبراڵی و فەردانیەتەکانی دەکرد لە ئینگلستاندا. ئەو ئاقاری پەرەسەندنەی جێ سەرنجی بیریارە کۆمەڵایەتییەکان بوو، هێندەی نەبرد لە سەدەی بیستەمدا بووە ڕێبازێکی فیکری لاواز، ڕێبازێک کە پێویستی بە گوڕو تینێکی نوێ هەبوو تا لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیە (هەرێمایەتی و نەتەوەیی و نێو دەوڵەتی)یە تازەکاندا بگونجێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە تەواوی بۆچونەکانی لەلایەن بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەلاوە نرابن، بەڵکو تێزەکانی لە ڕوی پەرەسەندنەوە تا ئێستاش بەلای هەندێک ئاقاری فیکری تازەی ناو سۆسیۆلۆیای نوێوە وەک بوونیادگەری وەزیفی، گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە. بگرە ئاقاری پەرەسەندنی نوێ کە کەسانی وەک «ئێلوودو لیزی وایت» نوێنەرایەتی دەکەن، بۆچونەکانی «سبنسەر» یان بەلاوە پەسەندە، بوو بەڵام دوای ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەک تیایداو بە شێوەیەک لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بگونجێت


که جیهانی ئەمڕۆ بەخۆیەوە دەبینێت. واتە ئەم ڕێبازە نوێیە هەمان ئەو چەمک و زاراوانە بەکار دەبات کە «سبنسەر» کاری پێدەکردن، وەک: (وەزیفەی کۆمەڵایەتی و بوونیادی کۆمەڵایەتی). دەکرێت لە فیکری «سبنسەر»دا دەست نیشانی چەند خاڵێکی لاوازو بەهێز بکەین، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەوەیە ئەو یەکێکە لە یەکەمین ئەو سۆسیۆلۆژیستانەی بەکارهێنانی میتۆدەیەکی شیاوی بۆ تاوتوێ کردنی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە پێویست زانیوە.
هەروەها بە بناغەدانەری یەکێک لە هەرە گرنگترین ئاقارە هاوچەرخەکان دادەنرێت کە ڕێبازی بوونیادگەری وەزیفییە. ئەم ڕێبازە پێیوایە لەنێوان پێکهێنەرو بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵدا، جۆرە پەیوەندیەکی بەرابەری هەیەو ئەرکی سۆسیۆلۆژیستیش ئەوەیە سروشتی پەیوەندی نێوان ئەو لایەنانە ئاشکرا بکات کە بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بیرکردنەوەی ئەوە دەژمێردرێت.
هەندێک لە ڕەخنەگران لایان وایە سەرەڕای پشت بەستنی «سبنسەر» بە میتۆدی زانستی لە ڕوی پۆلێن کردنی دیاردەکان و باسکردن و ڕاڤەکردنیان، بەڵام هەوڵەکانی لەم ڕووەوە خەسڵەتێکی زانستیانەی وەهای پێوە دیار نییە، لەبەرئەوەی ئەو زۆر لەو گریمانەو بۆچونانەی ئافەرۆز دەکرد کە لەگەڵ تیۆرەی پەرەسەندندا ناگونجێن.
سەرەڕای ئەو ڕەخنە زۆرانەی ڕوبەڕوی تیزەکانی «سبنسەر» دەبنەوە، بەڵام هەموو ئەوانە لە بایەخی ئەو وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی سۆسیۆلۆژیا لە سەردەمی نۆزدەدا کەم ناکەنەوە. سۆسیۆلۆژیستێک کە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی لە دەوڵەمەند کردنی بیری کۆمەڵایەتی پەرەسەندندا کردووە. بەوەش توانیویەتی گوزارشت لە ئاقارێکی فیژری وەها بکات کە تا ساتە وەختی ئێستاش، کاریگەری لەسەر زۆر لە تیۆرە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان هەیە. وەک چۆن هەوڵ و تەقەلای

ئەو لە پێناو دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیایەک لەسەر بنەمایەکی میتۆدی ڕوون و ئاشکرا فەرامۆش ناکرێت.
تەمەنی «سبنسەر» بواری ئەوەشیدا تا بە چاوی خۆی ڕادەی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی خۆی ببینێ، بەڵام کاتێک ئەو هەلومەرجە مەعریفی و ئایدۆلۆژیەی هاوکاتی نوسین و بەرهەمەکانی «سبنسەر» بوون گۆڕانکاریان بەسەردا هات، ئیتر هیچ بەهانەیەک بۆ مانەوەیان نەما، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بە یەکێک لە پێشەواکانی فیکری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە توانی لەنێوان یەکیەتی بیرو پسپۆڕی زانستی، لەنێوان بیرکردنەوەی فەلسەفی و تیۆرەی زانستی، لەنێوان زانستی سروشتی و سۆسیۆلۆژیادا هەم ئاهەنگێک دروست بکات. لە تەواوی ئەم کایانەشدا گرنگی و بایەخی «سبنسەر» لە فیکری کۆمەڵایەتیدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەمەش بەچاو پۆشین لە لایەنگیری ئایدۆلۆژی و پەیوەندی ئەو بە سیاسەتی قۆناغی ڤیکتۆری و ئەو قۆناغانەی کە تیایدا بیری لیبراڵی گەیشتە دوا ئاستی باڵادەستی خۆی لە تەشەنە سەندن و هەژمونگەریدا.

( II )

**قوتابخانەی فرانکفۆرت ١٨٧**
*جۆرج تەرابیشی*
**مافەکانی مرۆڤ ١٩٧**
*جۆرج تەرابیشی*
**ئارکیۆلۆژیایی نوێگەری ٢٠٧**
*هاشم ساڵح*
**ئامانجەکانی فەلسەفە ٢١٩**
*مەطاع صەفەدی*
**بندتۆ کرۆشە ٢٢٧**
*د. زەکەریا ئیبراهیم*

# قوتابخانەی فرانکفۆرت لەمڕۆدا،
# گوتاری خۆی ئاراستەی کێ دەکات؟



جۆرج تەرابیشی

ئەگەر سۆسیۆلۆژیای ئەڵمانی لە چەقی سۆسیۆلۆژیای جیهانیدا بێت، ئەوا چەقی سۆسیۆژیای ئەڵمانی بێچەندو چۆن دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت. لە دەرەوە ڕای ئەم قوتابخانەیە کە چەندین ناوی دیاری وەکی: «ماکس هۆرکهایمەرو تیودۆر ئەدرنۆ و ئەریک فرۆم و هربرت مارکۆزەو یۆرگن هابرمازی» تێدایە، پێناچێت سۆسیۆلۆژیایەکی ئەڵمانی تر هەبێت لە ئاستێکی جیهانی دابێت.

گورانی قوتابخانەی فرانکۆرت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٣، کاتێک «فلیکس فایل» کە ئەویش کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندی یەهودی بوو، لەو شارەدا کە دەکەوێتە خۆرئاوای ئەڵمانیا، یەکەمین پەیمانگای لەو جۆرەی بۆ باس و لێکۆڵینەوەی مارکسیزم دامەزراند. لە ١٩٣١دا «ماکس هۆرکهایمەر» بەڕێوەبردنی پەیمانگای گرتە دەست، بەمەش ڕێساکانی ئەو قوتابخانەی داڕشت کە دواتر بە ناوی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەناسرێت.

هەرچۆنێک بێت ناونانێکی وەها لە خشتەبەرەو لە جێی خۆیدا نییە. یەکەم، لەبەرئەوەی گرنگترین دەسکەوتەکانی ئەم قوتابخانەیە لە دەرەوەی فرانکفۆرتدا بەدەست هاتوون، بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، دوای ئەوەی تەواوی ئەندامەکانی ڕێگای تاراوگەیان گرتە بەر، تا لە دەست دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی نازیزم دەربازیان بێت.

دووەمیشیان لەبەرئەوەی ناوهێنانی قوتابخانە، ئاماژەدانە بەوەی جۆرێک لە یەکیەتی بیروڕا یان میتۆدە یاخود تۆژینەوە لەناو ئەندامەکانیدا هەبێت، ئەمە لە کاتێکدا هیچ قوتابخانەیەک ئەندامەکانی هێندەی

فرانكفۆرتیەكان لەناویەكدا ناكۆك نەبوون، ئەوان هەریەكەیان دابەش بوون بەسەر ماركسیسی ئەرتۆدەكسی و فرۆیدی و فرۆیدی ماركسی و ئەپستمۆلۆژی و ئەقڵانی و ئەقڵانی نوێ و تەنانەت نائەقڵانیشدا.

بەڵام سەرەڕای ئەم فرە ئایدۆلۆژیەو دابەش بوونە لە بوارەكانی توێژینەوەو مەنهەجدا، لەنێوان پیسكۆلۆژیاو تیۆری مەعریفەو سسۆسیۆلۆژیاو ئەنسرۆپۆلۆژیاو فەلسەفەی هونەردا، ئەوا قوتابخانەی فرانكفۆرت لە زێدی خۆیداو وەهاش لە تاراوگە، ناوبانگی بە تیۆرەی ڕەخنەیی دەركردبوو. ئەم تیۆرە ڕەخنەیەشی لە خاڵی سەرەكیدا كۆدەبنەوە.

- تێڕوانینێكی نوێ بۆ مێژو.
- ڕەخنەگرتن لە ئەقڵ ئامێری و لۆژیكی باڵادەستێتی تەكنۆكراتیەت.
- سەرلەنوێ چاو خشاندنەوە بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگە.
- دیدێكی نوێ بۆ پەیوەندیەكانی نێوان تیۆرەو پراكسیس.

ئەگەرچی قوتابخانەی فرانكفۆرت لە ماركسیزمدا دەستبەرداری پرۆژە ڕەخنەییەكەی نەبوون، بەڵام خواستی ئەوەیان هەبوو ئەو فەلسەفەیە لە ستایشكردنی ئەقڵ ئامێری و بڕوای تەواوی بە حەتمیەتی بەرەو پێشچونی مرۆڤایەتی ڕزگار بكەن. بەمجۆرەش فەلسەفەی مێژوی ماركسیزم خرایە ژێر پرسیارەوە، بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی مێژو بە دیدگا ڕەشبینەكەی لای هەریەك لە «شوپنهاوەرو كیركیگارد». «ئەدرنۆو هۆركهایمەر» خۆشباوەڕی ڕۆشنگەری و ئایدۆلۆژیای ڕزگاری قۆناغ بە قۆناغی مرۆڤایەتیان هاوشان لەگەڵ بەرەو پێشچونی مێژودا ڕەتكردەوە. ئەوەی بابەتی گەشەو پێشكەوتنە دواجار بۆتە مایەی تێئاوارە بوونی مرۆڤ، تەنانەت ململانێی چینایەتیش وەكی دینامۆو بزوێنەری مێژو نەماوە، لەبەرئەوەی پرۆلیتاریا وەك چینێكی

شۆڕشگێڕی دیارو دەستنیشانکەری مانای مێژو، هیچ بوونێکی بۆ نەماوەتەوە. ئەوەتا کۆمەڵگەی بەرخۆری لە مرۆدا، جەماوەری چینی کارگەران و بزاوتی پرۆلیتاریای بە ئاقاری چەوسێنەرانەی خۆیەوە شەتەک داوەو لە هەموو توانستێکی ڕەخنەگرانە و نەفیکردنێک دایماڵیوون.

لە بری چەوساندنەوەیەکی ئابوری ڕاستەوخۆ، تاکەکەس بۆتە بابەتی سەودا پێکردنێکی کۆمەڵایەتی- تەکنیکی لەژێر سایەی ئەقڵ ئامێریدا، ئەو ئەقڵەی تاکەکەس و چینەکان تێکڕا لە سورێکی بەرهەمهێنانی بەرخۆریدا پێکەوە شەتەک دەدات.

جێی خۆیەتی بڵێین ئەقڵی زانستی — تەکنیکی، بە تەنها ئامرازێک نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت وەک ئەوەی «دیکارت» مەزەندەی دەکرد، بەڵکو هاوکات ئەو ئەقڵە بۆتە ئامرازی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤیش. ئەوەتا لۆژیکی جڵەوکردنی تەکنیکیانەی سروشت هەمان لۆژیکی جڵەوکردنی بەشتکردنی مرۆڤیشەوە.

ئەقڵ ئامێری کە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ بە جیهانەوە لەسەر بناغەی دەسگرتن بەسەر سروشتدا، فەزایەکی ئەبستراکت و لێکچوو دەخولقێنێ، بەمەش هەموو ئەوانە نەفی دەکاو دەسڕێتەوە کە لەگەڵ لۆژیکی تەکنیکی و تەکنۆکراتیدا ناگونجێن. لۆژیکێکی وەها هیچ جیاوازیەک ناکات، لە مرۆڤیشدا تەنها مادەیەکی خاو دەبینێ کە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیدا نییە، ئەوەندەش مامەڵەیان لەگەڵ دەکات کە بیانکاتە شت و بیانکاتە بابەتێک بۆ بڕیارێکی بیرۆکراسی. لەبەرامبەردا بە ئایکۆنەکردنی شتومەکدا، بە شتبونی تاکەکەسەکان و بیرۆکراسی بونی کۆمەڵ و بە ئەقڵانی کردنی ئابوری دێتە گۆڕێ. وەها ئەقڵانیەتێکیش لە خۆیدا هەڵگرێ هیچ وەعدو بەڵێنێک نییە بە ڕزگاربوون، بەڵکو بریتیە لە ئەقڵانیەتێک کە سروشت

وێران دەکات و مرۆڤ قوت دەدات و ڕێگاش لە بەردەم ئیستبدادیەت و تۆتالیتاریەتدا خۆش دەکات. وەکی «ئەدرنۆو هۆرکهایمەر» لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (دیالەکتیکی ڕۆشنگەری) ساڵی ١٩٤٧ دەڵێن: (ئەقڵ دوای ئەوەی ئەفسانەکانی ڕامالّی، ئێستا بۆخۆی بۆتە ئەفسانەو پرانسیپێک بۆ تۆتالیتاریەت).

ئەم تۆتالیتاریەتەی دەرەنجامێکی ئەقڵ ئامێرییەو ئەو جیاکاریەی «هیگڵ و مارکسی» لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵ یان بە واتایەکی دی لەنێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا دروستیانکرد، دەکاتە بابەتێکی بێبایەخ. لەبەرئەوەی لە سایەی هەژمونی وەها ئەقلێکدا، دەوڵەت بە فیعلی بۆخۆی دەبێتە تەواوی دەزگا گشتی و تایبەتیەکان و لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەشەوە دیسپلین کردنی تاکەکەس و مەسخ بونی بە ئەنجام دەگات. بێگومان بیرۆکراسیەتی سەراپاگیریش لەئاکامدا بە بەیەکداچونی کایەی تایبەتی و کایەی گشتی دەگات. لێرەوە خودی سەندیکاکان خۆشیان لە گەڵیشیدا کۆمپانیا تایبەتەکان و داموو دەزگا پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکان، دەبنە ئامێرو دەست وێژێک بە دەستی دەوڵەتەوە بۆ دیسپلین کردنی تاکەکەس و ڕامکردنی. بە ناوی ئەقڵانیەتی لێپێچینەوەی گشتیشەوە دەوڵەت نەک هەر تەنها دەست وەردەداتە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی، بگرە دەست بۆ ناو ژیانی تایبەتیش درێژ دەکات.

«هاپرماز» کە یەکێکە لەوانەی درەنگ وەختێ پەیوەندی بە قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرتەوە کرد، توانیویەتی لەڕێی لێکۆڵینەوەو شیکاریەکانیەوە پەردە لە ڕوی ئەوە هەڵماڵێ کە تا چ ڕادەیەک کایەی ئیداری و فەزای بەشتبوو دەستیان وەرداوەتە جیهانی ڕۆژانە و فەزای بەکاڵاکردن، تەنانەت دودڵ نەبوو قسەش لەوە بکات کە چۆن چۆنی جیهانی ناوەکی و تایبەتی مرۆڤی پاوان کردووە. ئەقڵ ئامێری کە

سیاسەت بە فەرمانی ئەو و لە خزمەتی ئەودا کار دەکات، کایەی مرۆڤایەتی بە ئۆتۆستردات و هێڵی ئاسنین و تەنانەت هێڵی ئاسمانی لە قالّب داوەو، شوێن بە شێوەیەکی دەسکردانە بەش بەش دەکات، بەپێی پێودانگێکی تەکنۆکراتیانەی ڕوت، کارێک کەوا دەکات شارەکان لە ناوەڕاستەکانی خۆیان هەڵکەندرێن و بەرەو ناوچەکانی دەوروبەریان بکێشن، تا لە دەوری سوپەر مارکتەکان و ناوچە بازرگانیە گەورەکان گردببنەوەو دابمەزرێن، ئەمەش لە پرۆسەیەکی کۆلۆنیالیدا ڕودەدات کە لە زانستی ئاوەدانی شارستانیدا دەگمەن و کەم وێنەیە بەتایبەت پاوانکردنی ئەو ڕوبەرە سروشتیانەی چواردەوری شارەکانیان داوە.

بەمجۆرە ئەقڵ ئامێری بە تەنها زانستێکی پسپۆڕخوازی و نامرۆڤانەی لێناکەوێتەوە کە لە ڕوی ئیدارییەوە جڵەوی دەکات، بەڵکو هاوکات جیهانێکی میکانیکی و ساردو سڕیش بەرهەم دێنێت. هەر بەپێی بۆچونە وردبینیەکەی «هۆرکهایمەر»، ئەقڵێکی لەمجۆرە کۆمەڵگە دەگۆڕێت بۆ دۆخێکی سروشتی دیکە، دۆخێک زۆر دڵڕەقتر و بە زەبرو زەنگتر لەوەی یەکەم.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە پێش وەخت تەواوی ڕێگا چارەکان داخراون و بیرمەندیش جگە لە بێدەنگی یان نائومێدی هیچی بۆ نەماوەتەوە؟

فرانکفۆرتیەکان سەر لەبەر داخرانی ئاسۆیەکی وا ڕەتدەکەنەوە، پێداگرتنیشیان لەسەر ئەوەی ئاقارەکەیان تیۆرەیەکی ڕەخنەییە، لەبەرئەوەیە ئەوان دەخوازن دەرگاکە بە کراوەیی لەبەردەم ئەگەری کارکردندا بهێڵنەوە. سەرلەنوێ پێداچونەوەشیان بە مارکسیزمدا لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، بە ئامانجی چاوخشاندنەوە بە پەیوەندیەکانی نێوان تیۆرەو پراکسیسدا. قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەو تێزە مارکسیەیان لەمەڕ سەرخان ڕەتکردەوە کە شتەکانی دیکەی وەک: (ئاین و هونەرو یاساو مۆراڵ)، وەکی ڕەنگدانەوەیەکی ژێرخانی ئابوری سەیر دەکرد.

بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەوان جەختیان لەسەر ئەو دینامیکیەتە تایبەتە دەکردەوە کە لەناو ئەم کایانەدا هەیە. بۆ نمونە هونەر دەشێت ببێتە ئامرازێک بۆ چەواشەکردنی هۆشیاری جەماوەر، وەکی مارکسیزم جەختی لەسەر دەکات گەر شکڵێکی پیشەسازی کلتوری وەرگرت، بەڵام هاوکات دەشێت بشبێتە هەڵگری وەعدو بەڵێنێک بە گۆڕینی جیهان.

بێگومان کاری هونەری ڕەگەزی ئەفسانەیی لەخۆ دەگرێت، بەڵام خودی ئەم ڕەگەزانە بە حوکمی ئەو وزەی ئازادیەی لە هونەردایە، ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبگەڕێتەوە و بگۆڕێت بە مێژو، کارێک کە «والتەر بینامین» جەختی لەسەر دەکرد. «بینامین» سەر بە نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو تیۆریای مارکسیزم لە خەسڵەتە میکانیکیەکەی قوتار بکات.

هەندێک وەها پێناسەی تیۆرەی ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرتیان دەکرد کە لیبرالیەتێکی نوێیەو داوا دەکات مومارەسەکردنی ئازادی لە سەرجەم کایەکانی فکردا دەستەبەر دەبێت، بەڵام وەها پێناسەیەک ئەو ڕایەڵە فەرامۆش دەکات کە تیۆرەی ڕەخنەیی بە مارکسیزم و بە تێڕوانینی گۆڕانخوازی ئەو قوتابخانەیە بۆ جیهان دەبەستێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت تیۆریای ڕەخنەیی لە بری ئەوەی لە ڕەوتێکی ئانارشیستی فەردانی نائەقڵانیدا نقوم بێت، وەکی ئەوەی مارکسیستە نەیارەکانیان بەوە تاوانباریان دەکردن، بەر لە هەر شتێ هەوڵیاندا ڕەهەندی ئازادی لە خودی مارکسیزمدا زیندوو بکەنەوە، پاش ئەوەی لە ڕەفتاری ستالینیەتدا بە دیسپۆتیزمیەتێکی نوێ گەیشت.

تیۆرەی ڕەخنەیش دواجار تیۆرەیەکە دژی ئیستبدادە، ئیتر جۆری ئەم ئیستبدادە ئایدیۆلۆژی بێت یاخود ئیستبدادێکی تەکنۆکراتی بێت.

تاوانبارکردنی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە ئانارشیزمی و نائەقڵانیەت،

بۆخۆی تەشەر لێدانە زیاد لەوەی ڕەخنە بێت. گەر ئەمان ئیدانەی ئەقڵ ئامێریان کردبێت، لەو ڕووەوە بووە کە دژایەتی هەژموون و باڵادەستی ئەو ئەقڵیان کردووەو داوای ئەوەیان کردووە بخرێتە ژێر چاودێری ئەقڵی معیاریەوە. لەبەر ئەمەش هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەڵوێستی عەدەمیانە پەیڕەو بکات، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی دیموکراسیەتەوە هەیە. ئەوەتا «ماکس هۆرکهایمەر» یەکێک لە دیارترین ناوەکانی ئەو قوتابخانەیە، دەنووسێت و دەڵێت:
(دیموکراسیەتە ئازار دەرەکەمان چاکترە لە هەر دیکتاتۆریەتێک).
هەروەها «یۆرگن هاپرماز»یش جەخت لەسەر ئەولەویەتی دیالۆگی دیموکراسی دەکاتەوە، بەو پێیەی تاکە ئامرازێکە بۆ دەربازبوون و خۆڕاپسکان لە دەست وەهمی تەکنۆکراتی و دروستکردنی ڕایەڵێکی سیاسی، لە نێوان هێزو توانستی تەکنیکی مرۆڤایەتی هاوچەرخ و ئیرادە عەمەلیەکانی و بەهاکانی ئەقڵی معیاریدا، بەڵام ئەم تازە کردنەوانەی «هاپرماز»، بەتایبەت لە کایەی تیۆریای مەعریفەدا، دواجار پرسیارێک دێنێتە پێش دەربارەی ئایندەی قوتابخانەی فرانکفۆرت. لەبەرئەوەی تیۆرەی ڕەخنەیی و هات و هاواری ناڕەزایی دەربڕین کە قوتابخانەی فرانکفۆرت نوێنەرایەتی دەکرد و کاری پێدەکرد، پێدەچێت لە دوای شکستی مارکسیزم و ئەو گۆڕانکاریە نیو- لیبرالیانەی لە جیهانی سەرمایەداریدا ڕوویاندا ئەو ڕەواجەی نەما بێت.
کەواتە لە ئێستادا قوتابخانەی فرانکفۆرت گوتاری خۆی ئاراستەی کێ دەکات، بە تایبەت ئەوەی گوتارەکەی ئاراستە دەکرا، نەک تەنها هەر ناونیشانەکەی گۆڕاوە، بەڵکو لە بنەڕەتەوە وجودی سڕاوەتەوە و هیچ بوونێکی نەماوە؟.

# مافەکانی مرۆڤ




جۆرج تەرابیشی

مافەکانی مرۆڤ ئایدیایکی نامێژویی نییە، بەڵکو ئایدیایەکە بەرهەمی مۆدێرنەیە، دوای ئەوەی لە هەناوی کلتورەکانی بەر لە مۆدێرنەدا گەشەیەکی سەرەتایی کرد. ئایدیای مافەکانی مرۆڤ وەک کات ، لە قۆناغی نێوان سەدەی حەڤدەو هەژدەداو وکی شوێنیش، لە ئەوروپای خۆرئاوادا بە دیاریکراوی هاتە ئارا و فۆرمەلە بوو. هاتنە ئاراشی لە هەلومەرجێکی کەلتوری نوێدابوو کە بڕوای بە پێشکەوتنی مرۆڤ و ڕۆڵی زانست و دەسەڵاتی ئەقڵ هەبوو.
چەمکی مافەکانی مرۆڤ ڕوناکی نەدەبینی، ئەگەر وتەزاکانی ئازادی و یەکسانی و فەردانیەت، وەک وتەزای سێنترالڵ لە فیکری سیاسی و یاسایی و فەلسەفیدا، خۆیان فەرزنەکردایە. کلتوری سیاسی بەر لە مۆدێرنە، چەمکی گروپی پێش چەمکی فەردانیەت دەخست و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ سەیری تاکەکەسی نەدەکرد، بەڵکو وهک بەشێک لە گشتێکی گەورەتر کە قەوارەی کۆمەڵایەتیە لێی دەڕوانی، ئیتر ئەو قەوارە کۆمەڵایەتیە دەوڵەت- شاری یۆنانی یان قەڵەمڕەوی مەسیحی یاخود ئومەی ئیسلامی بوبێت.
لەسەر ئاستی فەلسەفەی مێژوش، دەبوو گۆڕانێک لەو دیدگا ئۆرگانیەدا دروست بێت کە فەرد لە گروپدا شەتەک دەدات، بەرەو دیدگایەکی میکانیکی کە پێیوایە کۆمەڵ یەکەیەکی گشتگیرو ئۆرگانی پێشوەخت نییە، بەڵکو گردبونەوەیەکی خۆویستانەی تاکەکەسەکان کە هەریەکەیان خاوەن بڕیارو سەروەری خۆیانن.
هەرسێ ئاینە یەکتاپەرستیەکە ئەگەرچی ڕۆڵیان لە تێکدانەوەی ئەو دیدگا ئۆرگانیە گشتگیرەدا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداربون

له خولْقاندنی ئایدیای مرۆڤدا، چونکە هەریەک لە (یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام)، هاوڕابون لەسەر ئەوەی بلْێن: (یەزدان مرۆڤی لەسەر شێوەو فۆرمی خۆی دروست کردووە). بەمجۆرە مرۆڤ ڕێزو حورمەتێکی چنگ کەوت کە کلتورەکانی پێشتر پێیان ڕەوا نەدەبینی. گومانیشی تێدا نییە ئەم سێ ئاینە یەکتاپەرستیە، ڕۆلْیان لە گەشەپێدان و بەرەو پێشبردنی ئایدیای (ماف)دا هەبووە، بەلاّم هەر هەمویان مافەکانی یەزدانیان دەخستە پێش مافەکانی مرۆڤەوە.

تیۆلۆژیستە ئیسپانیەکان لەنێوان سەدەی شازدەو حەڤدەدا، ڕۆلْێکی تایبەت دەگێڕن لە هێنانە ئارای چەمکی مرۆڤ و مافەکانیدا. لەپای دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکادا، مەسەلەی ئینسان بونی هندییە- سورەکان ڕوبەڕوی فیکری یاسایی و تیۆلۆژی بوەوە. سەرەتاو کاتێک ئیسپانیەکان چونە ناو ئەو جیهانە تازەوە، پێیان وابوو دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەو کیشوەرە، ئاژەلْگەلێکی بێڕۆح و گیانن، لێرەوە مافی ئەوە بەخۆیان دەدەن کە قەتلْ و عامیان بکەن و دەست بەسەر مولْک و مالاّتیاندا بگرن.

ئەوەی بەری بەم پرۆسەی پاکتاوکردن و بەکۆیلەکردنە گرت، قەشەیەکی دۆمنیکانی بوو بە ناوی «لاس کاساس»ەوە. ئەم پیاوە سالْی ١٥٣٩ کتێبێکی بەناوی (پەندو ئەزمون دەربارەی هیندیەکان)، بلاّوکردەوەو تیایدا باس لەوە دەکات کە خەلْکانی کیشوەرە سەرەڕای بت—پەرستیان هەر مرۆڤن. بەوپێیەش مرۆڤن ئەوا دەبێت ماف و حورمەتی ئینسانیان هەبێت، بەپێی ئەو یاسا سروشتیانەی ئیرادەی یەزدان سەرچاوەکەیەتی.

ئەم بیرۆکەی مافی سروشتیەش کە نوێنەرانی قوتابخانەی تیۆلۆژی (سەلمەنقە) پەیڕەوی دەکەن، بەتایبەتی «ڤیکتۆریا» و «سواریز»، پێیان وابوو مرۆڤ بونەوەرێکی زیندوەو یەزدانیش بە ئەقلْ لە تەواوی بونەوەرەکانی دیکە جیای کردۆتەوەو مافە سروشتیەکانی مرۆڤیش

مەرجەعیەتێکی یۆنیڤێرسالی هەیە. دواتر قوتابخانەی نوێی مافە سروشتیەکان کە هەریەک لە مافناسی هۆڵەندی «گرۆسیۆس» و مافناسی ئەڵمانی «بۆفندرۆف» نوێنەرایەتیان دەکرد، پشتیان بە بیرۆکەی مافە سروشتیەکان بەست، وەکی ئەوەی تیۆلۆژیستەکانی قوتابخانەی «سەلمنقە» پەرەیان پێدابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ویستیان ئەو مافانە لە بنەما ئاینیەکەی دابماڵن و بنەمایەکی عەلمانی پەتی بۆ دابنێن کە بریتی بێت لە ئەقڵی مرۆڤ خۆی.
فەیلەسوفانی سیاسی ئینگلیز، بەر لە هەموشیان «تۆماس هۆپس» و جۆن لۆک»، لەسەر پرۆسەی بەعەلمانیکردنی تیۆریای ماف بەردەوام بون و بە مافە یاساییەکان ڕوبەڕوی مافە سروشتیەکان بونەوە. هاوکات سنوردارکردنی دەسەڵاتیان بە یاسا فۆرمەلە کرد. لەلایەکی دیکەشەوە بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنیشیان بەرفراوانتر کرد، وەک شوێنێک کە تیایدا مرۆڤ دەستبەرداری ئازادییە خۆڕسکەکانی دەبێت، ئەو ئازادییە خۆرسکانەی دۆخی سروشتی پێیان دەبەخشێت، لە پێناو ئازادیەکی بەیاسایکراودا، واتە ئازادیەک لە سایەی هەلومەرجێکی یاسایدا ئەنجام دەدرێت کە هەموان لەسەری کۆکن و پێی ڕازین. بەمجۆرە کۆمەڵگە شوێنی جەنگەڵ دەگرێتەوەو ئازادی هەریەکێک لەوێدا کۆتایی دێت کە ئازادی ئەوی دی دەست پێدەکات. لەم سەرو بەندەدا فەیلەسوفی پەیمانی کۆمەلایەتی «ژان ژاک ڕۆسۆ» دودڵ نەبوو لەوەی ئازادی بەوە پێناسە بکات کە: (ملدانە بەو یاسایەی هاولاتیە ئازادەکان بۆ خۆیانی دادەڕێژن).
لەناو فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری فەرەنسیدا، «ڤۆڵتێر» یەکەم کەس بوو بە ئاشکرا ئایدیای مافەکانی مرۆڤی فۆرمەلەکرد. لە (فەرهەنگی فەلسەفی)دا وەها پێناسەی مافەکانی مرۆڤی کردووە کە بریتیە لەوەی: (مرۆڤ ئازادی تەواوی لە ژیانی خۆیدا هەبێت و مافی ئەوەی

هەبێت لەڕێی پێنوسەکەیەوە، نەتەوەکەی بدوێنێت و هاوکات بتوانێت لەسەر تاوانێک کە کردویەتی، تەنها لەبەردەم دەستەیەک دادوەری سەربەخۆدا دادگایی بکرێت و بەپێی کۆمەڵێک برگەی یاسایی ڕون و ئاشکرا نەبێت، بریاری بەسەردا نەدرێت، هاوکات مافی ئەوەشی هەبێت، بە دڵنیایی ئەو ئاینە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیەوێت).

بەڵام لێرەدا دەکرێت بڵێین شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ خاڵی وەرچەرخانی چارەنوسسازە لە مێژوی مافەکانی مرۆڤدا، نەک هەر لەبەرئەوەی جاڕنامەی (مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیبونی) ڕاگەیاند، بەڵکو لەبەرئەوەی هەنگاوێکی چۆنایەتی دروستکرد لە مافی سروشتییەوە بەرەو مافی وەزعی. جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی کە لە سێیەم ساڵی شۆڕشدا دەرچوو، هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافە سروشتیەکانی مرۆڤ تێدا نەبوو، بەڵکو تەنها ئەژماری ئەو مافە وەزعیانە دەکات کە مرۆڤ بەپێی یاسا دەگەڕێتەوە بۆیان، بەتایبەتیش مافی ئازادی و یەکسانی و ئاسایش و موڵکداریێتی. مافی مرۆڤ لە سروشتدا بونی نییە، بونی تەنها ئەو کاتە دەبێت کە یاسایەکی وەزعی بونی دەپارێزێت. هەر لەبەر ئەمەشە شۆڕشی فەرەنسی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی هاوڵاتی هاوتای یەک کرد، چونکە ئەو لەگەڵ مرۆڤی ئەبستراکتدا مامەڵەی نەکرد، بەڵکو مامەڵەی لەگەڵ هاوڵاتی فەرەنسایدا بوو. لێرەوە سەرجەم دیکۆمێنتە دەستوریەکانی فەرەنسای دوای شۆڕش، چونە ژێرباری ئەم ئاقارە وەزعیەوە، بۆیە دەبینین هەمویان باس لە (مافی فەرەنساییەکان) دەکەن و زۆر بە وردیش سروشت و خەسڵەتی ئەو مافانە دیاری دەکەن. بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە بیر بهێنینەوە کە ئەو مافە وەزعیانەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هانی، لەلایەن نەیارانی شۆڕشی فەرەنسییەوە کەوتە بەر ڕەخنەو دژایەتیکردن، بەتایبەت لەلایەن هەوادارانی سستمی پاشایەتی پێشوو

لەگەڵ شوێن کەوتوانی کڵێسای کاتۆلیکیدا. ئەمانە دژی سستمی نوێی شۆڕش و ئەو پرانسیپانەبون کە لە جاڕنامەی مرۆڤ و هاوڵاتیدا هاتبوو.

بۆ نمونە بیریاری بەریتانی «ئەدمۆند بێرک» لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تێڕامان دەربارەی شۆڕش لە فەرەنسا) کە لە ساڵی ١٧٩٠ بە چاپی گەیاندوە، دژی ئەو مافە ئەبستراکتانەیە کە شۆڕشگێڕانی فەرەنسایی بانگەشەی بۆ دەکەن و دژایەتی ئەمەش بەو مافە بەرجەستەو واقیعیانە دەکات کە بە شێوەیەکی شێلگیرانە لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا بە دەست هاتون، ئەویش بە حوکمی کەڵەکەبونی ئەزمونی ڕابردوو لەگەڵ پەرەسەندنی سروشتی و خۆڕسکانەی کۆمەڵگە، نەک بە گەڕانەوەو پشت بەستن بە پرانسیپی تیۆریای میتافیزیکی. بە هەمان شێوەی «ئەدمۆند بێرک»، تیۆرسینی کاتۆلیکی دژە شۆڕش «جۆزیف دی میستەر»، بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ ڕادەگەیەنێت و ئەقڵی یۆنیڤێرسالی، ئەو ئەقڵەی شۆڕشگێڕەکانی ١٧٨٩ بە ناوی ئەوەوە چەمکی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان فۆرمەلە کرد، بە کەم دەگرێت و ڕەخنەی دەکات. «جۆزیف دی میستەر» پێیوایە نەتەوە وەکی گشتێک، لەسەر مرۆڤەوەیە وەک تاکەکەس. لە مبارەیەوە دەڵێت: (لە جیهاندا مرۆڤ نییە. من فەرەنسایی و ئیتاڵی و ڕوسیم بینیووە، بەڵام هەرگیز لە ژیانمدا چاوم بە چاوی مرۆڤ نەکەوتووە).

شایەنی باسە هەر بە تەنها «جۆزیف دی میستەر»ی کۆنەپەرست دژایەتی مافەکانی مرۆڤی نەدەکرد، بە بیانوی ئەوەی شتێکی ئەبستراکتە، بەڵکو پێشکەوتوخوازێکی وەک «کارل مارکس»یش هەمان هەڵوێستی هەبوو، پێیوابوو مرۆڤ بونی نییە، ئەوەی هەیە تەنها کرێکارو بۆرژوازو ئۆرستۆکراتەکانن. ئەو جاڕنامەیەشی کە

شۆڕشگێڕانی ١٧٨٩ ڕاگەیاند، هیچ نییە جگە لە جاڕنامەیەک بۆ مافەکانی مرۆڤی بۆرژوازی. لە پای ئەم بۆچونانەی «مارکس»دا بەلشەفیکەکانی شۆڕشی ڕوسی - دواتریش ستالینیەکان، چەمکی مافەکانی مرۆڤیان ئافەرۆز کرد و بە چەمکی مافەکانی پرۆلیتاریا کەوتنە دژایەتیکردنی، ئەو چەمکەی «لینین» خۆی لە ڕوی تیۆریەوە دایڕشت و مافی تەواویشی دایە تا دیکتاتۆریەت پراکتیزە بکات. لە ڕاستیدا بەلشەفیەکان تاکە گروپێ نەبون لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا کە دەیانویست ئەو دیدگا ئۆرگانیە گشتگیرە بۆ کۆمەڵگە زیندوو بکەنەوە، لە بەرامبەر ئەو دیدگا فەردانیەی ئەوان بە بۆرژوازی ناوزەدیان دەکرد، بەڵکو لەگەڵ ئەوانیشدا فاشیزمەکانی ئیتاڵیاو نازیزمەکانی ئەڵەمانیا، سەرقاڵی هەمان پرۆسە بون.

فاشیەکان و نازیەکان لەسەر زمانی «مۆسۆلۆنی» دوپاتیاندەکردەوە کە: (مافەکان، تەواوی مافەکان پێویستە بدرێتەوە بە دەوڵەت، لە بەرامبەریشدا هاوڵاتیان جگە لە ئەرک دەرهەق بە دەوڵەت، هیچی دیکەیان نییە). لە بەر ڕۆشنایی ئەم دەستەواژەیەشدا، نازیەکان دەکەونە داتاشینی دروشمی فەرمی ڕژێمەکەیان کە دەڵێت: (تۆ بۆخۆت هیچ نیت، نەتەوەکەت هەموو شتێکە).


سەرەڕای ئەوەی لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تۆتالیتاریزمی فاشیزم و نازیزم، لە کۆتایی نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەشدا تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیزم، هەرەسیان هێناو ژێرەو ژوور بون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازی ئۆرگانیزەی گشتگیری کۆمەڵگە، تەواو لایەنگرانی خۆی نەدۆڕاند. بۆ نمونە بزوتنەوەکانی بەگژداچونەوەو بەرخودانی کۆلۆنیالیزم بە درێژایی سەدەی بیستەم، ناچار بون گرنگی زیاتر بە مافەکانی گەل بدەن نەک مافەکانی تاکەکەس، واتە مافەکانی نەتەوە لەسەرو مافەکانی تاکەکەسەوە دابنێن. هەر ئەمەش جەوهەری

فەلسەفەی سیاسی سەرجەم ئەو سستمە دیکتاتۆریانە بوو کە لە دوای قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دەسەڵاتیان لە وڵاتەکانیاندا گرتە دەست.

فەرمانڕەوایانی جیهانی سێ و ئەو توێژە ڕۆشنبیرەی لە دەوریان بون چەمکی مافەکانی مرۆڤیان ڕەتکردەوە، بەوپێیەی چەمکێکە مەیلی فەردانیەتی هەیە و هەروەها بەهانەیەکیشە بە دەست خۆرئاواوە، بۆ مومارەسەکردنی ئیمپریالیزمێکی نوێی کلتوری و بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو میللەتانەی، تازە لە دەست کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی ڕزگاریان بووە. کاری ڕێکەوت نییە لە ئێستادا ئەو ژمارە زۆرەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەبینین کە لەلایەن دەستەو لیژنەکانی جیهانی سێ و وڵاتانی ئەفریکایی و ئیسلامیەوە بڵاودەکرێنەوە. تەواوی ئەم جاڕنامانەش ئەوەندەی گرنگی بە شوناس و ناسنامەی ئەو گروپە دەدەن کە جاڕنامەکەی دەرکردووە، ئەوەندە بایەخ بە مافەکانی نادەن. واتە ئەوەی گرنگە لەم جاڕنامانەدا مەسەلەی داکۆکیکردن نییە لە مرۆڤ، بەڵکو داکۆکیکردنە لە کلتوری ئەو جڤاتەی مرۆڤ لە ناویدا دەژی.

کەواتە هەنوکە لەژێر ناوی کیشوەری ڕەش یان جیهانی سێهەم یاخود ئیسلامدا، جارێکی تر ڕێبازی ئۆرگانی گشتگیرانەی کۆمەڵ دێتەوە ئاراو لە بەرامبەر ڕێبازی فەردانیەت مافەکانی مرۆڤدا کە بە (خۆرئاوایی) ناوزەد دەکرێت، ڕادەوەستێت و خۆی ئیعلان دەکات.

# ئارکیۆلۆژیای نوێگەری



هاشم ساڵح

پێویسته ئەوه بزانین که ئێمه و خۆرئاوا، تا کۆتاییەکانی سەدەی شانزەو سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە (واتا تا ساتەوەختی دیکارت)، دەچوینەوه سەر هەمان چوارچێوەی عەقڵی. هەردووک له هەمان کەش و هەوای فکریدا دەخولاینەوه، هەمان ئاسمانی سیمۆلۆژی (یاخود ڕەمزی) تەفرەی دەداین و چەواشەی دەکردین. پاش ئەوه خۆرئاوا گاف گاف لەو سستمه فکریەی پێشوو دوورکەوتەوه، هەنگاوه ژیاریەکانیشی به گورڕتر بوون، تاوای لێهات دوورایی نێوانمان گەورەتر بوو. بەمجۆره خۆرئاوا چووه نێو پانتاییەکی عەقڵی دیکەوه، پانتاییەک که له دووری دوورەوه نەبێت هیچ چەشنه پەیوەندیەکی به فەزایی عەقڵی پێشووترەوه نەما. ئێمەشی له چوارچێوەی ئەو سستمه فکرییه کۆنەدا له دوای خۆیەوه بەجێهێشت، تا وای لێهات هەر پێگەیشتنەوەیەکی جدی لەگەڵیدا بێته کارێکی نەشیاوو مەحاڵ. لێرەوه پێکدادان و پشت لەیەک کردن یان پێکەوه نەگونجان و ڕک و کین، بووه تاکه زمانێکی شیاو (له هەردولاوه). جیاوازبونی زۆر ڕکی زۆر دروست دەکات.

ئەمەش به تەنها وەک هەندێک مەزەندەی دەکەن دەرەنجامی پێکدادانه سیاسیەکان نییه، بەڵکو بۆ شتێکی بنەڕەتی تر دەگەڕێتەوه که پەیوەندی به فیکرەوه هەیه له قوڵاییه ئارکیۆلۆژیەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆئەوەی که هەریەک له ئێمه سەر به دوو کایەی عەقڵی تەواو لێک جیاوازبن، دوو پانتایی که ناشیت به یەکتری بگەن، لەبەرئەوەی له دوو خولگەی تەریب بەیەک دێن و دەچن. بگره پانتایی دووەم لەسەر دارو پەردوی یەکەم دروست بووه، دوای ئەوەی جەنگێکی بێپەروای له دژ بەرپاکرد تا لێی جیابێتەوه.

بەو پێیەی ئامانجمان لەم باسە دەست نیشانکردنی ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەکانی گورانی زانستە مرۆییەکان یان پێکهاتنی نوێگەریە، ئەوا بە باشی دەزانین هەڵوێستەیەک لەبەردەم قۆناغی بەر لە عەقلانیەتی خۆرئاوادا بکەین، واتە لەو قۆناغەدا بووەستین کە بە فەزای عەقلی سەدەکانی ناوەڕاست دەناسرێت. لێرەدا دەمەوێت کەمێک لای ئەو پرۆسە دژوارو ترسناکە بووەستم، کە خۆرئاوا توانی بە هۆیەوە لە خودی خۆی جیا بێتەوەو لە خودە تەقلیدی و قەیمیەکەی داببڕێ... خەسڵەتە سەرەکیەکانی ئەم کایە عەقڵیەیی سەدەکانی ناوەڕاست کامەیە؟ ئەو تایبەتمەندییە مەزنانە کامانەن کە خەڵکانی ئەوروپا بەر لە پێخستنە ناو قۆناغی نوێگەری و عەقلانیەتەوە هەڵگری بوون؟ چۆن و کەی ئەم دابڕانە ڕویدا؟ ئەمانە هەندێکن لەو پرسیارانەی لێرەدا دەمانەوێت بیانکەین؟ بۆئەوەی برێک لەو خەیاڵ پڵاوە یان ئەو بەدحاڵی بوونە ناهەموارانەی کە هەیە برەوێنێتەوە.

لەبەرئەوەی خۆرئاوا لە سەرەتاوە تا دوایی هەر هەمووی عەقلانی نەبووە. بۆیە پێویستە ئەو هێزەی ئێستاکێ یان ئەو نوێگەریە زەقەی کە هەیە، بەهەڵەماندا نەبات و چەواشەمان نەکات، بەوەی خۆرئاوا لە نەژادێکەو گەلانی تری سەرزەمین لە نەژادێکی ترن. خۆرئاوا لەبەرئەوە بالادەست و سەرکەوتوو نییە چونکە خۆرئاوایە، یان لەبەرئەوەی سپی پێست و زەردە پێستە، وەک هەندێک لە باڵی ڕەگەز پەرستی لە خۆبایی دەیانوست بەوانە تەفرەمان بدەن، بەڵکو هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ چەند هۆکارێکی مێژویی و دەکرێت لەڕێی پەیڕەوکردنی میتۆدێکی مێژوییەوە دەسبخەینە سەری و ئاشکرای بکەین. وتم میتۆدێکی مێژویی و دەمتوانی چەمکگەلێکی دیکەش بەکاربهێنم (بەتایبەت ئەو چەمکانەی تازەن)، وەک چەمکی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی لە قولاییەکاندا، یان وەک میتۆدی ژینالۆژیا لەسەر ڕێبازی «نیچە»،

یاخود میتۆدی شیکردنەوەی خود لەڕێی خودەوە بەشێوەی «فرۆید» و شێکردنەوەی دەرونی، چونکە سەرەڕای جیاوازی بەڕواڵەتی نێوان سەرجەم ئەم ئاقارو زاراوانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان لە سیفەتێکی سەرەکیدا تەبان، ئەویش ئەوەیە کە گەیشتن بە حەقیقەت ئەوەمان لێدەخوازێت، تا بە قولایی زەمەن یان خوددا (تاک یان کۆمەڵ) شۆڕببینەوە.

ئەم ڕۆچونە بە ناخی زەمەندا، ئەم هەڵکۆڵینە دەربارەی چینەکانی ژێرەوەی هۆشیاری (تاکەکەس یاخود کۆمەڵ)، ئەم کەلێنکردنە ناو ئەو چینە جیۆلۆجیانەی بە درێژایی ڕۆژگار لەسەر یەک کەڵەکە بوون، تەنها ڕێگە چارەیەکە - تەنها ئاقارو میتۆدێکە - کە ڕێگای ئەوەمان پێبدات، تا شتەکان لە تەڕو برِی سەرەتاییاندا. یاخود لە ڕوە بێگەرد و ئەسڵیەکەیاندا کەشف بکەین. ئەمەش ئەو کارە بوو کە «میشێل فۆکۆ» پێی هەستا، کاتێک ویستی ئارکیۆلۆژیانە بە ڕەگ و ڕیشەی خۆرئاوادا بچێتە خوار، بۆئەوەی سەرەڕای شکۆداری و جەبەڕوتی زۆری، ڕێژەیی ئەو ژێوارە بسەلمێنێ. ئەم کارەشی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (وشەکان و شتەکان) و لەڕێی خەملاندنی تێرمێکی سەرەکیەوە کە ئەبستمییە دواتر دێینە سەر پێناسە کردن و ناساندنی ئەم زاراوەیە، بە ئەنجام گەیاند.

کارێکی وا بەر لە «فۆکۆ» سۆسیۆلۆژستی مەزنی ئەڵمانی «ماکس ڤیبەر» هەوڵی دەستی بۆبرد، کاتێک ویستی هۆکاری سەرکەوتنی عەقلانیەت لە خۆرئاوا، ئەو پرسیارە سێنتراڵەشی «ڤیبەر» وروژاندی بەمجۆرە بوو: (بۆچی تەنها لە ئەوروپادا نەبێت، گەشەی زانستی و هونەری و سیاسی و ئابوری بە شێوەیەکی عەقلانیانە بەڕێوە نەچوو؟). «ماکس ڤیبەر» ڕاشکاوانە و بێ هیچ چاوو ڕاوێک، نوێگەری و عەقلانیەتی خۆرئاوای پێکەوە گرێ دەدات، ئەمەش وای

کرد هەندێک لە بیریارانی جیهانی سێیەم تۆمەتی نەژاد پەرستی و لایەنگیری ناوەڕاست چێتی خۆرئاوای بدەنە پاڵ. هەمان تۆمەت کە درابووە پاڵ «مارکس»ی نەیارە گەورەی «ماکس ڤیبەر».
پاشان «ڤیبەر» عەقڵانیەتی دنیایی بە چەمکێکی بەناوبانگی دیەوە بەستەوە کە لە «شیللەر»ی شاعیری ئەڵمانی خواست بوو، ئەو چەمکەش بریتی بوو لە: (نائومێدی جیهان)... چەندە پرۆسەی عەقڵانیەت لە جیهاندا بەرەو پێش بچێت، هێندە شاڵاو دەکاتە سەر بوارەکانی تری ژیان و کۆنترۆڵی دەکات، لە بەرامبەر پرۆسەیەکی واشدا چەمکی ئەفسوناوی - یان شیعری - لەسەر ڕوی جیهاندا دەست بە پاشەکشێ کردن دەکات، چونکە عەقڵانیەت یان نوێگەری یاخود تەکنەلۆژیا، جیهان لە جەوهەرو ناوەڕۆک بەتاڵ دەکاتەوەو، تەڕو پاراوی شیعرو فانتازیاو خەون و خەیاڵ لەناودەبات. ئەمەش وادەکات دنیا پەست و ساردو سڕو زبر بێت. بەمجۆرە دەکرێت لە دوو گۆشە نیگاوە سەیری هەمان دیاردە، بکەین دیدگای مێژوناسی فیکر یاخود ئارکۆلۆژستی مەعریفە بەشێوەی «فۆکۆ»، یان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە کە بایەخ بە بونگۆڕینە بەرچاوو هەست پێکراوەکان دەدات، وەکو «ماکس ڤیبەر». ڕەنگە لە دوایشدا ڕۆشنای بخەینە سەر ئاقارەکانی دیکەش وەک: (ئاقاری مێژوی تازە) کە «فێرنان برۆدێل» پەیڕەوی دەکات، بۆوەسفکردنی باڵادەستی و سەرکەوتنی ژیواری خۆرئاوا لە ماوەی چوار سەدەی ڕابردوودا. ئەوەش لە دوو توێی کتێبە گەورەکەیدایە (ژیواری مادی، ئابوری و سەرمایەداری) کە لە سێ بەرگدا بە چاپی گەیاندووە.
کەواتە با هەوڵ بدەین بە شێوەیەکی بابەتی لە بەرەی هزری ئەوروپیدا هاوشانی «میشیل فۆکۆ» بین، لەو سەفەری پشکنین و کەشفکردنە کەم وێنەیەیدا، لەمەڕ چینە بە ژێروە بووەکانی سەردەمە جیاجیاکان.

لە ڕاستیشدا من وەک- توێژەرێکی عەرەبی- هیچ گرفتێک لەمەدا نابینم، چونە ناوەوەی ئەم جیهانەش بەو سوک و سانییەوە لێهاتووی خۆم نییە، چونکە من بۆ خۆم بەرلەوەی بچمە دنیای مۆدێرنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوم. واتە ئاڕاستەی من تەواو پێچەوانەی هەر توێژەرێکی فەرەنسی یان ئەورووپییە لە هاوتەمەنانی خۆم، چونکە ئەو (واتا توێژەرێکی فەرەنسی یان ئەورووپی)، بۆئەوەی بە ناخی زەمەندا ڕۆبچێ و بەو کەش و هەوا سەرسوڕهێنەرو دڵڕفێنەی سەدەکانی ناوەڕاست بگات، ناچارە لە خۆی جوێ بێتەوە- واتە لەو نوێگەریە داببڕێت کە تیایدا چاوی هەڵهێناوەو لە باوەشیدا گەورە بووە -، بەڵام من پێویستم بە هیچ جۆرە جیابونەوەیەک نییە تا دەستم بەو سەردەمانە بگات، لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژگارانەم لە ناخی خۆمدا هەڵگرتووە، پاشان کۆمەڵگاکەشم بە ڕادەیەکی زۆر لە کەش و هەوای ئەو سەردەمانەدا نقووم بووە. کەواتە با بەرەو دوا بگەڕێینەوە، بچینە ناو فەزای عەقڵی و دەرونی خەڵکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

با گەر بۆ چەند ساتێکی کەمیش بووە چاو بەست لە خۆمان بکەین، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٣٢٠ یان ١٥٧٠ تەنانەت ١٦١٩دا دەژین (بەرواری گۆشەگیری ڕینیە دیکارت لە ژوورێکی گەرم و گوڕو لە ئەوجی زستانی ئەڵمانیادا). لەو ماوەیەدا «دیکارت» سێ خەونی تۆقێنەری بینی کە خەریک بوو عەقڵی لە دەست بدات، ئەو کاتەی خۆی بۆ دامەزراندنی عەقڵانیەتی خۆرئاوا لە ئایندەدا تەیار کردبوو. لەوێدا نیگای بۆ هات و گرێیەکی لە دەرونیدا بۆ کردەوەو کەوتە سەر ڕاستە ڕێگا، (لەو شەوی یەڵدایەدا هێندەی نەمابوو باجێکی قورسی ئەو کەشفکردنەی بدات). خەڵکانی ئەو سەردەمانە چۆن لە دنیایان دەڕوانی؟ جۆن مەزەندەیان دەکرد؟ مانای چییە کە وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ جیهان باڵادەستی بەسەر عەقڵی ئادەمیزادا هەبێت؟ ئەم دیدگا ئەفسانەییە

سەرسوڕهێنەرە چییەو جیاوازی لەگەڵ دیدی عەقڵانیدا بۆ جیهان چۆنە؟ لێرەدا دەگەینە جەوهەری بابەت و کرۆکی خواست و مەبەست. ئێستا بە ناچاری لە بەردەم ئەوەداین تا بچینە نێو گێرمەو کێشەی درێژەدان بە باسەکەمان.

پێویستە لەوە بە ئاگابین کە سەرجەم کلتورەکانی دنیا جیهان تا بەراییەکانی سەردەمی نوێگەری، بەپێی لۆژێکی بیری ڕەمزی (یان سەرەتایی، یا ئەفسانەیی، یاخود ئەفسوناوی یان- بەربەری- بە چەمکە شتراوسیەکەی بیریان دەکردەوە یاخود درکیان بە شتەکان دەکرد). بیری ڕەمزی کە وێنەیی خواستەیی بەکاردێنێت، پێچەوانەی فیکرە بەهۆی بەکارهێنانی نیشانە سازیان ئەو ئاماژە وردانەوەی لە سەردەمی نوێگەریدا بووە باو. ئەوەشی بە شێوەیەکی ڕیشەیی سستمی ڕەمزی/ لە ئاماژەی ورد جوێ دەکاتەوە، ئەوەیە کە ڕەمز فرە ڕەهەندە، واتا ئاماژە بە ماناو دەلالەتی جیاجیا دەکات، لە کاتێکدا هێما تاک ڕەهەندە.

هەروەها بیرکردنەوەی ڕەمزی (ئەو بیرکردنەوەی بەر لە فیکری زانستی مۆدێرن دەکەوێت)، بڕوای بە بوونی لێکچونی جەوهەری نێوان ڕەمزو واقیع یان نێوان وشەو شت هەبوو، بەڵام ئەم پڕۆسەیە لە بنەڕەتدا هەرەمەکییە و هیچ جۆرە پەیوەندیەکی لەیەکچوو یان سروشتی لەنیوان خۆی و ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات نییە، (بەپێی تێگەیشتنی نوێگەری زمان زاراوەیە واتە لەڕێی کۆ دەنگییەکەوە مانا دەبەخشرێتە وشەکان، نەک- وقف- بێت، بەو مانایەی هێزێکی خواوەندی یان خواوەند خۆی بۆ هەموو شتێک وشەیەکی دانا بێت).

بۆ نمونە درەخت بەپێی جۆراو جۆری زمانە مرۆڤایەتیە جیاجیاکان، چەندین ناوی هەیە. گەر بهاتایە وشەکان لەو شتانە بچوایە کە ئاماژەیان بۆ دەکات، ئیتر ئەمە بەشێوەیەکی زۆرەملێی یان سروشتی

بوایە، ئەوا درەخت لەناو سەرجەم زمانە جیهانییەکاندا تەنها ناوێکی دەبوو. واتە زمان (یان هێما، یاخود وشە) هەڕەمەکییە، وەک چۆن زمانەوانی نویّ بێچەندو چون بڕیاری لێدەدات.

فیکری «ئەرستۆ» کە تا کۆتایی سەردەمی ڕێنیسانس بەسەر ئەوروپادا باڵادەست بوو، فیزیایەکی ڕەمزی بوو، لەبەرئەوەی لەسەر تیۆریای لێکچونی نێوان شتەکان دامەزرا بوو، بەهۆی بەشداریان لە چوار ڕەگەزەکەدا: (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ). ئێمە ئەوە دەزانین کە زانستی مۆدێرن لە «دیکارت»ەوە، تەنها دژ بە «ئەرستۆ» و ئاقاری سکولائی نەهاتۆتە ئارا، بەڵکو لەبنەماداو بە پلەی یەکەم هەوڵدانێک بوو بۆ قوتار بوون لە مەعریفەی ڕەمزی، واتا لە مەعریفەی میتۆلۆژی، ئەو مەعریفەیەی لەسەر کەشفکردنی لێکچونە ناکۆتاییەکانی نێوان ڕەگەزەکانی سروشت دامەزرابوو. بەمجۆرە لەبری مەعریفەی چۆنایەتی، مەعریفەی چەندایەتی پێوانەکاری لەسەر دەستی «دیکارت» هاتە ئارا.

ئیتر ئەو فیکرە ڕەمزییە یان میتۆلۆژییە کەبەر لە چاخی زانست جڵەوی خەڵکانی ئەوروپی بەدەست بوو، گاف گاف بەرەو پاشەکشەو بەر تەسکبوونەوە دەچوو، ئەمە بوو «میشێل فۆکۆ» لە پێشەکی کتێبی (وشەکان جیهان)داو لە یەکێک لە نەسکە هەرە جوانەکانیدا، بە ناوی پەخشانی جیهان واتە: (جیهان وەک پەخشان وەک کتێبێکی کراوە دەخوێنرێتەوە، وەک چۆن هەر کتابێکی ئاسیایی تر دەخوێنرێتەوە، باسی کردبوو.

«فۆکۆ» دەڵێت: (لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا، سەردەمی پێچواندنی نێوان شتەکان دوایی هات، لە ڕێگای کەشفکردنی ئەو ئاماژانەی کۆیان دەکاتەوە. لێرەوە ئەو بیرە ڕەمزییە بە کۆتایی گەیشت کە لەسەر بەدوادا چونی لێکچونە ناکۆتاییەکانی نێوان شتەکان ڕاوەستا بوو.

فیکری ئەوروپیش بۆ یەکەمجار پێینایە قۆناغی پێوانەیی و جیاکاری و ژمێریاریەوە، واتە چووە قۆناغی عەقڵانیەتی زانستی. ئەو ئاسمانە ڕەمزییەی پڕی بوو لە تارمایی و ڕۆح، بۆ خەڵکانی ئەوروپی ئاشکرابوو. لە بەرامبەردا ئاسمانێکی بێگەردو بێلایەن، ئاسمانێکی سروشتی یان فیزیایی جێگای گرتەوە. بەهەمان شێوەش پەردە لەسەر ڕەمزەکانی سەر ڕوی سروشتی زەمین هەڵماڵراو، درندەکان و ئەفسون و خەیاڵ و فانتازیاکان، سەرزەمینیان بەجێهێشت).


بە کورتیەکەی سروشت گەڕایەوە ئەسڵی خۆی، واتە گەڕێندرایەوە سەر ژمێریاریەکانی و ڕەگەزە مادی و ڕواڵەتە هەستپێکراوەکانی، ئەو ڕواڵەتانەی لە هەموو ڕویەکەوە تاوتوێ دەکرێت و دەپێورێت. تەنانەت دارستانە چڕو ئەشکەوتە تاریک و چۆم و ڕوبارە قوڵ و شاخ و داخەکانیش، بونە چەند دیاردەیەکی سروشتی کە وەک خۆیان تاوتوێ دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، لەپێناوی بەدیارخستنی بونیادە بنەڕەتییەکانیان. پاش ئەوەی تارماییەکانیان لێدەرکراوو لە فانتازیاو خاڵی کرانەوە. ئەو وەهم و خەیاڵانەی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاستی خستبووە ژێر باری خۆیەوە. ئیتر لێرەوە زانستی ئەوروپی یان عەقڵیەتی «دیکارت»ی دەستی بە کەویکردنی تەنانەت دارستانە گەورەکانی لە وێنەی دارستانی (فۆنتنبلۆ)ش کرد. بەمجۆرە درەختەکانیش وایان لێهات کە کۆدو شوناسی تایبەتی خۆیان هەبێت. ڕێگای گەورەو بچوک بەناو ئەو دارستانانەدا لێدرا، نەک تەنها بۆئەوەی گەشتیاران فێر بکات چۆن چۆنی کاتێکی خۆش لەناو دارستانەکاندا بەسەر بەرن و بزر نەبن، بەڵکو بۆ ئەوەشی دارستانەکان کەوی بکرێت و هەموو ڕێکەوتە ترسناکەکان و ئەو تارماییانەشی لێوان ڕێژە لە بۆن و بەرامەی خەیاڵات لە ناخیدا دەربکرێت، چونکە ڕونی و ڕەوانی دیکارتی لە تاریکی و شەمەزەنگ سڵدەکات. نینۆکی سروشت

کراو بەمەش دیسپلین هاتە ئاراو لە بەرامبەریشدا پاکی و بەرائەت لە دەستچوو. لێرەوە کۆنترۆڵکردن وەک یەکێک لە خاسیەتەکانی نوێگەری بەدیار کەوت. کۆنترۆڵکردنی سروشت و مرۆڤ و تەنانەت بەردیش... بە شێوەیەک زیادەڕۆیی لەم پرۆسەیەشدا کرا، تا بە نسکۆ گەیشت. ئەمەش نوێگەری ڕووبەڕوی ڕەخنەکردن کردەوە. بۆیە دەبینین گەشتیارە ئەوروپیەکان بۆ سەفەر ڕو لە دوورگە دوورەکان یان دارستانە پاکیزەکانی ئەفریقاو بگرە تەنانەت ڕو لە وڵاتانی عەرەبیش دەکەن، بە مەبەستی گەڕان لە دیمەنێکی سروشتی ڕاستەقینە یان خۆرێکی پاک و بێگەرد، یاخود هەوایەکی ساف کە هێشتا پیس نەبووە.

ئەمە ئەو شتە بوو کە «ماکس ڤیبەر» ئاماژەی پێدا، کاتێک قسەی باسی لە (نائومێدی جیهان) کرد، دوای بەگشتگیری کردنی عەقڵانیەت و تەکنەلۆژیا. ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بە شیعری ڕۆمانتیکیشەوە هەیە لە سەدەی نۆزدەدا، کە بۆخۆی وەک کاردانەوەیەک وەها بوو دژ بە هەژمونی بەرفراوانی ئامێرو ئەتکردن و پێشێلکردنی پاکیەتی سادەو ساکاری سروشت.

دەکرێت پارتە سەوزەکان ئەوانەی داکۆکی لە ژینگە دەکەن، وەک درێژ کراوەیەکی ئەم ئاقارە بناسین. مەترسی گەورەی ئەمانەش لەوەدایە، تەکنەلۆژیا هەموو ڕووبەرە سەوزەکان لە وڵاتە ئەوروپیە پیشەسازی و پێشکەوتووەکاندا پاکتاو بکات و لەناویان بەرێت...

# ئامانجەکانی فەلسەفە




مەطاع صەفەدی

بەرلەوەی دەربارەی ئامانجەکانی فەلسەفە بدوێین، پێویستە بە خێرایی چاوێک بە هۆکارەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بخشێنین، چونکە لە ڕاستیدا هەریەک لە هۆکارو ئامانجەکانی فەلسەفە، بەجۆرێک پێکەوە گرێ دراون کە بە ئەستەم لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.
«کارل یاسبرز» هۆکارەکانی فەلسەفە دەگێڕێتەوە بۆ ئەم سێ سەرچاوەیە: (سەرسامبوون، گومان، دڵەڕاوکێ). یەکەم کەسێک کە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ هۆکاری سەرسامی کردبێ «ئەفلاتۆن»ە، ئەو پێیوایە ئەو مرۆڤەی لەنێوان ئەستێرەیەکانی ئاسمان و دیاردە قەشەنگەکانی سروشتدا چاو دەگێڕێت، مەرجە لە بەردەمیاندا سەرسام بێت و پرسیار لە هۆکارەکان و لەو هێزانەش بکات کە دەیگێڕێت. کەواتە سەرسام بوون بریتیە لە سەرچاوەی پرسیار. واتە بواری فەلسەفاندن وروژاندنی پرسیارە، زیاد لەوەی دەست کەوتنی وەڵام بێت.
«دیکارت» لای خۆیەوە ئەوەی ڕونکردەوە کە بنەمای بیری فەلسەفی لەسەر گومان کردن لە حەقیقەتە باوەکان دامەزراوە، ئەمەش هانی عەقڵ دەدات تا بکەوێتە تاوتوێکردنی ئەو حەقیقەتە باوانە و ڕەخنەیان ئاراستە بکات، بۆ گەیشتن بە دڵنیایی. کەواتە گومان تەنها هەوڵوێستێکی بناغەیی گرنگ نییە بۆ بواری زانست و مەعریفە، بەڵکو یەکێکە لەو پێویستیە سەرەکیانەی مرۆڤ سەبارەت بە زانین و دڵنیا بوون لە بوونی خۆی بە گەڕی دەخات. وەک ئەوەی لە وتەزا بەناوبانگەکەی «دیکارت»دا هاتووە: (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم). مەبەستی «دیکارت» لە وتەزای بیر دەکەمەوە واتا گومان، بەڵام گەر من گومان بکەم لە هەموو ئەو شتانەی لە دەرونمدان و لەو

زانیاریەشی فێری بووم، ئەوا ناتوانم گومان لە خودی خۆم بکەم، ئەو خودەی لە ڕێگایەوە هەڵدەستم بەم پڕۆسەی گومان کردنە. لێرەوە «دیکارت» بۆ یەکەم جار دەستی بە سەلماندنی حەقیقەتەکانی تری وەک: (بوونی ڕۆح و جیهانی دەرەکی و بوونی یەزدان) کرد.
لە تەک سەرسامی و گوماندا، ئێستا فەیلەسوفەکان جەخت لەسەر هۆکارێکی تری فەلسەفاندن و بیرکردنەوە دەکەن کە بریتیە لەو دڵە ڕاوکێ و دادڕانەی مرۆڤ لە ئاکامی ڕمانی بەهاو بیروباوەڕو ڕێچکا دێرینەکانەوە دوچاری هاتووە. هەروەها ئەو هەڕەشانەی مرۆڤی سەردەم لە ئەنجامی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو قەیران و تەڵەزگانەی تێی کەوتووە، ناچاری دەکەن چاو بە پرانسیپەکانی ژیاندا بگێڕێتەوەو پرسیار لە ماناو واتای چارەنوسی خۆی بکات. وەک «کارل یاسبرز»یش دەڵێت: (ئەمە گرنگترین هاندەرێکە بۆئەوەی وامان لێبکات دەست بە بیرکردنەوەو گەڕان و بەخۆدا چونەوە بکەین). مرۆڤ بونەوەرێکە لەبەردەم هەڕەشەو نەخۆشی و مەترسی ئازارو مردندایە، ئەمەو سەرەڕای ئەو مەترسیانەی شارستانیەتی نوێ دروستی کردوون، وەک شەڕو برسیەتی و نامۆبونی مرۆڤ لەناو ئاپۆرەی ڕەشە خەڵکی بێئاگاو ناهۆشیاردا، ئەو ئاپۆرەو قەرەباڵغیەیی بەرەو چارەنوسێکی نادیار پەلکێش دەکرێت و، ڕەنگە دەرەنجامەکەشی فەنابوونێکی تەواو بێت. لەم ڕووەوە «هایدگەر» پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە بوونی ڕەسەن بوونێکە بەرەو مردن. واتە دەیەوێت ئەوە بەبیر مرۆڤ بهێنێتەوە کە بوونی بوونێکی کۆتاگییە. ئەم بۆچونەی «هایدگەر»یش دەچێتەوە سەر ئەو دیدگا کۆنەی کە دەڵێت: (فەلسەفە بەرەنجامی تێڕامانە لە مردن). دوای ئەوەی لە باسکردنی گرنگترین هاندەرەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی بوینەوە، پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان لێکرد، لەسەر بابەتەکەمان

بەردەوام بین و لە ئامانجەکانی بیری فەلسەفی بدوێین، ئەویش بە گەڕانەوە  بۆ مێژو.
«سوکرات» لەڕێی بابەتە فەلسەفی و ئەزموونە پڕگرێ و گۆڵەکەیەوە، هەوڵی گەیشتنی بە ئاکارێکی پەتی دەدا. بە بڕوای ئەو ئاکاری ڕاست و دروست، دەرگیری بە مەعریفەیەکی بێخەوشەوە. بیرکردنەوەی ئەخلاقیانەی خۆی لەسەر ئەو بناغەیە دارِشت، تا چاو بە بیروبۆچونەکانی سەردەمی خۆیدا بخشێنێتەوە، بۆئەوەی مەعریفەیەکی تازە بێنێتەوە ئارا، بە مەبەستی چاکسازی ئەخلاقی و ڕێنومای کردنی هاولاتیان بە شێوەیەکی دروست بۆ چاکەخوازی و پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەمەش مەبەستی «ئەفلاتۆن» بوو کە دەیویست پێی بگات. هەروەها رواقیەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو، هەنگاونان بۆ سەرەوەکردنی عەقڵ و پابەند بوونی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە ئیرادەی خۆیەوە.
مەبەستی ڕواقیەکان لەم کارە ئەوە بوو تا مرۆڤ ئازاد بێ و ببێتە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ کە هەڵنەخلیسکێتە ناو پوچی و بێمانای هەموو ئەو شتانەی تر کە لە ڕێزی مرۆڤ کەم دەکەنەوە. ڕواقیەکان ڕێزی مرۆڤ و چاکە کاریان پێکەوە گرێ دابوو، لای ئەوان هەر کەسێک کارێکی چاک بکات، ئەوا ڕێزو حورمەتی خۆی دەپارێزێ و داکۆکی لە ئازادی و سەربەخۆی ئیرادەی خۆی دەکات وەک مرۆڤێک.
پاش ئەوە هەندێک لە خانەدانەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەداو چەند فەیلەسوفێکیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دەست نیشان کرد. ئامانجیشیان لەمە ڕێنومای کردن و ئاراستە کردنی نەوەکانیان بوو بە باشترین شێوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کاتێک بیروباوەڕە ئاینیەکان باڵادەست بون، هەندێک لە بیرمەندانی ئەو قۆناغە فەلسەفەیان کردە ئامرازێک، تا لە ڕێگایەوە ڕوپۆشێکی گونجاو بدەن بەسەر بیروباوەڕە ئاینیەکاندا، بەمجۆرە

فەلسەفە لەم قۆناغەدا بووە دەست وێژێک بۆپتەو کردنی پایەگاکانی ئاین و داکۆکی لێکردنی لە بەرامبەر فەلسەفە بێبڕواکانی یۆنانیدا، بەڵام کاتێک ئاقاری مرۆگەری سەری هەڵدا، چەند بیرمەندو ئەدیبێک کەوتنە تاوتوێ کردنی ئەقڵ. لەم ڕووەوە ئەنسکلۆپیدیەکان، لە دیارترین ئەو کەسانە بوون. بە جۆرێک بیرمەندێکی شۆڕشگێڕی وەک «ڤۆڵتێر»، لەو باوەڕەدا بوو کە فەلسەفە ئامانجێکی کردە گیانەی هەیەو لە باریدایە مرۆڤ لە خەیاڵ پڵاوەکانی ڕزگار بکات. «ئۆگست کۆنت»ی دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیا، بەهاتنی هەوڵیدا فەلسەفە لە چوارچێوە میتافیزیکاییەکەیەوە بۆ نێو پانتایەکی پۆزەتڤستی واقیعی بگوێزێتەوە. بەم پێیەش وەک «کۆنت» باسی دەکات، سۆسیۆلۆژیا شوێنی فەلسەفە دەگرێتەوەو ئامانجێکی چاکسازیانەی دەبێت.

لە پاڵ ئەم ئاقارە جۆراو جۆرانەی وەک ئامرازێک لە فەلسەفەیان ڕوانیوە، ئیتر ئەوە لەپێناو ئامانجێکی ئەخلاقیدا بووبێ «سوکرت»، یان سیاسی «ڕۆمان»، یان بیروباوەڕی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست، یان سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەند فەیلەسوفێکی تر هەبوون کە وەک ئاکامێکی بەرزو بڵند لە فەلسەفەیان ڕوانیوەو لەسەرو هەموو بیرکردنەوەکانی مرۆڤیانەوە داناوە. یەک لەوانەش «دیکارت»ە کە مەعریفە بەدرەختێک دەشوبهێنێت، ڕەگ و ڕیشەی میتافیزیکایەو قەدەکەشی فیزیایەو لقەکانیشی تایبەتە بە زانستەکانی تر. بەمجۆرە «دیکارت» فەلسەفەی کردە بناغەیەکی تیۆری، بۆ سەرجەم لقە جیاجیاکانی تری مەعریفەی ئادەمیزاد. لە دواجاریشدا «کانت» هات و بیری فەلسەفی نوێ کردەوەو ئەرکەی خستە ئەستۆی فەلسەفە، کە دیدێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە بەها مەعریفە ئینسانیەکان پیادە دەکات، واتە لای «کانت» فەلسەفە ئامانجێکی تیۆریی هەیە.

بەڵام فەلسەفە هاوچەرخەکان لەگەڵ ئەو بۆچونانەدا نین و پێیان

وایە فەلسەفە ئامانجێکی مرۆڤانەی هەیە، لەو ڕێچکانەی پێ لەسەر ئەم بۆچونە دادەگرن وجودیەکانن. بە بڕوای ئەمان بیرکردنەوە خەسڵەتێکی سەرەکی مرۆڤە، بۆ تێگەیشتن لە خۆی و لە جیهان پێکەوە. واتە فەلسەفە لە دیدی وجودیەکاندا، مەرجێکە بۆ گەیشتن بەبوونی ڕەسەن. واتە ئەو ساتەیە مرۆڤ تیایدا پەی بە ئازادی خۆی دەبات، لەڕێی بەگەڕ خستن و پراکتیزە کردنی هێزو تواناکانی لە ژیاندا.

پوختەی ئەوەی خستمانە ڕو ئاشکرای دەکات کە ئەگەرچی فەلسەفە ئامانجەکانیشی جیاواز بێت بەپێی ڕێچکاو بیریارەکان، بەڵام وەک «ئەمیل بریهییە» دەڵێت: (فەلسەفە هزرێکی لۆژیکیانەیە و توانای ڕەخنە لە خۆگرتنی هەیە، واتە بەردەوام پاساو بۆ ئەو شتانە دێنێتەوە کە بەرهەمی دێنێ، ئەویش لەڕێی چەند هۆکارێکی مەعقولەوە. ئەم خەسڵەتەش لەلایەک فەلسەفە لە بیروباوەڕی ئاینی و لەلایەکی دیش لە پۆزەتیڤیستەکانی جیا دەکاتەوە، ئەمەش خاڵی هاوبەشی گەورەی سەرجەم ئاقارە فەلسەفیەکان پێکدێنێت).

لە کاتێکدا زانستە پۆزەتیڤیستیەکان بەرەو پراکتیزەکردنێکی تەکنیکی عەمەلیانە دەچن، چونکە لە مێژوی زانستدا هیچ یاسایەک نیە نەگۆڕێت بۆ بنەمای عەمەلی بە مەبەستی بەگەڕخستنی بۆ کارکردنە سەر شتەکان، ئەوا فەلسەفە تەنها تێڕامانێکی پەتییەو چالاکیەکی فکریە، ئامانجیشی گەیشتنە بە مەعریفە، بەبێ گوێدانە هیچ کارێکی عەمەلی تر. ئەگەرچی ئەم دەست نیشان کردنە هەموو ئەو ئاقارانەی دیکە کە لەسەر ویژدان و هەست و سۆز دامەزراون لە ئەزمونی فەلسەفیان دادەبڕێت و وەک چەند دیاردەو ڕواڵەتێکی بێگیان توڕیان دەداتە دەرەوەی مێژوی فەلسەفە، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەگەرچی فەلسەفە خەسڵەتێکی عەقڵی و لۆژێکی هەبێت، دەبێت لە گشت

لایەکەوە پەردە لەسەر ڕوی سروشتی بوون هەڵماڵێت، ئیتر لەڕێی عقڵەوە بێت یان لەڕێی هەستی هونەری و سۆفیگەریەوە بێت، بۆ پەی بردن بەو لایەنە شاراوەو نادیارانەی لە بوون دان و فەلسەفە سەرگەرمی ئاشکرا کردن و دۆزینەوەیانە. لێرەوە تێدەگەین کە فەلسەفە لە ڕوی هۆکارو ئامانجەوە هەوڵێکی هەمەلایەنە، بە مەبەستی تاوتوێکردنی مرۆڤ و جیهان و گەڕان لە دوای ئەو گەوهەرە سەرمەدی و نەمرە قوڵەی لە هەناوی هەر یەکێکیان دایە.

# بندتۆ کرۆتشه
# لەنێوان (هیگڵیەتی نوێ) و (میسالیەتی مێژوویی)دا



د. زەکەریا ئیبراهیم

«کرۆتشە» بەگشتی:

هیچ یەک لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان هێندەی «کرۆتشە» (١٨٦٦ – ١٩٥٢)، سەرقاڵی بوارە جیاجیاکانی فکر نەبوون. ئەم مەزنە فەیلەسوفە دەربارەی ژیوارو مێژو نوسیویەتی، بایەخیشی بە لێکۆڵینەوەی ستاتیکاو ڕەخنەی ئەدەبی داوە. هەروەک چۆن لە چەندین مەسەلەی وەک لۆژێک و میتافیزیکاو ئاکاری پێچاوەتەوە، سەرەڕای بایەخدانی بە تاوتوێ کردنی هەندێک باسی ئابوری و سیاسی، لەگەڵ خەریک بوونیشی بە نوسین دەربارەی چەند ئەدیبێک لەوانە: «شکسپیرو گۆتە»... هتد. ئەگەرچی هەندێک لە مێژونوسانی فەلسەفە دەیانەوێت ناوی (ئاقاری نیوهیگڵیزم) بەسەر سەرجەم فەلسەفەی «بندتۆ کرۆتشە»دا ببڕن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە چالاکی فەلسەفی ئەو بە ڕادەیەکی باش سنورەکانی (میسالیەتی هیگڵیزمی) تێپەڕاند بوو. ڕاستە «کرۆتشە» خەسڵەتێکی تازەی بە کەلەپوری هیگلی بەخشی، ئەمەش لە فەلسەفەی ئیتاڵیەوە سەرچاوەی دەگرت، گەر نەشڵێین دەچوەوە سەر بنەماکانی ژیواری ڕۆمانی، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەموو تەقەللا فەلسەفەیەکانی ئەو لەسەر ژیانەوەی میسالیەتی هیگڵیزم ڕاناوەستێت. هەر بۆیە بەرپەرچی ئەوانەی دایەوە کە بە قوتابخانەی هیگڵیزمیەوە دەبەستنەوە. نەک لەبەر ئافەرۆزکردنی کاریگەریێتی «هیگڵ» لەسەرخۆی، بەڵکو لەبەرئەوەی بڕوای بە بیرۆکەی ڕێچکایی فەلسەفی نەبوو. ئەوەش بە بۆچونێکی پەسەند نازانێت کە ڕاڤەکردنی ڕێچکا فەلسەفیەکان لە فیکری هاوچەرخدا

تەنها وەک بوژاندنەوەی هەندێک لەو ئاقارە فەلسەفیانە سەیر بکرێت کە لە سەردەمانی پێشوودا لە ئارەدا بون. بەڵگەی «کرۆتشە»ش بۆ ئەمە ئەوەیە کە حەقیقەتی هەر بیرێک (گەر بە مانای وشە بیربێت)، پێویستە دەرگیری ئەو ساتە مێژوییە بێت کە فەیلەسوف لێیەوە دەستی بە بیرکردنەوە کردووە.

ئەمەش مانای وایە هزری فەلسەفی ڕەسەن، وەڵامی هیچ هزرێکی بەر لە خۆی پەسەند ناکات و ناکرێت لەو هزرەش تێبگەین تەنها بە گەڕاندنەوەی ڕەگەزەکانی نەبێت بۆ ڕێچکەیەکی دی کە لە ڕوی مێژوییەوە پێش ئەو دەکەوێت. هەر ئەمەش هانی «کرۆتشە»یدا بڵێت: (هزری فەلسەفی دروست تەقەللایەکی سەربەخۆیەو ناکرێت تەنها لە ڕێگای هەندێک لەو بنەمایانەوە لێکبدرێتەوە کە کاریگەرییان بە سەریەوە هەیە)، بەڵام خۆی دان بەوەشدا دەنێت کە مەرجە هەموو بیریارێک لە مێژوی خۆیدا ئاشنا بە بیری کەسانێکی وا بوبێت کە گۆڕانکاریەکی فیکرییان لە عەقڵ و بیرکردنەوەیدا دروست کردبێت، ئەمەش وەک دەستپێکێک تا دوای ئەوە بە شێوازی تایبەتی خۆی بیربکاتەوە.

بێگومان «هیگڵ» و فەلسەفە بەر بڵاوەکەی کاریگەری زۆری بەسەر کۆی بیرکردنەوەی کرۆتشەوە بەجێهێشت، سەلماندنی ڕایەکی واش ئەو وتەیەی «کرۆتشە»یە کە دەڵێت: (هیگڵ دوایەمین مەزنە بیریارێکە لە مێژوی فەلسەفەدا، مەزنیەک لە ئاستی ئەفلاتۆن و ئەرستۆو دیکارت و ڤیکۆو کانت دایە. ئەوانەشی دوای ئەو هاتون، جگە لە چەند بەهرەمەندێکی بچوک شتێکی تر نین، گەر نەشڵێین بە تەنها پاشکۆبوون و سەنگێکی هێندە گەورەو گرانیان نییە)[1].

بێگومان هاودەمیەتی دوورو درێژی «کرۆتشە» لەگەڵ هزری هیگڵدا، بووە مایەی ئەوەی تا دیالەکتیکی هیگڵی بکاتە خاڵی دەستپێکردن،

سەرەڕای دەستگرتنیشی بەهەندێک هۆکاری مێژوویی کە لە هزری هیگڵییەوە هەڵی هێنجا بوو، بەڵام دواتر «کرۆتشە» دەستبەرداری زۆر لە بنەماکانی میسالیەتی هیگڵی بوو، ئەویش بە بیانوی ئەوەی ئەمانە چەند خەسڵەتێکی نازیندوون و مێژو بەجێی هێشتوون. هەر ئەمەش هانیدا کتێبێک دەربارەی فەلسەفەی هیگڵیزم دابنێ! دواتر هەوڵی ئەوەشیدا تا پانتایی کاریگەری «هیگڵ»، بەسەر بیرکردنەوەیەوە کورت بکاتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: (هەست بەجۆرە دڵگرانیەک دەکەم وەختێک ناچار دەبم لە بارەی هیگڵەوە ئەوە بڵێم کە کاتۆلۆس Catullus لەمەڕ لیزبیا Lisbia وە وتبووی، بەڵێ من لە توانامدا نییە لەگەڵیدا بژیم، بەڵام ناشتوانم بێ ئەو بژیم).!

«هیگڵ» تەنها بیرمەندێک نەبوو «کرۆتشە» لە قۆناغی خوێندندا ناسیبێتی، بەڵکو بەر لەو بە «کارل مارکس»ی ڕابەری ماتریالیزمی مێژوو ئاشنا بوو بوو. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە «کرۆتشە» قوتابی «لابریۆلا «Labriola بوو کە (بیریارێکی مارکسی ناسراو بوو)، هەر ئەمەش هانیدا تا بایەخ بە تاوتوێکردنی فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی بدات. بەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەش دەربارەی پرانسیپەکانی دیالەکتیکی مارکسی، زنجیرەیەک گوتاری ڕەخنەیی بوو کە دواتر «کرۆتشە» لە بەرگێکدا کۆی کردنەوەو لەژێر ناوی (ماتریالیزمی مێژوی و ئابوری و مارکسی)دا لەساڵی ١٩٠٠ بە چاپی گەیاند...

دواتر «کرۆتشە» خۆی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە «لابریۆلا»، یەکەم کەس بووە سەرنجی بۆ بایەخ و گرنگی دیالەکتیک ڕاکێشاوە. ئەگەرچی هەموو بایەخی ئەم هزرڤانە مارکسیە تەرخان بوو بۆ تاوتێکردنی ماتریالیزمی دیالەکتێک، بەڵام «کرۆتشە» پێیوابوو پێکەوە گونجانی

نێوان دیالەکتیک و مادە مەحاڵەو لەم سەرو بەندەشدا، دیالەکتکی مادی وەلاوە ناو ڕەخنەیەکی توندیشی ئاراستەی تێنۆڕینی مادیانە کرد بۆ مێژوو. ئەگەرچی «کرۆتشە» «مارکس»ی وەلاوە ناو پەنای بردە «هیگڵ»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکەوە ئافەرۆزی فەلسەفەی مێژوی کرد، لە بەرگە مارکسی و هیگڵیەکەیدا!!

بەهانەی «کرۆتشە» بۆ ئەم ئافەرۆز کردنەی ئەوە بوو کە ئەو بیرۆکەی بوونی ڕۆحی گشتی بە ڕاست نەدەزانی، ئەو ڕۆحە گشتییەی کە بە درێژایی مێژو پەرەدەسێنێ و بەرەو پێش دەچێت. لێرەدا «کرۆتشە» بە تەنها پرانسیپی حەتمیەتی مێژویی ڕەتناکاتەوە، ئەو پرانسیپەی مێژو دەکاتە زنجیرەیەک ڕوداوی پێویستی یەک لەدوای یەک کە هیچ شوێن پێیەکی بۆ ئیرادەی مرۆڤ تیا نامێنێتەوە، هەروەها ئافەرۆزی ئەو بیرۆکەیەش دەکات کە (مەکری عەقڵ) و (فێڵی عەقڵ) هیچ بوونێکیان هەبێت، بە جۆرێک کە ئاراستەی تەواوی هەموو ڕەوتێکی مێژویی بکات.

دواجار پەی بەوەش دەبەین کە چۆن «کرۆتشە»، پراکتیزە کردنی لۆژێکی دیالەکتیکی بەسەر مێژودا ڕەت دەکاتەوەو چۆن چۆنیش گەشتۆتە ئەوەی بڵێت: (چەمکی هیگڵیەکان بە کەڵکی ڕاڤەکردنی سەرجەم دیاردەو چالاکییە ڕۆحیەکانمان نایەن).

«کرۆتشە» لە شاری پیزا Pisa دا لەگەڵ «جنتێلی Gentile» هاوڕێیدا ڕێککەوتن، لەسەر دەرکردنی گۆڤاری ڕەخنە critica و یەکەم ژمارەشی لە ساڵی ١٩٠٣ دا کەوتە بەر دیدەی خوێنەران. ئەم گۆڤارە واش هانیدا تا بەشداری لە بزوتنەوە فیکرییە نێودەولەتیەکاندا بکات، کەناڵێکیش بوو تا لەڕێیەوە بەردەوامێتی نوسینی هەبێت لە بوارەکانی (ئەدەب و ڕەخنەو فەلسەفەو ستاتیکا... هتد). ئەو کاتەشی بەشداری بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەتی کرد،

له دەرکردنی گۆڤارەکەی نەوەستا. ساڵی ١٩١٠ بووە ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئیتاڵیا و ساڵی ١٩٢٠ بوو بە وەزیری پەروەردەو فێرکردن، بەڵام لەگەڵ هاتنی فاشیەکاندا واز لە کاروباری سیاسی دێنێ. «کرۆتشە» لە نوسینەکانیدا ڕەخنەی زۆری لەمجۆرە فەرمان ڕەوایانە گرتووە (واتا فاشیزم)، لە بەرامبەردا داکۆکی لە ئازادی و دیموکراسیەت کردووە...

بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لە ساڵی ١٩٣٢ دا کتێبێکی قەوارە گەورەی بە ناوی (مێژوی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدە)دا بەرهەم هێناوەو تیایدا داکۆکییەکی زۆری لە ئازادی کردووە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش هێرشی کردۆتە سەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری «مۆسۆلۆنی». کاتێک جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هات، «کرۆتشە» لە وەزارەتی نوێدا بوو بە وەزیری پەروەردەو فێرکردن، بەڵام هێندەی نەخایاند دەستی لە کار کێشایەوە، تا خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید بکات. ئەم هەوڵەشی سەرکەوتوو نەبوو. دوای وازی لە کاری سیاسی هێناو خۆی بۆ نوسین تەرخان کرد. تا لە (٢/ نۆڤەمبەری/ ١٩٥٢ داو لە تەمەنی هەشتاو شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد...

## بەرهەمەکانی «کرۆتشە»:

سەرجەم بەرهەمە فیکرییەکانی بە تەنها لە بواری فەلسەفەو ستاتیکادا نەبوو، بەڵکو لە کایەکانی دیکەشدا وەک: (مێژوو، ڕەخنەی ئەدەبی و شیعرو مێژوی هونەرو... هتد). بۆ نمونە لە بواری مێژودا کتێبێکی بە ناوی (شۆڕشی ناپۆلی ساڵی ١٧٩٩) نوسی، هەروەها لە بواری مێژوی ئەدەبیشدا دوو کتێبی گرنگی بڵاوکردەوە، ئەو کتێبانەش ئەمانەن: (شانۆ لە ناپۆلیدا، لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدە) و (ئەدەب لە سەدەی هەژدەدا). هەروەها باسێکی

تایبەتیشی لەمەڕ فەیلەسوفی مێژوو «جامپا تیستاڤیکۆ»ی خاوەنی کتێبی زانستی نوێ نوسی. سەرەڕای بایەخدانی بە فەلسەفەی مێژو، وەک ئەوەی لە کتێبی (تیۆرەی نوسینەوەی مێژوو)دا ساڵی نوسیویەتی١٩١٢. لە بواری فەلسەفەی هونەرو ستاتیکاشدا ساڵی ١٩٠٢، کتێبی (ستاتیکا بەوپێیەی زانستی مانا گشتییەکانە) بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩١١ (پوختەیەک دەربارەی ستاتیکای) نوسی، هەروەها ساڵی ١٩١٤ کتێبێکی تری بەناوی (مەسەلەکانی ستاتیکا)ی بڵاوکردەوە. لە بواری لۆژیک و مۆراڵ و فەلسەفەی گشتیدا ژمارەیەک کتێبی گرنگی بەرهەم هێنا، لەوانە (لۆژیک) ساڵی ١٩٠٥، (فەلسەفەی کردەگی) ساڵی ١٩٠٨. پاشان ساڵی ١٩٠٩ سەرلەنوێ بەسەر کتێبی (لۆژیک)ەکەیدا چووەوەو چەند بەشێکی تری بۆ زیاد کرد... لە کتێبەکانی دیکەی (فەلسەفەی من) کە چەند گوتارێکی دەربارەی هونەرو ئاکارو ئاین و سیاسەت تێدایە، لەگەڵ کتێبی (شیعرو ناشیعر) کە تیایدا لە چەمکی شیعر دەکۆڵێتەوەو بەراوردی نێوان شیعرو پەخشان دەکات، هەروەها کتێبی (فەلسەفەو شیعرو مێژو)... هتد. لە سەرجەم ئەم نوسینانەدا «کرۆتشە» کەتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک بیریاری نوێ، لەپێش هەمووشیانەوە: (ڤیکۆو دی ساتکتیس و هربارت و هیگڵ و،... هتد).

«کرۆتشە» کاتێک دەربارەی فەلسەفەی خۆی دەدوێت، ئەوە ئاشکرا دەکات کە ڕاناوی کەسی یەکەم بەسەر هزرێکی فەلسەفیدا پراکتیزە ناکرێت، هەر لەبەر ئەمەش وای بە باش دەزانێت کە بڵێت: فەلسەفەکەمان نەک فەلسەفەکەم!! لە ڕاستیدا بە دەگمەن هەڵدەکەوێت چالاکی فەلسەفی کردەیەکی فەردی پەتی بێت، وەکو ئەوەی فەیلەسوف لە خاڵی سفرەوە دەستی بە بیرکردنەوە کردبێت، یاخود بەر لەو کەسی تر بیری نەکردبێتەوە، بەڵکو زۆرجار

کاری فەیلەسوف بە تەنها سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی کارێکە کە کەسێکی دی بەر لە خۆی پێی هەستاوە، یان تەنها هەوڵێکە بۆ بەبڕشترکردنی بۆچونە فەلسەفیەکانی پێشووتر. ئیتر ئەگەر ئەم ئاقارە فەلسەفیە نوێیە بە تەنها ڕاست کردنەوەی ڕێچکایەکی لەوەو بەربێت، یان بە تەنها پاکژ کردنەوەی فەلسەفەی کۆن بێت، یان قوڵبونەوە بێت لە دیدو بۆچونی فەلسەفییە کۆنەکاندا. ئەو کەسەی ڕێچکایەکی فەلسەفی نوێ دێنێتە ئاراوە، پێویستە فەلسەفەکەی بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەنگدانەوەی هەندێک لە هەوڵە فەلسەفیەکانی ڕابردووە. کارێکی لەمجۆرەیش لە ئاستی ئەو فەیلەسوفە کەم ناکاتەوە، چونکە فەلسەفە وەک چالاکیەکانی دی پڕۆسەیەکی ڕۆحی وەهایە، هاریکاری نێوان سەرجەم مرۆڤەکان دەخوازێت. لە توانای هیچ فەلسەفەیەکیدا دا نییە (هەر چۆن و هەر جۆرێک بێت)، بانگەشەی ئەوە بۆخۆی بکات دەتوانێت پەردە لەسەر ڕوی نهێنی بون هەڵبماڵێت، هەربۆیە بەڵکو لەسەر هەموو فەلسەفە یەک پێویستە، دان بەوەدا بنێت کە هیچ فەلسەفەیەک لە توانایدا نییە خۆی وەک هەڵگری دەرەنجامی کامڵ بوونی تەواوی واقیع و حەقیقەتی ڕەها پیشان بدات، چونکە هەر فەیلەسوفێک مافی ئەوەی بە خۆیدا بانگهێشتی حەقیقەتی ڕەها بکات، ئەوا کۆتایی بە خودی پڕۆسەی بیرکردنەوەی خۆشی دێنێ!

ئادەمیزاد بەردەوام بیر دەکاتەوە، وەک چۆن بە بەردەوامی گومان دەکاو گومان دەکات، ئەم بیرکردنەوە بەردەوامەش ڕوبەڕوی چەندین کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە، ئەرکی فەیلەسوفیش ئەوەیە پچێک لەو تارماییانە بڕەوێنێتەوە کە ژیانی ئادەمیزاد تێک دەدات، یان بەسەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ بێت کە دێنە ڕێگای مرۆڤ. لە ڕاستیدا ئەرکی فەیلەسوف چەندە هەوڵێکە بۆ زیادکردنی توانستی مرۆڤ تا جڵەوی

چارەنوسی خۆی بکات، هێندەش هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی مرۆڤ و یەخەی پێدەگرن.
«کرۆتشە» لە پێشەکی کتێبەکەیدا (فەلسەفەکەم)، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە فەیلەسوفان بە تەنها کەسانێک نین چەند خەونێک لە چنینی خەیاڵی خۆیانمان بخەنە بەردەست، پاشان هێندە نەبات مێژو بێت و هەموویان لەق بکات، بەڵکو پێویستە لەوە بگەین کە ئەو ڕێچکا فەلسەفیانە هەندێک بنەمای وەهایان تێدایە وا بە ئاسانی لەنێو ناچن، سەرەڕای ململانێی بەردەوامی نێوان فەیلەسوفان و سەرباری ئەو ناکۆکییە فیکریە توندو تیژە زۆرەی لە مێژوی فەلسەفەدا دەیبینین.
گەرنا، تۆ بڵێی ئەو بەهایەی «سوکرات» لەمەڕ بۆچونی عەقڵییەوە پێشکەشی کرد، لە مێژوی هزری مرۆڤایەتیدا بسڕێتەوە؟ یاخود دەشێت ئەو حەقیقەتەی «دیکارت» بۆی بەیان کردین، کاتێک ماهیەتی مرۆڤی دەرگیری بیرکردنەوە کردو، تەنها ئاماژەیەکیشی لەسەر بوون و ئامادەگی مرۆڤ گێڕایەوە بۆ بیر، دەڵێین دەشێت ئەم حەقیقەتە بڕەوێتەوە؟ یان ئەو هاوسەنگییەی «کانت» هەوڵی بەدەست هێنانیدا لەنێوان ئەزموون و عەقڵدا، دەبێت ئەم تێزە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مێژوی هزری مرۆڤایەتیدا بیر بچێتەوە؟ یان ئەو ڕاستییەی کە «هیگڵ» کە توانی پەردە لەسەر ڕوی هەڵماڵێ و ڕەخنە ئاراستەی ئەو بنەمای ناکۆک بوونە بکات کە دەڵێت (١ = ١)، لە کاتێکدا «هیگڵ» پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پێویستە ئەم پرانسیپە بگۆڕین، مادامەکی حەقیقەت بۆخۆی زیندووەو لە بزاوتندایە، نەک نەگۆڕو سەقامگیر بێت. دەڵێین ئاخۆ دەشێت ئەم حەقیقەتە هیگڵیە، درێژایی ڕۆژگار وەلاوە بنرێت و ئافەڕۆز بکرێت؟ لە ڕاستیدا کەلەپوری فەلسەفی بەزۆر لەو ڕاستیانە لێو لێژە کە هیچ فەیلەسوفێک وا بە ئاسانی ناتوانێت دەست بەرداریان بێت...

## هەڵوێستی «کرۆتشە» لە فەلسەفەی «هیگڵیزم»:

گەر پایەگایەکی فەلسەفی لە ئارادا بووبێ و سەرنجی «کرۆتشە»ی بەلای خۆیدا ڕاکێشابێت، وەک لەوەوبەر باسمان کرد، ئەوە بە تەنها فەلسەفەی هیگڵی بووە. «کرۆتشە» بۆخۆی باس لەو ڕەخنە توندو تیژە دەکات کە فەلسەفەی «هیگڵ» لە سەدەی نۆزدەدا ڕوبەڕوی بووەتەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت: (زۆربەی ئەو ڕەخنانە، لە فەلسەفەی هیگڵدا تەنها ئاقارێکی نەبزۆکیان بەدی دەکرد، فەلسەفەیەک دابڕاو لە واقیع و دوور لە ئەزموون و چەند چەمکێکی بەگرێ و گواڵی سۆفیستائی خەڵەتێنەرو خۆ بەدەستەوەدەر بۆ هەندێک خەیاڵ پڵاوی درۆزنە پێشبینی و خۆهاویشتنە نێو ئامێزی گفتوگۆیەکی فکری پوچ و بێ ماناو... هتد)، بەڵام وەک «کرۆتشە» دەڵێت: (لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ یەک لەوانە نەیان توانی ڕەخنەی هیگڵ لە لۆژیکی تەقلیدی وەلاوە نێن، یان ڕێ بەوە نەدەن کە تەوژمی میتۆدەو دیالکتیکیەکەی تێکەڵ بە ناخی ژمارەیەکی زۆر لە بیریاران بێت. بۆیە دەبینین هزری مێژویی لای هیگڵ بەرەو زانستە سروشتییەکان و هزری سیاسی پەل دەکێشێت. ئەگەرچی هەندێک لە هیگڵیەکان سەرجەم فەلسەفەی ئەویان کردە ئینجیلێکی پیرۆزو وەک ئاینێکی بێکەموکوڕیان لێکرد، کە تەنها پێویستی بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە هەیە).

بەمجۆرەش هەموو دەروازەیەکی ئەو فەلسەفەیەیان لە بەردەم خۆیاندا داخست، وەک ئەوەی فەلسەفەی هیگڵیزم بیروباوەڕێکی ئاسمانی بێت و هیچ هەڵەیەکی تێدانەبێت! بێگومان سەیر کردنێکی وا، هیگڵیزمی گۆڕی بۆ کۆمەڵە تێزێکی دۆگماو ڕستێک دیدو بۆچونی نەبزۆک و سەقامگیر. ئەمە لە کاتێکدا «هیگڵ» بەردەوام ڕەخنەی لە خۆی گرتووە، بە جۆرێک تا دواساتەکانی ژیانی گیرۆدەی زۆر

له گرفت و ململانێ ناوەکیەکان بوو... ئەوەی تاوتوێی فەلسەفەی هیگڵی دەکات، گرنگ ئەوەنییە شوێن پێی «هیگڵ» هەڵبگرێت لە سەرجەم هەنگاوە دیالەکتیکە سێ کوچکەییەکەیدا، یان بڕوا بە هەموو چارەسەرە میتافیزیکیەکانی بێنێ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لە هەوڵی ئەوەدا بێت تا پەی بەو ڕاستیە گەورەو نادیارانە بەرێت کە خۆیان لە پشت چەمکە جۆراو جۆرو حەلەزۆنیە دیالیکتیکیەکەیەوە مەڵاس داوە. لێرەوە «کرۆتشە» دەستی بە هەڵێنجانی ئەو ڕاستیانە کرد لە چوارچێوەی هزری هیگڵیدا کە «هیگڵ»ی مرۆڤ خۆی پیایدا تێپەڕیوەو و ئەزموونی کردووە. بەبێ ئەوەی خۆی بە ڕێچکا عەقڵییە کڵۆمدراوەکەیەوە ببەستێتەوە، ئەو ڕێچکایەی جگە لە تواناداری «هیگڵی» فەیلەسوف بەولاوە هیچی تر نییە!! بەڵام هێندەی نەبر «کرۆتشە» گەیشتە ئەو باوەڕەی بڵێت: (کەڵێنێکی گەورە لە سەرجەم ڕێچکای هیگڵیدا هەیە، ئەویش دەستەوستانی خودی هیگڵ خۆیەتی لەوەی پەی بە ڕاستی فەلسەفەی ڕۆح بەرێت وەکو ئەوە کە هەیە. سەرەڕای ئەمەش هیگڵ نەیتوانیوە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ میتۆدە دیالەکتیکییەکەیدا بکات، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەم میتۆدەی دابەزاندۆتە سەر ئاستی میتۆدێکی پەی بردنی سەرەتایی، لە کاتێکدا دەبوو دیالەکتیک گوزارشت لەو ئاقاری مێژوگەرێتییە بکات کە لە بووندا جگە لە خەسڵەتی دینامیکیەتی پەرەسەندن و بەرەو پێش چون چیتر نابینێ، بە جۆرێک لە هەناوی خۆیدا تۆوی ناکۆکیەکان هەڵدەگرێت، ئەمەش مانای وایە هیگڵ وەک پێویست دیالەکتێکی بەکارنەبردووە!).

کاتێکیش «کرۆتشە» دەڵێت: (هیگڵیزم لە کۆتاییدا بەرەو ئاقارێکی لۆژیکی تاک ڕەهەند یان بەرەو فەلسەفەیەکی عەقڵانی زیدەڕۆ دەچێت، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دیالەکتیک لەسەر دەستی هیگڵ

هەموو جوڵەو چست و چالاکیەکی خۆی ون کردووە... کارێک بوەتە مایەی ئەوەی فەلسەفەی هیگڵی سەرەنجام بگۆڕێت بۆ ڕێچکایەکی میسالی دۆگما، بەجۆرێک توانای ئەوەی نەبێت سوود بە فەلسەفەی ڕۆح بگەیەنێت).

وەکو ئەوەی «هیگڵ» مەبەستی بوو. «کرۆتشه» درێژە بە ڕەخنەکانی لە فەلسەفەی هیگڵی دەدات و دەڵێت: (پێویستە ئەو عەقڵانیەتە میسالیە بێ سنورە بە فەلسەفەیەکی ڕۆحی میانڕەوتر بگۆڕین، تا لەوە ئاگاداربین کە فەلسەفەکە ئەنتۆلۆژیا نیە، بەڵکو بریتیە لە میتۆدۆلۆژیا. بەمجۆرەش بابەتی سەرەکی دەبێتە واقیع یان مێژوو).

لێرەوە «کرۆتشه» دەیویست لە پراکتیزە کردنی میتۆدی دیالەکتیکی بەسەر کۆی چالاکییە مرۆییەکانی وەک: (ستاتیکاو لۆژیک و ئابوری و ئاکار)، لەگەڵ ئەو پەیوەندیانەی زانستە سروشتی و مێژویەکان بە فەلسەفەوە دەبەستێتەوە، دەرەنجامێ بەدەست بێنێ تا یارمەتی ئەوەی بدەن تا بە شێوەیەکی تەواو دەست بەرداری ئەو دوو زانستە وەهمیە بێت کە «هیگڵ» هێنابونیە ئارا، ئەوانیش بریتی بوون لە: (فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی مێژو).

هەروەها «کرۆتشه» دەسکاری (فینۆ مینۆلۆژیای ڕۆح)یش دەکات، تا بۆمانی بسەلمێنی کە جگە لە (فینۆ مینۆلۆژیای هەڵە) شتێکی تر نیە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەو هەڵانەمان بۆ بەیان دەکات کە عەقڵی مرۆڤایەتی لە میانەی سۆراخ کردنی ڕاستیدا تێی کەوتووە، سەرەڕای دان نانی «کرۆتشه» بەوەی کە سودێکی زۆری لە «هیگڵ» وەرگرتووە لە بواری توێژینەوەکردن لە مێژوی فەلسەفەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ڕەخنەیەش ئاراستەی «هیگڵ» دەکات کە نەی توانیوە بگاتە ئاستی یەکخستنی نێوان فەلسەفەو مێژو، لە کاتێکدا بەڕای «کرۆتشه» مێژوو هیچ نیە جگە لە خودی فەلسەفە خۆی نەبێت،

بەڵام لە بەرگێکی دیارو بەرچاودا. ئەو سودە زۆرەی کە «کرۆتشە» لە خوێندنەوەی «هیگڵ»دا دەسگیری بوو، لە بواری دیالەکتیدا بوو. گەرچی لەم ڕووەوە سەرزەنشتی «هیدڵ» دەکات بەوەی تا ئێستاش دیالەکتیکەکەی هەڵگری چەند خەسڵەتێکی تیۆلۆژی و ئەکادیمیە کە دەچێتەوە سەر میتافیزیکای تەقلیدی.

هەر ئەمەشە وایکردووە لۆژیکی هیگڵی بە تەنها وەک لۆژیکێکی ئەبستراکت و دوور لە واقیع بمێنێتەوە، بە جۆرێک کە هیچ سودێک لە ئەزموون وەرناگرێ و بایەخ بە مێژوش نادات. زۆرجار وەک «کرۆتشە» دەڵێت: (هیگڵ ڕوداوە مێژویەکانی ناچار کردووە مل بۆ میتۆدە دیالەکتیکییەکەی بدەن، لەبری ئەوەی حساب بۆ ڕوداوە مێژویەکان بکات، یان بەدوایەکدا هاتنی پەرەسەندنی مێژوی لە بەرچاو بگرێت. ڕاستە ئەو تێنۆڕینێکی واقیعیانەی هەبوو، بەڵام زۆرجار چاوپۆشی لەوە دەکرد، تا درێژە بە خەون و خەیاڵە دیالەکتیکییە ئەبستراکتەکانی بدات). سەرەڕای ویستی «هیگڵ» لەوەی سەرجەم فەلسەفەکەی فەلسەفەیەکی ناوەکی شوێن گربێت، بەجۆرێک ئافەرۆزی هەموو بنەمایەکی بڵندەگی دوور لە ئەزمون بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆخۆی دەرگای لەبەردەم سەرجەم ئاقارە میتافیزیکیەکاندا کردەوە کە بڕوایان بە هێزێکی باڵادەستی بان سروشتی هێنا.

کۆی ئەو ڕەخنانەی «کرۆتشە» ئاراستەی «هیگڵ»ی دەکات، بۆ ئەوەیە تا دیالەکتیک بە ڕوداوە زیندوەکانی مێژووەوە گرێ بدات، ئەمەو لە هەمان کاتدا دەشیویست هەموو پرانسیپێکی بڵندەگی وەلاوە بێت، تا هیگڵیزم بکاتە میتۆدێکی یەکانگیری وا کە هەڵگری هیچ جۆرە ناکۆکیەکی ناوەکی نەبێت. ڕەخنەی سەرەکی «کرۆتشە» لە میسالیەتی هیگڵی، ئەوەیە کە ئەو فەلسەفە بەسەر سێ لقدا دابەش دەکات. فەلسەفەی عەقڵی، فەلسەفەی واقعی و میتافیزیکایش

هەردوکیان یەک دەخات. بەو مانایەی «هیگڵ» فەلسەفەی بەسەر فەلسەفەی ڕۆح و فەلسەفەی سروشت و لۆژیکی میتافیزیکیدا بەشکردووە، بەڵام «کرۆتشە» دەیەوێت ئەمجۆرە پۆلێن کردنانە بسڕێتەوەو وەلاوەی بنێت، چونکە ئەمە بەگەڕانەوەیەک دەزانێت بۆ فەلسەفەی سکولائی، یان بۆ فەلسەفەی «ۆلف» کە لای وابوو بابەتە فەلسەفیەکان سێ کایەیان هەیە: (عەقڵ و سروشت و لۆژیک). لە ڕاستیدا ئەو پەیوەندییەی «کرۆتشە» لەنێوان عەقڵ و سروشتدا دەیدۆزێتەوە، پەیوەندیەکی دوالیزمی لەو جۆرە نییە کە هەریەک لەو دوو جەمسەرە پێویستیان بەلایەنی سێهەم هەبێت، تا هاوسەنگی و تەباییەک لە نێوانیادا ساز بدات، (ئیتر ئەو لایەنە یەزدان) بێت یان ئایدیا)، بەڵکو یەکیەتیەکی ناوەکی لە ئارەدایە با جیهانی دەرەکی پێکدەهێنێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بەپلکێشکردن و هێنانە ئارای هیچ بنەمایەکی کە وەکی یان هیچ هێزێکی بڵندەگی هەبێت. لێرەوە کەواتە جگە لە فەلسەفەی ڕۆح شتێکی دی لە ئارادا نییە، ئەمەش لەو ڕوەوەی کە فەلسەفەی ڕۆح هەریەک لە سروشت و لۆگۆس یان لۆژیک لەخۆ دەگرێت. کاتێک «کرۆتشە» پێ لەسەر خەسڵەتی ڕۆحی ڕەهای واقیع دادەگرێت، دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێ کە چیدی ڕۆح لەلایەک نییە و سروشت لەلایەکی دی، بەڵکو ڕۆح خۆی بۆتە گشت شتێک. ئیتر لێرەوە وەک «کرۆتشە» دەڵێت: (فەلسەفەی ڕۆح بۆخۆی دەبێتە بابەتی یەکەمی میسالیەت).

## «کرۆتشە» و هونەر[٣]:

«کرۆتشە» چەمکی ستاتیکا لە هەریەک لە ماف و قازانج و چاکە جیا دەکاتەوە، وەک چۆن هونەر لە لۆژیک و ئابوری و ئاکار دادەبڕێت. بگرە دژ بەو هەوڵانەش دەوەستێتەوە کە هەندێک لە زانا سروشتی و

ماتماتیکیەکان دەیاندا، بۆئەوەی خەسڵەتی ستاتیکی بترنجێننە نێو بۆچونە یۆنڤرسالی و ئەبستراکتە پەتیەکانیانەوە. ئەوەتا دەڵێت: (دوری هونەر لە زانستە پۆزەتفستی و ماتماتیکەکانەوە، زیاترە لە دووری فەلسەفە لە ئاین و مێژووەوە). بەڵگەشی لەم ڕووەوە ئەوەیە سەردەمانێک گیانی ماتماتیک و زانستە سروشتیەکان باڵادەست بووە (وەک سەدەی حەڤدەم)، ئەو ڕۆژگارە قات و قڕی بووە لە بواری شیعر بە شێوەیەکی تایبەتی و هونەر بە شێوەیەکی گشتی[٤].

لای «کرۆتشە» هونەر بە گشتی لە سۆزو وێنە پێکدێت، لەم ڕووەوە دەستەواژەیەکی بە ناوبانگ لە «کانت» دەخوازێت کە دەڵێت: (سۆز بەبێ وێنە نابینایەو وێنەش بەبێ سۆز پوچ و بەتاڵە). لە ڕاستیدا گیانی هونەر ئامێز، وێنەو سۆز بە جیا لەیەک نابینێت، بەڵکو هەردووکیان پێکەوە لە یەکەیەکی هەستەکی یەکانگیردا گرێ دەدات، ئەویش بریتیە لەوەی کە بە پرۆسەی هونەری ناوزەدی دەکەین. لێرەدا پێویستە بگوترێت هونەر ناوەڕۆکە یان فۆڕمە، مادامەکی پرۆسەی هونەری مانای ئەوەیە کە ناوەڕۆک لە فۆڕما بەرجەستە دەبێ و فۆرمیش لێوڕێژە بە ناوەڕۆک، ئەوا هەموو لێکدابڕانێکی زۆرە ملێیانە لەنێوان جەوهەرو ڕواڵەتی هونەردا بەڕای ئەو هەوڵێکی نادروستە و هیچ بەهانەیەکیشی نیە. هەرکەس هەوڵی لێک جیاکردنەوەی نێوان هەست و دەربڕین بدات، دوای ئەوە ڕێگایەک بۆ یەکخستنەوەیان نادۆزێتەوە. وەک چۆن ناشێت ڕۆح بێ جەستە هەبێت، ئاوەهاش هەست بەبێ دەربڕین مەحاڵە.

واتە لای «کرۆتشە» هەست و دەربڕین یان خەیاڵ و وێنە یەک شتن، ئەم گرێ دانەی هەست بە دەربڕینەوە، وای لە «کرۆتشە» کرد فەلسەفەی هونەرو زمانیش پێکەوە ببەستێ، مادامەکی هەردووک لە دەرەنجامدا ئاماژەن بۆ زانستی دەربڕین یان زانستی گوزارشت کردن.

گەر لێرەوە سەرنج بدەینە بۆچونەکانی «کرۆتشە» لەمەڕ هونەر، دەبینین ئەو پرۆسەی هونەری وەک کایەکی سەربەخۆ سەیر دەکات، بە دوور لە هەڵسەنگاندنە زانستی و ئاکاری و مێژویی و ئاینیەکان... هتد. ساتێکیش بڕیاری ئەوە دەدات کە (هونەر بۆ هونەرە)، مەبەستی لەوەیە هونەر لە هەریەک لە زانست و ئابوری و ئاکار جیا بکاتەوە، هەڵوێستی «کرۆتشە» سەبارەت بە خود موختاری هونەر، دەچێتەوە سەر ئاقاری فەلسەفە گشتییەکەی لە دەست نیشان کردنی هەر چوار قۆناغی چالاکییە ڕۆحیەکان کە تیایدا ستاتیکا خود موختاری ڕاستەقینەی خۆی هەیە و تەواوی پرۆسەو چالاکییەکانی تر پشت و بەو دەبەستن، ئەمەش زانست و ئابوری و ئاکاریش دەگرێتەوە[٥].

## «کرۆتشە» و ئابوری:

کاتێک «کرۆتشە» قازانجی بە یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی ڕۆح دانابێت، ئەوە بێهودە نییە کە ببینین بایەخێکی زۆر بە ئابوریش دەدات. ئەو شاڵاوە توندو تیژەشی دەیکاتە سەر «مارکس»، بەرەنجامی ڕەتکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوییە کە دەیەوێت مرۆڤی ئابوری بکاتە هەموو شتێک لە بووندا، بەجۆرێک کە هزرو ئاین و شیعرو ئاکارو چاڵاکییە ڕۆحیەکانی دیش هیچ سەنگ و قورسایەکیان بۆ نەمێنێتەوە، یان ببنە پانتایەک بۆ چالاکی ئابوری پەتی. دەربارەی «مارکس» پێیوایە نەڕەخنە گربووەو نە مێژونوس و نە فەیلەسوف و نەزانا، بەڵکو تەنها بیرمەندێکی فەوزەوی خاوەن خەوێکی یۆتۆپی بووە! بەلای «کرۆتشە»وە ماتریالیزمی مێژویی، نە مادییەو نە مێژویی، بەڵکو بریتیە لە ئافەرۆزکردنی سەرجەم بەها مرۆڤایەتیەکان

لەپێناو قازانجی مادی و خۆشنودی ئابوری و شۆڕشی کۆمەڵایەتی رادیکاڵیدا. ئەو «مارکس» لەوەدا بەهەڵە دەزانێت کە ڕای ئازادی بەگەشەی ئابوری سەرمایەدارییەوە بەستۆتەوە، لە کاتێکدا هیچ جۆرە پەیوەندیەک لەنێوان ئەم دوانەدا نیە. هەروەها هەڵەیەکی دیکەی «مارکس» بەوەدەزانێت کە پێیوایە حەتمیەتێکی ڕەت نەکراوەی مێژویی هەیە، ململانێی چینایەتیش تەنها حەقیقەتێکی تری «مارکس»ە لەمەڕ قازانج و زیادەی بەهاو ڕۆڵی پڕۆلیتاریا لە مێژوداو... هتد، ئەمانەش چەند تێزێکی پوچ و بەتاڵن.

## «کرۆتشە» و ئاکار:

«کرۆتشە» لە بواری ئاکاردا بایەخی بە ڕەخنەگرتن لە تیۆرەی تەقلیدی دەربارەی حوکمی بەهاداوە، هەروەک چۆن بایەخیشی بە ئاشکرا کردنی ڕۆڵی ئازادی داهێنەرانە داوە لە بواری ڕەفتاری ئەخلاقیدا. لێرەدا بواری ئەوەمان نییە تا بە درێژی باس لە کۆی ئەم مەسەلانە بکەین، بۆیە تەنها ئاماژە بۆ تێنۆڕینی ئەو دەکەین لە بارەی دیالەکتیکی چاکەو خراپە. «کرۆتشە» لەم ڕووەوە لەگەڵ «هیگڵ» نەک «ئەفلاتۆن»، بڕیاری ئەوە دەدات کە خراپە (عەدەمە) و چاکە (بوون)ە، بەو مانایەی بزوێنەری هەمیشەیی ژیانی ڕۆحی چاکەیە. بەڕای «کرۆتشە» ژیانی ڕۆحی تەقەللایەکی بەردەوامە دژ بە خراپەو گەیشتنە بە چاکە. ژیان لای ئەو ململانێ و کێشمە کێشی بەردەوامە، نەوەک حەنینێکی پوچ و بەتاڵ بێت بە هەندێک یۆتۆپیاوە. دەبێت خراپەیش پاڵهێزێک بێت هانمان بدات لەپێناو کاری چاکەو دۆزینەوەی بەهادا. ژیانی ئەخلاقیش بەلای «کرۆتشە»وە بە دوورە لەوەی بەرەو تەسەوف و زوهدو سک

هەڵگوشین بچێت، بەڵکو ئەوە دەخوازێت مرۆڤ ژیانی خۆی بکاتە هەوڵێکی بەردەوام دژ بە خراپەکاری.

## پێگەی مێژوو لە فەلسەفەی «کرۆتشە»دا:

نووسەری فەرەنسی «فۆستل دی کولانج De Coulanges» Fustel دەیوت: (بێگومان فەلسەفە هەیە، بەڵام فەلسەفەی مێژوو بونی نیە). «کرۆتشە»ش لەسەر ئەم بۆچونە دەڵێت: (نە فەلسەفە هەیەو نە مێژوو، هەروەک چۆن شتێک نییە پێی بگوترێت فەلسەفەی مێژوو، بەڵکو مێژویەک هەیە کە لە جەوهەردا فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکیش هەیە کە لە ناوەرۆکیدا مێژوە یان بۆخۆی لە دووتوێی مێژودایە)[٦] . واتە ئەو فەلسەفەی مێژو ڕەت دەکاتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی:

یەکەم: هەموو دیدگایەکی حەتمی بۆ مێژو وەلاوە دەنێت.

دووەم: گشت ئاقارێکی سروشتی پەتی ئافەرۆز دەکات. هەر ئەم هۆیەش بوو هانی «کرۆتشە»یدا ڕەخنە ئاڕاستەی بۆ چونەکانی بیریاری فەرەنسی «تین Taine» بکات دەربارەی فەلسەفەی مێژوو، بەتایبەت کە ئەم ئاقارە ڕەوتێکی میکانیکی ئەتۆمی لەخۆ دەگرێت لە بارەی تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی مێژوو، سەرەڕای جەخت کردنی لەسەر ئەوەی لەڕێی هۆکارێکەوە ڕاڤەی کاروانی مێژوو بکات. زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکانی مێژو سەرقاڵی ئاشکراکردنی واتای مێژوو بوون، لەڕێی پەنابردنە بەر ڕاڤەکردنێکی بڵندەگیانەی پابەند بە چاودێری یەزدانیەوە، یان لە ڕێی ڕێتمی عەقڵی یۆنڤرسالی، یاخود ڕەوتی ئایدیای ڕەها، یان ڕێبازی بوونگۆڕینی هەمەلایەن... هتد. کۆی ئەم دیدگایانە ئاراستەیەکی پێچەوانەیان هەڵگرتبوو لە هزرەوە بۆ واقیع، لەبری ئەوەی کار بۆ ئەوە بکەن دابەزنە ناو واقع

خۆی وەک ئەوەی کە هەیە، ئەویش لەپێناو پەی بردن بە ڕۆشنایی ئەو هزرەی واقیع لە دوتوێی خۆیدا حەشاری داوە، ئەمەش ئەو پرۆسەیە کە پێویستە میسالیەتی مێژویی لە ئەستۆی خۆی بگرێت و کاری پێبکات.

لێرەوە «کرۆتشە» بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە فەلسەفەو مێژو، هەمیشەو بەردەوام پەی بردنە بە هەنوکە، چونکە تەنها شتێکی ئامادەو بەرچاوە. ڕابردوو بەوپێیەی بەسەر چووەو دابڕاوە، نابێتە واقیع و بەرچاو، تەنها لەڕێی ئەو هزرەوە نەبێت کە درکی پێدەکاو وای لێدەکات لە ئێستادا ئامادەگی هەبێت. لێرەشدا مەرج نییە ئەم ئێستاکییە بێت و لە دوتوێی بوونگۆڕین و بەردەوامیەتی کاتداریێتیدا بتوێتەوە، بەڵکو پێویستە ئێستا لە کردەگی هەنوکەدا هاوجووت بێت و هەندێک ڕۆشانیی بخاتە سەر کۆمەڵێک گیروگرفتی هزری مرۆڤایەتی لە ساتەوەختی خۆیدا. گومانی تێدا نییە کە لە دایک بوون و مردن و ژیاندنەوە، وەک لە ڕابردوودا «هیراکلیت» لێی بەئاگا بو، لە ئێستاشدا «هیگڵ» بۆمانی بەیان دەکات و بریتین لە مەرجە پێویستەکانی بۆنگۆڕین، بوونگۆڕینیش جگە لە مێژوو شتێکی تر نییە. ئەم سێ شتەش لە هەمان کاتدا مەرجی یەکەمی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ڕۆحە، ئیتر ئەمە لە بواری هونەردا بێت، یان هزر، یاخود ئاکار.

بەمجۆرە دەبینین مێژو لای «کرۆتشە» پەی بردنە بە هەنوکەی سەرمەدی، یەکگرتوی مێژو و فەلسەفەش بە بڕوای ئەو لێرەدایە. مادامەکی فەلسەفە بە تەنها تاوتوێکردنی ئێستای هەمیشەییە، ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین هەمیشە مێژو بریتییە لە مێژوی ژیان نەک مێژوی مردن، بەڵکو پێویستە ئەوەش سەرباری ئەم بۆچونە بخەین کە ئێمە تا ئەو دەمەی تاوتوێی ڕابردوو دەکەین، ئەوا ژیانی

سەردەمی ڕابردوو لێکدەدەینەوە . واتا ئێمە وا لە ڕابردوو دەپێچینەوە، وەک ئەوەی لە ئێستادا بێ. ئێستا کێی مێژوش وا لەبەرەو پێش چونی خۆی بەردەوامە، بەبێ هیچ سستی و ماندوبونێک. ئەوەشی وەک بوونێکی بەڕواڵەت دێتە بەرچاومان، بۆخۆی برتییە لە ژانی لە دایکبوونێکی نوێ، یان ئاماژەیە بە لەدایک بوونی جیهانێکی نوێ. دەربارەی مێژوو «کرۆتشە» بەم چەند دێڕە کۆتایی بە بۆچونەکانی دێنێ و دەڵێت: (مێژو جیاوازە لەو تاکەکەسەی دەمرێت. گەر تاکەکەس وەک کەمیۆنی کریتی دەڵێت بۆیە دەمرێت، چونکە دەستەوستانە لەبەردەم ئەوەی سەرەتای ژیانی بە کۆتاییەوە گرێ بدات، ئەوا مێژو هەرگیز نامرێت، لەبەرئەوەی هەمیشە سەرەتاکانی بە کۆتایەکانەوە دەبەستێتەوە)[٧].

## دەرەنجام:

ئەمە هێڵە گشتییەکانی ئەو بیریارە میسالیە بوو کە لە بارەیەوە دەیانووت: (ئەو بۆخۆی — واتا کرۆتشە – میراتگری شەرعی هیگڵیزمە). ڕەنگە خوێنەر لەگەڵ ئێمەدا سەرنجی ئەوەی دابێ کە «کرۆتشە» بە تەنها فەیلەسوفی ستاتیکاو مێژوو نییە، وەک هەندێک لایان وایە بەڵکو فەیلەسوفی ئاکارو لۆژیکیشە، گەرنەشڵێن دیارترین لایەنگری فەلسەفەی ڕۆحە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. هەنوکە پێویستە ئەوە دوبارە بکەینەوە «کرۆتشە» فەلسەفەکەی لە زۆر سەرچاوەوە هەڵێنجاوە کە رەنگە گرنگترینیان: (ڤیکۆو دی سانکنیس و هربارت و هیگڵ) بن.. فرەیی ئەم سەرچاوانەش جۆرێک لە ناکۆکی و دژایەتیان لە هەناوی فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفەدا دروستکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی بەسە کە توانیویەتی لەڕێی هەوڵە فیکری و ڕێچکا فەلسەفیەکەیەوە، هەندێک ڕۆشنایی بخاتە سەر چەند کێشەیەکی بیری مرۆڤایەتی لە ساتەوەختی خۆیدا.

پەراوێز و سەرچاوەکانی بیری سەدەکانی ناوەڕاست:

(1) لەوانە: "دیونسیوس، پۆڵس، ئیزیۆدۆر ئەشبیلی، ئەنسلیم".
(2) بڕوانە پێشەکی کتێبەکەی "حسن حنفي": (نمازج من الفلسفة المسیحیة فی العصر الوسیط). دار التنویر للطباعة و النشر، بیروت 1981، ص5.
(3) بڕوانە:
M. J. Rendell. An Intradution Political Thught, Sidgwick and Jackson, London. 1978. P. 103.
(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 118 – ل134.
(5) هـ.س. پ، ل134.
(6) محمد بیومی، محاضرات فی التأریخ الفکر الاجتماعی، الدار الجامعیه، بیروت 1983، ص33.
(7) بڕوانە: ایتن جلسون، روح الفلفسة الأوروبیة فی العصر الوسیط ترجمة: امام عبدالفتاح امام –دار الثقافة للطباعه و النشر، الطبعه الثانیه، القاهره، 1982، ص57.
(8) أدوار جونو: الفلسفه الوسیطة: ترجمة: د. علی زیعور –دار الأندلس للطباعه و النشر، الطبعه الثانیه، بیروت 1979، ص29.
(9) یوسف کرم: تأریخ الفلسفه الآوروبیة فی العصر الوسیط –الطبعه الثالثه، دار المعارف، القاهره، ص28.
(10) بڕوانە: هەمان کتێبی "د. حسن حنفی".
(11) بڕوانە: رندل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل104.
(12) هـ.س.پ، ل163.
(13) بڕوانە: حسن حنفی. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل9 – 10 پەراوێزی ژمارە 2.
(14) بڕوانە: یوسف کرم، سەرچاوەی پێشوو ل26.
(15) بڕوانە: حسن حنفی، سەرچاوەی پێشوو ل11.
(16) یوسف کرم، سەرچاوەی پێشوو، ل27.
(17) ئۆگەستین: الاستدراکات.

(18) بڕوانە: رندل، سەرچاوەی پێشوو، ل 104 – 105.
(19) بڕوانە:
s. Aygustine. The city of God. Trans. By M Dods Tand tclark. Edinburgh, 1972, p.49.
(20) یوسف کرم: سەرچاوەی پێشوو، ل54.
(21) بڕوانە:
Jeozy Szaki. History of socigical thoug ht, Aldwych. London. 1979, P.20.
(22) بڕوانە: یوسف کرم، سەرچاوەی پێشوو، ل55.
(23) رندل: سەرچاوەی پێشوو، ل105.
(24) یوسف کرم: سەرچاوەی پێشوو، ل56.
(25) رندل: سەرچاوەی پێشوو، ل105 – 106.
(26) مصطفی الخشاب: علم الاجتماع و مدارسە، الکتاب الآول، تأریخ التفکیر الاجتماعی و تطورە – مکتبە الآنجلو المصریە، القاهرە، 1975. ل99.
(27) هەمان سەرچاوە، ل99.
(28) ئۆگەستین سەرچاوەی پێشوو، ل326.
(29) بڕوانە: یوسف کرم، سەرچاوەی پێشوو، ل152–155، هەروەها د. حسن حنفی سەرچاوەی پێشتر، پەراوێزی ژمارە (یەک)، ل209–210.
(30) ئەدوار جونو، سەرچاوەی پێشوو، ل 127 – 128.
(31) وەرگێڕانی د. حسن حنفی.
(32) سەرچاوەی پێشوو، ل 210 – 211.
(33) بڕوانە:
R. Nisbet the Social phiosophers: Community and confliet in westeren thought crowell, New York. 1963.
(34) سەرچاوەی پێشوو، ل192.
(35) بڕوانە سزاکی سەرچاوەی پێشوو، ل25.
(36) بڕوانە دەقی وەرگێڕدراوی ئەم گوتارە لە کتێبەکەی د. حسن حنفی، ل234 – 283.
(37) بڕوانە: مصطفی الخشاب، سەرچاوەی پێشوو، ل100 – 101.
(38) بڕوانە:
St. Thomas Aquinas, Selected political writings, Edited

by A.P.D, Entereves, Blackwell, oxford, 1959. Pp.305.

(39) **بڕوانە: سزاکی، سەرچاوەی پێشوو، ل**24.

(40) **بڕوانە: رندل، سەرچاوەی پێشوو، ل**165 – 166.

(41) **تۆمائەکوینی، سەرچاوەی پێشوو، ل**5.

(42) **رندل – سەرچاوەی پێشوو، ل**164.

(43) **یوسف کرم: سەرچاوەی پێشوو، ل**180 – 181.

(44) **رندل: سەرچاوەی پێشوو، ل**165.

پەراوێز و سەرچاوەکانی بندتۆ کرۆتشە لەنێوان (هیگڵیەتی نوێ) و (میسالیەتی مێژوییی)دا :

(1) B.Croce: My Philosophy, Trans. By E.F. Carritt, London, Allen & Unwin, 1951, P.13.

(2) B.Croce: ''My Philosophy''....

(3) **فلسفه الفن فی الفکر المعاصر**، 1966، **الفصل الثانی، من ص**142 **الی ص**166.

(4) Croce: ''Breviaired'' Esthe Tique'' Tr. France, P.23.

(5) Croce: ''Esthe etaque'' Comme Science dr L`expression trad. France pp. 27 – 28.

(6) croce: ''History: Its Therry and Practice, Ch.5.

(7) Croce: ''The Possitivity of history ch.5.